حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان/بەشی زمانی کوردی

# درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو

# لە ڕێزمانی کوردیدا

نامەیەکە

**شاهو صالح حمەحسین**

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی زمان-زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ.د. کاروان عمر قادر**

٢٧٢٣کوردی

٢٠٢٣زاینی

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و  بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ.د. کاروان عمر قادر

ڕۆژ: ٢٢/ ٢ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ١٣/ ٣ / ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: د. ڕۆژان نووری عبداللە
ئەندام
ڕۆژ: ١٣/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: د. مهدی عمر عەلی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ١٣/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: پ. د. کاروان عمر قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ١٣/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: ی. ب. د. سۆزان سعداللە عبدالغنی
ئەندام
ڕۆژ: ١٣/ ٤/ ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ. د. شاخەوان جلال حاجم
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: ٣/ ٥/ ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- دینــە گیان...

## سوپاس و پێزانین بۆ:

– بەڕێز (پ.د. کاروان عمر قادر)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتەئەستۆ و بەردەوام سەرچاوەی زانیاریی و ڕێپیشاندەرم بووە، هەمیشە دڵسۆز و خەمخۆربووە بۆ نامەکە، جێگەی ڕێز و پێزانینە.

–دایکی ئازیزم، کە دەستە ماندووەکانی ئەو منی گەیاندە ئەم ڕۆژە.

– هاوسەری ژیانم (م. ئەڤین) و دوو کچە نازدارەکەم(دینە، وێنە)، بە درێژایی نامەکە کاتەکانی خۆیان بە من بەخشی.

–مامۆستای بەڕێز (م.نالی)، کە هەر لە سەرەتای نامەکەوە تا کۆتایی لەگەڵمدا بووە و هەمیشە ڕێنیشاندەر و هاوکارم بووە و هیچکات دەستی بە ڕوومدا نەناوە.

–مامۆستای ئازیز(م. گۆنا)، کە هەمیشە و بەردەوام سودم لە ڕێنماییەکانی وەرگرتووە.

–مامۆستای بەڕێز(م. نەریمان)، کە لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا هاوکارێکی باشم بوو.

–فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێژی زمان.

–سەرجەم ئەو هاوڕێ و مامۆستایانەی، کە بۆ تەواوکردنی نامەکە هاوکارمبوون.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| (()) | وەرگرتنی دەق |
| ( ) | وەرگرتن بە دەستکارییەوە |
| * | نارێزمانی |
| TR | تراجیکتۆر |
| LM | لاندمارك |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Mental | ئاوەز |
| Mentality | ئاوەزمەندیی |
| Experience | ئەزموون |
| Goal | ئامانج |
| | ب |
| Embodiment | بەجەستەکردن |
| Base | بنەما |
| Equilibrium | باری هاوسەنگی |
| Part–Whole | بەش–گشت |
| Conceptualization | بە چەمککردن |
| Blockage | بلۆککردن |
| | پ |
| Generalization commitment | پەیوەندی بەرهەمهێنان |
| Cognitive commitment | پەیوەندیی درکپێکردن |
| Perspective | پەیپێبردن/ تێڕامان |
| Profile | پوختە |
| Process | پێواژۆ |
| Scale | پێوەر |
| | ت |
| Containment | تیاهەڵگر |
| Axis | تەوەر |
| Splitting | کەرتبوون/ دابەشبوون |
| Cognitive Competence | توانستی درکپێکردن |
| Focus | تیشکۆ |
| | خ |
| Cycle | خوول |
| Rotation | خولانەوە |
| | د |
| Cognitive | درکپێکردن |

| | |
|---|---|
| Structure | داڕشتە |
| Concept Structure | داڕشتەی چەمك |
| Periphery | دەوروبەر |
| Iteration | دووبارە |
| ڕ | |
| Straight | ڕاست |
| Reflexive | ڕەنگدانەوە |
| Surface | ڕووپۆش |
| Path | ڕێڕەو |
| ز | |
| Cognitive Science | زانستی درکپێکردن |
| Cognition | زانین/ تێگەیشتن |
| س | |
| Across | سەرانسەر |
| Vertical | ستونی/ درێژیی |
| Source | سەرچاوە |
| Cognitive Semantic | سیمانتیکی درکپێکردن |
| Gestalt Psychology | سایکۆلۆجیای گشتگیر/ سایکۆلۆجیای گشتاڵت |
| ف | |
| Spatial | فەزا |
| Form | فۆڕم |
| ك | |
| Knowledge | كۆزانیاری |
| Collection | كۆكردنەوە |
| گ | |
| Matching | گونجاندن |
| Trasnsformational | گۆڕانكاریی |
| ل | |
| Contact | لێككەوتن/ بەركەوتن |
| Diversion | لادان |
| Counterforce | دژە هێز |

| | |
|---|---|
| هـ | |
| Force | هێز |
| Balance | هاوسەنگی |
| و | |
| Schema | وێنا |
| Image | وێنە |

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ٠) پێشەکی | ١-٢ |
| ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠) هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٤/٠) ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٥/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ١-٢ |
| **بەشی یەکەم/** وێنای زانستی زمانی درکپێکردن: | ٣-٤٩ |
| ١/١) زانستی زمانی درکپێکردن | ٣-١٤ |
| ١/١-١) سیمانتیکی درکپێکردن | ١٤-٢٩ |
| ١/ ١-٢) پەسنکردنی تیۆری وێنای وێنەیی (لێکدانەوە و بنەما) | ٢٩-٣٨ |
| ١/١-٣) تایبەتمەندییەکانی وێنای وێنەیی | ٣٨-٣٩ |
| ٢/١) چییەتی بە جەستەکردنی وێنای وێنەیی لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا | ٣٩-٤٩ |
| ٢/١-١) جەستە و بەجەستەکردنی واتای زمانیی | ٣٩-٤٣ |
| ٢/١-٢) بەجەستەکردن و بەچەمکبوون | ٤٣-٤٤ |
| ٢/١-٣) بەجەستەکردن و پێکهاتەی چەمك | ٤٤-٤٩ |
| **بەشی دووەم/** خەمڵینی وێنای وێنەیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا: | ٥٠-١٠٠ |
| ١/٢) وێنای وێنەیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا | ٥٠-٦٣ |
| ١/٢-١) پەیوەندی وێنای وێنەیی بە ئەزموون و ڕاستەقینەوە | ٥٠-٥٢ |
| ١/٢-٢) پەیوەندی وێنای وێنەیی بە واتای زمانییەوە | ٥٢-٥٧ |
| ١/٢-٣) درکپێکردنە هاوشێوەکانی وێنای وێنەیی | ٥٧-٦٣ |
| ٢/٢) پەیپێبردنی چەشنەکانی وێنای وێنەیی لە زمانی کوردیدا | ٦٣-١٠٠ |
| ٢/٢-١) پەیپێبردنەکانی (مارك جۆنسۆن-Mark johson) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا | ٦٣-٧٥ |
| ٢/٢-٢) لیستی ئەو وێنا وێنەییانەی، کە (مارك جۆنسۆن) باسی نەکردوون و لە چێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا وەك وێنای وێنەیی هەژمار دەکرێن | ٧٦-٨٠ |
| ٢/٢-٣) پەیپێبردنەکانی (جۆرج لاکۆف -George Lakoff) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا | ٨٠-٩٥ |
| ٢/٢-٤) پەیپێبردنەکانی (ڕودۆڵف ئارنهایم – Ridolf Arnheim) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا | ٩٥-٩٧ |
| ٢/٢-٥) پەیپێبردنەکانی (تیم ڕۆهرەر-Tim Rohrer) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا | ٩٧-١٠٠ |
| **بەشی سێیەم/** ڕەنگدانەوەی وێنای وێنەیی لە وشەسازی زمانی کوردیدا: | ١٠١-١٥٢ |
| ١/٣) ئاماریی بەراییانەی داتا کۆکراوەکانی وێنای وێنەیی | ١٠١-١١٣ |
| ٢/٣) شرۆڤەی کارەکییانەی وێنای وێنەیی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی | ١١٣-١٥٢ |
| ٢/٣-١) تیاهەڵگر | ١١٣-١١٨ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-٢) ڕێڕەو | ١١٨-١٢٠ |
| ٣/٢-٣) خوول | ١٢٠-١٢٣ |
| ٣/٢-٤) بلۆککردن | ١٢٣-١٢٤ |
| ٣/٢-٥) لوتکەی خوول | ١٢٤-١٢٥ |
| ٣/٢-٦) سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج | ١٢٥-١٢٦ |
| ٣/٢-٧) ناچارکردن | ١٢٧-١٢٩ |
| ٣/٢-٨) دژەهێز | ١٢٩-١٣١ |
| ٣/٢-٩) وێنای وێنەیی لادان | ١٣١-١٣٢ |
| ٣/٢-١٠) لابردنی بەربەست | ١٣٢-١٣٣ |
| ٣/٢-١١) وێنای وێنەیی پێوەر | ١٣٣-١٣٥ |
| ٣/٢-١٢) وێنای وێنەیی هاوسەنگی | ١٣٥-١٣٧ |
| ٣/٢-١٣) وێنای وێنەیی گۆڕانکاری | ١٣٧-١٣٩ |
| ٣/٢-١٤) وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان | ١٣٩-١٤٠ |
| ٣/٢-١٥) وێنای وێنەیی بەرکەوتن | ١٤٠-١٤١ |
| ٣/٢-١٦) وێنای وێنەیی داپۆشین | ١٤١-١٣٤ |
| ٣/٢-١٧) وێناوێنەییەکانی(پڕوبەتاڵ، تێکەڵکردن، گونجاندن، نزیك- دوور، دووبارە، بەرکار، دابەشبوون، بەش وگشت، سەرپەرشتیکردن، پێواژۆ، کۆکردنەوە) | ١٤٣-١٤٥ |
| ٣/٢-١٨) وێناوێنەییە فەزاییەکان | ١٤٥-١٤٧ |
| ٣/٢-١٩) وێنای وێنەیی شێوە | ١٤٧-١٤٩ |
| ٣/٢-٢٠) وێنای وێنەیی فۆڕم | ١٤٩ |
| ٣/٢-٢١) وێنای وێنەیی نەرم و زبر | ١٥٠ |
| ٣/٢-٢٢) وێنای وێنەیی ڕاست | ١٥٠-١٥٢ |
| ئەنـجام | ١٥٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٥٤-١٥٧ |
| پاشکۆ | ١٥٨-١٧٠ |
| الملخص | ١٧١ |
| Abstract | ١٧٢-١٧٣ |

# پێڕستی وێنە و هێڵکاری و خشتە و وێنەئاوەزییەکان

## پێڕستی وێنەکان


| ژمارە | ناونیشانی وێنە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | سەرنجدان و ڕوانینی جیاواز | ٦ |


## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارە | ناونیشانی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | لە بەجەستەکردنەوە بۆ واتای زمانی | ٤٧ |
| ٢ | سروشتی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا | ٥٧ |
| ٣ | سنوری نێوان(TR، LM) | ٨١ |
| ٤ | بەرنەکەوتنی (TR، LM) | ٨٤ |
| ٥ | وێنای وێنەیی درێژی | ٩٤ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | سەرجەم وشە لێکدراوەکان | ١٠٢ |
| ٢ | ژمارە و ڕێژەی وێناوێنەییەکان | ١٥٢ |


## پێڕستی وێنە ئاوەزییەکان


| ژمارە | ناونیشانی وێنەی ئاوەزی | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | تیاهەڵگر | ١١٨ |
| ٢ | ڕێڕەوە | ١٢٠ |
| ٣ | خوول | ١٢٣ |
| ٤ | بلۆککردن | ١٢٤ |
| ٥ | لوتکەی خوول | ١٢٥ |
| ٦ | سەرچاوە –ڕێڕەو- ئامانج | ١٢٦ |
| ٧ | ناچارکردن | ١٢٩ |
| ٨ | دژە هێز | ١٣١ |
| ٩ | لادان | ١٣٢ |
| ١٠ | لابردنی بەربەست | ١٣٣ |
| ١١ | پێوەر | ١٣٥ |
| ١٢ | هاوسەنگی | ١٣٧ |
| ١٣ | گۆڕانکاری | ١٣٩ |
| ١٤ | دەسەڵاتپێدان | ١٤٠ |
| ١٥ | بەرکەوتن | ١٤١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | داپۆشین | ١٤٣ |
| ١٧ | بەشێك لە وێنە ئاوەزیەكانی(١٧/٣) | ١٤٥ |
| ١٨ | فەزایی | ١٤٧ |
| ١٩ | شێوە | ١٤٩ |
| ٢٠ | فۆڕم | ١٤٩ |
| ٢١ | نەرم و زبر | ١٥٠ |
| ٢٢ | ڕاست | ١٥١ |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بۆ (درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە ڕێزمانی کوردیدا) تەرخانکراوە. هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی وێنای وێنەیی لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی قوتابخانەی زانستی زمان درکپێکردنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نامەکە لە چوارچێوەی وێنای وێنەییەوە لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی و دواتر ئەو وێنە ئاوەزییانەی، کە ئەو وشانە دروستی دەکەن، دەڕوانێت.

## ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە (زمانی کوردی-زاری کرمانجی ناوەڕاست-ئەکسێنتی سلێمانی) وەرگیراوە، زۆربەی نموونە و دەربڕاوەکانیش لە زمانی نووسین و قسەپێکەرانی ئەم زارەوە وەرگیراون.

## ٣/٠) هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

تیۆری (وێنای وێنەیی)ی زانستی زمانی درکپێکردن، شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشە لێکدراوەکان لە سەر بنەمای وێنەی ئاوەزی و چۆنیەتی ئەزموونکردن و بەجەستەکردنی ئەو وشانە و دەربڕینیان بە وێنەی جیاواز، دواتر سود و گرنگی پەیبردن و درکپێکردنی چۆنیەتی کارکردنی ئاوەزییانەی مێشکی ئاخێوەری کورد لە دروستکردن و بنیاتنانی وێنای وێنەییدا بە پێی یەکێك لە نوێترین قوتابخانە زمانەوانییەکان، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون.

## ٤/٠) ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی (درکپێکراوی شیکارییانە)، لە چێوەی بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردندا پەیرەوکراوە بە جۆرێك هەنگاو بە هەنگاوی ئەم ڕێبازە بە پێی (تیۆری وێنای وێنەیی) ی زانستی زمانی درکپێکردن نراوە.

## ٥/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری لێکۆڵینەوەکە لە سنوری وشەسازیدایە و بە پێی پێویستیش سود لە سینتاکس و سیمانتیک وەرگیراوە.

## ٦/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

دیاریکردن و ساغکردنەوەی وێناوێنەیی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی و کردنەوەی دەروازەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە کەرەستەکانی تری زمانی کوردی لەم ڕوانگەیەوە.

## ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە سێ بەش پێکهاتووە، لە پێناو شیکردنەوە و وردەکاریی زیاتر، بەشەکانیش کراون بە چەند پار و وەچەپارێکەوە و تەواوی پێکهاتەی بەشەکان بەم شێوەیە داڕێژراون:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (وێنای زانستی زمانی درکپێکردن)، سەرەتایەکی گشتی سەبارەت بە زانستی زمانی درکپێکردن و سەرنج و تێڕوانینەکانی ئەم زانستە سەبارەت بە واتا و وێنای وێنەیی، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە کراوە بە دوو پارەوە، بەمشێوازە:

پاری یەکەم: (زانستی زمانی درکپێکردن):

ئەم پارە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو تیۆری و گریمانانەی، کە خودی قوتابخانەکە لە سەری بنیاتنراوە و باوەڕی پێیەتی تەرخانراوە، هەر لەم پارەدا تیۆری وێنای وێنەیی و تایبەتمەندییەکانی باسکراوە و خراونەتەڕوو.

پاری دووەم: (چییەتی بە جەستەکردنی وێنای وێنەیی لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا):

تەواوی جەختکردنەوە و تیشکۆی ئەم پارە باسکردنە لە سەر چۆنیەتی بەجەستەکردنی کەرەستەکان و پەیوەندی بەجەستەکردن و بەجەستەکردنی ئەو واتاییەی، کە وشەکان هەیانە، هەروەها پەیوەندی نێوان بەچەمککردن و بەجەستەکردن خراونەتەڕوو.

بەشی دووەم: (خەملێنی وێنای وێنەیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا):

خودی ئەم بەشەش لە دوو پار پێکدێت، بەمشێوازەی خوارەوە:

پاری یەکەم: (وێنای وێنەیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا):

لەم پارەدا بە چڕی باس لە پەیوەندی وێنای وێنەیی بە هەریەکە لە ئەزموون و ڕاستەقینە و واتایی زمانییەوە کراوە، سەرەتا بە وردی پەیوەندی نێوان وێنای وێنەیی و ئەزموون و ڕاستەقینە خراونەتەڕوو، دواتر بە چڕی پەیوەندی نێوان هەریەکە لە وێنای وێنەیی و واتایی زمانی شیکراوەتەوە و خراونەتەڕوو.

پاری دووەم: (پەیپێبردنی چەشنەکانی وێنای وێنەیی لە زمانی کوردیدا):

لەم پارەدا باس لە دید و تێڕوانینی چوار زانا سەبارەت بە وێنای وێنەیی و جۆرە جیاوازەکانی کراوە، دواتر بە هێنانەوەی نموونە و شیکردنەوەی نموونەکان لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا، هەریەکە لە وێناوێنەییە جیاوازەکان لە زمانی کوردیدا شیکراونەتەوە و خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم: (ڕەنگدانەوەی وێنای وێنەیی لە وشەسازی زمانی کوردیدا):

لەم بەشەدا بە هێنانەوەی نموونەی وشە لێکدراو لە جۆرەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ئیدیۆم)، شرۆڤەی وێنای وێنەیی کراوە و وشە لێکدراوەکان لە سەر ئەو بنەمایە ڕاستێنراون، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە کراوە بە دوو پارەوە، کە بریتین لە:

پاری یەکەم: (ئاماریی بەراییانەی داتا کۆکراوەکانی وێنای وێنەیی):

لەم پارەدا ئاماژە بە چۆنیەتی کۆکردنەوەی وشەی لێکدراوەکان بە پێی سیستەمی (هەڕەمەکی Random) کراوە و ئاماژەش بەوە دراوە، کە ئەم وشە لێکدراوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوون، لە ئاخێوەرانەوە وەرگیران، بۆیە بە چاوگ دانەنراون، هەتاوەکو بتوانین وێنای وێنەییەکەی لێهەڵبهێنجێنین، جگە لەوەش ئەم وشانە ڕاستە هەندێکیان داڕشتەی فرێزی، یان ڕستەییان هەیە، بەڵام لە ئەنجامی زۆر دووبارەکردنەوەیان بە چەمککران و کۆدیان بۆ دانراوە و وەکو وشەیەکی ناو فەرهەنگ بە پێی پرۆسەی بە چەمککردن لە زانستی زمانی درکپێکردندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، پاشان ڕێژەی سەدی وشە لێکدراوەکان و یاسای دروستبوونیان خراوەتەڕوو.

پاری دووەم: (شرۆڤەی کارەکیانەی وێنای وێنەیی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی):

لەم پارەشدا وێنای وێنەی هەریەکە لەو وشە لێکدراوانە بە پێی چەشن و جۆرەکەی خراونەتەڕوو و شیکردنەوەی بۆ کراوە، پاشان ئەو وێنە ئاوەزییەی، کە هەریەکە لە وێناوێنەییەکان لە ئاوەزی ئاخێوەراندا دروستیانکردووە، کێشراوە وخراونەتەڕوو.

لە کۆتاییدا لە ڕوانگەی ئەو شیکردنەوە و ڕوونکردنەوانەی، کە کراون، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە پێیگەیشتووین خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## وێنای زانستی زمانی درکپێکردن

## ١/١) زانستی زمانی درکپێکردن

قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی ئاوەزەییە، لەم قوتابخانەیەدا کۆزانیاری زمانی وەك بەشێکی دانەبڕاو لە توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەخرێتەڕوو، جیاوازییەکی ئەوتۆ و هێڵێکی جیاکەرەوە و ئاشکرا لە نێوان کۆزانیاری زمانی وکۆزانیاری ئینسکلۆپیدیای ڕەچاو ناکرێت و نابینرێت، هەر ئەمەش وایکردووە، کە((دیدێکی نوێ لە ئاستی بەرهەمهێنان و هەڵهێنجانی واتای فەرهەنگیدا تۆماربکرێت))، (ئەحمەد، ٧٦:٢٠١٣)، زانستی زمانی درکپێکردن زمان وەك تێهەڵکێشراوێکی گشت توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ دەبینێت، واتە زمان تەنها لە یەك سەرچاوەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو سەرجەم تواناکانی مرۆڤ پێکەوە زمانیان خوڵقاندوە. ئەمەش وا دەکات، کە زمان ڕۆڵی ناوەندی لە نێوان ئاوەزی مرۆڤ و ئەزموونەکانی لە جیهاندا ببینێت، بەم پێیە زمان پردی پەیوەندییە لە نێوان ئاوەز و شارەزایی و ئەزموونی مرۆڤ لەو جیهانەدا، کە تێیدا دەژین.

ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ فۆڕمگەرایدا تەبا نییە، هەر بۆیە وەرگرتنی بیروباوەڕەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و دەروونناسی (Gestalt)[1] وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بە فۆڕمگەرایی چۆمسکی سەریهەڵدا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە بانگەشە بنەڕەتییەکەی بەرهەمهێنان ڕەتبکاتەوە، کە بریتییبوو لە چەمکی (مۆدولاریتی)، بە باوەڕی قوتابخانەی بەرهەمهێنان ئاوەزی مرۆڤ بۆ چەندین پێکهاتە دابەشبووە، کە بە هەر یەکێك لەم پێکهاتانە دەگوترێت (مۆدول (Module))، هەریەك لەو مۆدولانەش بریتین لە (درکپێکردن، زیرەکی، ناسینەوە، هۆش، کات و شوێن ...هتد)، کە ئەمانە لە ناوئاوەزدا جیاجیان و سەربەخۆن، تەنانەت لە ناو خودی زمانیشدا چەندین مۆدول هەن، کە بریتین لە (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیك)، کە هەریەکە لەمانە سەربەخۆن لە کارکردندا و بە هەمووویانەوە مۆدولی زمان پێکدێنن، هەر ئەمانەش نەخشەی زمانی دەکێشن و دایدەڕێژن و ڕێزمانی جیهانی هەموو ئەمانە دەگرێتەوە.[2] زانستی زمانی درکپێکردن ((لە خودی ئەرکی درکپێکردنی زمان دەکۆڵێتەوە (لێکۆڵینەوەی زمان لە خودی ئەرکی درکپێکردنیدا)، کە تێیدا زاراوەی (درکپێکردنCognitive) ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلایکەرەوەی دروستە زانیارییە نێوەندییەکان (واتە زمان) دەدات، بەمەبەستی شارەزابوونی مرۆڤ لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهاندا (واتە واقع)))، (قادر، ٧٨:٢٠١٢). چۆنیەتی ڕوانین و تێگەیشتن لەو دیاردە و بارودۆخانەی، کە ڕۆژانە مرۆڤ دەیانبینێت و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ نموونە ڕوانین لە چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ناو ڕستەیەك، واتا و مەبەستی جیاواز دەستەبەر دەکەن، یاخود پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان، بۆ نموونە:

١- ا- شێلم بە ترش

ب-سەروپێ (وەك خواردن)

پ- ڕوبەهەنار

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، کە هەریەکەیان وشەیەکی لێکدراون، ئەمە دنیابینی و ئەزموونی مرۆڤی کوردە، وایکردووە، کە ناکرێت، یاخود گونجاو نییە، کە هەریەکە لە کەرەستەکانی نموونەکانی (١ ا، ١ب، ١پ) پاش و پێش بخرێت، واتە گونجاو نییە بگوترێت: (ترش بە شێلم، پێ و سەر، هەنارڕوبە)، ئەگەر ڕێگەش بدرێت، ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر نەنگی واتا بۆ کەرەستەکان دروستدەبێت، بەڵام هەندێکجار لە زمانی جنێو، یاخود زمانی ڕابواردن و هاوڕێیانەدا، دەکرێت لە هەندێك لە وشەلێکدراوەکاندا، کەرەستەکانی وشە لێکدراوەکە پاش و پێشی پێبکرێت و بەو شێوە بە کاربهێنرێت، کە ئەمەش زیاتر بە مەبەست وایلێدەکرێت، هەم خۆی و هەم کەسی

---

[1] ((بیر، تێگەیشتن، هەستەکان، پرۆسەی درکپێکردن، چالاکی جوڵان و زمان، بە کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە وەك تایبەتمەندی گشتیی، واتە هەم تایبەتن بە مرۆڤ، هەم لە ناو مرۆڤیشدا گشتن دەگوترێت (Gestalt)))، (غەریب، ٥:٢٠١٦).

[2] بۆزانیاری زیاتر لە سەر چەمکی مۆدولاریتی بڕوانە (Fodor J.A:1983)

بەرانبەر درك بەوە دەكات، كە یاری بە كەرەستە پێكهێنەرەكانی وشەكان كردووە، واتە لە ڕێگەی دركپێكردنەوە هەریەكەیان لە یەكتر تێدەگەن، بۆ نموونە:

٢-ا-پێ و سەرتان هەیە.

ب-لوتی خوێن

ئەگەر لە نموونەكانی (٢-ا، ٢-ب) بڕوانرێت، ئەوە دەبینرێت ئاڵوگۆڕی بە شوێنی كەرەستەكانی وشە لێكدراوەكە كراوە، لێرەدا ئاخێوەر بە مەبەست ئەو گۆڕانكارییانەی كردووە (هەندێكجاریش دەكرێت بە هۆی هەڵخلیسكانی[٣] زمانییەوە ڕووبدات، بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە)، كە ئەمەش زیاتر لە ئاخاوتنی هاوڕێیانەدا دەبینرێت، لە نموونەكانی (٢-ا، ٢-ب) دا وشەكان هەمان واتای وشە بنەڕەتییەكەیان هەیە، واتە (پێ و سەر=سەروپێ، لوتی خوێن=خوێنی لوت)، بەڵام ئاخێوەر لە ڕوانگەی دركپێكردنی خۆیەوە هەستیكردووە بەو جۆرە دەریببڕێت، زیاتر لە ئاخاوتنێكی هاوڕێیانە دەچێت، نەك ئاخاوتنێكی فەرمییانە، ئەمە جگە لەوەی هەریەكە لە وشەكان كۆمەڵێك واتای ئەرێنی و نەرێنیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، كە ئەم واتایانە پەیوەستن بە بارودۆخی بە كارهێنانی وشەكانەوە، واتە لە كام بارودۆخدا و بۆ كام مەبەست بە كاردێت، چونكە ((هێما زمانییەكان بە پێی بارودۆخی دەربڕاوەكان هەڵاوێردەكرێن))، (حسێن، ٩٣:٢٠٢١)، بۆنموونە با سەرنج لە بارودۆخی بە كارهێنانی هەردوو نموونەكە بدرێت:

پێ و سەر

ا-پی و سەرتان هەیە. (هاوڕێیانە)

ب-پێ و سەرتان هەیە. (نۆكاوفرۆشێك بیەوێت، بۆ ناو نۆكاوەكەی بیكرێت) (دۆخی سینتاكسی)

پ-پێ و سەرتان هەیە. (هەڵخلیسكانی زمانی)

ح-پێ و سەرم ئازاری هەیە. (ئەندامی لەشی مرۆڤ)

ج-پێ و سەری گەورەیە. (قەبارە)

لوتی خوێن

ا-لوتی خوێنی بەربوو. (هاوڕێیانە)

ب-خوێنی لوتی بەربوو. (بارودۆخی ئاسایی)

پ-لوتی خوێنی لێبێت، دەتكوژم. (مێتافۆر)

كەواتە وشەكان دەتوانرێت لە چەندین بارودۆخدا بە كاربهێنرێن، بەڵام ئاخێوەر بە پێی ئەو شارەزایی و دركپێكردنانەی، كە هەیەتی گونجاوترینیان هەڵدەبژێرێت و پەیامەكەی خۆی دەگەیەنێت. هەندێكجار ئەمە ڕوونادات، بەڵكو لە بری ئەمە یەكێك لە كەرەستەكانی وشە لێكدراوەكە بۆ كەرەستەیەكی تر دەگۆڕدرێت، بۆ ڕوونكردنەوە زیاتر با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

٣-نوكەكردن ⟵ سەرپێكردن

بە وردبوونەوە لە نموونەی (٣)، ئەوە تێبینیدەكرێت، كە وشەی (نوكە) گۆڕدراوە بە (سەرپێ)، كە ئەمەش بە هۆی دركپێكردنی ئاخێوەرەوە ئەم گۆڕانە ڕوویداوە، چونكە ئاخێوەر درك بەوە دەكات، كە هەردوو وشەی

[٣]ا- مەبەست لە هەڵخلیسكانی زمانیش ((دیاردەیەكی سایكۆ-زمانییە و پەیوەندیی بە ئاستی ڕۆشنبیریی كەسەكانەوە نییە، هێندەی دیاردەیەكی زۆر باوە و هەموو كەسێك توشی دێت، كرۆكی دیاردەكەش خۆی لە دەركردنی (وشە، دەستەواژە، ڕستە)ی ناواتادار یاخود نەگونجاو لە شوێنی گۆكردنی ئاخاوتنەكە دەبینێتەوە))، (مەحموود، ٢٩٩:٢٠١٢)، دەكرێت دیاردەكە لە هەموو ئاستەكانی زماندا ڕووبدات و خودی دیاردەكەش دەكرێت بە هۆی چەند هەڵەیەكەوە ڕووبدات.

ب-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵخلیسكانی زمانی بڕوانە: (مەحموود: ٢٠١٢: ٢٩٩-٣٠٢)

(نوکە، سەرپێ) لە یاری تۆپی پێدا بە کاردێت، بەڵام لێرەدا بە هۆی درکپێکردنەکەیەوە ئەو گۆڕانەی کردووە، چەندین وشەی تر لەو یارییەدا هەیە و بە کاردێت، وەك (پاس، ئاوت، کۆرناڵ ...هتد)، بەڵام درکپێکردنی ئەم هێندە بەهێز بووە، توانیویەتی کام وشە، تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ (نوکە)دا دەگونجێت، ئەوەیان هەڵبژێرێت:

نوکە = لێدانی تۆپ بە خێرای

سەرپێ = لێدانی تۆپ بە خێرای

ڕاستە (نوکە) لە ئێستادا زیاتر لەگەڵ ئامێری (مۆبایل)دا بە کاردێت و (سەرپێ) لەگەڵ یاری تۆپی پێدا، بەڵام بە هۆی درکپێکردنی ئاخێوەراوانەوە توانراوە، لە ئاخاوتنی هاوڕێیانەدا وەك ڕابواردن لە بری یەکتر بە کاردێت.

هەندێکجار لە (جنێودان) دا، بۆ سوکایەتیکردن بە بەرانبەر هەندێك وشەی لێکدراو، کە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا جیاوازە بە کاردەهێنرێت، بۆ نموونە کاتێك کوڕێك بە کوڕێك دەڵێت:

٤-ا-برا گیان، کە ماکەرێکی بێ عەقڵی خوێڕیت.

ب-جوان بیرت کردەوە، دەڵێیت بێ عەقڵێکی ماکەریت.

نموونەی (٤-ا) لە نێوان دوو ئاخێوەردا گوتراوە، کە هیچ پەیوەندیەك لە نێوانیاندا نییە، واتە وەك جنێو بە کاریانهێناوە، ئەگەر سەرنج لە درکپێکردنیان بدرێت، ئەوا درکپێکردنێکی زۆر ورد (بە دیقەتە)، چونکە لە چەندین ڕووەوە سوکایەتی تێدایە، وەك کەسەکەی چواندووە بە ئاژەڵ، لە ناو ئاژەڵەکانیشدا بە دانەیەکیان، کە لای ئێمە لە هەموو ئاژەڵەکانی زیاتر بە بێ عەقڵ دادەنرێت، یەکێکی تر لە سوکایەتییەکان دانەپاڵ ڕەوشتێکی بەد ئەخلاقی و خراپە، کە(خوێڕی)ە، لێرەدا خوێڕی بە واتا ڕەوشتییەکەی/ئەخلاقیەکەی بەکارهاتووە، درکپێکردنێکی تر سوکایەتییەکە، ئەوەیە تەنانەت (کەر)لە ڕووی ئاینی ئیسلامەوە بە ئاژەڵێکی باش باس نەکراوە، لەمەشەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە زانستی زمانی درکپێکردنە توانای ئەوەی هەیە ئەم هەموو درکپێکردنانەمان بۆ بدۆزێتەوە، کاتێك کەسێك جوێن بە کەسێکی تر دەدات، بەڵام نموونەی (٤-ب) لە نێوان دووکوڕدایە، کە هاوڕێی یەکترن، کەمتر سوکایەتی پێوەدیارە، واتە کەمتر بێڕێزی تێدایە، چونکە بە هۆی درکپێکردنەوە کەسی بەرانبەر تێدەگات، هەرکاتێك کەرەستەکانی وشەکە پاش و پێشیان پێکرا هێزی سوکایەتیان لاواز دەبێت، تەنانەت زۆرجار وەك خۆشەویستی لێکدەدرێتەوە.

کات و شوێن و چۆنیەتی و ئەزموون و ڕوانینی ئاخێوەران بۆ دیاردە و ڕووداوەکان جیاوازە، واتە هەرکەسێك بە پێی ئەو تایبەتمەندیانە، کە دەیانبینێت گوزارشت لەو ڕووداو و کەرەستانە دەکات، چونکە هەر کەسەو بە ئەزموونێکی جیاوازدا تێپەڕیووە، با سەرنج لەم نموونەی خوارەوە بدەین، کە سەرنج و تێڕوانینی کەسەکان بۆ بینی کەسێك بە ناوی (وێنە)ەوە جیاوازە:

٥-ا وێنەی یەکەمی خوێندکارەکانم بینی.

ب- وێنەی کچی دکتۆر شەماڵم بینی.

پ- وێنەی خوشکی دینەم بینی.

لە هەر سێ نموونەکەی سەرەوەدا مەبەست بینین و ناسینی کەسێکە بە ناوی (وێنە)، بەڵام لە هەر سێ ڕستەکەدا بە شێوەیەکی جیاواز و بە پێی ئەو ئەزموونەی، کە لەگەڵ (وێنە) دا هەیانە، ناسێنراوە، نموونەی (٥-ا) (وێنە) ڕەنگە لە لایەن مامۆستای قوتابخانەکەیەوە ناسێنرا بێت، بەڵام لە ڕستەی (٥-ب) دا (وێنە) لە لایەن کەسێکەوە ناسێنراوە، کە ڕەنگە هاوڕێی باوکی بێت، باوکیشی دکتۆرێکی ناسراو بێت، بەڵام لە نموونەی (٥-پ) دا (وێنە) لە لایەن کەسێکەوە باسکراوە (ناسێنراوە)، کە هاوڕێی (دینە)ی خوشکێتی، واتە (دینە) دەناسێت، بەڵام (وێنە) ناناسێت، هەرچەندە ئاخێوەران باس لە یەك کەس دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز باسی دەکەن و دەیناسێنن، هەرئەمەشە زۆرجار لەو چیرۆکانەی ڕۆژانە دەخوێنرێنەوە، دەبینرێت یەك کەسایەتییە، بەڵام لە ڕوانگەی هەر

یەکە لە کارەکتەرە جیاوازەکانی چیرۆکەکەوە باسدەکریت، وەك چۆن لە نموونەی (٥)دا خراوەتەروو، (وێنە) یەك کەسە، بەڵام درکپێکردنەکان بۆ (وێنە) لە ڕوانگەی ئاخێوەرەکانەوە جیاوازبوون. لەمەشەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەویت، کە((زمان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ، کە شارەزایی دەخولقێنێت و دواتر لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا ڕەنگدەدەنەوە)) (ابراهیم، ٢٠١٩:٩٦).

هەروەها چۆنیەتی سەرنجدانی کەسەکان لە ڕووداوەکان جیاواز دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لەم دوو کەسە بدەین، کە هەریەکەیان لە ڕوانگەی ئەو شوێنەی، کە لێی وەستاوە درك بە خاڵی، یاخود پڕی پاسەکە دەکات و درکپێکردنی هەریەکەیان بۆ پاسەکە جیاوازە:



(٢) (١)

**وێنەی ژمارە(١)**

**سەرنجدان و ڕوانینی جیاواز**

ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی ئاخێوەری ژمارە(١) لێیبڕوانریت، ئەوا پاسەکە پڕە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئاخێوەری ژمارە(٢) لێیبڕوانریت ئەوا پاسەکە خاڵییە، چونکە ئاخێوەری ژمارە (١) لە لای شۆفێرەوە لە پاسەکەی ڕوانییووە و سەرجەم کورسیەکانی لای شۆفێرەکە پڕبوون، بۆیە هەستی کردووە، کە پاسەکە پڕە، بەڵام ئاخێوەری ژمارە (٢) لە لای سەکنەوە سەیری پاسەکەی کردووە و هیچ سەرنشینێکی نەبینیووە، بۆیە هەستی کردووە، کە خاڵییە، کەواتە شوێنی سەرنجدان لە کەرەستەکان و درکپێکردنیان دەبێتە هۆی گۆڕینی بەهاکانیان. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕی بەوە هەبێت، سەرنجدان و شوێن و ئەزموونەکان کاریگەری لە سەر بەها و واتای ڕووداو و کەرەستەکان هەیە، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەویت، کە مرۆڤ بە پێی ئەو ئەزموون و شارەزاییە، کە لەگەڵ جیهانی واقعیدا هەیەتی، زمان و کەرەستە زمانییەکان بە کاردەهێنێت، بۆیە قوتابخانەکەش جەخت لە سەر ئەزموون و شارەزایی دەکاتەوە و ((زمانەوانی درکپێکردن وەك جوڵانەوەیەك، یا خود پرۆژەیەك باسدەکریت، چونکە ئەم قوتابخانەیە بیردۆزێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو ڕێبازێکە، کە هاوبەشی گرتووەتەبەر، کۆمەڵێك پرنسیپ و ڕێنمایی و گریمانە و تێڕوانینی هەمەجۆرو تەواوکەر تێکەڵ بە یەکبوون)) (Evans, Green, 2006:3). پێش سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن، قوتابخانەی بەرهەمهێنانی چۆمسکی باڵی بەسەر زمانەوانیدا کێشابوو، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بە پێی پرنسیپ و ڕێنماییەکانی ئەو قوتابخانەیە بوون و بڵاودەکرانەوە، بەڵام سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن وەك پرۆژەیەك و جوڵانەوەیەك وابوو، بە سەر ئەو دید و بۆچوونانەی، کە ئەو قوتابخانەیە هەیبوو، چونکە بە بۆچوونی (لانگەکەر Ronald w. Langacker) زمانەوانی درکپێکردن بزوتنەوەیەکە و بەشێکە لە چالاکی و دابونەریتە فەرهەنگییەکان، واتە بە پێچەوانەی فۆرمالیستەکانەوە زمان چیتر وەك سیستەمێکی سەربەخۆیی خۆبەڕێوبەر سەیر ناکرێت، بەڵکو وەك ڕوخسارێکی تەواوکەر سەیردەکرێت، نەك وەك (مۆدێل، یان فەکەڵتی دەروونی) جیاکراوە بێت. لە پێشتردا زمان وەك مۆدێلێکی سەربەخۆ لێیدەڕوانرا، بەڵام لە زانستی زمانی درکپێکردندا سەربەخۆی زمان تەواو ڕەتدەکرێتەوە و ((زمان خۆی وەك بەشێك لە پێکهاتەی درکپێکردنی مرۆڤ سەیردەکرێت، نەك وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ))، (Allwood,J. Gardenfors, P, 1999:20).

شیكردنەوەی بنەمای چەمك و ئەزموونكارانەی پۆلەڕەگەزەكان گرنگی سەرەكی لە ناو زانستی زمانی دركپێكردندا هەیە، نەك وەك ئەوەی سەربەخۆبن، بەڵكو وەك ڕەنگدانەوەی پێكهاتەیەكی گشتی ڕێكخراون، هەربۆیە (George Lakoff) پێیوایە: ((شێوازی بە كارهێنانی چەمكەكان لە لایەن ئاخێوەرانەوە لە سەربنەمای ئەزموونەكانیان كاریگەری لە سەر شێوازی تێگەیشتنیان هەیە و جیاوازن لە پێڕەوی چەمكدا بە شێوەیەكی بەرچاو كاریگەری لە سەر ڕەفتاریان دەبێت))، (Geeraerts, Cuyckens, 2007:599). واتە كاتێك چەمكێك دەردەبڕدرێت، ئەگەر دوو كەس گوێیان لێبێت، ئەوا بە پێی ئەزموون و شارەزایی خۆییان لەگەڵ چەمكەكەدا لێكدانەوەی بۆ دەكەن، بۆ نموونە چەمكی:

٦- خاریج

ڕەنگە لای كەسێك شوێنێكی خۆش و سەرچاوەی ژیان و داهات بێت، بەڵام لای كەسێكیتر، كە منداڵەكەی لەو ڕێگەدا تیاچووە، چەمكێكی ناخۆش بێت و واتای مردن بگەیەنێت. ((لە بنەڕەتدا تیۆرەكە (دركپێكردن) تیۆرێكی سایكۆلۆژییە و لێكدانەوەكانیشی بۆ زانستی زمان لە هەمان ڕووانگەوەیە))، (حمەكەریم، ٢٠١٥:٥٧). ئەم بنەما سایكۆلۆژییەش مەبەست لەوەیە، كە مرۆڤ لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەكەیەوە(بینین، بیستن، بۆنكردن، تامكردن، دەستلێدان) واتا و زانیارییەكان وەردەگرێت و پاشان بە ئاوەز دەگات، لەوكاتەوە ئاوەز دەست بە شیكردنەوەیان دەكات و هەر لەوێشەوە پرۆسەی بە چەمككردن دێتە ئاراوە. یەكێكیش لەو ئامرازانەی بە چەمكی دەكات زمانە، لەم ڕووانگەیەشەوە ((دیارترین سیما، كە زانستی زمانی دركپێكردن لە قوتابخانەكانی پێش خۆی جیادەكاتەوە ئەوەیە، لە تێڕوانینی بۆ زماندا، جەخت لە تایبەتمەندی و وێناكردنە ئاوەزییەكان دەكرێتەوە))، (نەبی، ٢٠١٥:١١)، زانستەكە هەوڵدەدات بە ڕێگە و بۆچوونی نوێ لێكۆڵینەوە لە ئاوەز و ئەزموون و زمانی مرۆڤ بكات، بۆ ئەم مەبەستە ڕێگە و ڕێبازی خۆی بە كاردەهێنێت، چەقی سەرەكی و گرنگی ئەم زانستە گرنگیدانە بە واتا وكردەچەمكییەكان پێش هەمو ئاستەكانی تر[٤]، زانستی زمانی دركپێكردن وەك بەشێكی سەرەكی لێكۆڵینەوە لە توانستە زمانییەكانی مرۆڤ دەكات و لە توانستە دركپێكراوەكانی تر جیای ناكاتەوە، واتە توانستی زمانی لە توانستی دركپێكراوە گشتییەكانی مرۆڤ جیاناكاتەوە .

زانستی زمانی دركپێكردن لە سەر كۆمەڵێك بنەما و پرنسیپ دامەزراوە، كە دەبنە بنەما بۆ قوتابخانەكە و لە قوتابخانەكانی تر جیایی دەكاتەوە، كە ئەم بنەمایانە خستنەڕووی جیاوازیبوو لە قوتابخانە زمانییەكانی تر، تیۆرییە سەرەكییەكانی زانستی زمانی دركپێكردن زیاتر لەم سێ تیۆرییەی خوارەوەدا خۆیان دەبینەوە، كە بریتین لە:

١-زمان دامەزراوەیەكی Faculty دركپێكراوی ناسەربەخۆیە.

٢- ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بە چەمككردن Conceptualization.

٣- كۆزانینی زمانیKnowledge of language لە بەكارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوێزرێت و دروستدەبێت.[٥]

(ئەم تیۆرانە وەك بنەمای سەرەكی و چەمكی زانستی زمانی دركپێكردن دەردەكەون، دەبنە وەڵامیش بۆ گەلێك لەو پرسیارانەی، كە دەربارەی قوتابخانەكە كراوە، تیۆری یەكەم دژی بۆچوونی زانستی زمانی بەرهەمهێنانە، كە پێیوایە زمان دامەزراوەیەكی سەربەخۆییە و دابڕاوە لە توانا دركپێكراوەكانی تری مرۆڤ، هەروەها تیۆری دووەم دژی مەرجی ڕاستەقینەیە(Truth-conditional) دەوەستێتەوە، كە واتای زمانی لە ڕووی واتای

[٤] بڕوانە (١/١-١)

[٥] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم تیۆرانە بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ا- قادر،(٢٠١٢: ٨٥)

ب- غەریب، (٢٠١٦: ٩-٣٠)

پ- (croft.w , cruse.a (2004: 1-2-3

ڕاستەقینەوە هەڵدەسەنگێنێت، تیۆری سێیەمیش دژی هەردوو ڕێزمانی بەرهەمهێنان و مەرجی ڕاستەقینەدا، کە ئەمان زیاتر بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە زمان دەڕوانن و زیاتر گرنگی بە فۆرمی ڕێزمانی دەدەن و دەوروبەر و بەکارهێنانی زمانیان پشتگوێ خستبوو). (croft.w, cruse, 2004:1).

یەکێك لەو تیۆریانەی و بانگەشانەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن بانگەشەی بۆ دەکات، ڕوانینە لە زمان وەك دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆ، بە واتای ئەوەی ((خستنەڕووی (کۆزانینی زمانەوانی) هەروەك نواندنی دروستە چەمکییەکانی تری ئاوەزی مرۆڤە))، (قادر، ٢٠١٢: ٨٥)، بە بۆچوونی قوتابخانەکە ئەو پرۆسانەی، کە کۆزانینە زمانییەکانی تێیدا بە کاردێت، لە توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ جیاواز نین، لە دەرەوەی دەسەڵاتی زمان بە کاردەهێنرێت، قوتابخانەکە پێیوایە، کە کۆزانینی مرۆڤ لە سەر فۆرم و واتا لە بنەڕەتدا دروستەیەکی چەمکییە، دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەم تیۆرانە ڕەنگدانەوەی لە تەواوی لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردندا هەبووە، ئەمە جگە لەوەی باوەڕیانوایە، کە بەشێك لە تواناکانی مرۆڤ سروشتییە(فطریە)، پێشتر قوتابخانەی بەرهەمهێنان باوەڕیوابوو پێکهاتەکانی ئاوەزی مرۆڤ هەریەکەیان جیاجیان و ڕستەکان لەم پێکهاتانە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەرهەمدەهێنرێت، کەواتە بەم پێیە بێت زمان دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن بۆچوونی سەربەخۆ بوونی زمان ڕەتدەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ((زمان و پێکهاتەکانی وەك دامەزراوەیەکی پەیوەندیدار پێکەوە نەخشەکێشانە زمانییەکە تەواو دەکەن، ئەم پێکهاتەیەش دابڕاو و سەربەخۆ نییە لە توانا درکپێکراوەکانی تر))، (غەریب، ٢٠١٦: ١٠). هەر لە سەر ئەم بنەمایەشە مۆدۆلاریەتیبوون لە زماندا ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە، کە ئاستەکانی زمان لە یەکتر دابڕاو نین، بەڵکو پەیوەستن بە یەکترەوە و لێکۆڵینەوە لە زمان پێویستە گشت ئاستەکان لە خۆ بگرێت، ((کۆزانینی زمانی بە شێوەیەکی خۆویستانە پەیوەندی بە سیستەمەکانی زمانەوە هەیە))، (Taylor, 1995:18)، کەواتە کۆزانینی زمانی تەنها لە یەك سەرچاوەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو هەموو سیستەمەکانی مرۆڤ بەشداری لە کۆزانینی زمانیدا دەکەن، (هەربۆیە (جۆرج لاکۆف George lakoff) باوەڕیوایە، کە ئەوە شتێکی نا واقیعیە بۆ قسەکردن لە فاکەڵتی (سەربەخۆیی) زمان، سەربەخۆ لە هەستە-ماتۆڕییەکان ودرکپێکردن و فەرهەنگ و تێڕوانین و بیروباوەڕەکان و سەرنج و کارلێکی کۆمەڵایەتی، کەسایەتی و لایەنە ئەزموونیەکانی تر)، (سەرچاوەی پێشوو: ١٩). ناتوانرێت قسە لەسەر سەربەخۆیی زمان بکرێت، بەشێوەیەکی دابڕاو و دوور لە هەموو ئەو هۆکارانەی، کە کاریگەرییان لە سەر زمان هەیە. ئەمەش وایکردووە ((زمانەوانی درکپێکردن باس لەوە بکەن، کە زمان لە سەر بنەمای درکپێکردنی گشتی بەڕێوەدەبرێت، نەك لەلایەن مۆدلێکی زمانی تایبەتەوە (سەربەخۆوە)))، (Cruse, corft, 2004:xv). هەرئەمەشە، کە زانستی زمانی درکپێکردن بە بەراورد بە زانستی زمانی بەرهەمهێنان، زمان وەك سیستەمێکی خۆبەڕێوەبردن نابینێت، چونکە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا زمان وەك سیستەمێکی خودموختاری بەڕێوەبردن سەیردەکرا، (هەربۆیە تیۆرییەکە (تیۆری یەکەم) دژی گریمانە ناسراوەکەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، کە پێیانوابوو زمان سیستەمێکی خۆبەڕێوبەری جیاوازە لە هەموو توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ.) (سەرچاوەی پێشوو: ١).

(جۆرج لاکۆف George lakoff)، کە یەکێکە لە ڕابەرەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، مشتومڕی ئەوەی دەکرد، کە دەبێت زانستی زمانی درکپێکردن پابەندی دوو خاڵی سەرەکی بێت، یاخود پابەندی دوو پەیوەندی سەرەکی بێت، کە بە جۆرێك ئەم دوو پەیوەندییە لە تەواوی لێکدانەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردندا ڕەنگیداوەتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، کە هیچ لێکدانەوەیەکی زانستەکە بە بێ ئەم دوو پەیوەندییە سەرکەوتوو نابێت و لێکدانەوەکان بە ئەنجام ناگەن، ئەو دوو پەیوندییەش بریتین لە:

١-پەیوەندی بەرهەمهێنان/ Generalization commitment

٢- پەیوەندیی درکپێکردن/ Cognitive commitment

ئەم دوو پەیوەندییەش بە یەکەوە و بە تەواوەتی بۆچوونی مۆدولاریتی و وەچە مۆدولاریەتییەکان ڕەتدەکەنەوە، بە شێوەیەکی گشتی دەستیان بە سەر تەواوی لێکدانەوەکانی قوتابخانەکەدا گرتووە، هەرچی سەرنج و تێڕوانین، کە ئێمە دەیدەین پابەندن بەو دوو پەیوەندییەوە.

مەبەست لە پەیوەندی بەرهەمهێنان ئەوەیە، کە سەرجەم لێکدانەوەکان لە دەنگەکانەوە، تا پێشگر و پاشگرەکان و ڕستەکان و واتا و تەنانەت واتای پراگماتیکیش وەك گشتێکن، ((نەك هەریەکەیان بە سەربەخۆو جیا، چونکە پەیوەندی گشتاندن ڕەفتاری زمانی پەیوەست دەکات بە بنەمایەکی گشتی، کە ئەم بنەمایە بەرپرسە لە هەموو لایەنەکانی زمانی مرۆڤ))، (غەریب، ٢٠١٦:١٠). هەربۆیە کاتێك مرۆڤی قسەکەر (ئاخێوەر)، کە قسەدەکات لە دەنگەوە، تاوەکو پراگماتیك، واتە مەبەستەکانی پشت ئاخاوتنەکانی، کە دەریدەبڕێت هەموو بە یەکەوە بەرهەمدێن (هەر لە دەنگەوە تاوەکو خاڵی کۆتایی قسەکردنەکە).

لێکۆڵینەوەکانی (جۆرج لاکۆف George lakoff) بووەتە هۆکاری چەسپاندنی هەردوو پەیوندییەکە، بەڵام لە ماوەیەکی دواتردا، ((هەریەکە لە Eyvyan Evans & Melanie green)ئەم پەیوەندییەیان لە ڕوانگەی (پۆلێنکردنCatgorzsation)و فرەواتاییPolysemy) و میتافۆڕMetaphor) هوە خستەڕوو))، (سەرچاوەی پێشوو:١١)، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنان با سەرنج لەم نمونانەی خوارەوە بدرێت:

٧-ا- باوکەکە کوڕەکە و کچەکەی خۆشدەوێت.

ب-باوکەکەیش کوڕەکە و کچەکەی خۆشدەوێت.

پ- باوکەکە کوڕەکەیش و کچەکەی خۆشدەوێت.

ت- باوکەکە کوڕەکە و کچەکەیشی خۆشدەوێت.

ج- باوکەکە (کوڕەکە و کچەکە)یشی خۆشدەوێت.

د- باوکەکە کوڕەکە و کچەکەی خۆشیشدەوێت.!

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە نموونەکەنی (٧) ئەوە دەبینرێت، کە شوێنی (یش) لە ڕوانگەی هاتنییەوە جیاوازە، ئەمەش دەبێت هۆی جیاوازی گەیاندنی خودی واتای ڕستەکان، چونکە((واژەگۆکەری باسمەندکار تا ڕادەیەکی زۆر ئازادن لە ڕستەدا و دەتوانرێت جێگۆڕکێیانپێبکرێت و لە تەك هەر جێگۆڕکێپێکردنێکدا پەیوەستبوونێکی سیمانتیکیی تر وەردەگرن))، (مەحوی، ٢٠١٠:٢٤٦). بۆ نموونە لە (٧-ب)دا مەبەست لەوەیە، کە باوکەکە وەك چۆن منداڵەکان ئەویان خۆشدەوێت، ئەویش بە هەمانشێوە ئەمانی خۆشدەێت، کەواتە لێرەدا جەخت لە سەر خۆشویستنی باوکەکە بۆ منالەکانی کراوەتەوە، لە نموونەی (٧-پ) دا (یش) چووەتە سەر کەرەستەی (کوڕ) بۆیە جەختەکە لە سەر کوڕەکەیە، چونکە ئەوە براوەتەوە، کە باوکەکە کچەکەی خۆشدەوێت، ڕەنگە ئەمەش بێتە وەڵام بۆ پرسیارێکی وەك، ئایا باوکەکە کوڕەکەشی وەك کچەکەی خۆشدەوێت؟، بۆیە ((لە لێکدانەوەیەکی چەندێتیانەدا، زیادکردن دەگەیەنن لە ڕووی چۆنیەتی و چۆنایەتیەوە))، (عەبدوڵا، ٢٠١٣:١٢٤)، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی شوێنی(یش) لە کوڕەکەوە بۆ کچەکە واتای ڕستەکە و درکپێکردنەکان بۆ ڕستەکە جیاواز دەبێت. وەك لە نموونەی (٧-ت) دەبینرێت، کە بە تەواوی پێچەوانەی ڕستەی(٧-پ)، چونکە ئەوە براوەتەوە، کە باوکەکە کوڕەکەی خۆشدەوێت، بەڵام کچەکەشی هەروەك کوڕەکەی خۆشدەوێت، چونکە ئەویش هەر نەوەی خۆیەتی و ڕەنگە وەڵامی ئەم ڕستەی (٧-ت) ببێتە وەڵام بۆ ڕستەیەکی پرسیاری وەك ئایا باوکەکە کچەکەشی وەك کوڕەکەی خۆشدەوێت؟، چونکە ((لە هەربارێکی گۆڕینی ئاوازەکە لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر زانیارییەکی تەواو جیاواز دەگات بە بەرانبەر))، (قادر، ٢٠٠٨:١٣٦)، بۆیە گۆڕینی شوێنی (یش)یش ئەو جیاوازییانەی دروستکردووە، کەواتە درکپێکردن و پەیپێبردن/تێڕامان بۆ واتای ڕستەکە جیاواز دەبێت، بەڵام لە نموونەی (٧-ج) دا، جەخت لە سەر (کوڕەکە و کچەکە)یش کراوەتەوە، واتە هەردووکیان پێکەوە خۆشدەوێت، بۆیە واتای

ڕستەکە گۆڕدراوە و بەمەش درکپێکردن بۆ ڕستەکەش دەگۆڕدرێت، زمانەوانی درکپێکردن باوەڕیوایە، کە هەر قاڵبێکی ڕێزمانی، کە لە زنجیرەی بە دوایەکدان، هاتنی کەرەستەکان تێیدا جیاوازە دەرهاویشتەی ئەزموون و شارەزاییەکە و واتایەکی تەواو جیاوازیش دەبەخشێت، بەمەش درکپێکردن بۆ ڕستەکە جیاواز دەبێت، لە نموونەی (٧-د)دا، لێرەدا جەخت لە سەر خۆشویستنی باوکەکە کراوەتەوە، نەك هیچ شتێکی تر وەك: (ڕق، لێدان، بەزەیی ...هتد)، وەك تێبینیکرا بە گۆڕینی شوێنی (یش) هەریەکە لە ڕستەکان واتای جیاوازیان هەبوو، بەمەش درکپێکردنەکان جیاواز دەبن. لەبەرئەوەی پەیوەندی بەرهەمهێنان سەرجەم ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، هەربۆیە هەریەکە لە ڕستەکانی نموونەی (٧) لە هەردوو پێواژۆی (بەرهەمهێنان و تێگەیشتن) بە تەواوی هەموو کەرەستەکانیەوە پێکیهێناون و کارکردنەکانیشیان درکپێکردنانەیە، واتە ئاخێوەر درکی بە جیاوازی دەربڕینەکان و واتا جیاوازەکانی دەربڕاوەکان کردووە، ئەمە جگە لەوەی (هێز و ئاواز) وەك لایەنێك، کە پەیوەندی بە لایەنی فۆنۆلۆژییەوە هەیە، ڕۆڵیان لە گۆڕینی واتا و درکپێکردنەکان بۆ کەرەستەکان هەیە، لە ڕستەکانیشدا هەموو کات جەختەکە لە (یش)ە بۆیە درکپێکردنەکان جیاواز و لەمەشەوە واتاکان جیاواز دەبن، هەڵسوکەوت و شوێنیش بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەموو کات لە یەك شوێندا نابێت و شوێنەکەی دەگۆڕێت. هەموو ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی کە زمان دامەزراوەیەکی ناسەربەخۆیە. لە نموونەکانی (٧) دا، ئەو تێڕوانینەی زانستی زمانی درکپێکردنمان بۆ دەردەکەوێت، کە جەخت لە سەر ناسەربەخۆیی پێکهاتەکانی زمان لە تەواوی ئاست و پێکهاتەکاندا دەکاتەوە، نواندنی کۆزانیاری زمانی بنەمایە بۆ بونیادنانی بنەما چەمکییەکانی تر زمان .

-سەبارەت بە پەیوەندیی دووەم (پەیوەندیی درکپێکردن Cognitive commitment) مەبەست لەم پەیوەندییە ئەوەیە، کاتێك مرۆڤ قسەدەکات، پێویستە تەواوی درکپێکردنەکانی خۆی بخاتەکار، ((ئەم پەیوەندییە بۆ دابینکردنی پرنسیپە گشتییەکانە بۆ زمان، لەگەڵ ئەو شتانەی دەربارەی هزر/بیر و ئاوەز، ئاوەز دەناسێنرێت لە ڕێگەی ڕژێمەکانی ترەوە))، (Evans, Green, 2006:27-28). بۆیە پێویستە لە کاتی قسەکردندا سەرجەم درکپێکردنەکانمان هەر لە ئاوەز و هزر و جەستە و ئەزموونەکانمان بخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی بتوانین قسەبکەین، سەرجەم لێکدانەوە و قسەکانیش هەر لە سەر ئەم بنەمایەیە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

٨-ئاگر مەترسیدارە.

ئێمە بە هۆی سەرجەم درکپێکردنەکانمانەوە، دەتوانین ئەوە دەربڕین، واتە لە ئاوەزماندا ئەوە جێگیر بووە، کە ئاگر لە بەرئەوەی سوتێنەرە مەترسیدارە، لایەکی ترەوە ئێمە ڕۆژانە بە هۆی ئەوەی زۆر ئاگر بە کاردەهێنین دەزانین، کە گەرمە چونکە جەستەمان ئەزموونیکردووە، بەڵام ڕەنگە منداڵێك لە سەرەتای تەمەنیدا هەست بەم شتانە نەکات، چونکە ئەو ئەزموونی نەکردووە. تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت، کە پەیوەندیی درکپێکردن پەیوەندیی بەرهەمهێنانیش دەگرێتەوە، چونکە لە پەیوەندیی بەرهەمهێنانیشدا، دەبێت سەرجەم درکپێکردنەکانی مرۆڤ لە بەرچاو بگیرێت، بە واتایەکی تر مرۆڤ تا ئەزموونی لەگەڵ کەرەستەکانی زمانەکەیدا نەبێت، چۆن دەتوانێت دەریانببڕێت، بۆ نموونە دەنگە چینییەکان لەبەر ئەوەی ئاخێوەرێکی کورد ئەزموونی لەگەڵیاندا نەکردووە و بە کارینەهێناوە ناتوانێت دەریانببڕێت، چۆن دەتوانیت لە ڕێزمانەکەیدا بە کاریانبهێنێت، کەواتە لەمەشەوە دەگەینە بنەمای دووەمی قوتابخانەکە، باوەڕیوایە، کە:

-ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بە چەمککردن Conceptualization لەم قوتابخانەیەدا ئاخێوەر لە ڕوانگەی بە چەمککردنەوە سیستەمی ڕێزمانی خۆی بەرهەمدەهێنێت، بە پێی ڕادە و درکپێکردنی خۆی بۆ کەرەستەکان و ئەو سەرنج و بارودۆخانەی لێیتێدەگات. ئەم تیۆرە((دووەم تیۆری سەرەکی ڕێبازی زمانەوانی درکپێکردنە، کە بەرجەستەکراوە لە دروشمی (لانگەکەرLangcker)ەوە، کە بریتییە لەوەی ڕێزمان سیستەمێکی چەمکییە)) (corft, cruse, 2004:3)، کە ئەم تیۆرە خۆی لە سەرجەم دروستە چەمکییەکان و بیر و بۆچوون و تێڕوانینی مرۆڤدا دەبینێتەوە، کاتێك دەیەوێت بونیادە ڕێزمانییەکان و شکاندنەوە ڕێزمانییەکان ئەنجامبدات، تا بە هۆیەوە

کردەی پەیوەندیکردن ئەنجامبدات. ئەمەش پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکییە، کە چەندین وەچە تیۆری دیاریکردبوو، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕستەکانی زمان بەرهەمبهێنرێت، واتە ئاخێوەر پابەندنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە دەبوو، هەرچەندە لە زانستی زمانی درکپێکردنیشدا پێویستە ئاخێوەر پابەندی یاسا و ڕێسا زمانییەکانی زمانەکە ببێت و دەشبێت، بەڵام هێندە هەیە، هەر ئاخێوەرێك بە پێی ئەزموون و شارەزاییەکانی لە جیهان و واقیعدا، کە هەیەتی زانیاری و کۆزانیاری زیاتر، یان کەمتر لەوانی تر لە ئاوەزیدا هەیە، بە چەمکیان دەکات و لە سەر بنەمای ڕێژەی ئەو ئەزموونەش هەندێکجار و لە هەندێك باری ئاخاوتنی تایبەتی وەك (پیشەیی، یان پسپۆڕی، یان هاوڕێیانە ..هتد)، دەشێت بە تێگەیشتنێکی نوێ و لە سەر بنەمای یاسایەکی نوێ، کە هەیە و لە ڕێسا سەرەکییەکانیشەوە وەرنەگیراوە، بەڵام بە شێوازی جیا وشەکان دروست بکات و ڕستەکان بەرهەمبهێنێت، کە واشدەردەکەوێت وشەکە و ڕستەکە نایاسایی بن و یاسا بەند نەبن، بەڵام گروپەکە وردن هەم لە یاسای بەرهەمهێنانی وشەکە، یان ڕستەکە، هەم لە واتاکەیشیدا، بۆیە ئەگەر ورد ببینەوە تێدەگەین، کە بنەمایەکی ڕێزمانی و چەمکییانەی پتەویان هەیە، وەك لە کاربردنی میتافۆڕ و کرداره شکاوەکاندا بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە:

٩-مەکینەکەت بۆ دادەگرم.

١٠-لە سەریەك تایە دەڕوات.

لێرەدا نە مەبەست لەوەیە، کە مەکینەکە دابگرێت و نەمەبەستی ئەوەیە، کە لە سەر یەك تایە بڕوات، بەڵکو ئاخێوەر بە هۆی درکپێکردنەکانییەوە ئەم ڕستانەی دەربڕیووە، چونکە کرداری (داگرتن) بە واتای ئەوە دێت، شتێك لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ شوێنێی نزم دابگریت، بۆیە کە دەڵێت بۆت داگرم، واتە لە سەیارەکە دەریبێنم و بۆت چاکبکەم، لێرەدا بە واتای دەرهێنان هاتووە نەك داگرتن، بەڵام ئاخێوەر بە هۆی درکپێکردنیەوە توانیویەتی کامە گونجاوە ئەوە هەڵبژێرێت، لە نموونەی (١٠)دا مەبەست ئەوە نییە، لە سەر یەك تایە بڕوات، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کە (خێرایە)، چونکە بە هۆی ئەزموون و درکپێکردنەکانیەوە پەی بەوە بردووە، تا ژمارەی تایەکان کەمتر بێت خێراتر دەبێت، لە کرداره شکاوەکانیشدا هەمان دیاردە دەبینرێت، بۆ نموونە:

١١-خەمت نەبێت، انشاالله سێ سەعاتی تر تەواو بووە.

ئەگەر سەرنج لە کرداری (تەواوبووە) بدرێت، لەگەڵ (سێ سەعاتی تر)دا ناگونجێت، چونکە ئاوەڵکردارەکە بە جۆرێکە، کە لەگەڵ کرداری ڕانەبردوودا دێت، نەك کرداری ڕابردوو، بەڵام لێرەدا ئاخێوەر بە هۆی درکپێکردنی بۆ واتای ڕستەکە توانیوێتی بە یەکەوە بیانگونجێنێت، تەنانەت گونجاندنەکە بە جۆرێکە، کە ئاوەڵکرداره ڕانەبردووەکەی بە کردارێکی ڕابردوو تەواو کردووە، کە ئەمەش بە هۆی ئەزموون و شارەزایی و درکپێکردنەکانی بووە، بۆیە ئەم بنەمایەش ((بنەمایەکی تری سەرەکی و گرنگی توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ خۆی لە پرۆسە و سیستەمی (بە چەمککردن Conceptualization) ی شارەزای زمانیدا دەبینێتەوە، تاوەکو بتوانرێت پەیوەندیکردنی پێ ئەنجام بدرێت))، (قادر، ٢٠١٢:٩٤). بەم شێوەیەش تاوەکو مرۆڤەکان شارەزاییان زیاتر بێت، باشتر دەتوانن سیستەمی ڕێزمانی بە چەمك بکەن. بۆ نموونە با سەرنج لەم وشانە بدەین، کە لە ئێستای زمانەکەماندا دروستبوون:

**١٢-** کوڕی زیرەك ⟵ مۆبایلی زیرەك، تەکسی زیرەك، سەعاتی زیرەك

**١٣-** کوردستان ⟵ گەندەڵستان

**١٤-** شاری مامۆستایان ⟵ سیتی سەنتەر، سیتی ستار

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (١٢) بدرێت، ئەوا ئاخێوەران بە هۆی درکپێکردنیان بە ئاوەڵناوی (زیرەك)،کە کۆمەڵێك تایبەتمەندی تێدایە، وەك: (لێهاتوویی، درکپێکردنی خێرا، جیاواز، بە توانا...هتد)، ئەو وشانە نوێیانەیان

دروست کردووه و له ئاوەزیاندا به چەمکیانکردووه، چونکه ئەو کەرەستانەش هەمان تایبەتمەندییان تێدایه، ئەگەر له ڕوانگەی باردۆخی بەکارهێنانەوه سەرنجی لێبدرێت، دەتوانرێت بگوترێت:

ا-مۆبایلی پێشکەوتوو، تەکسی پێشکەوتوو، سەعاتی پێشکەوتوو

ب- مۆبایلی فوول مواسەفات، تەکسی فوول مواسەفات، سەعاتی فوول مواسەفات

بەلاّم هیچکام لەمانه ناتوانن وەك ئاوەڵناوی زیرەك به کاربهێنرێن، بەهۆی ئەو درکپێکردنانەی، که کۆمەڵگه بۆ زیرەك هەیەتی، له نموونەی (١٣)دا سودیان له پاشگری (ستان) بینیووه، که ئەم پاشگره چووه سەر هەر وشەیەك واتای شوێن دەگەیەنێت، که شوێنەکه ڕووبەرێکی فراوان بێت، بۆ نموونه له زمانی کوردیدا چەندین پاشگر هەن، وەك (گه، گا، ستان) ناوی شوێن دروستدەکەن، بەلاّم ئاخێوەر له نێوان ئەوانەدا (ستان) ی هەڵبژاردووه، چونکه به هۆی شارەزایی و درکپێکردنییەوه درکی بەوه بردووه، که ڕووبەرێکی فراوانتر به بەراورد به دوو پاشگرەکەی تر دەگرێتەوه، بۆیه که دەگوترێت (گەندەڵستان) واتا شوێنی گەندەڵەکان، که زۆربەی بەرپرسەکان بەشدارن تێیدا، یاخود له ڕوانگەی بارودۆخی به کارهێنانەوه، دەکرێت له بری (ستان) بگوترێت:

ا-گەندەڵگا

ب-گەندەڵگه

ت-گەندەڵۆچکه

بەلاّم له نێوان هەموو ئەوانەدا (ستان) به هۆی ئەو سیفەتانەی، که تێدایەتی، توانیوێتی جێگه بەوانی تر لێژ بکات، هەربۆیه ئاخێوەر درکی بەوه کردووه، که ئەوەیان بۆ ئەو بارودۆخه دەستدەدات، که ئەو دەیەوێت بیگەیەنێت، نموونەکانی ژماره (١٢)دا ئەو نموونانه، که به هۆی زمانی ئینگلیزییەوه هاتوونەته ناو زمانەکەمانەوه، که ئەمەش زیاتر بۆ دوو مەبەست، که خاوەنی ئەو پرۆژانه درکیان پێکردووه، له لایەك زاڵی هەژموونی زمانی ئینگلیزیه به سەر ئەو کەسانەدا، له لایەکی ترەوه بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی کڕیارەکانه، هەڵبژاردنی (سیتی) له لایەن ئاخێوەرانەوه، بۆ شارەزایی و درکپێکردنی شار دەگەڕێتەوه، چونکه له شاردا زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی تێدایه، کەواته لەم شوێنەی ئەوانیشدا سەرجەم پێداویستییەکانی تێدایه، ئێمه شوێنی نیشتەجێبوونمان هەیه، که به ناوی گوندەوەیه، وەك (گوندی ئەڵمانی)، بەلاّم ئاخێوەر نالێت: (ڤیلێج ئەڵمانی)، چونکه له ڕووی فۆنۆلۆژییەوه قورسه و ناتوانرێت وەك (گوندەکه) بچەسپێت، هەرچەنده یاسای دروستبوونەکەشی وەك نموونەکانی (١٤)یه، ئەمه جگه لەوەی باشترین بارودۆخ شاره بۆ ئەو شوێنانه له بری وشەکانی وەك (ڤیلێج، وڵات...هتد)، ئەگەر سەرنج له نموونەکانی (١٢، ١٣، ١٤) بدرێت، ئەوا دەردەکەوێت سەرجەمیان به هۆی یاسای ڕێزمانی زمانەکەوه دروست بوون.

کاتێك ئێمه چاومان له ڕووداوێك دەبێت، به پێی بنەمای کات وسەرنج و تێڕامانی خۆمان باس له ڕووداوەکه دەکەین، بۆ نموونه:

١٥-ا- تینا هیچ ناخوات.

ب-تینا تایەتی، ڕەنگه نەخۆش بێت.

پ-تینا توشی کۆرۆنا بووه.

ت-تینا خەستی خوێنی بەرزەو سییەکانی پەڵه پەڵەی ڕەشی تێدایه.

هەریەکه لەم نموونه و دەربڕاوانه گوزارشت له ڕوودان و سەرنجی قسەکەرەکان له کاتی بینینی (تینا)دا دەکەن، له نموونەی (١٥-ا)دا، ڕەنگه له لایەن دایکی (تینا)وه بووبێت، که سەرنجی لێداوه (تینا) هیچ ناخوات، بەلاّم هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی نەبووه، که ئەمه پەیپێبردنی سەرەتای ڕووداوەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوه، که زیاتر مەبەستی شت نەخواردنی (تینا)یه، بۆیه گوزارشتی (١٥-ا) دەربڕیووه، له کاتێکدا قسەکەری دووەم (١٥-ب)، زیاتر (تا و نەخۆشی) (تینا)ی سەرنجی ڕاکێشاوه، هەربۆیه ئەو گوزارشت و دەربڕینەی دەربڕیووه، بەلاّم قسەکەری سێیەم

(١٥-پ) گومان و سەرنجەکەی، کە بووەتە هۆی ئەوەی لای دروست بێت، توشی بوونی (تینا)یە بە کۆرۆنا، چونکە لەو کاتەدا پەتاکە بڵاوبووە و هەمان نیشانەشی هەبووە، لە نموونەی (١٥-ت) چۆنیەتی خەستبوونەوەی خوێن و چۆنیەتی پەڵەپەڵە بوونی سییەکانی سەرنجی دکتۆرەکەی ڕاکێشاوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە قسەکانی دەکات و سەرنجەکانی دەردەبڕێت، کەواتە بە پێی ئەم شیکردنەوانە کات و شارەزایی، شوێن و دنیابینی و سەرنج و ئەزموونی قسەکەرەکان جیاوازبوون، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی بونیادە ڕێزمانییەکان، هەر ئەمانەش هۆکارن تا قسەکەر بونیادە ڕێزمانییەکان بونیاد بنێت. ئەمیش وا دەکات، کە ((بە چەمککردنی ڕێزمانی زیاتر (بە چەمککردن)ی ڕێسا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤ بێت))، (سەرچاوەی پێشوو:٩٥)، لێرەدا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤ دەبن بە یاسای ڕێزمانی و بە پێی ئەو درکپێکردنانە یاساکان دادەنرێن، یەکێکی تر لەو دیاردانەی، کە سیستەمی بە چەمککردنی ڕێزمانی جەختی لێدەکاتەوە پۆلێنکردنە، بە بڕوای زانستی زمانی درکپێکردن پۆلێنکردن چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە، بۆ نموونە  ئەگەر سەوزەکان پۆلێنبکەین، وەك (تەماتە، کەوەر، کەرەوز، تەڕەپیاز، کاهو، تور، کوزەڵە، جەرجیر، بروکلی، کەلەرم، قەڕنابیت، مەعدەنوس، تەڕەتیزە، خەیار ... هتد)، بەڵام لە هەندێك ماڵدا شەوان لە بری میوە (خەیار، کاهوو) وەك میوە بۆ میوانەکان دادەنرێت، کەواتە لێرەدا ناتوانرێت بگوترێت، کە (خەیار، کاهوو) سەوزەن، بەڵکو میوەن، یاخود هەندێك لە کەرەستەکانی پۆلی میوە دەچنە ناو سەوزە و وەك سەوزە بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە (سندی، لیمۆ) دیاترین ئەوە میوانەن، کە وەك سەوزە بە کاردەهێنرێن، کەواتە لێرەدا ناتوانرێت سنورێك بۆ پۆلێنکردن دابنرێت و جیا بکرێنەوە، هەربۆیە لەم بۆچوونەشیاندا دژی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، کە باس لە سیستەمی پۆلێکردن دەکەن، یاخود هەندێك میوە هەیە، کە هێشتا لای ئێمە نییە و بە کارمان نەهێناوە، وەك (پاپایا (Papaya)، دوریان(Durian)، ئەمانە پێشتر و ئێستاش لای ئێمە نەبوون و ئەزموونمان نەکردوون و بە کارمان نەهێناون، بۆیە لە پۆلی میوەی ئێمەدا نابینرێن، ئەمەش بە جۆرێکی تر جەختکردنەوەیە لە بنەمای سێیەمی قوتابخانەکە، کە بریتییە لە:

- کۆزانینی زمانیی Knowledge of language لە بە کارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوێزرێت و دروستدەبێت زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە، کە ناکرێت لێکۆڵینەوە لە ڕێسا سینتاکسی و سیمانتیکییەکان بکرێت، بە دابڕاوی لە شارەزایی و ئەزموونی مرۆڤ، بە واتایەکی تر((ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ (بێگومان مەبەست لە زمانیشە) بکرێت بە دابڕاوی و دوور لە شارەزای مرۆڤ))، (قادر، ٢٠١٢: ٩٨)، لەم بۆچوونەشیاندا دژی بۆچوونی قوتابخانەی زمانەوانی بەرهەمهێنان بوون، کە باوەڕیوابوو، نابێت لە لێکدانەوەی زماندا پشت بە شارەزایی مرۆڤ ببەسترێت، ((لای چۆمسکی توانست بەهرەیەکی بۆماوەییە))،(نەبی، ٢٠١٥:١٥). بەم پێیەش بێت مرۆڤ هەر لە لەدایکبوونییەوە بەهرەی زمانی تێدایە، شارەزایی و ئەزموون و کۆمەڵ کار لە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ناکەن، بە پێچەوانەی ئەمانەوە، (فردیناد دی سۆسێر) گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی زمان دەدات، پێوایە، کە دەبێت لایەنی کۆمەڵایەتی زمان لە بەرچاو بگیرێت، هەربۆیە (گۆڕانکاری لە زماندا لە ڕێگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە دەکرێت، کە تاکەکان لە کۆمەڵدا ئەنجامی دەدەن)، (سەرچاوەی پێشوو، ١٢-١٣-١٤)، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن دەتوانرێت وەك خاڵی بە یەکگەیشتنی هەردوو قوتابخانەکە دابنرێت، چونکە لە لایەك گرنگی دەدات بە ئاوەزی مرۆڤ و لە لایەکی ترەوە گرنگی بە لایەنی شارەزایی و کۆمەڵایەتی زمان دەدات، لە سەر ئەم بنەمایەشە، کە ((سەرنجدانەکانی زانستی زمانی درکپێکردن لە سەر ئەوەیە، کە چۆن سیانەی(ئاوەز و جەستە و زمان) پێکەوەکاردەکەن و پێشیوابوو، کە زۆربەی زانیارییەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەوەرەکان و کارلێکردنی نێوان ئەم هەستەوەرانە چنگدەکەون))، (Tendahl, 2009:113). کارلێکردنی هەستەکانی مرۆڤ هەر لە سەر بنەمای ئەزموونی مرۆڤ خۆی کاردەکات، بۆ نموونە کاتێك باسی (لیمۆ) بۆ تاکێکی کورد بکرێت، ئەوا یەکسەر دەمی ئاودەکات، چونکە ئەزموونی کردووە، کە (لیمۆ) خۆش و مزرە، بەڵام ئەگەر باسی (پیتزا) بۆ پیاوێکی پیری کورد بکرێت، ڕەنگە هیچ هەستێکی سەبارەت بە خواردنەکە لە لا دروست نەبێت، چونکە ئەزموونی

نەکردووە، تاوەکو بزانێت تامی چۆنە. هەر لە ناو کورددا بە تایبەتی ئەم نەوە تازەیە، ئەگەر باسی (دۆینەوڕۆنی) بۆ بکرێت، هیچ هەستێکی لا دروست نابێت، چونکە نەیبینیوە و تامی نەکردووە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕەنگە تا ئێستاش بەشێك لە کەسە بە تەمەنەکان بیخۆن و بشزانن تام و بۆن و ڕەنگیشی چۆنە، بۆیە تا کەرەستەکان بە کارنەهێنرێت وئەزموونیان نەکرێت ناتوانرێت زانیاریان لە بارەیانەوە هەبێت، بۆ نموونە گۆشتی (بەراز) لە زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا نازانرێت تامی چۆنە، بەڵام لە زۆربەی کۆمەڵگە نا موسڵمانەکاندا (ئەوانەی گۆشتی بەراز دەخۆن) دەزانن تامی چۆنە، چونکە ئەمان بە کاریانهێناوە و ئەزموونیان لەگەڵیدا هەیە.

بە شێوەیەکی فراوان دووجۆر ئەزموونی مرۆڤ هەن، (یەکەمیان پەیوەندی بە ئەزموونێکی هەستخوازییەوە هەیە، کە ئەمە ئەزموونێکە لە تێگەیشتنی هەستەوە وەرگیراوە (هەستەکان)، دووەمیان لە زانیارییە دەرەکییەکانەوە لە جیهانی دەرەوەدا وەرگیراوە، کە دیارە ئەزموونی هەستەکان لە ڕێگەی میکانیزمەوە وەردەگرێت، ئەم میکانیزمانە زۆر ئاڵۆزن، لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەیەك دابیندەکەن، کە مەرج نییە لە داهێنانی هەستەکاندا خاوەنەکەی دیار بێت، بە واتایەك تر ئەوەی ئێمە هەستی پێدەکەین، مەرج نییە هەمان ئەو شتە بێت، کە ڕاستەوخۆ ئێمە ئەزموونی دەکەین)، (Evans, Green, 2006:64-65)، هەربۆیە ئەزموونەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز دەبن، بۆ نموونە ڕەنگە چەمکی (خۆشەویستی) بۆ کەسێك، کە سەرکەوتوو بووە لە پرۆسەی خۆشەویستیدا پرۆسەیەکی باش بێت و باوەری پێی بێت، واتە چەمکی خۆشەویستی نیشانەکانی لای ئەم بریتییە لە:

خۆشەویستی (وەفا، بەیەکگەیشتن، فریونەدان، هاوسەرگیری)

بەڵام لای کەسێك، کە لە پرۆسەکەدا سەرکەوتوو نەبووە، ڕەنگە خۆشەویستەکەی خیانەتی لێکردبێت، چەمکێکی خراپ(نەرێنی/نێگەتیڤ) دەگەیەنێت، واتە نیشانەکان لای ئەم بریتیین لە:

خۆشەویستی: (خیانەت، بێوەفایی، بەیەك نەگەیشتن، فریودان، شوپێنەکردن)

کەواتە ((زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا زیاتر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە داهێنراوەکانی مرۆڤە لە سەر ئەو واقیعەی، کە تێیدا دەژی و لە ڕێگەی شارەزاییەکانی و بەرجەستەکردنی بۆ شارەزاییەکان دەیخولقێنێت و قسەیان دەربارە دەکات))، (قادر، ٩٩:٢٠١٢). هەرئەمەش وایکردووە ئاخاوتنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز بێت، هەندێکجار لە نێوان گروپە هاوشێوەکاندا تێگەیشتن ئاسانترە، تاوەکو لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە تێگەیشتنی (مەلاکان) لە نێوان خۆیاندا ئاسانترە، تا تێگەیشتن لە نێوان (مەلاکان و پزیشکەکان) دا، چونکە هەریەکەیان ئەزموون و شارەزایی لە بەکارهێنانی زماندا جیاوازە، هەر ئەم ئەزموون و شارەزاییەش هۆکارە بۆ ئەوەی، کە منداڵەکان زیاتر بە واتای فەرهەنگی ڕستەکان دەرببڕن، بە پێچەوانەی ئەوانەی، کە ئەزموونیان زیاترە، بە زۆری لە ڕێگەی مۆرفۆسینتاکسەوە گفتوگۆ دەکەن و دەچنە ئاستی میتافۆڕەوە، لەمەشەوە ئەوە بە دەستدێت، کە ((لێکۆڵینەوە لە زمان لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی زمان))، (حمەکریم، ٢٤:٢٠١٥)، تا مرۆڤ شارەزایی و ئەزموونی لە بە کارهێنانی زماندا زیاتر بێت، زیاتر دەتوانێت زمان بە سەرکەوتووی بە کاربهێنێت، ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی، کە قوتابخانەکە زیاتر وەك قوتابخانەیەکی ئاوەزیی ئەزموونی دەربکەوێت و گرنگی و کاری سەرەکی لە سەر واتا بێت، واتا ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ناو قوتابخانەکەدا و تیۆرییەکی بە ناو سیمانتیکی درکپێکردن هەبێت.

## ١-١/١) سیمانتیکی درکپێکردن

یەکێك لەو تیۆرییانەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن جەختی لە سەردەکاتەوە و ڕەنگدانەوەی لە ناو قوتابخانەکەدا هەیە و گرنگی پێدەدرێت، بریتییە لە سیمانتیکی درکپێکردن (Cognitive semantic)، وەك لە پاری پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، کە فەلسەفەی پشت قوتابخانەکە بەهەند وەرگرتنی واتا بوو، ((سیمانتیکی

درکپێکردن لە ساڵەکانی حەفتاکانەوە، وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر ئەو تیۆرانەی لەو کاتەدا دەربارەی زمان بە گشتی و واتای زمانی بە تایبەتی لە ئارادابوون هاتەکایەوە))، (ابراهیم، ٢٠١٩:٣٦). واتا و واتای زمانی پێش سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و سیمانتیکی درکپێکردن بە تایبەتی گرنگییەکی زۆری پێدراوە و جێی سەرنجی زمانەوانەکان بووە و چەندین تیۆریی و ڕوانگە و بۆچوونیان لە سەر دەربڕیووە، بەڵام گرنگی پێدانەکانیان، یان بە شێوەیەکی هەندەکی بووە و تەنها شرۆڤەی لایەنێکی واتا (یان سیمانتیك یان پراگماتیك)یان کردووە، یان تەنها بانگەشەی گرنگیدانیان بە واتا کردووە و زیاتر هەر لە چێوەی ڕێسا و یاسا ڕستەسازییەکانیان کۆڵیوەتەوە، بەو بیانوەی لێکۆڵینەوە لە توانای زمانی (کە مەبەست لە ڕێسا و یاساکانی ڕێزمانە) هەڵیاندەگوازێت بۆ تێگەیشتن لە داڕشتە سیمانتیکییەکان، هەر بۆیە ئەم قوتابخانەیە وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بەو قوتابخانانە سەریهەڵدا و زیاتر گرنگی بە واتای ئینسکلۆپیدی دەدا، لەبەرئەوە جیاواز لە قوتابخانەکانی دیکە، ((کە جەخت لە بنەمای ڕێزمانی دەکەنەوە زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لە سەر ڕۆڵی واتا دەکاتەوە))، (نەبی، ٢٠١٥: ٢٨). ئەم لقەی زانستی زمانی درکپێکردن، دژی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی بوو، کە لە مەرجی ڕاستەقینەدا واتای وشە دەبێت لەگەڵ واقیعدا بگونجێت، واتا نابێت ڕستەیەك دەربېڕدرێت، کە دژی واقیع بێت، بۆ نموونە:

١٦- ئەمڕۆ لافاو لە هەولێر ڕوویدا.

ئەم ڕستەیە بە پێی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی کاتێك ڕاستە، کە لافاو لە هەولێر ڕوویدا بێت، ئەگەر ڕووی نەدابێت، ئەوا ڕستەکە هەڵەیە و واتا نابەخشێت، چونکە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت، کە ئەمە لە زۆر باردا ڕاست دەرناچێت، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

١٧-ا- خۆشترین و بە تامترین برنج، برنجی محمودە.

١٧-ب- چاڤیلاند گەورەترین پڕۆژەی گەشتیارییە.

١٧-ج- قسەڕەق، سورکردنەوە

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، لە لایەك ڕاستە، چونکە بە لای هەندێك کەسەوە (برنجی محمودە) خۆشترین و بە تامترین برنجە، یاخود لای هەندێك کەس (چاڤیلاند) گەورەترین پڕۆژەی گەشتیارییە و تەنانەت ئەم ئایدیایەش لە ئاوەزیدا چەسپیووە، بەڵام لە واقیعدا هیچکام لە نموونەکان ڕاست نین، چونکە لە لای هەموو کورد ئەم جۆرە ئایدیانە هێشتا بە تەواوی نەچەسپیووە، یاخود لە نموونەکانی (١٧-ج)دا، لە ڕوانگەی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییەوە هەڵەن و ناتوانرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، چونکە لێرەدا نە (ڕەق) و نە (سور) بە واتای سیمانتیکی/فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوون، بەڵکو (قسەڕەق) بە کەسێك دەگوترێت، کە قسەی ناخۆش بێت و توانجبدات، (سورکردنەوە)ش بە واتای (برژاندن) بەکارهاتووە، کەواتە بە پێی ئەم لێکدانەوانەوە بێت، ناتوانرێت لە ڕوانگەی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت و لە واتاکەیان تێبگەین، چونکە هیچ کام لە نموونەکان لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن، یاخود زۆرجار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، قسەکەر بە گوێگر دەڵێت:

١٨-ا- بە خوا بە قسەیەك سڕیکرد.

ب- ماڵتم ئاوا کرد بە یەك وشە کوشتت.

لە نموونەکانی(١٨-ا، ١٨-ب)دا هیچیان لە ڕووی واتای مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییەوە ڕاست دەرناچن، لە نموونەی (١٨-ا)دا، مرۆڤ بە قسە سڕ نابێت، بەڵکو بە هۆی دەرمانەوە سڕ دەبێت، بەڵام لێرەدا مەبەست لەو سڕکردنە نییە، بەڵکو قسەکەر لە ڕێگەی درکپێکردنەکەی خۆی درکی بەوە کردووە، کاتێك کەسێك سڕ دەبێت هیچ جوڵەیەکی نامێنێت، ئەم کەسەش هیچ جوڵەیەکی نەماوە، بۆیە وتویەتی سڕتکرد، لە نموونەی (١٨-ب)شدا، ئەگەر لە ڕووی واتای مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەوا ڕاست دەرناچێت، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی سیمانتیکی درکپێکردنەوە شیبکرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەوا ڕاست دەردەچێت، چونکە

لێرەدا (کوشتن) بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بە کارنەهاتووە، بەڵکو بە واتا میتافۆڕییەکەی بەکارهاتووە، کەواتە کوشتن لێرەدا یەکسان نییە بە لەناوچوونی لاشە، بەڵکو یەکسانە بە شکاندنی و لەناوچوونی کەسێتی کەسەکە. هەرئەمەش وایکردووە، کە((سیمانتیکی درکپێکردنCognitive semantic، وەك کاردانەوەیەك لە دژی بۆچوونی ئۆبجێکتیڤزمی جیهانی و مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکیەوە لە لایەنEve swceteser ەوە سەریهەڵدا))، (ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٦). بیرەکان ئەبستراکتن بۆ ئەوەی کۆنکرێتبکرێن پێویستە لە ڕێگەی دەنگەکانەوە دەرببڕدرێن، بەکارهێنانی بەردەوامی دەنگەکان واتا بە دەربڕاوەکان دەبەخشێت. هەربۆیە پێویستە واتای ڕستەیەك پەیکاڵ بێت، لەگەڵ واتاکەی لە جیهانی دەرەوەدا، ئەگەر پەیکاڵ نەبوو ئەو کاتە واتاکەی بە نادروست لە قەڵەم دەدرێت، کە ئەمە بۆچوونی واتاناسی لۆژیکی بوو، کە ((واتاناسی لۆژیکی ناوێکە بۆ کۆمەڵێك تیۆری واتای، کە لەڕێگەی لۆژیکەوە واتاکانیان لێکدەدایەوە، (واتا لە لۆژیك سود وەردەگرن))، (حمەکەریم، ٢٠١٥: ٢١)، بەڵام دیدو بۆچوونی سیمانتیکی درکپێکردن، گرنگی بە واتای لۆژیکی نادات، واتە باوەڕی وانییە، کە ئەگەر واتاکەی لەگەڵ لۆژیکدا نەگونجا ئەوکاتە واتاکەی هەڵەیە، بەڵکو لەم تیۆرەدا واتا ئاوەزییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ((واتای زمانی لەم تیۆردا لە ئاوەزەوە سەرچاوەدەگرێت نەك وشەکە))، (سەرچاوەی پێشوو: ٥٨)، لە سیمانتیکی درکپێکردندا واتا تەنها لە چوارچێوەی واتای سیمانتیکدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەچێتە ناو پراگماتیکیشەوە. لێرەدا زمان وەك داڕشتەیەکی ئەبستراکت شیناکرێتەوە، بەڵکو وەك چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ شیدەکرێتەوە، واتە مرۆڤ چۆن لە داڕشتە زمانییەکە دەگات بەو جۆرە شیاندەکاتەوە، دەتوانرێت بگوترێت، کە سیمانتیك پەیوەندیی لە نێوان زمان و جیهاندا و ((سیمانتیکی درکپێکردنیش ئاماژە بەو چەمکانە دەدات، کە لە ئاوەزی قسەکەردایە نەك ڕاستەوخۆ بۆ ئەوشتانەی کە لە ناو جیهانی دەرەکی ڕاستەقینەدان))، (Evan, 2007:195)، پەیوەندی نێوان زمان و تێگەیشتنی مرۆڤ، واتە مرۆڤەکە چۆن لە شتەکانی دەوروبەر دەگات، کە ئەمەش بە پێی ئەزموون و شارەزایی و درکپێکردنی مرۆڤەکە جیاوازە، بۆ نموونە:

١٩- دینە وەك شێرە .

بە پێی لێکدانەوەی سیمانتیکی درکپێکردن پەیوەندی لە نێوان (دینە) و دنیای دەرەوەدا نییە، بەڵکو وشەکە وەك یەکەیەکی درکپێکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت، بە واتای ئەوەی چی دەربارەی (شێر) لەئاوەزی قسەکەردا هەیە و کام تایبەتمەندی (شێر) لە (دینە)دا بوونی هەیە، کەواتە بە پێی ئەم تیۆرە بێت ((واتای وشەکان لە سەرماندا کۆبوونەتەوە، لە کاتێکدا تیۆرەکانی پێشتر پێیانوابوو، کە واتای وشەکان لە جیهانی دەرەوەدایە))، (حەسەن، ٢٠١٥: ٣١). لە سیمانتیکی درکپێکردندا ئەو نیشانە واتاییانە ڕەتدەکرێتەوە، کە بۆ وشەکان دیاریکراوە، چونکە ئەم نیشانانە ناتوانن بە هەمیشەیی و بە بەردەوامی بمێننەوە، واتە دەکرێت گۆڕانکارییان بە سەردا بێت، ئەو کاتە وشەکان واتای جێگیرییان نابێت. لەبەرئەوە ((بە پێی بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن وشەکان تیاهەڵگری واتا نین، بەڵکو وشەیەك زیاتر بریتییە لە پێواژۆی جەختکردنەوە لە سەردیاریکردنی لایەنێکی دیاریکراوی ئەو چەمکەی وشەکە دەیەوێت ئاماژەی بۆ بکات))،(قادر، ٢٠١٧: ٤٢٣)، بۆ نموونە:

٢٠-ا- منداڵەکە مرد.

ب-مندالەکە کوژرا .

لە هەردوو ڕستەکەدا یەك مەبەست هەیە، کە ئەویش نەمان و تیاچوونی منداڵەکەیە، بەڵام لە ڕستەی یەکەمدا منداڵەکە خۆی مردووە، واتە بە دەردێك، یاخود بەشێوەیەکی خواکردە مردووە، بەڵام لە ڕستەی (٢٠-ب)دا منداڵەکە لە لایەن کەسێکەوە کوژراوە، واتە کەسێك هەستاوە بە لە ناوبردنی منداڵەکە، بەم پێیە هەردوو کردەکە یەك چەمك بوون، بەڵام وێناکردن بۆ دیاردەکە جیاوازبوو، یاخود ئەگەر سەرنج لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی بدرێت، ئەوە تێبینی دەکرێت، کە هەریەکە لە کەرتەکانی وشە لێکدراوەکە جەخت لە سەر لایەنێکی چەمکەکە دەکەنەوە، بۆ نموونە:

٢١-ا-لەرزوتا
ب-تەڕپیر
لە نموونەی (٢١-ا) هەریەکە لە وشەکانی (لەرز، تا) جەخت لە لایەنێکی چەمکەکە دەکەنەوە، کە لە (لەرز)ەکە بە واتای ئەوە دێت، کە کەسەکە سەرمایەتی، بەڵام (تا)ەکە بە واتای ئەوە دێت، کە کەسەکە پلەی گەرمی لەشی زۆر بەرزبووەتەوە، هەربۆیە کۆی ئەو زانیارییانەی، کە ئاخێوەر لە ئاوەزیدا وەك وێنەیەك بۆ هەر دوو وشەکە دروستی کردووە، بە وێنەی وشەی لێکدراویی (لەرزوتا) دەریبڕیووە، لە نموونەی (٢١-ب) دا بەهەمان شێوە هەریەکە لە کەرتەکانی وشەکە جەخت لە سەر لایەنێکی چەمکەکە دەکەنەوە، بۆیە ئاخێوەر بە شێوەیەکی زیرەکانە توانیوێتی وێنەی وشە لێکدراوەکە بکات، چونکە لێرەدا (تەڕ) بە واتای گەنج بەکارهاتووە، بەڵام وشەی (پیر) هەر بە واتای خۆی بە کارهاتووە، واتە وێنای کەسێکی پیر، کە وەك گەنج ڕەفتار بکات و سەرجەم ڕەفتارەکانی گەنجی تێدا بێت، بە وێنەیی (تەڕپیر) وێنەی بۆ کراوە. یاخود دەکرێت وشەیەکی لێکدراو زیاتر لە فۆڕمێکی دەربڕین و نوسینی هەبێت، بۆ نموونە:
٢٢-چاوجوان (چاوزل، چاومەست، چاوکەر)
ئەگەر سەرنج لە فۆڕمی هەریەکە لە وشەکان بدرێت، ئەوا هەموویان ڕاستن، بەڵام هەریەکەیان جەخت لە سەر لایەنێکی دیاریکراوی چەمکەکە دەکەنەوە، لە وشەی (چاوجوان)، کە سەرجەم وێناکانی فۆڕمەکانی تری لە خۆیدا هەڵگرتووە، مەبەست لە کەسێکە، کە چاوی گەورە و (شین، ڕەش، سەوز) بێت، واتە چاوی وەك چاوی کەسێکی ئاسایی نەبێت، بەڵام لە فۆڕمی (چاوزل) دا، تەنها ئەو وێنایەی وێنە کردووە، کە کەسەکە چاوی گەورەیە، واتە لێردا تەنها زانیاری گەورەیی وێنەکردووە، هەندێکجار دەکرێت فۆڕمەکە بە شێوەی ئیدیۆمی بە کاربێت، وەك لە فۆڕمی (چاومەست) دەبینرێت، چونکە کەسێك، کە چاوی گەورە بوو، ئەوە خەڵك بە چاوەکانی مەست دەکات، یاخود دەکرێت ((دروستکردنی دانەیەکی نوێ زۆرجار وا لە کەرەستەکان دەکات کە دەست لە هەندێك تایبەتی خۆیان هەڵگرن و تا بتوانن لەگەڵ یەکتردا بگونجێن))، (Hampe, 2005:292)، کە ئەمەش لە فۆڕمی (چاوکەر)دا دەبینرێت، کە هەندێکجار ئەم جۆرە وشەیە لە ئاخاوتنی هاوڕێیانەدا دەبینرێت، لێرەدا وشەی(کەر) وازی لە تایبەتمەندیی (بێ عەقڵی) هێناوە و جوانی چاوەکانی بوونەتە پێوەر بۆ جوانی چاوی کەسی بەرانبەر، بۆیە کۆی ئەو وێنانەی، کە لە چاوی ئەودا هەبووە، بەو فۆڕمە وێنەیی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ((واتای ڕاستەقینەی دەربڕاوەکان لە ڕێگەی درکپێکردنەوە دیاریدەکرێت))، (Allwood,J. Gardenfors, 1999:2)، واتە ئەگەر هاتوو وشەیەك دەربڕدراو گوێگر درکی بەو دەربڕاوە نەکرد، ئەوا ناتوانێت واتای ڕاستەقینەی ئەو دەربڕاوە لێکبداتەوە، بۆ نموونە کاتێك کوڕێك دەچێتە خوازبێنی کچێك، دایکی کچەکە دەڵێت:
٢٣-بە خوا جارێ تەمەنی منداڵە.
لێرەدا دەبێت کوڕەکە درك بەوە بکات، کە دایکی کچەکە مەبەستی ئەوەیە بە ئەوی نادات، لەم قسەیەشدا جەختی لەو لایەنەی چەمکەکە کردوەتەوە، کە بریتییە لە پێنەدانی کچەکەی بەو کەسە، نەك خودی تەمەنی کچەکەی، چونکە هەندێك وشە و دەربڕاو لە کاتی ئەو پرۆسەیەدا هەن، بە واتای ڕازی نەبوون و پێنەدان دێت، وەك: (جارێ منالە، خوشکەکەی لەم گەورەترە، با مەکتەبەکەی تەواو بکات، هیچ نازانێت، وەختی نەهاتووە، بە تەما نین هەر بیدەین بە شوو...هتد)، بەڵام ئەگەر هاتوو تێنەگەیشت، یاخود درکی پێنەکرد، ئەوا لێرەدا تێنەگەیشتن دێتە ئاراوە، کەواتە ئەو کاتە دەربڕاوەکە بۆ کوڕەکە هیچ واتایەکی نابێت، لەبەرئەوە بە پێی ویست و مەبەستی ئاخێوەر، کام لایەنەی چەمکەکەی بوێت و لەو شوێنەدا، ئەوا ئەوەیان جەختی لێدەکرێتەوە و دەخرێتەڕوو، یاخود لای کورد دەربڕاوی:
٢٤-سێ بە سێ

واتای هەیە، چونکە ئاخێوەرانی کورد لە ڕێگەی درکپێکردن و ئەزموونیانەوە لە واتای دەربڕاوەکە تێدەگەن، ئەزموونەکەشیان بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە، واتە بە هۆی ئاینیەوەیە، چونکە لەم ئایینەدا کاتێك پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان نێرێك و مێیەکدا دروستدەبێت، ئەوا پیاوەکە هەندێکجار لە بری سوێند تەڵاق دەخوات، کە ئەویش یان (یەك تەڵاقە) یان (سێ بە سێ تەڵاقە)، کە دیارە ئەوەی دووەم قورسترین تەڵاقە، ئەگەر پیاوەکە قسەیەکی کرد و ڕاست نەبوو، ئەوا بە پێی ئایینی ئیسلام پرۆسەی هاوسەرگیریەکە کۆتایی پێدێت، کەواتە کاتێك پیاوێك ئەو قسەیە دەکات، ئەوا درك بەوە دەکات، کە ئەمە سوێندێکی گەورەیە، بەڵام هەمان دەربڕاو بۆ ئاخێوەرێکی ئینگلیز، هیچ واتایەکی نابێت، چونکە ئەو درك بەو دەربڕاوە ناکات، بۆیە لە واتاکەشی ناگات، یان بۆ ئاخێوەرێکی کوردی مەسیحی  هیچ واتایەکی نابێت، بەڵام ڕەنگە بە هۆی ژیانی لە ناو کورددا درکی بەوە کردبێت، بەڵام لای ئەو هەمان واتا نەگەیەنێت، یاخود وەك ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکات، بۆیە ئەگەر بەکاریشی بهێنێت وەك کوردەکە بە کاری ناهێنێت، ڕەنگە هەر بە سەر زاریدا بێت، هەر ئەمەش وایکردووە دەوروبەری بەکارهێنان لە سیمانتیکی درکپێکردندا گرنگییەکی تەواوەتی پێبدرێت، چونکە((لە ڕاستیدا بە دید نەگرتنی دەوروبەری بە کارهێنان لە شرۆڤە زمانییەکاندا زۆر بە توندی لە لایەن زمانەوانی سیمانتیکی درکپێکردنەوە نەك هەر ڕەتکرایەوە، بگرە (چارلیس فیلمۆر و ڕۆناڵد لانگکەر) دوو تیۆری تایبەتیان لە زانستی زمانی درکپێکردندا بە ناوەکانی سیمانتیکی چوارچێوەی Frome semantic)) و تیۆری مەودا ( The theory domanis[6]) خستەڕوو بۆ هەژماردن و گرنگی لایەنی (دەوروبەری بەکارهێنان لە شرۆڤەی واتای زمانیدا))، (قادر، ٣٢٨:٢٠١٧)، هەندێك دەربڕاو لە زماندا هەن، کە نە واتای سیمانتیکی، نە واتای پراگماتیك ناتوانن لێکدانەوەی بۆ بکەن، چونکە پەیوەندی بەو کەرەستانەوە هەیە، کە دەردەبڕدرێن و تەنها هەردوو واتاکە پێکەوە دەتوانن مەبەستی دەربڕاوەکە بنەخشێنن، بۆ نموونە:

٢٥-ا-زانایەکی نەزانە.

ب-تەمەڵێکی زیرەکە.

ت – ئا بەرز قسە بکە، بەس با کەس گوێی لێی نەبێت.

پ- غایبێکی ئامادەیە.

د-نەخوێندەوارێکی زانایە.

هەریەکە لە نموونەکان لە ڕووی واتای سیمانتیکییەوە گونجاو نین، چونکە دژی یەکتر دەربڕاون، هەروەها لە ڕووی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییەوە دیسان کێشەمان بۆ دروستدەکەن، چونکە ناکرێت کەسێك بە دەنگی بەرز قسەبکات و لە هەمان کاتدا کەسیش گوێی لێنەبێت، یاخود تەمەڵ بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زیرەك بێت، یان ئەگەر کەسێك نەخوێندەوار بێت، چۆن دەکرێت زانا بێت،  دیسان لە ڕووی پراگماتیکەوە ناتوانرێت واتاکانیان لێکبدرێتەوە، چونکە واتای وشەکان بە تەواوەتی لە واتای فەرهەنگی دابڕاون، تاکە زانستێك، کە بتوانێت واتاکانیان لێکبداتەوە سیمانتیکی درکپێکردنە، ئەویش لە ڕێگەی دەوروبەری بە کارهێنانەوە و لە سەر بنەمای واتای ئینسکلۆپیدیایی، کە لێرەدا واتای زمانیی ((سروشتێکی ناسەربەخۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دانشنامەییە و ڕەنگدانەوەی شارەزایی و بەکارهێنانی مرۆڤە و پێویستی بە کۆزانیاری جیهانی هەیە))، (حسێن، ٢١:٢٠٢١)، دەتوانرێت واتاکەیان لێکبدرێت، چونکە واتای ئینسکلۆپیدیایی سەرجەم ئەو واتایانە دەگرێتەوە، کە وشەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا هەیانە، زانستی زمانی درکپێکردنیش جەخت لە سەر واتای ئینسکلۆپیدیایی دەکاتەوە.

---

[٦] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەردوو تیۆرییەکە بڕوانە:

ا-قادر(٢٠١٧).

ب-غەریب (٢٠١٦).

یەکێکی تر لە تێڕوانینەکانی سیمانتیکی درکپێکردن ئەوەیە، کە واتا لە ناو چەمکدایە، بەم پێیە چەمك وەك تیاهەڵگرێك وایە، کە سەرجەم زانیارییەکانی وشەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەواتایەکی تر چەمك ئەو قاڵبەیە، کە واتاکان لە خۆدەگرێت و لە چەمکدا بونیادی واتایی و نواندنی کۆزانیاریی زمانی و جیهانبینی قسەکەران لێوە سەرچاوە دەگرێت، لەم کاتەدا چەمك نەك تەنها دەسەڵاتی بە سەر واتای وشەکەدا هەیە، بەڵکو داڕێژەری فۆڕمی وشەکەشە، ((واتا جگە لەوەی دیوی دووەمی وشەکەیە، لە هەمانکاتدا بنەمای دروستکردنی دیوی یەکەمی وشەشە کە مەبەست فۆڕمەکەیەتی))، (قادر، ٢٠١٢: ٧٩). بۆ نموونە:

٢٦-پاشەملە

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (٢٦) بدرێت، ئەوە دەبینرێت، کە واتای وشەیەك بووەتە هۆی گۆڕانی فۆڕمی وشەکە، وەك:

**پشتی مل** ← بە واتای پشتی مل
← بە واتای زەمکردن

کە واتاکەی گۆڕاوە و فۆڕمەکەشی گۆڕیووە بۆ (پاشەملە)، لەمەوە کاریگەری واتامان لە سەر چەمکەکان و فۆڕمی وشەکان بۆ دەردەکەوێت، فۆڕمەکەی دەگۆڕێت، سەرنج لەم چەند نموونەی خوارەوەش بدەین، کە بە هۆی گۆڕینی واتاکەیان فۆڕمی وشەکەش گۆڕانی بە سەردا هاتووە:

٢٧-ا گردەبڕاوەکە

ب- گا سەر

لە نموونەکانی (٢٧-ا، ٢٧-ب) ئەوە دەبینرێت، کە بە هۆی گۆڕینی واتاکەیەوە فۆڕمەکەشی گۆڕاوە(هەندێکجار ئەمانە لە کاتی پرۆسەی بە لێکسیمبوونەوە دروستدەبن و وەك وشەیەکی سەربەخۆ دەچنە ناو فەرهەنگ[٧])، نموونەی (١٠-ا) گۆڕینی واتای (گردی زەرگەتە)، کە لە بنەڕەتدا بەو واتایە هاتووە، بەڵام دواتر بزوتنەوەیەکی حیزبی لەوێدا دروستبوون، هەندێك لەو کەسانەی لەو شوێنەدا بوون موچەکانیان بڕاو و لە کارەکانیان دوورخرانەوە، بۆیە ئەو ناوەی بە سەردا بڕا، تەنانەت هەندێکجار بەم گردە دەگوترێت(گردی گۆڕان)، کەواتە ئەمە بووە هۆی گۆڕینی فۆڕمەکەشی.

**گردی زەرگەتە** ← گردی زەرگەتە
← گردی گۆڕان / گردەبڕاوەکە

نموونەی (٢٧-ب)دیسانەوە بە هۆی گۆڕینی واتاکەیەوە، فۆڕمی وشەکەکەش گۆڕاوە، چونکە لە بنەڕەتدا وشەکە فۆڕمەکەی بریتی بووە لە (سەری گا)، کە بە واتای سەری گا دێت، بەڵام لە (گاسەر)دا بە واتای ئەوە دێت، کە کەسێك سەری گەورە بێت وەك گا.

**گاسەر** ← سەری گا
← سەرزل(گەورە)

ئەم تێڕوانینە لە قوتابخانەکانی پێشوودا بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو تەنها لەم قوتابخانەیەدا ئەم بۆچوونە سەریهەڵدا، بۆ نموونە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی چۆمسکیدا، واتا بۆ بنەڕەتە ئاوەزییەکەی دەگەڕێتەوە و بەهەمان شێوەی سینتاکس مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، قوتابخانەکە باوەڕیوابوو، کە ((ئاستی (د.ق) لە ڕووی سینتاکسییەوە واتای ڕستەکە دیاریدەکات))، (قادر، ٢٠١٢: ٦٨)، بەم پێیە ئاستی قووڵ بەرپرسە لە

---

[٧] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆسەی بە لێکسیمبوون، بڕوانە (سەعید، ٢٠١٥).

لێکدانەوەی واتا و بە جۆرێکە، کە ئەگەر دوو ڕستە لە ئاستی قووڵدا هەمان واتایان هەبێت، ئەوە ئەو دوو ڕستەیە هەر بە یەك ڕستە دادەنرێت، کە بە مۆرفۆسینتاکسی جیاواز دەربڕاون، بەڵام ئەگەر دوو ڕستە لە دروستەی قووڵدا واتای جیاوازییان هەبێت، لە ئاستی ڕووکەشدا وەك یەکبن، ئەوە نابنە هاوواتا، بەڵکو دەبنە ڕستەیەکی فرەواتا، چونکە هاوبێژن[8]. یەکێکی تر لەو تیۆرانەی، کە باس لە واتا دەکەن بریتییە لە تیۆری ڕەفتاری، کە ئەم تیۆرە باوەڕیوایە((واتا لەو کاتەدایە کە قسەکەر وروژێنەرێك دەردەبڕێت و لە بەرانبەردا گوێگر وەڵامدانەوەی دەبێت))، (غریب، ١٤:٢٠١٥)، دەکرێت وەڵامدانەوەی گوێگر بە شێوەی زمانی بێت، یاخود نازمانی، بۆ نموونە کاتێك باوکێك بە منداڵەکەی دەڵێت: (برۆ دەرەوە) ئەگەر مناڵەکە چووە دەرەوە، یاخود وتی ناچمە دەرەوە(بە زمان)، ئەوا ئەو ڕستەیە واتای هەیە، بەڵام ئەگەر نەچوو، یا وەڵامی نەبوو، ئەوە ڕستەکە واتای نییە، ئەم بۆچوونە لە دواتردا توشی چەندین ڕەخنە بووەوە، چونکە مەرج نییە، هەموو کات و بۆ هەموو کەرەستەکانی زمانی ڕەفتار هەبێت[9]. تیۆری کێڵگە واتاییەکانیش، یەکێکە لەو تیۆرانەی، کە گرنگی بە واتا دەدات، بە پێی تیۆرەکە ((هێما زمانییەکان و وشەکان هەڕەمەکی و پەرت و بڵاونین، بەڵکو بە شێوەی جیا جیا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ولە ژێر چەند چەترێکدا کۆبوونەتەوە، بەهای واتای هەر وشەیەك، لە شوێنی لەناو ئەو کۆمەڵە وشەیە و پەیوەندی بە وشەکانی دەوروبەرییەوە هاتووە))، (حەسەن، ٢٧:٢٠١٠) بۆ نموونە ئەگەر کێڵگەی ئەو مۆرفێمە ڕێزمانییانە وەرگرین، کە لە زمانی کوردیدا دەچنە سەر ناوی نەناسراو و دەیکەن بە ناسراو، کە بریتین لە (ەکە، کە، ە، ەکان)، کەواتە ئەمانە واتای ناسراوی دەگەیەنن، کێڵگەکەیان بریتیی دەبێت لە (کێڵگەی مۆرفێمە ناسراوەکان)، بەڵام دیسانەوە ئەم تیۆرەش توشی کێشە دەبێتەوە، چونکە هەندێکجار کەرەستەکانی کێڵگەکان بە ناو یەکتردا دەچن، بەمەش کەرەستەمان دەبێت، کە زیاتر لە یەك کێڵگەی دەبێت، بۆ نموونە هەر کێڵگەی ئەو مۆرفێمە ناسراوانەی، کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، مۆرفێمی ناسراوی (ە) دەچێتە کێڵگەی واتایی (مۆرفێمەکانی بانگکردنەوە و جێناوە لکاوەکان) ەوە، بەمشێوە مۆفێمەکە سێ کێڵگەی واتایی دەبێت:

ە

کێڵگەی مۆرفێمەکانی ناساندن. نم:(کوڕە لە ئیش گەڕایەوە.)

کێڵگەی مۆرفێمەکانی بانگکردن. نم: (کوڕە وەرە بۆ ئێرە.)

کێڵگەی جێناوە لکاوەکان. نم: (هەستە، بنوسە)

بەمشێوەیە ئەگەر سەرنج لە هەر کام لەو تیۆر و قوتابخانانە بدرێت، کە باسی واتایان کردووە، هەریەکەیان، تەنها گرنگیان بە لایەنێك، یاخود چەند لایەنێکی کەمی واتا داوە، ئەویش بە کۆمەڵێک کەموکورتییەوە، تەنها قوتابخانەیەك، کە توانیویێتی بە شێوەیەکی زۆر باش گرنگی بە واتا بدات، قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنە، لە ناو ئەمیشدا تیۆری سیمانتیکی درکپێکردنە.

یەکێکی تر لەو تێڕوانینانەی، کە سیمانتیکی درکپێکردن جەختی لێدەکاتەوە ڕەتکردنەوەی ڕوانینی وشەنامەییە بۆ واتای زمانی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((دیاریکردنی نیشانە واتاییەکان و دانانی واتایەکی کۆنکرێتی لە سیمانتیکی درکپێکردندا چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە))،(حمەکەریم، ٢٠١٥: ٧٣). وشەکان بەردەوام ئەو واتایەیان نابێت، کە لە فەرهەنگدا بۆیان دیاریکراوە، چونکە بەردەوام بە پێی بەکارهێنانەکانی لەو چوارچێوەی وشەکەی تێدا بە کاردێت، واتاکەیان دەگۆڕدرێت، با سەرنج لە واتای (پاك) لەم نمونانەی خوارەوەدا بدەین:

٢٨-ا -جلەکان پاکن .

ب- ئەو پیاوە دەستی پاکە.

ت- تۆمەتبارەکە بە پاکی لەو تۆمەتانە دەرچوو، کە ئاڕاستەی کرابوو.

---

[8] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر سیمانتیکی بەرهەمهێنان بڕوانە:(ئیبراهیم،٢٠١٤)

[9] بڕوانە:(غریب، ٢٠١٥: ١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩)

پ- موسڵمانێکی پاکە.

وشەی (پاك) لە هەر یەکێك لە بەکارهێنانەکانی نموونەی (٢٨)دا ئاماژە بە لایەنێك لە کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیی وشەکە دەدات، بۆ نموونەی (٢٨-ا) دا (پاك) بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی بە کارهاتووە، ئاماژە بە پاکی (جلەکان) دەکات، لە ڕوانگەی شارەزایی ئاخێوەران تێگەیشتنی درکپێکراویان دەربارەی وشەی (پاك)ی هەیە، نموونەکانی (٨٤-ب، ت، پ)، کە بتوانن هاو واتایانە بە کاریبهێنن لە هەر شوێنێکی بەکارهێناندا بێت، بەو واتاییەی دەزانن کام شوێنە دەگونجێت وشەکەی تێدا بەکاربهێنن، هەر لە ڕێگەی ئەو دەروازە زانیارییەوە، کە وشەکە لە فەرهەنگدا هەیەتی، توانراوە لە هەر یەکە لە هاوواتا بەکارهێنانەکانی لە نموونەکانی (٢٨-ب، ٢٨-ت، ٢٨-پ) پاك بە واتا میتافۆرییەکەی بەکاربێت و لێتێبگات، لە نموونەکانی (٢٨-ب، ٢٨-ت) بە واتایی میتافۆرییەکەی بەکارهاتووە، ئاخێوەر شارەزایی لە بەکارهێنانیدا هەیە، لە نموونەی (٢٨-پ)دا (پاك) بە واتای باش بە کارهاتووە، یان بە واتای چۆنیەتی بە کارهاتووە، بۆیە ناتوانرێت لە واتاکەی تێبگەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو واتا ئینسکلۆپیدیایەی، کە لە واتای پاکدا هەیە، لەبەرئەمەشە، کە (لانگەکەر) باوەڕیوایە، ((واتا – فەرهەنگییەکانی یەکە زمانییەکان یەکسانن بە مەودای ئینسکلۆپیدی و توانای لە باردا بوونی واتای ئینسکلۆپیدی))، (غەریب، ٢٠١٥:٣٢)، مەبەست لە واتای ئینسکلۆپیدی سەرجەم زانیارییەکانی ئاخێوەرە دەربارەی ئەو کەرەستە زمانییانەی، کە لە زمانەکەیدا هەیە، واتە هەموو ئەو مەبەستانەی، کە وشەکە لە بارە جیاوازەکاندا دەیگەیەنێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لەوشەی (خوارد) بدەین لەم چەند نموونەیەدا:

٢٩-ا- لاڤە نانەکەی خوارد.

ب-لاڤە سوێندی خوارد.

ت-لاڤە پارەکەی خوارد.

پ- لاڤە ڕۆژووەکەی خوارد.

د-حکومەت موچەی مانگی دوازدەی خوارد.

ج- ئەو منی خوارد.

ئەگەر سەرنج لە واتای (خوارد) بدرێت، لە هەر یەکێکیاندا بە واتای جیاواز بەکارهاتووە، بۆنموونە لە (٢٩-ا) بە واتای فەرهەنگی بە کارهاتووە، ئەمەش بووەتە هۆی بەکارهێنانی واتای (خوارد) لە سەرجەم بەکارهێنانە جیاوازەکانی تردا، لەمەشەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە چەند درکپێکردنی جیاواز هەبێت بۆ واتای وشەیەك، ئەوەندە بەکارهێنانی جیاوازی هەیە، هەروەك چۆن لە هەردوو وشەی (پاك، خوارد) دا ڕەنگیدابوویەوە، هەر ئەم دیدوبۆچوونانەش وایکردووە، کە لە سیمانتیکی درکپێکردندا کۆمەڵێك بنەما هەبن، کە بەردەوام جەختیان لە سەربکرێتەوە و وەك نوێنەری تەواوی قوتابخانەکە وابن، کە ئەوانیش بریتین لە:

## ١- دارِشتەی چەمکی دارِشتەیەکی بە جەستەکراوە

یەکێك لە تیۆرییە سەرەکییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن بریتییە لە بەجەستەکردنی کۆزانیاری زمانی، زانستەکە لەو باوەڕدایە، کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە زمان بکرێت دوور لە جەستە و توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ و پێکهاتەی ڕووداو و باردۆخ و تێگەیشتن و ڕیزبەندی ڕووداوەکان و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان، سەرجەمیان بە یەکەوە((پێکهاتەیەکی ئێسکەپەیکەری بۆ چەمکێك دابیندەکەن))، (Johnson, 1987:19)، واتە کۆی هەموو ئەوە زانیارییانە کاریگەرییان لە سەر دروستبوونی چەمك و فۆڕمی کەرەستەکان هەیە، بۆ زانیاری زیاتر با سەرنج لەم وشە لێکدراوانە بدرێن:

٣٠-ا- بەردەنوێژ

٣٠-ب- جەرگ سوتاو

وێنەی نموونەی (٣٠-ا) کاتێك دروستبووە، کە ئاخێوەران بە هۆی نوێژکردنەوە، کە پێویستە لە شوێنکی پاککدا بکرێت، نوێژیان لە سەرکردووە و بەجەستەیان کردووە، هەر لەو ڕوانگەشەوە هاتوون، فۆڕمێکیان بۆ دروستکردووە، جەستەیان بۆ ئەو بەردە، کە نوێژی لە سەر دەکەن و سەرجەم وێناکانی، کە لەو بەردەدا هەیە، بە وێنەیی (بەردەنوێژ) جەستەیان بۆ دروستکردووە و بەو فۆڕمە دەریانبڕیووە، چونکە((ئەو کەرەستانەی کە دەتوانرێت هەستیان پێبکرێت و بیریان لێبکرێتەوە لە ئەزموونی بە جەستەکردنەوە وەرگیراون))، ( Corft, cruse, 2004:46)، لە نموونەی (٣٠-ب)دا وێنەیی (جەرگ سوتاو) کۆی ئەوە زانیارییانەی، کە لە وێنایی (جەرگ، سوتاو) دا هەیە، کۆکراونەتەوە و توانراوە لە کاتی دروستکردنی وشە لێکدراوەکەدا بە شێوەی وشەی لێکدراوی (جەرگ سوتاو) جەستەی بۆ دروست بکرێت، چونکە سروشتی جەستەمان مەودا و سنوری ئەو چەمکانە دیاریدەکات، کە دەبنە نوێنەرایەتی وێناکە و ((دواتر ئەم چەمکانە لە ڕێگەی زمانەوە کۆد دەکرێن و دەردەبڕدرێن))، (سەرچاوەی پێشوو: ١٧٦)، هەربۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ئەو جەستەی، کە بۆ چەمکەکە دروست بووە، لەگەڵ ئەوەی، کە بەجەستەی کردووە هەیە، چونکە (ئەو پەیوەندییە واتاییە لە نێوان جیهان و زماندا هەیە بە جەستەکردنی چەمکەکان بە پێی ئەزموونی جەستە نەخشەی بۆ دەکێشێت)، (نەبی، ٢٠١٥:٣٠)، واتە جەستەمان چۆن ئەزموونی کردووە، بەو شێوەیە جەستە بۆ کەرەستەکەش دروستدەکرێت. شوێنی کەرەستەکان و جەستەمان کاریگەری لە سەر دەربڕاوەکان هەیە، باشترین و گونجاوترین نموونەش بۆ ئەم مەبەستە ((واتای زمانیی ئەو دەربڕاوە زمانەوانییانەیە، کە دەربڕی چەمکی (پەیپێبرنی/ڕوانگەی فەزاییانەSpatial perspectiveن لە زماندا))، (قادر، ٢٠١٢:٧٩)، کە مرۆڤ دەتوانێت هەمان بارودۆخ بە دەربڕینی جیاواز دەرببڕێت، بۆ نموونە وەك ئەوەی کاتێك دانیشتوویت و قەڵەمەکەت لە بەردەم جانتاکەدا داناوە، کاتێك کەسێك پرسیاری ئەوەت لێدەکات، کە قەڵەمەکەت لە کوێ داناوە؟، دەتوانرێت بە دوو شێوە گوزارشتی لێبکرێت:

٣١-ا- قەڵەمەکە لە پشت جانتاکەوەیە.

ب- قەڵەمەکە لە بەردەم جانتاکەدایە.

وەك لە نموونەکاندا دیارە، کە ڕستەکان پێچەوانەی یەکترن، هۆکاری پێچەوانەیشیان بۆ دەربڕاوی ئاوەڵکردارەکانی (لە پشتی، لە بەردەم)ە، بەڵام لە ڕاستیدا هاوواتای یەکترن، ڕستەی (٣١-ا) مەبەست لەوەیە کە ئاخێوەر جانتاکەی لە بەردەمدایە، بەڵام بە پێچەوانەوە، واتە ڕووی جانتاکە پشتی لەمە بۆیە کاتێك دەگوترێت قەڵەمەکە لە کوێیە، دەڵێت لە پشت جانتاکەدایە، واتا پشت ڕووی ئەوە، بەڵام لە (٣١)دا مەبەست لە واجیهەی خودی جانتاکە خۆیەتی، کە ئەویش ڕووی جانتاکە خۆیەتی، بۆیە ئاخێوەر بەو شێوەیە دەریدەبڕێت، مەبەست لەوەیە لە بەردەم جانتاکەدایە. مرۆڤ هەر لە سەرەتای تەمەنیدا لە ڕێگەی جەستەیەوە لە واتای کەرەستەکانی دەوروبەری تێدەگات و بەرجەستەیان دەکات، دواتر لە چۆنیەتی دەربڕین دروستبوون و بەجەستەکردنی وشەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە منداڵ بۆ تامکردنی شتی خراپ (کغە) بە کاردەهێنێت، بۆیە هەر کاتێك ویستی شتێکی خراپ بخوات پێیدەڵێن (کغە)یە لێرەدا ئەم دەستەواژە بۆ منداڵەکە بەرانبەر زۆربەی کەرەستە خراپەکان دەوەستێتەوە، یاخود بۆ (خواردن) دەستەواژەی (حەم) بەکاردێنێت، هەرکاتێك بە منداڵەکە وترا (وەرە حەمەکەت بخۆ) تێدەگات، کە خواردنیان بۆ هێناوە، چونکە پێشتر لە ڕێگەی جەستەیەوە ئەزموونیکردووە، هەربۆیە بە جەستەکردن لە سیمانتیکی درکپێکردندا ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی واتادا دەبینێت، کەواتە بە جەستەکردن وەك بنەمایەکی ڕێکخراوی بە چەمککردن لە پێکهاتەی واتادا بە دیدەکرێت، هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ فێری واتاکان دەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکخراو، کە خودی ئەو واتایانەش، کە بە وشە و توخمە زمانییەکانەوە پەیوەستن، زانستەکەش ((بە دوای تێگەیشتنە لە سروشتی کارلێکی مرۆڤ و لەگەڵ دنیای دەرەوە و هۆشیاری

لە دنیای دەرەوەدا))، (ڕوشن، اردبیلی، ١٣٩٢: ٢٤)، کەواتە مرۆڤ تا کارلێکردنی لەگەڵ کەرەستەکانی دەرەوە زیاتر بێت، زووتر دەتوانێت لە واتای وشەکان تێبگات و لێکدانەوەیان بۆ بکات، ڕەنگە هەندێك دیاردە یان گیانلەبەر لای کەسێك خۆشەویست بێت، بەڵام لای کەسێکی تر پیس و گڵاو بن، بۆ نموونە:

٣٢-ا پشیلە گیانلەبەرێکی جوان و گوێڕایەڵە.

ب-(پشیلە حەوت ڕۆحی هەیە .)، (سەجادی، ٢٠١٠: ٣٥٧)

ت- پشیلە گیانلەبەرێکی سپڵەیە.

پ-پشیلە گیانلەبەرێکی گڵاوە.

د- دەڵێن بۆیە لەباری دەچێت، دەردە پشیلەیەتی.

ح- گۆشتی پشیلە زۆر بە تامە.

ج-یاع، گۆشتی پشیلە دەخۆن.

هەر یەکە لە دەربڕاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی ئەو ئەزموون و بەرکەوتنەی، کە ئاخێوەرەکان لەگەڵ (پشیلە)دا هەیانە، بۆ نموونە لای ئاخێوەری (٣٢-ا) کەسێکە پشیلە بەخێودەکات و خۆشی دەوێت، هەربۆیە درکپێکردنی ئەو بۆ پشیلە بەو شێوەیەیە، بەڵام لە ڕستەی(٣٢-ب) لە کوردەواریدا بەو کەسانە دەگوترێت، کە زۆرجار چوونەتە لێورای مەرگ و نەمردوون، بۆیە وتویانە وەك پشیلە حەوت ڕۆحت هەیە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە کورد باوەڕیوایە پشیلە حەوت ڕۆحی هەبێت، لە ڕاستیدا پشیلە حەوت ڕۆحی نییە، بەڵام خاوەنی توانایەکی لە ڕادەبەدەرە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی و سوڕانەوەی لەشی، بۆیە کاتێك لە بەرزاییەکەوە دەکەوێتە خوارەوە بە ئاسانی لە سەر پێیەکانی دەوەستێتەوە بە بێ ئەوەی زیانی پێبگات، بۆیە پشیلەش وەك گیانلەبەرەکانی تر هەر خاوەنی یەك ڕۆحە، بەڵام لەبەر ئەو سیفاتەی پێیدەڵێن حەوت ڕۆحی هەیە. نموونەکانی (٣٢-ت، ٣٢-پ) هی ئاخێوەرێکە، کە حەز بە پشیلە ناکات و درکپێکردنی ئەو بۆ پشیلە ئەوەیە، کە گیانلەبەرێکی سپڵە و گڵاوە. نموونەی (٣٢-د) زۆرجار بەرانبەر ئەو ژنانە بە کاردێت، کە چەند سکێك (حملێك) دەکەن و دواتر لە خۆوە منداڵەکەیان لەباردەچێت، بۆیە درکپێکردن و هۆشیاری ئەمان بۆ پشیلە ئەوەیە، کە گیانلەبەرێکە دەرد بڵاودەکاتەوە و درکپێکردنەکەش هێندە بە هێزە دەردێکی خراپیان داوەتە پاڵی، کە ئەویش لەناوبردن و کوشتنی منداڵە، نموونەی(٣٢-ح) هی ئاخێوەرێکە، کە بە هۆی ئەو ئەزموون و دنیابینیەی لەگەڵ خواردنی گۆشتی پشیلەدا کردویێتی باوەڕی وایە، کە گۆشتی زۆر خۆشە، واتە ئەم کەسە گۆشتی پشیلە دەخوات، بەڵام ئاخێوەری نموونەی (٣٢-ج) پێچەوانەی ئەم هۆشیاری ئەزموونی دەربارەی پشیلە هەیە، لە لای ئەم نەك هەر گۆشتی ناخورێت، بەڵکو بێزیشی لێدەکاتەوە و بە گۆشتێکی پیسی دەزانێت، لەبەرئەوەی دنیا بینین و کارلێکردنی مرۆڤەکان لەگەڵ کەرەستەکانی دەوربەردا جیاوازە، بۆیە لێکدانەوەشیان جیاواز دەبێت، دروستکردنی جەستەش بۆ وشەکانیش هەر جیاواز دەبێت.

## ٢- واتای زمانی واتایەکی دینامیکییە (نەرمونیانە)

وشەکان بە بەردەوامی ئەو واتایەیان نابێت، کە لە سەرەتای دروستبوونیانەوە هەیانبووە، بە واتایەکی تر هەندێك کات نیشانە واتاییەکانی هەندێك لە وشەکان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە سیمانتیکی درکپێکردن باوەڕیوابێت، کە وشەکان واتایەکی نەرمونیانیان هەیە و بە تێپەڕبوونی کات و بە پێی بارودۆخەکان واتاکانیان گۆڕانی بە سەردا دێت، هەندێکجار ((وشەکان بەهای خۆیان لە زماندا دەگۆڕن، چونکە قسەکەر/ئاخێوەر دەستدەکات بە بەکارهێنانیان لە هەلومەرجی جیاوازدا))، ( Geerafrts, Cuylkeus, 2007:999)، زۆرجار وشەکان بە پێی ئەو مەبەستەی ئاخێوەر مەبەستێتی واتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

٣٣-ا- پیاوە پیرەکە سندوقە ڕەشە بچوکەکەی هەڵگرت، <u>وایزانی ڕادیۆیە</u> .

ب- دەڵێن لە قسەکەی پەشیمان بووەتەوە، چونکە وایزانی ڕادیۆیە.

لە نموونەی (٣٣-ا)دا ئاخێوەر مەبەستی لە دەستەواژەی (وایزانی ڕادیۆیە) ئەوەیە، کە پیاوەکە بە سندوقە ڕەشەکەی، کە لە نزیکی بووە، وایزانیووە ڕادیۆکەی خۆیەتی، واتە لێرەدا وەك (ئامێری ڕادیۆ) بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی بە کارهاتووە، بەڵام لە نموونەی (٣٣-ب)دا بە واتا میتافۆڕییەکەی بەکارهاتووە، ئەمەش بەرانبەر بەو کەسانە بە کاردێت کاتێك قسەیەك دەکەن دواتر لێی پەشیمان دەبنەوە و ڕوونکردنەوە دەدەن، کە مەبەستیان ئەو شتە نەبووە، تەنها بۆ گاڵتەبووە، یاخود بە زۆر پێیکراوە، کە ئەم دەستەواژەیە بە زۆری لە ئاخاوتنە ئەلیکترۆنییەکاندا دەبینرێت، کەواتە (وایزانی ڕادیۆیە) لە هەردوکیاندا هەمان شتە، بەڵام لە هەریەکێکیاندا واتاکەی جیاوازە و گۆڕدراوە، ئەو گۆڕانکاریانەی بەردەوام ڕوودەدەن، وادەکەن، کە ((خاسیەتی دینامیکی و نەرمونیانی بە واتا دەبەخشێت))، (حمەکەریم، ٢٠١٥:٦٠). ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە بەردەوام زمانی مرۆڤیش لە گۆڕاندایە، ڕەنگە ئەو وشەیەی پێشتر واتایەکی هەبووبێت، ئیستا واتایەکی جیاواز دەستبەربکات، بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە وادەکات، کەتیگۆرییەکانی زمان بەردەوام لە گۆڕاندابن، هەر ئەمەش وادەکات سیفاتی نەرمونیانی بە واتای زمانی ببەخشرێت، بۆ نموونە ئەگەر کەتیگۆری (خواردن) وەك نموونە وەربگرین، ئەوا ناتوانین هەموو نیشانە واتاییەکان بە سەر هەموو خواردنەکاندا دیاریبکەین، چونکە بە پێی جۆری خواردنەکە دەگۆڕێت، یاخود خودی کەتیگۆرییەکان خۆیان بەردەوام لە گۆڕاندان، بۆ نموونە جاران لە ناو کەتیگۆری خواردنی ئێمەدا (دۆنەر، شیش طاوغ، پیکاسۆ...هتد) نەبوون، بەڵام ئێستا لە ناو کەتیگۆری خواردنەکانی ئێمەدایە، چونکە پێشتر نەبوون، بەڵام ئێستا هەن. کەواتە ناتوانرێت هەموو کەتیگۆرییەکان لە سەر هەمان نیشانەی واتایی بمێننەوە، هەر ئەمەشە، کە سیمانتیکی درکپێکردن جەختی لێدەکاتەوە.

## ٣- واتای زمانی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی و ناسەربەخۆیە

پێکهاتەی واتا بە پێی تێڕوانین و بۆچوونی سیمانتیکی درکپێکردن زیاتر سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی هەیە، سیمانتیکی درکپێکردن هەوڵدەدات، هەردوو جۆرەکەی واتا بگرێتەوە، کە ئەوانیش (واتای زمانی و واتای نازمانییە). ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی، کە تێڕوانینی گشتییان بۆ زمان هەبێت و هەردوو جۆرەکە لە خۆبگرێت. ئەم بۆچوونەشیان دژی بۆچوونی زانستی زمانی بەرهەمهێنان بوو، کە هەردوو جۆرەکەی واتایان لە یەکتر جیا کردبووەوە، لای ئەمان هیچ بنەمایەکی جیاکاری، یاخود هیچ جیاوازییەك لە نێوان واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکیدا نییە، بەڵکو ((ئەم واتا بنیاتنراوە ڕەنگدانەوەی سەرجەم شارەزایی مرۆڤە))، (قادر، ٢٠١٢:٨٠). بەم پێیە و بە تێڕوانینی سیمانتیکی درکپێکردن هەردوو جۆرەکەی واتا (واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی) هەردووکیان هەرواتای سیمانتیکین. هەر لەم ڕوانگەیەوە(هەروەك چۆن ئاڵۆزە پەیوەندی نێوان (فەرهەنگ و ڕێزمان) لە زماندا جیابکەینەوە بە تەواوەتی هەمان بۆچوونیش بۆ سیمانتیك و پراگماتیك دروستە)،(قادر، ٢٠١٧:٤٣٢)، بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت، کە سیمانتیکی درکپێکردن باوەڕی بەوە نەبێت، کە واتای پراگماتیکی هەربوونی نەبێت، بەڵام باوەڕی بەوە هەیە، کە واتای سیمانتیکی ئەبستراکتە و واتای پراگماتیکی بەرجەستەیە (کۆنکرێتە)، بە واتایەکی تر، واتای پراگماتیکی، کە مەبەست لە توانا و شارەزایی وئەزموونی مرۆڤە لە بەکارهێنانی زماندا، گەر مرۆڤ ئەم واتا پراگماتییەی ئەزموون کرد، ئەوا لە ڕێگەی پێواژۆی بە چەمککردنەوە لە ئاوەزیدا بە کۆدیدەکات و دەبێتە واتای سیمانتیکی، بەم شێوەیە ((واتای سیمانتیکی وشە تەنها (ئەسکەلە Sechma) ی چەمکەکەیە)). (سەرچاوەی پێشوو: ٤٣٢)، مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ ژیاندا مامەڵەدەکات، ئەو واتایەی لە ئەنجامی مامەڵەکەوە دەستیدەکەوێت، ناتوانێت لەو جیهانەی جیابکاتەوە و وەك بەشێکی دابڕاو لەگەڵ ئاوەزی مامەڵەی لەگەڵ بکات، چونکە واتا ڕەنگدانەوەی گشت ئەزموونەکانی مرۆڤە، هەرلەبەر ئەمەشە، کە: ((ڕوانینی ئینسکلۆپیدیای لە سیمانتیکی درکپێکردندا پێشنیازکراوە، تاوەکو فراوانترین ڕووبەر بۆ یەکە

فەرهەنگییەکان برەخسێت لە پێناو تێگەشتنێکی باشتر و فراوانتردا))، (غەریب، ٢٠١٦: ٣٥). لە سیمانتیکدا نیشانە واتاییەکان وایاندەکرد واتای وشە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بمێنێتەوە و تەنها لەو چوارچێوەدا واتایان هەبوو، بەڵام لە سیمانتیکی درکپێکردندا ئەمە پەرەپێدرا، واتە لەگەڵ نیشانە واتاییەکان و سەرجەمی ئەو نیشانە واتایانەش دەگرتەوە، کە لە ئاوەزی ئاخێوەرەکاندا دەربارەی وشەکە هەبوون، بۆ نموونە:

٣٤- وەك پیاو ڕەفتار بکە.

ئەگەر سەیری نیشانە واتاییەکانی پیاو بکەین، بریتین لە:

**+نێر**
**+ژنهێنان**
**+هەراش**
**+گەورە(تەمەن)**

بەڵام لە نموونەی (٣٤)دا مەبەستی هیچکام لەوانە نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، کە مەرد بێت و چاونەترس بێت، بۆ ئەوەی سەرجەم ئەم واتایانەش لەم واتایەدا جێگەی بێتەوە پەنا براوەتە بەر ڕوانینی ئینسکلۆپیدیانە بۆ زمان و واتا. نیشانە سیمانتیکییەکان هەموو کات مەرج نییە لەو کەرەستە و دەبڕاوانەدا هەبن، ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

٣٥- خوێنەکەشی سەوزە.

ئەگەر نیشانە واتاییەکانی (خوێن) وەربگرین بریتین:

**خوێن**
**+تەڕ**
**+سور**
**+-مەترسیدار**
**+- مردن**

ئەگەر سەرنج لە نیشانە واتاییەکان بدرێت، ئەوا تێبینی دەکرێت، کە نیشانەی (+سەوز)ی تێدا نییە، تەنانەت لە هەندێك نیشانەدا پێچەوانەی نیشانەی واتای سەوزە، بۆ نموونە لە نیشانەی واتایی (+-مەترسیدار، +-مردندا)، چونکە دوو نیشانەی سەوز بریتییە لە:

**+ژیانەوە**
**-مەترسی**

بەڵام لێرەدا سەوز، بۆ هیچکام لەم نیشانانە بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەو کەسانە دەگوترێت، کە لایەنگرێکی سەرسەختی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بێت، چونکە بە هۆی ڕەنگی ئاڵاکەیانەوە یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی ئەو حیزبە بریتییە لە (+سەوز)، هەربۆیە لێرەدا ئاخێوەر بە هۆی درکپێکردنییەوە، پەنای بردوەتەبەر تێڕوانینی ئینسکلۆپیدیای، کەواتە گوێگر ناتوانێت لە واتای تەواوی ئەو دەربڕاوە تێبگات، ئەگەر شارەزایی تەواو و ئەزموونکراوی دەربارەی ئەو حیزبە نەبێت، هەر بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بین، کە ئەو حیزبە لەگەڵ (سەوز)دا هەیەتی.

یەکێکی تر لە تێڕوانینە ئینسکلۆپیدییەکان، کە (ڕۆناڵد لانگەکەر) شیکردنەوەی بۆ دەکات، بریتییە لە بە سەنتەربوون. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، چ تایبەتمەندییەکی واتایی کەرەستەکە دەبێتە سەنتەر بۆ کەرەستەکە، بۆ نموونە لە (زەرافە)دا بەرزییەکەی و لە (شێر) دا ئازایەتییەکەی لە دەرکەوتنی نیشانە واتای چەمك و ئەوانی تر دەبێتە سەنتەری ئەو کەرەستەیە، بۆ نموونە ئێمەی کورد شارەزایمان لە تام و بۆنی (مۆز)دا هەیە، بەڵام شارەزایمان لە چۆنیەتی چاندنیدا نییە، کەواتە دیارترین نیشانەی مۆز لای ئێمە تام و بۆنەکەیەتی، بەڵام ڕەنگە لای جوتیارێکی ئەفەریقی شێوازی چاندن و جۆرەکانی بێت، یاخود ئەگەر سەرنج لە کەرەستەکانی زمان بدرێت، یەکێك لە نیشانەکان دەبێتە سەنتەر بۆ کەرەستەکانی تر بۆ نموونە (پێشگر) تایبەتمەندییەتی (دروستکرنی وشەی نوێ، هاتنی لە سەرەتای وشە) دەبێتە سەنتەر بۆی، بەڵام لە (پاشگر)دا، تایبەیمەندیەتی(هاتنی لە کۆتایی وشە)دا دەبێتە سەنتەر بۆی، یاخود لە وشەی لێکدراودا، تایبەتمەندیەتی(دوو وشە یان زیاتر) لە پێکهاتەکەیدا بێت، دەبێتە سەنتەر بۆ کەرەستەکە، بۆ زانیاری زیاتر با سەرنج لەم وشە لێکدراوانەی خوارەوە بدرێت:

٣٦-ماستاو، شەربەتاو، خوێئاو، گەچاو

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی ژمارە (٣٦) بدرێت دەبینرێت، کە بەشی یەکەم بووەتە سەنتەر بۆ وشە لێکدراوەکە، چونکە کاتێك باسی هەریەکە لەو وشانە دەکرێت، ڕاستەخۆ ئەو زانیاریانەمان دێتەوە بیر، کە لە کەرتی یەکەمی وشە لێکدراوەکەدا هەیە، نەك کەرتی دووەمی، بە واتایەکی تر کەرتی یەکەمی وشەکە بووەتە سەنتەر بۆ وشە لێکدراوەکان، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە دەکرێت هەردوو کەرتی وشە سەنتەر بن و کەسیان زانیاری زیاتر لە خۆیدا هەڵنەگرتبێت، بۆنموونە:

٣٧-تەڕووشك، سەروخوار، هاتوچۆ

لە نموونەکانی (٣٧) وشە لێکدراوە بە چەمککراوەکە ئەو زانیارییانەی، کە تێیدا کۆبووەتەوە لە هەردوو وشەکەوە هاتووە، بە واتایەکی تر هیچ کەرەستەیەکیان بە سەر ئەویتریاندا زاڵ نییە. کەواتە بە سەنتەر بوون لە هەموو کەرەستەکاندا بوونی هەیە، ئەو نیشانەیە دیارترین نیشانەی کەرەستەکە دەبێت، درکپێکردنەکانی ئاخێوەر زیاتر بە هۆی ئەوەوە دەبێت، بۆیە لە هەندێك کاتدا، کە دوو ئاخێوەر بە یەکەوە گفتوگۆ دەکەن، یەکێکیان قسەیەك دەکات ئاخێوەری دووەم یەکسەر گومان بۆ ئەو شتە دەبات، کە ئاخێوەری یەکەم دیارترین تایبەتمەندی وتووە، بۆ نموونە:

٣٨- ق- مام حاجی داماو دکتۆر کوڕەکەی ئیزنداوە.

گ- بۆ سەڕەتانیەتی؟

یەکێك لە نیشانە دیارەکانی نەخۆشی سەڕەتان، کە وەك سەنتەر وایە بۆ نەخۆشییەکە بریتییە لە مردنی نەخۆشەکە، هەر بۆیە ئاخێوەر لە ڕێگەی درکپێکردنەکەیەوە گومانی لەوە هەبوو، کە ئەو نەخۆشییەی هەبێت، هەوڵیداوە لە ڕێگەی چالاککردنی پەیوەندی سەڕەتان و مردن پەیوەندییەکە دروستبکات، هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتی کلتوری ئێمە کاریگەری دەبێت لە سەر واتای کەرەستەکان، چونکە ((ئێمە تەنها قەوارەی بایۆلۆجی نین، بەڵکو قەوارەی ڕۆشنبیریشمان هەیە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و زمانی ئێمە لەوانەیە ئەو شوناسانە ئاشکرای بکات)، (Geeracrts, 2006:5) بۆ نموونە ئەگەر ئەم دوو ڕستەیە لە وڵاتێکی موسڵمان نشیندا دەربڕدرێت، ئەوا واتای هەیە و کەسی بەرانبەر لە واتاکەی تێدەگات:

٣٩- نەڕۆینەوە بۆ ماڵ ؟

-جاریێ بانگی نەداوە .

بەڵام هەمان ڕستە بۆ ئەو کەسانەی، کە موسڵمان نین لە واتاکەی تێناگەن، چونکە لە کلتوری ئەواندا بانگدان نییە، تا کاتەکەی بزانن و بە هۆی بانگەوە واتاکەی بزانن. لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەندێکجار، کە جوتیارەکان دەستەواژەی (پەڵەی داوە/نەداوە) بۆ چاندنی هەندێك لە بەروبومەکانیان بە کاردێنن، وەك:

٤٠-ق- گەنمەکەت نەچاندووە؟

گ-نەوەڵا، جارێ زووە هێشتا پەڵەی نەداوە.

لێرەدا گوێگر بە بێ ئەوەی ڕۆژ، یان ڕێککەوتەکەی بڵێت کاتەکەی بە قسەکەر وتووە، کە دەگوترێت (پەڵەی نەداوە) واتە هێشتا زووە، پەڵە زۆر جار دەکەوێتە مانگەکانی (١٢، ١)ەوە، کەواتە ئەم دەستەواژەیە لای کورد واتایەکی هەیە، بەڵام مەرج نییە لە کۆمەڵگەیەکی تردا هیچ واتایەکی هەبێت، هەندێکجار نیشانە نازمانییەکان، لە کلتوری کۆمەڵگەیەکدا دەبێتە، نیشانە بۆ ناسینەوەی کەسەکان، بۆ نموونە هەر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کاتێك کەسێکی نەناسراو دەچێت بۆ ماڵێك بۆ میوانی، کە دەبینێت کەسێکی تری لێیە، بە نیشانەی نازمانی دانیشتنی کەسەکە لە سەرەوەی کۆڕەکەدا تێدەگات، کە ئەوە میوانە، چونکە یەکێك لە نیشانەکانی ڕێزگرتن لە میوان دانانیەتی لە سەرەوەی کۆڕەکەدا، کە ڕەنگە ئەمە لە ناو میللەتێکی تردا بەو شێوە نەبێت، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی، کە واتای زمانی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی و ناسەربەخۆیە و بەپێی کەس و کۆمەڵگە و نەتەوەکان دەگۆڕێت، هەردوو نیشانەی (زمانی و نازمانی) هۆکارن بۆ داڕشتن و ناسینەوەی وشەکان و بەکارهێنانیان.

## ٤-واتای زمانی لە سەربنەمای بەکارهێنان و شارەزایی خولقێنراوە

زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە، ئەو جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین و ئەو وشە و دەربڕاوانەی، کە بە کاریدەهێنین کاریگەریان لە سەر واتای زمانی هەیە، هەربۆیە بە تەواوەتی ئەو جیهانە، کە وشەکانی تێدا دەردەبڕدرێت و بەکاردەهێنرێت ڕەتناکاتەوە، بەڵکو باوەڕیوایە، کە واتای وشەکان بە پێی ئەزموون و شارەزایی کەسەکان دیاریدەکرێت و دەگۆڕدرێت، ((سیمانتیکی درکپێکردنیش پێیوایە ئەو واتایەی لە ڕێگەی زمانەوە بنیاتدەنرێت، ڕەنگدانەوەی سەرجەم شارەزاییەکانی مرۆڤە، کە بەهۆی کارلێکردنی لەگەڵ توانا درکپێکراوەکانی تری مرۆڤ وەك بینین و بیستن و بۆنکردن ...هتد کۆزانیاریەکان پێکدەهێنن))، (ابراهیم، ٤٢:٢٠١٩). زانستی زمانی درکپێکردن هەوڵدەدات مۆدێلێکی جیاوازی کۆزانیاری چەمکیانە بۆ واتای کەرەستەکان دابنێت، ئەویش زیاتر پشت بە بەکارهێنانی وشەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا لەگەڵ کلتور و باری کۆمەڵایەتی وشەکان دەبەستێت، نەك بە تەنها پشت بە نیشانە واتاییەکانی وشەکان ببەستێت. واتای وشەکان بە هۆی نیشانە واتاییەکانەوە دەرناکەون، بەڵکو زیاتر بە هۆی مەبەستی ئاخێوەر و ویستی ئاخێوەر و بەکارهێنانی زمان زەقکردنەوە دەردەکەون و واتاکانیان بۆ دروست دەبێت، بۆ نموونە ئاخێوەری زمانی کوردی لە ڕێگەی ئەزموون و شارەزاییەکانییەوە پەیپێبراوانە دەزانێت (پیر) لەگەڵ(مریشك) دا گونجاوە، بەڵام لەگەڵ (گەنج)دا گونجاو نییە:

٤١-ا-مریشکی پیر

٤١-ب-* مریشکی گەنج

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ((کارامەیی و سەلیقەی زمانیی ئاخێوەری زمانی کوردی دەخاتەڕوو، کە لە ڕێگەی شارەزایی و ئەزموونەکانیەوە درك بە چۆنیەتی بەکارهێنانی هاو واتا و دژ واتاکان دەکات و دەزانێت، کە لە چ ڕووبەرێکی زمانیدا دەتوانێت بە کاریانبهێنێت))، (سەرچاوەی پێشوو: ١١). مەرج نییە وشە هاوواتاکان لە هەمان شوێندا بتوانرێت لە بری یەکتر بە کاربهێنرێن، هەربۆیە ئاخێوەرانی زمانی کوردی پەیپێبردنانە لە ڕێگەی ئەو کۆزانیارییە زمانی و نازمانی و باردۆخی ئاخاوتن، دەزانێت(پیر) گونجاوە و (گەنج) گونجاو نییە، ئەوە سەلیقەی ئاخێوەرە کە دیاری دەکات، کە کامەیان لەگەڵ ئەو باردۆخەدا دەگونجێت، کە وشەکەی تێدا بە کاردێت، بۆ نموونە:

٤٢-١-مریشکی ئومەهات

ب-کەڵەشێری ئومەهات

کاتێك لە چێشتخانەیەك دادەنیشیت و دەڵێیت:

-کەڵەشێری کوردی هەیە؟
+بەڵێ.
-خۆ ئومەهاتەکان نییە؟
-نە بە چاوی تۆ.
ئەگەر لە وشەی (ئومەهات) بڕوانرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە سەلیقە و شارەزایی ئاخێوەران وایکردووە، کە لەگەڵ ئەو وشەیەدا بەکاربهێنرێت، ڕەنگە ئەمەش زۆرجار بگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵە فرۆشیارەی، کە کاری مریشك فرۆشتن دەکەن، چونکە هەندێکجار ئەو وشە و چەمکانەی، کە دروستبوون دەگەڕێتەوە بۆ درکپێکردنی کۆمەڵ کەسێکی دیاریکراو، کە بە پێی پسپۆڕ و پیشە و شارەزایی و تێڕاوانینیان بۆ دەوروبەر ناو لە کەرەستەکان دەنێن، کە دەڵێت خۆ ئومەهات نییە، مەبەستی لەوەیە خۆ مریشکی ئومەهات نییە، چونکە ئەگەر سەرنج لە ڕەنگی و قەبارەی گۆشتی کەڵەشێر بدرێت، تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لە گۆشتی مریشکی ئومەهاتەوە، بۆیە ئاخێوەر درکی بەوە کردووە ڕەنگە گۆشتەکە هی کەڵەشێر نەبێت، بۆیە گوێگر بە جەختکرنەدوەی گۆشتەکەی دەڵێت: نە بە چاوی تۆ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ درکپێکردنەکەی، چونکە بەو سوێندە زیاتر سەرنجی کڕیار ڕادەکێشت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵە و پەیپێبردن و تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەوانە بۆ واقیع و جیهانی ڕاستەقینە. پێویستە ئاماژەش بەو بدرێت، کە کۆزانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت، ئەمە جگە لەوەی دانان و گرنگیدان بە لایەنێکی واتای دیارکراو بۆ وشەیەك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت، تەنانەت لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر دەگۆڕدرێت، بۆ زانیاری زیاتر با سەرنج لەم نمونانەی خوارەوە بدرێت:
٤٣-ا-سلێمانی بە جیاوازی دە خاڵ یارییەکەی بردەوە.
ب-خاڵەکەی سەر ڕوومەتی لابرد.
ت- هەر خاڵێکم بە دە هەزار حسێبکردووە.
پ-خاڵە کەی دێیت بۆ ماڵمان؟
د-لە سەر خاڵەکان ڕێککەوتن.
ح-لە کۆتایی ڕستەی هەواڵیدا، خاڵ دادەنرێت.
ج-ئێرە خاڵی دەستپێکردنە.
ئەگەر سەرنج لە وشەی (خاڵ) بدرێت، لە هەر ڕستەیەکدا بە واتای جیاواز بە کارهاتووە، لە نموونەی (٤٣-ا) بە واتای خاڵی یاری تۆپی بالە بە کارهاتووە، لە نموونەی(٤٣-ب) (خاڵ) بە واتای ئەو خاڵانە بە کاردێت، کە خەڵك خۆی، یاخود بە شێوەیەکی سروشتی لە سەر لەشی مرۆڤە، لە نموونەی(٤٣-ت) وەستایەکی کارەبا بە کاریهێناوە، کە بە واتای ئەو پلاکانە دێت، کە وەستاکە بۆ ماڵەکەی داناوە، لە نموونەی(٤٣-پ) (خاڵ) بە واتای برای دایك بە کاردێت، واتە لە بری کەس بە کارهاتووە، لە نموونەی(٣٨-د) بە واتای ژمارە بەکاردێت، لە نموونەی(٤٣-ح) (خاڵ) بە واتای ئەم نیشانەیە (.) بە کارهاتووە، لە نموونەی(٤٣-ج) بە واتای سەرەتای شوێنی دەستپێکردن بەکارهاتووە، هەریەکە لە ڕستەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ئاخێوەر گرنگی بە چ لایەنێکی واتای وشەکە دەدات و هەریەکەیان بە پێی مەبەستی خۆیان شاوەچەیان بۆ چەمکەکە دیاریکردووە، لە لایەکی ترەوە نموونەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ناتوانرێت تەنها پشت بە واتای فەرهەنگی کەرەستەکان ببەسترێت، بەڵکو پێویستە کۆزانیاری شارەزایی و بەکارهێنانی کەرەستەکانیش لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها لە ڕوانگەی سیمانتیکی درکپێکردنەوە فەرهەنگی ئاوەزیی تەنها کۆگایەك نییە، بۆ داکردن و ڕیزکردنی وشەکان بە پێی تایبەتمەندی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی وشەکان، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی وشەکان لە ئەزموون و وێناکاری نواندنە چەمکییەکانی وشەکەیش دەگرێتەوە، واتە سەرجەم ئەمانە لە واتای وشەکەدا ڕەنگیداوەتەوە،

بۆیە ((ئەزموونی بە کارهێنانی وشەکان زمانی ڕاستەقینەیە، نەك بەو شێوەی وشەکان دەدۆزێتەوە لە شێوەی/ناو فەرهەنگ، یان ڕستەکاندا))، (Geeracts, 2006:6). زۆرجار وشەکان لە ڕێگەی بەکارهێنان و ئەزموونەکانەوە واتاکانیان ڕووندەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە وشەی:

٤٤- like

بدرێت ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەند ساڵێك پێش ئێستا لای کورد هیچ واتایەکی نەبووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەوەی کورد ئەزموونی کردوە و بەردەوام بەکاریدەهێنێت، واتای بۆ دروستبووە و بووەتە وشەیەکی خواستراوی واتادار.

زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە، کە یاسا و ڕێساکان ئەبستراکتن وتەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە کۆنکرێت دەکرێن، شارەزایی بەکارهینانی زمان بریتییە لە شارەزایی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو یاسایانە، نەك وەك ئەوەی لە فەرهەنگدا تۆمار کراون .

## ٢-١/١) پەسنکردنی تیۆری وێنای وێنەیی (لێکدانەوە و بنەما)

زانستی زمانی درکپێکردن، کاریگەریی لە سەر ئەو تیۆری و دۆزینەوانەی دیکەی درکپێکردن هەبووە، ئەم کاریگەرییەش زیاتر لە کاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی (ئەو میتافۆڕانەی بە هۆیانەوە دەژین)، کە لە لایەن (مارك جۆنسۆن)ەوە، لە ساڵی (١٩٨٠)بڵاوبووەوە، دەرکەوت، کە ئەم کتێبە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی زیاتری زانستی زمانی درکپێکردندا بینیووە، هەر لەو کاتەشەوە تیۆری وێنای وێنەیی[١٠] لە زانستی زمانی درکپێکردندا گرنگی زۆری پێدراوە و گەشەکردنی زیاتری بە خۆیەوە بینیووە، چونکە((وێنای وێنەیی یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی چەمك لە سیمانتیکی درکپێکردندا))، (Naghizadch, 2016:273 ,Paknezhad)، تیۆرییەکە زیاتر لە سیمانتیکی درکپێکردندا ڕەنگیداوەتەوە، بەشێك دەبێت لە پێکهاتەی چەمك، نەك بەشێکی لاوەکی، بەڵکو بەشێکی سەرەکییە، لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە وێنای وێنەیی بایەخ و گرنگی زۆری پێدەدرێت، چونکە وێنای وێنەیی یارمەتیماندەدات و ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن توانای بیرکردنەوەمان سەبارەت بە کەرەستە بەرجەستەکان(فیزیکیەکان) هەبێت، واتە وەك پردێکی پەیوەندی لە نێوان ئاوەز و لایەنی بەرجەستە لێیدەڕوانرێت و پەیوەندی نێوان ئەو دوو پێکهاتەیە دەردەخات، لەمەشەوە وێنای وێنەیی ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی واتای وشەکاندا دەبینێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە تێگەیشتنمان بۆ کەرەستە زمانییەکان و چەمکەکانیان باشتر بێت، دەربارەی تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکە ئەبستراکتەکان و تێکەڵکردن و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان چەمکەکان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، هەرلەبەرئەمەشە ((وێنای وێنەیی لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا زۆرجار پێناسەدەکرێت، وەك ئەوەی پێکهاتەیەك بن، کە مرۆڤەکان زانیارییەکانیان ڕێکبخەن و کۆبکەنەوە تێیدا، کە ئەو زانیارییانە دەبێتە هۆی ناسینەوەی مرۆڤەکان، کە ئەمەش لە ئەنجامی بە جەستەکردن و کاریگەریی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ژینگەییەی تێیدا دەژی، دروستدەبێت، کە هەموو ئەمانە پێش دەربڕین دروستدەبێت))، (Santibanez, 2002:183). هەر بۆیە بەجەستەکردن و کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەی، کە مرۆڤ تێیدا دەژی، کاریگەری لە سەر خودی تیۆرییەکە و ئەو کەرەستە و چەمکانە هەیە، کە دروست دەبێت، واتە مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی ئەو سێ تایبەتمەندییە(بەجەستەکردن، کارلێکی کۆمەڵایەتی، ژینگە) ناو لە کەرەستە و ڕووداوەکانی دەوروبەریان دەنێن و وێنەیان بۆ دەکێشن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لەم نموونەیە بدەین:

---

[١٠] دەستەواژەی وێنای وێنەیی (Image Schema) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٨٧) لە کتێبی (The body in the mind)، (مارك جۆنسۆن)ەوە بە کارهاتووە.

٤٥-چاوقەناس.
لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە کەسێك دەوترێت، کە (چاوی پیس) بێت، ئەگەر سەرنج لە نموونەکە بدرێت، دەبینرێت، کە لەو کۆمەڵگەیەدا ئەم دیاردەیە هەیە و بە جەستەکراوە، زۆرجار کاریگەریی لە سەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە و دەوروبەری هەبووە، (چاو، قەناس) لە ژینگەی ئاخێوەردا بوونی هەیە، ڕاستە ئامێری تریش وەك(تۆپ، دەبابە، دەمانچە...هتد) لە ژینگەکەیدا هەیە، بەڵام هیچیان وەك (قەناس) ڕێك ناپێکن، ئەمەش پەیپێبردن و درکپێکردنی سەرنجی وردی ئاخێوەرانی ئەوان دەردەخات، کەواتە ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵگەیە بە هۆی درکپێکردن و سەرنجدانەوە هەموو ئەو زانیارییانەیان وەك وێنایەك لە ئاوەزیاندا کۆکردووەتەوە، پاشان بە وێنەیی (چاوقەناس) نمایندەیانکردووە(نواندوویانە)، ئامانجی وێنای وێنەییش بە شێوەیەکی ئاشکرا کارلێکردنی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی دەوروبەردایە، واتە کارلێکردنی جیهانی فیزیکی و ئەبستراکتە لە بەر ڕۆشنای زمان لەو نێوەندەدا، هەربۆیە (Santibanez) باوەڕیوایە، کە ((وێنای وێنەیی: بریتییە لەو قاڵبانەی، کە پێش دروستبوونی چەمکەکانن، کە لە ئەزموونی ڕۆژانە و کاریگەریی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدەن))، (2002:183).
بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:
٤٦-سەربەدەر.
پێشتر ئەم قاڵبە لە ئاوەزدا دروستبووە، لە ئەزموون و کاریگەرییە کۆمەڵاتییەکانەوە ئەم ناوەی لێنراوە، واتە هەموو زانیارییەکان لە ئاوەزدا کۆکراونەتەوە، پاشان بە چەمکبوون، بە واتایەکی تر سەرجەم زانیارییەکان لە پێش دروستبوونی چەمکەکەوە بوونیان هەیە، دواتر چەمکەکەی بە پێی زانیارییەکان بۆیان دروستدەبێت.
تیۆرییەکە گرنگی بە چۆنیەتی بەجەستەکردنی مرۆڤ دەدات، لەگەڵ ئەو واتایەی دروست دەبێت و دەتوانرێت بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئەبستراکتەکان بە کاربهێنرێت، هەروەها ((ئەو دەربڕینە زمانەوانییانەن، کە بەڵگە و بەندن لە سەر شێوازی دووبارەبوونەوەی ئەزموونەکان و دینامیکین، پێیاندەگوترێت وێنای وێنەیی))، ( Rohrer, 2005:3). وێنای وێنەیی وەك شێوازێکی ڕێکوپێك نموونەیەکی دووبارەبوونەوەی کرداری جەستە و هەستپێکردنی هەستەوەرەکان وچەمکەکانی ئاوەزی مرۆڤ و ئەو پێکهاتانەن، کە بە شێوەیەکی سەرەکی واتادار دەردەکەون و ئاستی کارلێکردن و تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ بۆ دیاردە و کەرەستەکان دەخەنەڕوو، هەروەها پێکهاتەی وێنای وێنەیی بە چەندین شێواز وێنا دەکرێن و دەردەبڕدرێن، ئامانجی سەرەکی وێنای وێنەیی بریتییە لە پەسنکردن و ڕاستکردنەوەی ئەو وێنانەی، کە وێنەکە لە بنەڕەتدا ناڕاستە، یا نادروستە، لە پێواژۆی دەرهێنان و شیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی وێنەی داکراو لە ئاوەزدا، تیۆریی وێنای وێنەیی بەردەوام پێداچوونەوە بە وێنەی کۆندا دەکات و وێنای نوێ بەرهەمدەهێنێت، بۆ نموونە:
**٤٧-ا- ماڵئاوا ⟵ ژیانئاوا.**
**٤٧-ب- ڕۆحی شاد ⟵ ڕوانی شاد.**
ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە لە وێنە کۆنەکانەوە وێنەی نوێ دروستبووە، ((سەبارەت بەوەی فۆرمە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لە هەمان پۆلە ڕەگەزەوە بەرهەمدەهاتن، پێشبینی دەکرێت، لە هەمان پێکهاتەی واتاییشەوە بکەونەوە))، (مەعرووف،٢٠٢٠:١٨٤)، واتە سەرجەم ئەو زانیارییە واتاییانەی، کە لە ئاوەزدا بۆ (ماڵئاوا، ڕۆحی شاد) بێت، وێنامانکردووە، هەمان نیشانەی واتایی بۆ (ژیانئاوا، ڕوانی شاد) لە ئاوەزدا وێنادەکەین، کە سەرجەم ئەمانەش لە ڕێگەی درکپێکردنی ئاخێوەرانەوە دروستدەبێت، لە ڕووی مێژووییەوە وێنای وێنەیی بەم شێوەیە ڕوونکراوەتەوە، کە بریتییە لەوەی (وێناکە) وەك مۆدیلێکی گونجاو لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکی دیاریکراودا ناسێنراوە، لە کاتێکدا (وێنەکە) وەك نوێنەر و نمایندەی شێوازی ئەو زانیاریانەی، کە لە وێناکەدا کۆکراوەتەوە و داکراون پێناسەدەکرێت، بە واتایەکی تر وێنا(schema) مەبەست لێی کۆی ئەو زانیارییانەیە، کە وەك مۆدیلێك لە ئاوەزی ئاخێوەردا داکراون،

وێنەکەش(Image) نمایندە و نوێنەری سەرجەمی وێناکەیە بە شێوەی وێنەیی، کاتێك ئێمە زانیارییەکی دیاریکراومان هەیە، دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەو مۆدێلەی، کە وێنای دەکەین، وێنەکەش دەبێتە هۆی نوێنەریکردنی ئەو زانیارییە دیاریکراوە، کە ئێمە وێنەمان بۆ کردووە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

٤٨-دڵی گەورەیە.

لێرەدا وێناکە بریتییە لە کۆزانیاریی داکراو دەربارەی ئەندامی دڵی جەستەی مرۆڤ، کە قەبارەیەکی دیاریکراوی فیزیکیی و توانای میتافیزیکی لە کارکردن و هێنان و بردنی خوێن بۆ سەرجەم جەستەی هەیە، هەربۆیە مرۆڤ ئەم زانیارییانەی وەرگرتووە و وێنەیی (گەورەیی) لە تواناد بەرانبەرکراوە بە گەورەیی لە قەبارەدا و بە شێوەیەکی میتافیزیکییانە وێنەی (گەورەیی دڵ) کراوەتە نمایندەی ئەو هەموو زانیارییە داکراوەی ئاوەزی مرۆڤ، کە دەربارەی دڵ هەیەتی و بریتییە لە خودی وێناکە، هەروەها لە هەندێک کاتدا (دڵ گەورەیی) واتایەکی ئەرێنی هەیە و بە واتایی (کەسێکی باش) دێت، بێگومان (گەورە) لە قەبارەدا (درێژی و بەرزی و پانی)دەگرێتەوە، بۆیە ناگونجێت یەکێك لەم سێ وێنەیە بە تەنها ببنە وێنەی نمایندە بۆ وێناکە و بگوترێت:

-*دڵی درێژ بێت.

-*دڵی قول بێت.

-*دڵی بەرز بێت.

بەڵکو دەگوترێت:

- دەی گوێی مەدەرێ و دڵت گەورە بێت.

ئەمەش بە هۆی ئەوەی وێنەکە دەبێت نمایندەی وێنا داکراوەکە بێت، کە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەرگیراوە و داکراوە، کەواتە دەبێت وێنەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو وێنایەی کە لە ئاوەزماندا کۆزانیاریمان دەربارەی کۆکردوەتەوە، هەرئەمەش وادەکات تێکەڵەیەك لە وێناوێنەییەکان، کە پێکهاتەی تۆپۆلۆژی(topology)[11] پێکدێنێت، ڕێگە دەدات بە گرنگکردن و سەرەکیکردنی کەرەستەیەك لە نێوان کەرەستە هاوشێوەکاندا، بۆ نموونە:

٤٩-ا- (چوون، ڕۆشتن، هاتن).

---

[11] ئەم زاراوەیە خۆی لە فەرهەنگدا بە واتای بونیاد دێت. زاراوەکە وەک چەمکێکی ماتماتتیکی لقێکە لە ماتماتیک و جەخت دەخاتە سەر بنەما ئەبستراکتەکانی تایبەتمەندییە فەزاییەکانی (بۆشاییەکانی) شتەکان. ئەم زاراوەیە لە زمان و زمانەوانیشدا بەکاردێت بۆ ئاماژەدان و شیکردنەوەی تایبەتمەندییە فەزاییەکانی کەرەستە زمانییەکان و لە زانستی زمانی درکپێکردنیشدا گرنگی زیاتری پێدەدرێت، چونکە وەک بنەمایەک بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە خودی چەمکی درکپێکردنی زمان و کەرەستە زمانییەکان، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر کەرەستەی زمانیمان هەن، کە پەیوەستە بە جیۆمەترییەوە (لقێکە لە ماتماتیک گرنگی دەدات بە تایبەتمەندی و پەیوەندییەکانی نێوان خاڵەکان و هێڵەکان و ڕووکارەکان، کەرەستە ڕەقەکان ڕەهەندە بەرزە هاوشێوەکان)، کە بۆ پەسنکردنی فەزاییانەی بابەتەکان بەکاردێن، بۆ نموونە، وەک وشەکانی (چوارگۆشە – بازنە) و تایبەتمەندییەکانی وشەی (بازنەیی). بەمشێوەیە هەندێک بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان دەربڕی زۆر لایەنی ئەبستراکتی تایبەتمەندی جیۆمەترییانەن، بۆ نموونە بەکارهێنانی دروستی پێشناوی (لە / لەناو) زیاتر ئەبستراکتانەیە لەڕووی شێوە و قەبارەی بابەتەکانەوە، کە لە پەیوەندییەکی وەک یەکیدا بەرانبەر دەوەستن، بۆ نموونە ماسی دەکرێت لە حەوزێکدا بێت و لەهەمان پەیپێبردنیشدا دەشێت لە ژێردەریاییەکیش، یان لە زەریادا بێت و بگوترێت:

- ماسییەکە لە / لەناو حەوزەکەدایە.
- ژێردەریاییەکە لە/ لە ناو زەریاکەدا.

بۆ سەرچاوەی ئەم زانیارییانە، بڕوانە:

1-Roberto Casati (2002)

2-https://jeannicod.ccsd.cnrs.fr/ijn_0000059

٤٩-ب-(خواردن، خواردنەوە).
ئەگەر سەرنج لە وشەکانی نموونەی (٤٩-ا) بدرێت، هەر سەر سێ کەرەستەی (چوون، ڕۆشتن، هاتن) هەر بریتییە لە یەك پرۆسەی جوڵەی مرۆڤ، بەڵام هەریەکەیان بە ئاڕاستە و مەبەستێك وێنایەکی وێنەیی دروستدەکەن، بۆ نموونە (چوو) زیاتر لەگەڵ ئەو شتانەدا بە کاردێت، کە کەمتر دەسەڵاتی مرۆڤی تێدایە و بە زۆری لەگەڵ ئەندامەکانی لەشی مرۆڤدا بەکاردێت، وەك:
-ڕۆحی چوو.
-گیانی دەرچوو.
-سکی دەچێت.
ئەمە جگە لەوەی ماوەکەی کاتێکی زیاتری بە سەردا ڕۆیشتووە، دەتوانێت زۆرجار لە بری (ڕۆشتیش) بە کاربێت، بەڵام ڕاستە تا ڕادەیەکی زۆر (ڕۆشت)یش، هەمان درکپێکردن دەگەیەنێت، بەڵام جیاوازە، (ڕۆشت) دوورکەوتنەوەیە لە خاڵی دیاریکراو، بەڵام مەوداکەی لە (چوو) کەمترە، ناتوانێت وەك (چوو)ش چالاك بێت، بۆ نموونە ناتوانرێت بگوترێت:
-*ڕۆحی ڕۆشت.
-*گیانی ڕۆیشت.
-*سکی دەڕوات.
لەبەر ئەوەی سەرجەم ئەو زانیارییانەی، کە لە ئاوەزدا وەك وێنا بۆ (ڕۆشتن) کراون، تا ڕادەیەکی زۆر لە (چوو) دا هەن، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕاست نییە، بۆیە دەتوانرێت وێنەیی (چوو) لە زۆر شوێندا جێگەی (ڕۆشتن) بگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەو چوارچێوەشمان بیر نەچێت، کە وشەکەی تێدا بە کاردێت، چونکە لە هەندێك شوێندا (ڕۆشتن) دەتوانێت هەمان تایبەتمەندی (چوون) ی تێدا بێت، وەك ئەوەی کاتێك کەسێك بە کەسێکی تر دەڵێت: (ئەو زەمانە ڕۆشت.)، لێرەدا (ڕۆشتن)ەکە واتای (چوون)ەکەشی لە خۆیدا هەڵگرتووە و باسکردنیشە لە کاتێکی زۆر، لەمڕوانگەیەشەوە وێنای وێنەی (هات) جیاوازە، بۆیە درکپێکردنیشی جیاوازە، چونکە (هات) هاتنی شتێکە بەرەو ئەو خاڵەی، کە قسەی دەربارەی شتەکەی لێدەکرێت، هەربۆیە ئاخێوەران ئەم زانیاریانەیان وەرگرتووە و بۆ ئەو شتانەی بۆ لای ئەوان دێن بە کاردیدێنن، بۆ نموونە:
٥٠-هاتە سەر ڕێگەم.
لەمەشەوە بۆمان دەردەکەێت، ڕاستە هەر سێ پرۆسەکە هەمان شتە، بەڵام مەبەست و ئاڕاستەیان جیاوازە، لە نموونەی (٥١) دا، هەر دوو پرۆسەکە مەبەست لە یەك شتە، کە شتێك بچێتە ناو گەدەی مرۆڤەوە، بەڵام دیسانەوە درکپێکردن بۆ ئەمانیش جیاوازە، چونکە زۆرجار (خواردن) دەتوانرێت، لە بری (خواردنەوە) بە کاربێت، بۆ نموونە:
٥١-ا-منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە/خوارد.
٥١-ب- پیاوەکە ئاوەکەی خواردەوە/ خوارد.
کەواتە (خوارد) سەرەکییەکە و وێنایی وێنەی سەرەکییە، بەڵام (خواردنەوە) تەنها وێناییەکی وێنەیی پرۆسەکەیە، هەربۆیە زۆرجار (خوارد) لە بری خواردنەوە بەکاردێت، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێك (خواردنەوە) لە بری (خوارد) بەکاربێت، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا تێبیندەکرێت:
٥٢-پیاوەکە پارەکەی خوارد. ⬅ * پیاوەکە پارەکەی خواردەوە. (وەك خواردنەوە، نەك دووبارەکردنەوە).
ئەگەر سەرنج لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیش بدرێت، ئەوە درکپێدەکرێت، کە هەمان دیاردە لەوانیشدا بە دیدەکرێت، واتا ناتوانرێت لە بەشێکی زۆری وشە لێکدراوەکاندا کەرتی یەکەمی وشەکە بە وشەیەکی تر

بگۆڕدرێت، چونکە واتاکەی دەگۆڕدرێت، یاخود تێکدەچێت، بەمەش درکپێکردن و پەیپێبردنی جیاواز دەبێت، دواتر دەبێتە هۆی ئەوەی وێناوێنەیەکەشی جیاواز بێت، بۆ نموونە:

٥٣-سوێندخواردن، تەڵاقخواردن، ڕۆژوخواردن.

لە هەریەکە لە نموونەکانی (٥٣)دا ناتوانرێت، لە بری (خواردن) (خواردنەوە) بە کاربهێنرێت، چونکە ئەم وشانە لە ئێستادا واتاکەیان گۆڕدراوە و زیاتر وەك وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕووی واتاوە ڕەفتار دەکەن، (چونکە ڕاستە واتای یەکەم لە بناغەکەیەوە پێشبینیدەکرێت، بەڵام کەرەستەی دووەم بە واتای خۆی بە کارنەهاتووە و لەم جۆرە وشانەدا واتایی فەرهەنگی و ئینسکلۆپیدییای ئەو تۆی نییە، ئەمە جگە لەوەی هەریەکە لەو وشانە بە قۆناغی واتا خواستندا ڕۆشتوون، واتاکەیان بریتییە لە واتای ئەمانە و واتای تریش، زۆربەیان بوون بە ئیدیۆم[١٢]، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکێك، یان زیاتر لە هۆکارە فیزیکییەکانی ڕوودانی کردارەکەی لە دەستداوە)، (عەول،٢٠١٠:٣٥٨)، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری ئەم وشانە ئەبستراکتن، بۆیە ناتوانرێت بە زۆری خواردنەوەیان لەگەڵدا بە کاربهێنرێت، بەم پێیە ئەو وێناوێنەییەی، کە وشە لێکدراوەکان دروستیدەکەن لە زۆربەیاندا جیاوازە لە واتای بنەڕەتی ئەو دوو کەرەستەی، کە وشە لێکدراوەکەی دروستکردووە، بۆ زانیاری زیاتر با سەرنج لەم نموونانە بدەین:
٥٤-دەستپیس، دڵپاك.

ئەو وێنا وێنەییە، کە لە هەریەکە لەو وشانەدا دروستبووە، جیاوازە لە خودی وێنەکان بە تەنها، بۆ نموونە لە (دەستپیس)دا لێرەدا نە (دەست)، نە (پیس) بە واتای فەرهەنگی بە کارنەهاتوون، بەڵکو مەبەست لە کەسێکە، کە (دز) بێت، کەواتە لێرەدا وێنای دز بە وێنەیی (دەستپیس) نمایندەکراوە، هەروەها لە (دڵپاك)دا واتای ئەوە نییە، کە دڵی کەسێك پاك بێت و هیچ شتێکی پێوە نەبێت، بەڵکو بە واتای ئەوە دێت، هیچ شتێك لە دڵ ناگرێت، یاخود هەندێکجاریش بە واتای خۆشباوەڕ دێت، هەربۆیە لە بەشێکی زۆر لە وشە لێکدراوەکاندا ناکرێت، یاخود ناتوانرێت ئاماژە بە گشت لایەنی وشەکە بدرێت، بەڵکو ئاماژە بەو لایەنە دەدرێت، کە مەبەستە و بە هۆی واتای ئینسکلۆپیدییەوە واتاکەی درکی پێدەکرێت، ((تایبەتێتیی واتای ئینسکلۆپیدی، کە زانستی زمانی درکپێکردن جەختی لێدەکاتەوە هاوتایە بە واتای فەرهەنگی یەکە زمانییەکان))، (غەریب، ٢٠١٦:٣٢) و سەرجەمی ئەو زانیارییانەی، کە ئاخێوەران بۆ کەرەستە زمانی و نازمانییەکان هەیانە، کەواتە وێنەکان کە ئاخێوەران لە ڕێگەی درکپێکردن و ئەزموون و پەیپێکردنەکانیانەوە لە ئاوەزییاندا وێنایان بۆ دەکەن، دەبێت ئەو وێنەییەی نمایندەی دەکات، هەمان وێنا بێت بە تەواوەتی، نەك کەموکورتی هەبێت، لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی دەکرێت وێنەیەك نمایندەی چەند وێنایەك بکات، بەڵام لە یەکێکیاندا زیاتر ڕەنگدەداتەوە، کە ئەوەش ئەوەیانە، کە زۆرترین درکپێکردن و کۆزانیاری وێناکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە با سەرنج لە چەمکی وشەی (مردن) بدرێت:
٥٥-مرد، گوڵی ژیانی هەڵوەری، وەفاتیکرد، کۆچی دوایکرد، گەڕایەوە بۆ لای خوا، ئەمری خوای بە جێهێنا، تۆپیی.

لە سەرجەمیاندا ئەو وێنایانەت دێتەوە یاد، کە کەسێك لە ژیاندا نەمابێت و تیاچووبێت، ئەو وێنەییەی، کە لە هەموویان زیاتر توانیوێتی وێنای دیاردەکە بکات، بریتییە لە (مردن)، چونکە زۆرترین واتای ئینسکلۆپیدیی لەودا کۆبووەتەوە، بۆ نموونە لە (گوڵی ژیانی هەڵوەری) زیاتر لەگەڵ کەسێك بە کاردێت، کە زۆر تەمەنی نەکردبێت، بۆیە ژیانی وەك چۆن گوڵ ساتی پێگەیشتنیەتی، بەڵام پێش سیس بوون هەڵدەوەرێت، ئەمیش نەگەشتووەتە ئەو قۆناغە و مردووە، لە (وەفاتیکرد، گەڕایەوە بۆ لای خوا، ئەمری خوای بە جێهێنا) زۆرتر لای ئەو کەسانە بە کاردێت، کە زیاتر پابەندی ئاییینی ئیسلام بن، بەڵام لە (کۆچی دوایکرد) زیاتر لە زمانی نوسراودا بە کاردێت، لە

[١٢] سەبارەت بە ئیدیۆم بڕوانە: حسەین (٢٠٠٩)

نموونەی (تۆپیی) ئەو کاتە بە کاردێت، کە کەسێك ڕقی لە کەسێك بێت و خۆشی نەوێت، وەك بێڕێزیەك بەرانبەری بە کاریدەهێنێت، ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت پەی بەوە دەبرێت، کە ئاخێوەر لە ڕوانگەی ئەزموون و شارەزایی و پەیپێبردن و درکپێکردنی خۆیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دیاردەکەدا کردووە، بەڵام ئەو وێنەیەی، کە کۆی زانیارییەکانی وێناکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بریتییە لە (مردن)، بەمەش دەکرێت، چەند وێنەیەکان هەبێت، بۆ وێنایەك، بەڵام لە یەکێکیاندا زیاتر ڕەنگیدابێتەوە و زۆرترین کۆزانیاری و درکپێکردنی لە خۆیدا هەڵگرتبێت. ((لە زانستی زمانی درکپێکردندا وێنا وێنەییەکان وەك مۆدێلی بنەڕەتی تێگەیشتن دەستنیشاندەکرێن، ئەوان بیرۆکەی وێنەی پێش زمانین، ئاگادارکەرەوەی بنەماییین بۆ بونیادنانی چەمکەکان))، (Nuhans, 2016:42، Hedblo،Kutz ). وێنا وێنەییەکان بیرۆکەی پێش دروستبوونی چەمکەکانن، واتە باسکردنە لەو کەرەستانەی، کە چەمکەکەیان لێدروست دەکرێت، ئەگەر بە (هێلانەی باڵندە) بەراوردیبکەین، ئەوا وێنا وێنەییەکان ئەو لق و چڵ و پوشانەن، کە باڵندە پێش دروستبوونی هێلانەکەی بە کاریاندەهێنێت و (هێلان)ەکەش چەمکەیە، کەواتە وێنای وێنەیی دەکەوێتە پێش دروستبوونی چەمکەکان و باسکردنە لە سەرەتای دروستبوونی چەمك، بە واتایەکی تر وێنای وێنەیی بریتییە لەو زانیارییانەی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە[١٣] کۆ دەکرێنەوە، تا پوخت بکرێن و پۆلبکرێن و لە ئاوەزدا دابکرێن و بە جەستەبکرێن و بکرێنە یەك چەمك، کە چەمکەکە بۆ خۆی وێناکەیە و چەندین وێنەی نمایندەی دەکرێت هەبێت، بەمەش وێناوێنەییەکان، ئەو کەرەستە خاوانەن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی چەمکەکان، یاخود کاتێك وشەیەکی وەك:

٥٦-هێلکەوڕۆن.

دروستدەبێت، سەرەتا وێنای (هێلکە، ڕۆن، خوێ) لە ئاوەزی ئاخێوەراندا بوونی هەیە، پاشان توانیوێتی وێنای (هێلکەوڕۆن)بکات، دوای دروستبوونی واتاکەی بە وێنەی (هێلکەوڕۆن) نمایندەی بکات، یان کاتێك دەگوترێت بڕۆین بۆ شوێنێك، پێش ئەوەی دەست بە ڕۆشتنەکە بکرێت، ئاخێوەر وێنەیی (نەخشەی) ڕێگە و بانەکە لە ئاوەزی خۆیدا دروستدەکات، پاشان دەست بە ڕۆیشتن دەکات، بەڵام مەرجە ئەو شوێنە پێشتر لای ئاخێوەر ئاشنا بووبێت، واتە لە ئاوەزیدا بوونی هەبووبێت و ئەزموونی کردبێت، بۆ نموونە ئێمە زۆرجار ناتوانین چەمك و وشەی نوێ بەو کەرەستانەی، کە پێشتر نەمان بیستوون دروستبکەین، هەروەك چۆن ناتوانرێت وێنەی ڕۆیشتن بۆ شوێنێك دروستبکرێت، کە پێشتر بۆی نەرۆشتبێتین، یاخود نەمانبینیبێت، لە لایەکی ترەوە تیۆرییەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ئەزموون و هەستی دووبارە بووەوە وێناکان دروستدەبن، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت (هێلکەوڕۆن) لەمەوە گشتاندنێك بۆ هەموو ئەو شتانە دروستدەبێت، کە بەم ڕێگەیە دروستدەبن، وەك:

٥٧- خورماوڕۆن و دۆینەوڕۆن ...هتد.

هەربۆیە دەکرێت ئەمە بە خشتەیەك دابنرێت و گشتاندن بکرێت و بەشێوەیەکی لێکچوو بۆ بارودۆخ و دیاردە و کەرەستەکانی تر بگوازرێتەوە، بەڵام ئەم گشتاندنە کاتێك دروستدەبێت، کە ئاخێوەرانی زمانەکە ئەزموونی ئەو ڕوودا و دیاردە و کەرەستەیان کردبێت، بۆ نموونە ئەو کەسانەی، کە ئەزموونی (دۆینە)یان نەکردبێت، ناتوانن لە گشتاندنەکەدا داینێن، کەواتە ئەزموون ڕۆڵی سەرەکیی گرنگی دەبێت لە گشتاندنەکەدا، وێناوێنەییەکان نواندنی هزرین، کە بریتین لە دروستکراوە داکراوەکان لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکی زماندا سوودی لێوەرگیراوە. هەروەها وێنای وێنەیی جۆرێکە لە نوێنەرایەتی بۆشایی ڕووداوێك، کە ژمارەیەك لە سەرەتاییەکانی بۆشایی لە خۆ دەگرێت، هەربۆیە وێنای وێنەیی دەتوانرێت بە زیادکردنی کەرەستە سەرەتاییەکانی بۆشاییەکە، کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی وێنای وێنەیی دەوڵەمەند بکرێت، کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە وێنەکان گۆشەگیر و چەسپاو نین، بەڵکو دەکرێت وێنەکە بگۆڕدرێت و بە پێی کات و مەبەست دەستکاری بکرێت، بۆ نموونە لە ئێستادا (مۆدێل)

[١٣] هەرچەندە (حسێن، ٢٠٢١: ٥٤-٥٥-٥٦)، باوەڕیوایە، کە مرۆڤ بێجگە لە هەستەکان، لە ڕێگەی (ئەزموون، درکپێکردن)یشەوە زانیاری وەردەگرێت، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەمانەش هەر بە هەستەکانەوە پەیوەستن و زانیارییەکان لەوانەوە وەردەگرن.

لە ئافرەتاندا واتایەکی جیاوازتری هەیە، وەك لە شتەکانی تر، لەوەی کە بە واتا بنجیەکەی بە کاربهێنرێت، واتە لە ئێستادا، کە دەگوترێت (کچە مۆدێلەکان) جۆرێك لە نەرێنی دەگەیەنێت، کە خۆی دەبوو ئەرێنی بگەیاندایە، دەکرێت وێنای وێنەیی لە وێنەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ وێنەیەکی تر، بۆ نموونە کاتێك منداڵ فێردەبێت، کێکێك لە سەر مێزێکە و دەستی لێبدات دەکەوێتە خوارەوە، هەمان وێنەش بۆ فرێزی سەرمێزەکە دەگوازێتەوە، چونکە نوێنەرایەتی هەمان چەمك دەکات، کە بریتییە لە چەمکی کەوتنەخوارەوە و شکاندن، ئەمە جگە لەوەی ئەزموون و بەجەستەکردن ڕۆڵیان لە پێدانی واتا بۆ چەمکەکان هەیە، وێناوێنەییەکان سەرەتا لە سیمانتیکی درکپێکردوەوە گەشەی کردووە، کە بیرۆکەی وێنای وێنەیی بۆ پەسەندکردنی ڕۆڵی بە جەستەکراوەکان لە تێگەیشتنی مرۆڤدا دەگەڕێتەوە، واتە بەجەستەکراوەکان چ ڕۆڵێکیان لە پێدانی واتا بە کەرەستەکانی زماندا هەیە، چونکە ((بە جەستەبوونی ئێمە ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە دروستکردنی چەمکەکان))، (Evans,Green, 2006:177)، کەواتە وێنای وێنەیی بانگەشەی ئەوە ناکات، کە پێکهاتەی چەمك و زمانی مرۆڤ زگماکی بن، واتە لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤدا پێیبەخشرابێت، بەڵکو لە ئەنجامی ئەزموونی جەستە و دەروونی مرۆڤەوە دروستدەبن، بۆ نموونە چەمکی (کەپڵ) ڕەنگە لە زمانی کوردیدا لە کۆندا هیچ واتایەکی نەبووبێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە ئێستادا ئەزموون و بەجەستەیکردووە، واتە زانیارییەکانی کۆکردوەتەوە و پاشان بە وشەی (کەپڵ) وێنەی بۆ کردووە، بەو هۆیەوە وشەکە واتای وەرگرتووە، پاشان لە ڕێزماندا خراوەتە پۆلی ناوەوە و هەموو ئەرکەکانی ناوی لە ڕستەدا وەرگرتووە، کەواتە دەبێت لە سەرەتادا وێناوێنەییەکە بوونی هەبێت و واتادار کرابێت، پاشان دەتوانرێت بکرێت بە چەمك، وێناوێنەییەکان بنەمای واتایی بۆ چەمکەکان و وشەکان و ڕێزمان لە ناو زماندا دابیندەکەن، بۆیە ((پێکهاتەی زمانەوانی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئاوەزە، پێکهاتەی ئاوەزیش بە هۆی وێناوێنەییەکانەوە دروستدەبێت، کە ئەمانەش سەرەتای بە جیهانی بوونی زمانن))، ( Kristiansen, Achard, Diven, Ibanez 2006:120-121)، بەم پێیە بنچینەی پێکهاتەی زمانەوانی بۆ وێناوێنەییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لەوێشەوە سەرەتای دروستبوونی زمانێك بۆ مرۆڤەکان دروستدەبێت، واتە مرۆڤ لە سەرەتادا وێنا وێنەییەکانی لا دروستدەبێت، پاشان زمانی بەرەو جیهانیبوون دەڕوات، یاخود دەتوانرێت بە وێنای وێنەیی بگوترێت ئەزموونی هەستەوەریی، چونکە لە میکانیزمەکانی تێگەیشتنی هەستەوە وەرگیراوە، بەڵام ناتوانرێت سنورییان بۆ دیارییبکرێت، وێناکە ئەو شوێنەیە هەموو جۆرەکانی ئەزموونی بەجەستەکردنەکانی لە خۆدەگرێت، واتە کۆی ئەزموونەکانی مرۆڤ کۆدەبنەوە و پاشان وێنەیەك دەبێتە نمایندەی ئەو ئەزموونانە و بە زمان دەردەبڕدرێن، کە ئەمەش لە نێوان مرۆڤەکاندا جیاوازدەبێت، بۆ نموونە بۆنی عەترێك، یاخود ڕۆمانێك ڕەنگە هەر کەسەوە بە وێنەیەکی جیاواز نمایندەی بکات، ئەگەر چی هەمان وێنان، چونکە وێناکردنی مرۆڤەکان بۆ ڕووداو و کەرەستەکانی دەوروبەر جیاوازە، هەر بۆیە ڕەنگە بۆنەکە، یاخود ڕۆمانەکە بۆ کەسێک خۆش بێت، بەڵام بۆ کەسێکی تر ناخۆش بێت، کەواتە وێنا وێنەییەکان ئەو کەرەستەیە، کە هەموو جۆرە ئەزمونەکانی مرۆڤی تێدا کۆبووەتەوە.

لێکۆڵەران و توێژەرانی زانستی زمانی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە نەك تەنها یەك بەشی دیاریکراوی ئاوەز، بەڵکو سەرجەم پێڕەوی درکپێکردنی مرۆڤ کاریگەری لە پێگەیاندنی نەخشە ڕێگەی زماندا هەیە، واتە سەرجەم ئەو درکپێکردنانەی مرۆڤ بۆ کەرەستە و ڕووداوەکان هەیەتی لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە، هەر بۆیە توێژەرانی زانستی زمانی درکپێکردن بەمجۆرە هەوڵدەدەن مۆدێلێك لە پێڕەوی زمانی مرۆڤ دروستبکەن و ئەویش بە جۆرێك بە سەیریکردنی زمان و پەیوەندییەکان لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤ و شارەزایی و ئەزموونەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەو جیهانەی، کە تێیدا دەژی، بە شێوەیەك، کە ((مۆدێلەکە بە کۆمەڵێك شێواز دانراوە، کە بناغەیەکی دەوڵەمەند بۆ هەموو زمانێك دابین دەکات، ئەم شێوازە ئەبستراکتانە، پێیاندەگوترێت وێنای وێنەیی، کە نوێنەرایەتییە دەروونییەکان لەگەل ئەزموونی هەستەوەری ڕۆژانە تێکەڵکراون))، ( Mori, Ohmori,

(Shintani،2015:285). وێناکان کاتێك دروست دەبن، کە هەردوو لایەنی دەروونی و جەستەی مرۆڤ بە یەکەوە کارلێکدەکەن، واتە هەردوو لایەنەکە ڕۆڵیان لە دروستکردنی چەمکەکاندا هەیە، هەر بۆیە ((وێنای وێنەیی ئەو نموونانەن، کە لە کارلێکردن لەگەڵ شتە فیزیکیەکاندا دروست دەبن))، (سەرچاوەی پێشوو:٢٨٦) . بۆ نموونە کە دەگوترێت:

٥٨- ا-کۆترەکەی گرت.

٥٨-ب- قسەکەی لە دڵ گرت.

٥٨-پ- دەنکەکەی گرت.

هەموویان تا ڕادەیەك لە یەکتر دەچن، ئاخێوەرانی زمانی کوردی، تا رادەیەك تێدەگەن، کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو سێ ڕستەیەدا هەیە، کە بریتییە لە (گرتنی شتێك، بە جۆرێك بێتە ژێردەستی مرۆڤ و تا ڕادەیەك وەك هی خۆی لێبێت و داگیری بکات)، لە نموونەی (٥٨-ا)دا گرت بە واتا فەرهەنگی بە کارهاتووە، بەڵام لە نموونەی (٥٨-ب) ئاخێوەر لە ڕێگەی تێڕامان و درکپێکردنەکانییەوە سەرجەم ئەوە زانیارییانەی، کە لە وشەی (گرت)دا هەیە، لە ئاوەزیدا وێنای بۆ کردووە، ڕستەی (٥٨-ب)دا دەربڕیووە، لێرەدا بە واتای ئەوە دێت، کە قسەکەی ئاخێوەر دڵی کەسێکی داگیرکردووە، هەروەها لە نموونەی (٥٨-پ)دا مەبەست لەوەیە، ئەو کەسە کەسێکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و کردویّتی بە هی خۆی، کەواتە سەرجەم ئەو زانیارییانەی، کە لە (گرت) دا هەیە، بە (گرت) وێنەکەی نمایندە کراوە.

توانای لێکدانەوەی هزری مرۆڤ بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی دەوروبەری وەك یەك نییە و جیاوازە لە کاتی دەرکەوتنی ڕووداوەکاندا پێکهاتەی زمانەوانی جیاواز بۆ پەسنکردنی هەمان ڕووداو دەخاتە ڕوو، هەربۆیەش دەتوانرێت پێواژۆکان، یاخود بارودۆخەکان بە شێوەی وێنای وێنەیی جیاواز دەربکەون، لەبەر ئەمەشە کاتێك ڕووداوێك ڕوودەدات، بینەرانی ئەو ڕووداوە هەریەکە و بە جۆرێك گوزارشتی لێوەدەکەن، هەرچەندە ڕووداوەکان بە شێوەی بۆشایی دەردەکەون و کام ڕووداو وەك پێشین کام ڕووداو وەك پاشین هەستی پێدەکرێت، هەربۆیە وێناوێنەییەکان بە دوو بنەماوە پەیوەستن، کە بریتین لە (سەرنجدان و ڕوانینی مرۆڤەکان بۆ ڕووداوێك)، لەگەڵ ئەو کەرەستە زمانییانەی بۆ دەربڕینیان بە کاریاندەهێنێت، واتە کاتێك ڕووداوێك ڕوودەدات، هەموو زانیارییەکانی وەك(تۆ کەی بینیت، چۆن بینیت، چ کاتێك ڕوداوەکە ڕوویدابوو..هتد)، هەموو ئەم زانیارییانە کاریگەرییان لە سەر ئەو وێنەیە هەیە، کە نمایندەی وێناکە دەکات، چونکە وێنەکە لە سەر ئەو وێنانە نمایندەکراوە، کە بۆ ڕووداوەکە کۆکراوەتەوە، بۆ نموونە لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا زیاتر گرنگی بە مردنی سەرنشینەکان دەدرێت، وەك ئەوەی گرنگی بە زیانەکانی ئۆتۆمبیلەکان، (هەرچەندە لە سەرەتادا باوەڕوابوو، کە جەستە هیچ ڕۆڵێکی لە لێکدانەوەی واتادا نییە، تەنها بابەتێکی فیزیکییە و هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتی تێگەیشتنی مرۆڤەوە نییە، بەڵام لە زانستی زمانی درکپێکردندا بە تەواوەتی ئەمە ڕەتکرایەوە، چونکە ئەمان باوەڕییانوایە، کە جەستەی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگی لە لێکدانەوە و شیکردنەوە و دروستکردنی واتادا هەیە، هەربۆیە وێنای وێنەیی لە نزیکەوە پەیوەست بوو بە پەرەسەندنی تێزی ناسینەوەی بەرجەستەکراوەکان)، (johnson, 1987:xiv) هەر ئەمەشە وادەکات، کە دەیانەوێت دیاردە بە جەستەکراوە نافیزیکییەکان لە ڕێگەی شتە فیزیکییە سادەکانەوە پەسنبکرێن، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت (دێو، فریشتە) کۆمەڵێك کۆزانیاری سەبارەت بە ئەو دوو هەبووە نافیزیکییە لە ئاوەزی ئێمەدا دەربارەی ئەوان بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە وێنای (فریشتە) لە ئاوەزماندا دامانکردووە، بریتییە لە هەبوویەکی سپی جوان و مژدەهێنەر، بۆیە کاتێك دەمانەوێت نمایندەی وێنەی فریشتە بکەین، یەکسەر دەبێت ئەو تایبەتمەندیانە لەو کەس و کەرەستەیەدا هەبێت، بۆ نموونە کاتێك بە کەسێك دەگوترێت:

٥٩-تۆ بۆ من فریشتە بوویت، چونکە ئەو هەواڵە خۆشەت هێنا.

لێرەدا ئاخێوەر بە هۆی درکپێکردن و پەیپێبردنەکانییەوە وێنای فریشتە، کە لە ئاوەزیدا دایکردووە، بەو کەسە بەراورد دەکات و وێنەکە دەکات بەو وێنایەی، کە لە ئاوەزیدایە، بەڵام (دێو) بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، واتە هەمیشە شتە خراپ و ناشیرینەکان دەخرێتە پاڵی، بۆیە زۆرجار ئەگەر کەسێك زۆر زل بێت، پێیدەڵێن (دێو)، واتە وێنای دێو بریتییە لە وێنەی کەسێکی ناشیرین و زل، هەندێکجار لە زمانیشدا ئەو کەرەستانە و بارودۆخانەی، کە بوونێکی فیزیکیان نییە، لە ئاخاوتندا بە ئاواز و لە نووسیندا بە خاڵبەندی وێنەیەك نمایندەیان دەکات، بۆ نموونە:

٦٠-تۆ دەبێت بڕۆیت.

لێرەدا هێز لە سەر (تۆ)یە، کەواتە ئەو وێنایەی، کە لە ئاوەزدا بۆ فەرمانکرابوو، بە هۆی وێنەیی هێزەوە نمایندەی کرا.(وێنای وێنەیی زۆر سادە نییە، دەتوانرێت پێکهاتەی ئاڵۆز لە خۆ بگرێت، بۆ نموونە وێنای وێنەیی (خەوتن) دەتوانرێت زیاتر لە پێکهاتەیەك لە خۆ بگرێت وەك (ڕاکشان، خەوتن، پشوودان ...) ئەم ئاڵۆزییە وادەکات، کە بە شێوەی جیاواز ئەنجام بدرێت، هەندێکجار وێنا وێنەییەکان هەمان وێنەیی ئاوەزی نین، وێنا وێنەییەکان ئەبستراکتن، وێناکان دەتوانرێت لە وێنایەکەوە بۆ وێنایەکی تر بگوازرێتەوە، بۆ نموونە دارستانەکان کاتێك لە نزیکەوە دەیبینرێن، دەتوانرێن یەك بە یەك دارەکانی بژمێردرێن و ئاماژە بە چەندین وێنە بکرێن، بەڵام کاتێك لە دوورەوە سەیر بکرێن ناتوانرێن بژمێردرێن، بەڵکو لەم کاتەدا وێنایەکی بە کۆمەڵیان بۆ دەکێشرێت). (Paknezhad, Naghizadch, 2016:272-273). وێنای وێنەیی لە شیکاری فەلسەفی و زمانەوانییەوە سەرهەڵدەدات، وا بیردەکرێتەوە لە نواندنی هزردا ئاڵۆزو گشتگیرتر بن، هەرچەندە وێنای وێنەیی لە ئەزموونەکانی مرۆڤەوە لەگەڵ جیهانی فیزیکیدا وەرگیراوە، بەڵام ئاوەزی مرۆڤ دووبارە بۆ بنیاتنانی چەمکە ئەبستراکتەکان بە کاریاندەهێنێتەوە، کەواتە کاتێك وێنەیەك دروست دەبێت، مەرج نییە هەر بەهەمان شێوە بە کاربهێنرێتەوە، بەڵکو بە پێی سەردەم و کات وێنەکە جارێکیتر بە کاردەهێنرێتەوە، بۆ نموونە وشەی (شۆخ) لە سەرەتادا واتایەکی نەرێنی هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ئەزموونی مرۆڤەکان لە ئێستا واتاکەی گۆڕاوە بووەتە واتایەکی ئەرێنی، هەربۆیە لەگەڵ گۆڕینی وێنایی کەرەستەکە، وێنەکردنەکەشی دەگۆڕێت، وێنای وێنەیی هەندێکجار لە ڕووداوێك، یاخود بیرێکەوە دەگێڕێتەوە و دواتر بە کۆد دەکرێت، بۆ نموونە زۆر وێنە لە زمانی کوردیدا هەیە، کە لە ڕووداوێك، یاخود ئەزموونێکەوە وەرگیراوە، وەك:

٦١-کەڕەی شەربەت.

کە ئەم پەندە لە ڕووداوێکی ڕاستییەوە وەرگیراوە، دواتر ئاخێوەران بە هۆی پەیپێبردن و درکپێکردنەکانیانەوە ئەم زانیارییانەیان لە ئاوەزدا لە شێوەی وێنا هەڵگرتووە، پاشان بە کارییانهێناوە بۆ ئەو کەسانەی، کە خۆی لە بابەتێك گێل بکات و لە کاتی خۆیدا ئامەنەتێك نەگێڕێتەوە بە وێنەی (کەڕەی شەربەت) دەریانبڕیووە، دواتر هەموو ئەمانە لە زماندا ڕەنگیانداوەتەوە و بە کۆد کراون .

وێنای وێنەیی[١٤] دەکرێت جێگیر، یاخود دینامیکی بێت، هەرچەندە لە ئێستادا هیچ کۆدەنگییەك لە ژمارەی چەمکە بینراوەکانی وێنای وێنەییە هەبووەکان و بەردەستەکان نییە، سەرەڕای هەوڵدان و کارکردن لە بابەتی ناساندنی وێناوێنەییە نوێیەکان و چۆنیەتی پێکهاتنیان، بەڵام هیچ یاسایەك نییە، کە هەموو وێنا بینراوەکان لە یاسایەکی وێنەی بینراودا دابنێت، بە واتای ئەوەی لە چەند وێنەیەکی جیاوازەوە دروستبوون، هەروەها وێناوێنەییەکان پێش دروستبوونی چەمکەکان بوونیان هەیە، بە ئەزموونی بەجەستەکراوەکانەوە بەستراون و لە هەستەکانەوە وەرگیراون، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، پێش دروستبونی چەمکەکانن، پاشان بە هۆی دووبارەبوونە و بە تێپەڕبوونی کات وێنا وێنەییەکان دروستدەبن و دواتر بە چەمك دەبن، وێنا وێنەییەکان لە ئەنجامی کارلێکردنی

[١٤] فەلسەفەی پشت تیۆریەکە (بیردۆزەکە) دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت).

ئێمە لەگەڵ جیهاندا وەرگیراون، چونکە وەك ئاماژەی پێدرا وێنا وێنەییەکان لە ئەنجامی ئەزموونەکانەوە وەرگیراون، هەربۆیە وێنا وێنەییەکان زۆرجار شێوازی بیرکردنەوەی ئێمە سەبارەت بە ڕووداو و کەرەستەکان دیاریدەکەن، بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگاداربین، ((ئەم پێکهاتانە بە شێوەیەك دەردەکەون، کە بۆ ئێمە واتادارbن))، (Geerarts, Cuyekens, 2007:215). چونکە ئەزموون ئەوەی بە سەر ئێمەدا سەپاندووە، کەواتە دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت وێنا وێنەییەکان پێش دەرکەوتن و فێربوونی زمانن.

## ٣-١/١) تایبەتمەندییەکانی وێنای وێنەیی

دەتوانرێت گرنگترین تایبەتمەندییەکانی وێنای وێنەیی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو[١٥]:

١- وێنای وێنەیی نەخشەیی سەرتاپایین، کە لە ئەزموونکاری و بەرجەستەکردنەوە دروستبوون، پێکهاتەکان لە پێشتردا سەرهەڵدەدەن و لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەیان لە لایەن مرۆڤەوە لە ڕێگەی هەستەکان و کارلێکە جەستەییەکان و ڕێگەکانی دەستکاریکردنی ئامانجەکان  پێش چەمکەکانن، کە لە جوڵەی جەستەی مرۆڤ لە بۆشاییەکانەوە (Spatial) سەرچاوە دەگرێت، سەرجەم ئەوانە کارلێکدەکەن و دەبنە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی، کە دواتر وێنەکان بۆ چەمك دەگۆڕدرێن، بە واتایەکی تر سەرجەم هەستەکان و لایەنی کۆمەڵایەتی و درکپێکردن و پەیپێبردنی مرۆڤ بەشدارن لە دروستکردنی وێنای وێنەییدا، بۆ نموونە:

٦٢- سلێمانی خۆشە.

سەرجەم هەستەکانی مرۆڤ بەشدارییان کردووە، لە نمایندەکردنی ئەو وێنەیەدا، وەك هەستی بینین، کە ئەگەر سەرنج لە سلێمانی بدرێت دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە، هەستی بەرکەوتن لە شارەکەدا، تا ڕادەیەکی باش کۆمەڵایەتین و ئازادیەکی باشتر، هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە چاو شوێنەکانیتردا هەیە، کەواتە سەرجەم ئەم زانیارییانە لە ئاوەزی ئاخێوەردا لە شێوەی وێنا بوونیان هەیە، دواتر ئاخێوەران توانیویانە بەو وێنەیە نمایندەی بکەن.

٢- وێنا وێنەییەکان وێنەی گشتین، کە لە گرتن و بەستنەوەی پێکهاتەی زۆری هەست پێکهاتوون و مۆتۆڕبەندن، یەکخستنی زانیاریی لە فرە مۆدێلەکان وێنا دەکەن  و تێکەڵکردنی چەندین زانیارییە لە چەندین ئاڕاستەی جیاوازەوە، مرۆڤ بەردەوام زانیاری وەردەگرێت، زانیارییەکانیش جۆراوجۆرن، بۆ نموونە:

٦٣- خەیار.

کۆمەڵێك زانیاری لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە بریتین لە: (ڕەنگی سەوزە، ناکولێنرێت، خاوەن تامە (تاڵ و شیرینی هەیە)، قەبارەی بچووکە...هتد)، هەموو ئەم زانیارییانە بە یەکەوە وێنای وێنەیی (خەیار)یان دروستکردووە، کەواتە زانیارییەکان لە یەك ئاڕاستەوە نەهاتن، بەڵکو لە چەندین ئاڕاستەی جیاوازەوە هاتوون.

٣- وێنا وێنەیەکان بە شێوازێکی ئەنالۆگ(لەیەکچوو(analog)) و بەردەوام لە ژێر هزردا بوونیان هەیە و لە پاش سەربەخۆ بوونیان چەمکەکانیان جیادەبنەوە لەیەکدی، بە واتایەکی تر پێش ئەوەی چەمکەکە دروست بێت، کۆزانیاری دەربارەی چەمکەکان لە ئاوەزدا بوونیان هەیە، چەمکەکان لە ئاوەزدا نزیکیەك لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام کە بوون بە چەمك جیا دەبنەوە، بۆ نموونە:

٦٤-سەگ، پشیلە.

کۆزانیاری دەربارەی هەردووکیان لە ئاوەزدا بوونی هەیە، کە بریتییە لە (چوار پەلن، شیردەرن، گیانلەبەرن، ماڵین، + - دڕندەن...هتد)، بەڵام کاتێك وێنەیان لە زماندا دەکرێت، هەریەکەیان بە جیا نمایندە دەکرێن، یاخود

[١٥] - بۆ زانیاریە زیاتر بڕوانە: (Hamawand،2016)(Fiwilliam، 2010)

ئەگەر سەرنج لە منداڵ بدرێت سەرەتا زانیارییەکانی لایە، واتە وێناکەی لایە، بەڵام ماوەیەکی دەوێت، تا بتوانێت بە وێنە نمایندەی زانیارییەکانی بکات و بە چەمکییان بکات.
٤- وەك گشتێك وێنا وێنەیەکان لە ناوخۆیاندا ڕێکخراون، یاخود دروستکراون، زۆر کەم بەشەکان لە پەیوەندیدان، وێنەکان هەم نەرمن و توانای جوڵەیان هەیە، واتە بەشەکان بە کەمی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، یاخود بە یەکەوە بەستراون، نەرمیەکەش لەو کاتەدا بەرجەستە دەبن، کە بەو ڕادە زۆرە توشی گۆڕان دەبن، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە وشە لێکدراوەکان و میتافۆڕەکانی زمانی کوردی بدرێت، بە کەمی کەرەستە پێکهێنەرەکانیان پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، بۆ نموونە:
٦٥-ا-گوڵبەدەم، گورجوگۆڵ...هتد.
٦٥-ب-سەربەدەر، چاوپیس، پارەپیس..هتد.
لێرەدا کەرەستەکان تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە یەکترەوە نییە، بەڵام ئاخێوەران بە هۆی درکپێکردن و ئەزموونەکانیانەوە توانیویانە بیاندەنە پاڵ یەکتر وێنای وێنەیی جیاوازییان پێدروستبکەن، کاتێکیش دەگوترێت نەرمن و توانای جوڵەیان هەیە، واتە دەکرێت وێنایەك چەندین مەبەستی جیاوازی پێدەرببڕدرێت، وەك وشەی (پیس):
٦٦-جلەکانی پیسن. واتای فەرهەنگی.
٦٧-چاوی پیسە.
٦٨-دەمی پیسە.
٦٩-دڵی پیسە.
٧٠-پاشخانی پیسە.
٧١-پیس لێیدا.
کە هەریەکە لەم دەربڕینانە بۆ مەبەستی جیاواز بە کارهاتوون، لە نموونەی (٦٦)دا بە واتای فەرهەنگی خۆی بە کارهاتووە، لە (٦٧)دا بۆ کەسێك بە کاردێت، کە نەفسی خراپ بێت چاوی لە سەر ماڵی خەڵك بێت، لە نموونەی (٦٨)دا بۆ کەسێك بە کارهاتووە، کە بەردەوام جنێو بە خەڵك بدات، لە (٦٩)دا بە کەسێك دەوترێت، کە حەز نەکات کەس سەیری ئافرەتە نزیکەکانی بکات، لە نموونەی (٧٠)دا بە واتای ئەوە بە کارهاتووە، کە کەسێك، ڕابردووی باش نەبێت، لە (٧١)دا بە واتای باش بە کاردێت، چونکە لێرەدا پیس هاوواتای باشە، کەواتە لێرەدا ڕاستە یەك وێنامان هەیە و لە ئاوەزدا دامانکردووە، کە بریتییە لە (پیس)، بەڵام چەندین وێنەیی جیاوازمان بە پێی ئەزموون و پەیپێبردن و درکپێکردنی خۆمان بۆ دروستکردووە و بە وێنەیی جیاواز نمایندەمان کردووە.

## ٢/١) چییەتی بە جەستەکردنی وێنای وێنەیی لە ئاوەزی مرۆڤی کورددا

### ٢/١-١) جەستە و بەجەستەکردنی واتای زمانیی

پێویستە سەرەتا بەو پرسیارە دەستپێبکەین، ئایا جەستە هیچ ڕۆڵێکی لە زمان و واتای زمانیدا هەیە؟ بە واتایەکی تر جەستە هیچ واتایەك بە دەربڕاوە زمانییەکان دەبەخشێت؟، یاخود نەخێر تەنها تەنێکی مادییە (فیزیکییە) و هیچ ڕۆڵێکی لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەربڕاوە زمانییەکاندا نییە.
لە سەرەتادا باوەڕوابوو، کە جەستە هیچ ڕۆڵێکی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتای زمانیدا نییە، بەڵکو هەموو شتەکان ئاوەزین و مرۆڤ لە ڕێگەی ئاوەزییەوە ناو لە کەرەستە زمانییەکان دەنێت و هێما و واتای زمانییان بۆ دادەنێت، بەڵام لە زانستی زمانی درکپێکردندا بە جەستەکردن پڕۆسەیەکی ناوەندییە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنەکانی فەیلەسوفی فەڕەنسی (دیکارت)، کە لە سەدەی هەڤدەیەمدا ئەو بۆچوون و تێڕاوانینەی

خستەڕوو، کە ئاوەز و جەستەی مرۆڤ دوو شتی لە یەکتری جیاوازن و لە پرنسیپی ئاوەز/جەستە، ((بانگەشەی ئەوەیکردووە، ئاوەزو و جەستە دوو شتی لە یەکتر جیاوازن))، (نەبی، ٢٠١٥:٤١). ئەم گریمانەیان زیاتر لە ڕێگەی زانستە هۆشەکییەکانەوە هێنایە ئاراوە، باوەڕییانوابوو، کە بە بێ گەڕانەوە بۆ جەستە دەتوانرێت لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ ئەنجامبدرێت، بەم شێوەیە باوەڕیان بەوە نەبوو، شتێك هەبێت بە ناوی بەجەستەکردن، جەستە هیچ ڕۆڵێکی لە لێکدانەوەی واتادا نییە، بەڵکو ئەوە ئاوەزی مرۆڤە، کە کەرەستەکان و واتاکانیان لێکدەداتەوە و واتایان بۆ دادەنێت، ئەم بۆچوونە لە زانستی زمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکیدا هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت، لایەنگرانی قوتابخانەکە باوەڕییانوایە دەکرێت بە شێوەیەکی ماتماتیکی لە سیستەمەکە بڕوانرێت و بە بێ ڕەچاوکردنی سروشتی جەستەی مرۆڤ، خاڵی سەرەکی و بنەڕەتی لای ئەمان ئاوەزە و هەر ئەویش واتا بۆ کەرەستەکان دادەنێت و لێکدانەوەیان بۆ دەکات، ڕەنگە هۆکاری پشتگوێخستن و بە کەمزانینی جەستە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردە و کەرەستە زمانییەکاندا بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە، وەك:

(١-چونکە وا بیریان دەکردەوە، کە دەکرێت توخمە بابەتییەکان (Subjective element) بناسێنرێت، کە گوایە ناڕاست نین بۆ بابەتی واتا(بابەتێکی سروشتی ناجێگیرن).

٢-ئاوەزی مرۆڤ هەبوویەکی ئەبستراکتە و باڵایە و لە سروشتی مرۆڤ بە دەرە، واتە مرۆڤ ناتوانێت دەستی بە ئاوەزی بگات، بەڵام جەستە شتێکی فیزیکییە، لە بەرئەوە باوەڕیانوابوو، کە ئاوەز هیچ پەیوەندییەکی نە بە هیچ لایەنێکی فیزیکی، نە تێگەیشتنی مرۆڤەوە هەیە.

٣-جەستە گرنگی پێنەدراوە، چونکە باوەڕوابوو هیچ ڕۆڵێکی لە ئاوەزدا سەبارەت بە بابەتە ئەبستراکتەکان نییە.)، (Johnson, 1987:xiv)

تێگەیشتنی ئەمان بۆ زمان زیاتر تێگەیشتنێکی ئەبستراکتییانەبووە، باوەڕیان بە لایەنی فیزیکی کەرەستەکان نەبووە، واتە ڕۆڵی لایەنی فیزیکی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی واتادا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم تێڕوانینانەی ئەمانەوە، زانستی زمانی درکپێکردن، بەم واتا و شێوە ئاوەزییە لە زمان ناڕوانێت، واتە باوەڕی بەوە نییە، کە ئاوەزی مرۆڤ بە تەواوەتی دەستی بە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی کەرەستە زمانیەکاندا گرتبێت، بەڵکو ئەم زیاتر سروشتی و سروشی/بەهرەی خۆی لە دابونەریتەکان و لە دەروونناسی و فەلسەفەوە دەکشێت و جەختی سەرەکی و گرنگی لە ئەزموونی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ پێکهاتە و ڕێکخستنی مرۆڤ وەردەگرێت، کە هەموو ئەمانە ڕۆڵیان لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی زماندا هەیە و ناتوانرێت بە بێ ئەمانە هیچ لێکدانەوە و شیکردنەوەیەك بۆ زمان بکرێت، بۆ نموونە سەرەتا مرۆڤ گوێی لە وشەیەك دەبێت، ئەوا ناتوانێت لە واتاکەی بگات، تا بە جەستە ئەزموونی نەکات، وەك ئەوەی کاتێك باسی یاری (کلاوێن) بۆ مرۆڤێکی بێگانە دەکەین، ڕەنگە لە واتاکەی نەگات و نەزانێت مەبەست لە چییە، چونکە بە جەستەی نەکردووە، کە دەڵێین بە جەستەکردن مەبەستمان لە سەرجەم هەستەکانی مرۆڤە، بە جەستەکردن ڕۆڵی گرنگی بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو و کەرەستەکانی زمان هەیە، هەربۆیە((لە زانستی زمانی درکپێکردندا، چەمکی بە جەستەکردن ئاماژە بە تێگەیشتنی مرۆڤ و ڕۆڵی جەستە لە تێڕوانینی لە واقیعی ڕۆژان دەکات، واتە چۆن جەستە و هەستەکانمان کاریگەریان لە سەر ئەو شێوازانە هەیە، کە ئێمە بیردەکەینەوە و قسەدەکەین))، (Maalej, ningyn, 2011:1)، بەجەستەکردن، بە واتا یەکانگیربوونی هەستی و هەستیاری و جوولەیی لەگەڵ پێواژۆی درکپێکردندا، بە واتایەکی تر ئاوێتەبوونی پێڕەوی جوولەیی و هەستکردن وکارلێکەکانی جەستە لەگەڵ ژینگە و دۆخداربوونی مرۆڤ لەگەڵ پێواژۆی بە چەمککردن و هەڵهێنجان و حوکمداندا دەگرێتەوە. جەستەی مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش ئاوەز و دەرەوەی ئاوازی مرۆڤە(جەستە)، کە ئەم دووانە بەیەکەوە کاریگەرییان لە سەر تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ڕووداو و دیاردەکان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا گیرا بێت و زیندانی کرابێت، کاتێك باسی ئەو سەردەمەی بۆ دەکەیت، لێکدانە و پەیپێبردن و درکپێکردنی ئەو بۆ ئەو ڕژێمە جیاواز دەبێت، لەگەڵ

ئەو گەنجەی، کە تەنها باسی دڕندەیی و خوێنڕێژی ئەو ڕژێمەی لەو سەردەمەدا بۆ دەکەیت، چونکە یەکەمیان ئەزموون و بە جەستەی کردووە، بەڵام دووەمیان ڕاستە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەزموون و بە جەستەی کردووە، بەڵام هیچ کات وەك ئەوەی یەکەم نییە، ڕەنگە تەنها تێگەشتنێك و درکپێکردنێکی سادەی بۆ دڕندەیی ئەو ڕژێمە هەبێت.

بەجەستەکردن تیۆرێکە جەخت لە ڕۆڵی ئەزموونە جەستەییەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ توانا درکپێکراوەکان دەکاتەوە و زانایانی بواری زانستی زمانی درکپێکردن و زانستی دەماریی بە وردی کاریان لە سەرکردووە، هەربۆیە بە جەستەکردن ((مۆدێلێکی دەروونییە لە سیستەمی پزیشکیدا، لە کاتێکدا بیرۆکەی بە جەستەکردن کاریگەریی زۆری لە زانستی درکپێکردن بە شێوەیەکە گشتی و زانستی زمانی درکپێکردنشیدا بە تایبەتی هەبووە))، (Evans, pourcel, 2009:8). بەم پێیە زانستی زمانی درکپێکردن سوودی لە زانستی پزیشکی وەرگرتووە، چونکە ئەم زانستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا دەکات، هەربۆیە بەجەستەبوون بووە بە بناغەیەکی بنچینەیی و سەرەکی لە زۆربەی بوار و توێژینەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردندا، هەرچۆنێك بێت سروشتی جەستەکە بە جەستە دەکرێت، خودی بە جەستەبوونیش پێویستی بە ئەزموون بوون لە جەستەدا هەبووە، نەك تەنها زانیاری کۆکردنەوە و توانای کارلێکردنی جەستە دەتوانێت زانیارییەکان لە ئاوەزدا دابکات ((لەم ڕوانگەیەوە سەرەتا زمان بە جەستە دەبێت))،(سەرچاوەی پێشوو: ٣١٠)، مەبەست لەمەش ئەوەیە، کە مرۆڤ تا لە ڕێگەی ئەزموونەکان شتەکان بە جەستە نەکات، ناتوانێت بە زمان گوزارشتیان لێبکات، بۆ نموونە کاتێك بە منداڵەکەت دەڵێیت، (با بڕۆین بۆ ماڵی نەنە نەسرین)، ئەگەر لە سەرەتادا بێت لێی تێناگات، بەڵام کە بردت بۆ ماڵی نەنکی، ئەو کات تێدەگات، کە ئەو ماڵە باوکی دەیڵێت مەبەست ماڵی نەنکێتی، کەواتە منداڵەکە تا شوێنەکە ئەزموون و بە جەستە نەکات، واتاکەی نازانێت، یادخود کەسێك ئەزموونی لە دەستدانی دایکی کردووە، زیاتر لەو ئازارە تێدەگات، تا کەسێك، کە ئەزموونی نەکردووە و بە سەریدا نەهاتووە.

ئەو زانیارییانەی، کە ڕۆژانە ئێمە وەریدەگرین، زیاتر لە ڕێگەی ئەزموونە بەجەستەکراوەکانی ئێمەوەیە، لەو ڕێگەیەوە زانیارییەکان کۆدەکەینەوە و پاشان بۆ ئاوەزمان دەگوازینەوە، بۆ نموونە (گەرما، سەرما، سەر، خوار، بەرز، نزم...هتد) ئەم چەمکانە دەتوانرێت وەك پەیوەندی بە بواری ئەزموونی ئێمەوە بیری لێبکرێتەوە، زانیارییەکانی ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەستەی ئێمەدا گشتگیربوون، واتە سەرەتای زانیارییەکانی ئێمە بۆ جەستەمان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە بیر لە شتێك لە ڕێگەی شتێکی ترەوە بکەینەوە، بۆ نموونە با سەرنج لەم ڕستانەی خوارەوە بدەین:

٧٢-ا- سەگەکە تۆپیوە.

ب-پاتریەکە تۆپیوە.

پ-زەویەکەی تۆپیوە، فلسێك ناکات.

ج-دوو شەش لە دەستیدا تۆپیوە.

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (٧٢-ا) بدرێت، ئەوا بە کارهێنانی ئاسایی کرداری (تۆپین)ە، بەڵام لە نموونەکانی تردا ئاخێوەر بە هۆی بە جەستەکردن و ئەزموون کردنەوە، کرداری (تۆپین) بەو جۆرانەی تر لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا دەربڕیوە، چونکە تۆپین بە واتای لە ناوچوون و بێ بەهایی شتێك دەدات، پلەیەکی نزمتری لە مردن هەیە، بۆیە ئاخێوەر زیرەکانە بە هۆی درکپێکردنەکانییەوە بەو شێوەیە ئەو ڕستانەی دەربڕیووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ جەستەی هەیە، هەربۆیە زۆربەی ئەو زانیارییانەی، کە وەریدەگرێت، زیاتر ئەوانەن کە لە جەستەوەیەوە دێن، نەك تەنها لە ڕێگەی بیروبۆچونەکانییەوە، چونکە جەستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کارلێك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەکات، ((مێرلۆ پۆنتی دژ بە دیکارتە و ئەو باس لەوە دەکات، کە مرۆڤ لە بری ئاوەزو جەستەی، مێشکی مرۆڤ بە جەستەوەیەتی و تەنها بوونێکە، کە دەتوانێت بگات بە ڕاستی شتەکان، چونکە جەستەی وەك

خۆی دیاردەکانی ئەزموون کردووە))، (Thom, 2017:23)، کەواتە لە جەستەی مرۆڤ دەڕوانێت، وەك ئەوەی عەقڵێك بێت، کە بتوانێت هەموو شتەکان لێکبداتەوە، بە واتایەکی تر سەرجەمی جەستەی مرۆڤ ڕۆڵی لە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوە و درکپێکردنی واتای کەرەستەکاندا هەیە، ئێمە وەك مرۆڤ زانیاری لە بارەی جیهانەوە کۆناکەینەوە، بەڵکو جیهان ڕاستەوخۆ لە ئاوەزی ئێمەدایە، بەڵام ئەمە تەنها بەس نییە، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە، کە جەستەش ئەزموونی بکات، پاشان کە بە جەستەکرا، دواتر ئێمە دەتوانین لە واتاکەی تێبگەین و لێکدانەوەی خۆمانی بۆ بکەین، هەر لەوێشەوە درکپێکردنی ئێمە بۆ شتەکانی دەوروبەرمان و جیهانی دەرەوە دروستدەبێت، ئەو شێوازەی، کە ئێمە ئەزموونمان لەگەڵ جیهاندا هەیە لە ناو خودی جەستەماندایە، واتە لە ڕێگەی جەستەمانەوە ئەزموونمان بۆ جیهان کردووە، بەواتایەکی تر سەرەتا لە ڕێگەی جەستەمانەوە ئەزموونی شتەکان دەکەین و پاشان تێگەیشتنی چەمکی ئێمە بۆ جیهانی دەوروبەر دروستدەبێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە ئێمە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئاوەزمانەوە جیهان لێکنادەینەوە، بەڵکو لە ڕێگەی جەستەمانەوە لێکیدەدەینەوە، ئەمەش نیشانەیە لە سەرئەوەی، کە چەمکی ئێمە بۆ جیهان ڕاستی نییە، بەڵکو چەمکەکانیش هەر لە چوارچێوەی درکپێکردن و لێکدانەوە و ئەزموون و بە جەستەکردنی ئێمەوە دروستدەبن، هەر ئەمەشە وادەکات وێنەیەك لای کەسێك جۆرێك لێکدانەوەی بۆ بکرێت و لای کەسێکی تر جۆرێکی تر لێکدانەوە و درکپێکردنی بۆ هەمان وێنە هەبێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەك:

٧٣- بێوەژن.

لای مەلایەك جۆرێك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لای کەسێك، کە خۆی بێوەژن بێت جۆرێکی تر لێکداوەی بۆ دەکرێت، لای توێژەرێکی کۆمەڵایەتی جۆرێکی تر، لای دایك بوو باوکێك، کە خۆیان منداڵێکی بێوەژنیان هەبێت جۆرێکیتر لێکدانەوە بۆ دەکرێت، ئەمانەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو درکپێکردن و ئەزموون و بەجەستەکردنانەی، کە کەسەکان لەگەڵ وشەکەدا هەیانە، چونکە ئەزموون و بەجەستەکردنەکان جیاوازن، کەواتە خودی چەمکی بێوەژنیش بۆ کەسەکان جیاواز دەبێت و وێنای وێنەیشی جیاواز دەبێت.

ئێمەی مرۆڤ جەستە و هۆشیاریمان هەیە، ئەم هۆشیارییەی مرۆڤ بە جەستە دەبێت، خودی ئەم بەجەستە بوونەش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەوەی، کە ئێمە بە چ جۆرێك و بە چ شێوەیەك کەرەستەکان لای ئێمە واتاداردەبن، واتە واقیعی هەریەکێك لە مرۆڤەکان ڕۆڵی لە داڕشتنی واتای کەرەستەکاندا بینیوە، یاخود واقیع بە پێی جوڵەی جەستەی ئێمە بنیاتنراوە، بۆ نموونە:

٧٤- گسکی تەمەڵ.

مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردنی خۆیەوە، توانیویەتی ئەو ناوە بۆ گسك دابنێت، ئەزموونە جەستەییەکانی ئێمە دەرئەنجامی مامەڵی ئێمەیە لەگەڵ جیهانی واقیع، بۆ نموونە سەرەتا مرۆڤ تەنها یەك وێنەی بۆ (چەك) هەبووە، بەڵام دواتر چەندین ناوی چەك لە ئەنجامی مامەڵکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەر دروستبووە و بەردەوامیش دروست دەبێت، هەربۆیە هەر دۆزینەوە و ئەزموونێکی مرۆڤ دەبێت وێنەیەك لەو ئەزموونە لە ئاوەزیدا کۆبکاتەوە و دابکرێت، یاخود وشەی (خۆشەویست) چەندین ناوی بۆ دروستبووە، بۆ نموونە:

٧٥-دەنك ⟵ خۆشەویست ⟵ کەپڵ ⟵ گێرڵ فرێند

کە هەموو ئەمانە ڕاستە مەبەست لە یەك کەسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درکپێکردنی مرۆڤەکان بۆ هەریەکێکیان جیاوازە، هەربۆیە ئەم وێنانە((پێش ئەوەی بە قسەبکرێن، لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و دەوروبەر بە دەستدەهێنرێن))، (حمەکریم،٢٠١٥:٧٧)، واتە بەجەستەکردن یەکەم هەنگاوی دروستکردنی وێنای وێنەیی، ئەمەش لە ئەنجامی مامەڵکردنی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەردا دروستدەبێت، تەنانەت ئەگەر سەرنج لە زمانی مرۆڤ بدرێت، ئەو ڕستە و دەربڕوانەی ڕۆژانە دەریدەبڕێت و بەکاریاندەهێنێت، زۆربەیان ناتوانێت لە خۆیەوە دروستیبکات، بەڵکو دەبێت بە هۆی ئەزموون و بەجەستەکردنەوە بێت، بۆ نموونە گۆرانی بێژێکی کورد، ڕەنگە نەتوانێت

ئاوازێکی یابانی بەهەمانشێوەی گۆرانی بێژێکی یابانی وەك خۆی بڵێتەوە، چونکە ئەزموون و بە جەستەی نەکردووە، ئەگەر سەرنج لە ژیانی مرۆڤ بدرێت، دەبینرێت بە ئەزموون و بەجەستەکردن فێری زۆربەی وشەکان دەبێت، بۆیە کاتێك خوێندکارێکی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی سەرەتا، کە پیتی (ب) دەخوێنێت، مامۆستاکە پێیدەڵێت چەندین جار بیڵێرەوە و بنوسەرەوە، تا فێری ببێت، ئاوەزی مرۆڤ زۆربەی ئەو شتانەی تێدایە، کە ئەزموون و بەجەستەیکردوون، بەبێ بوونی ئەوانە پرۆسەی بەچەمککردن سەرکەوتوو نابێت و چەمك دروست نابێت.

## ٢/١-٢) بەجەستەکردن و بەچەمکبوون

سیمانتیکی درکپێکردن توێژینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئەزموونکردن و بەجەستەکردنی زانیارییەکان لە ئاخاوتندا، واتە چۆن زانیارییە بەجەستەکراوەکان لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت، سیمانتیکی درکپێکردن باوەڕیوایە، ئەوەی لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە بەرهەمێکە لە ئاوەزی مرۆڤ لە ئەنجامی بەجەستەکردنەوە دروستبووە، هەربۆیە ڕێکخستن و گونجاندنی چەمکەکان و شێوازی ڕێکخستنیان لە لایەن سروشتی بەجەستەکردنەوە ڕێکخراون و گونجێنراون، مرۆڤ زانیارییەکان لە ڕێگەی هەستەکانییەوە وەردەگرێت، دواتر ئەم زانیارییەکانە بە پرۆسەی ئاوەزدا دەبرێن و لەوێوە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، دواتر هەموو ئەمانە لە چەمکێدا کۆدەکرێنەوە، بەم پێیە چەمك ((کۆی گشتی ئەو زانینەیە، کە وشەیەك هەیەتی و لە مێشکدا هەڵگیراوە.))، (حسێن، ٢٠٢١:٩٠)، کەواتە درکپێکردن و پەیپێبردن و زانیارییەکانی ئێمە بۆ چەمکەکان چۆن بێت، واتاکەی بەو جۆرە لێکدەدەینەوە، بە باوەڕی سیمانتیکی درکپێکردن پێکهاتەی چەمك لە ئەزموونی بەجەستەکردنەوە سەرهەڵدەدات، یان هەستە تایبەتەکانی جەستەمان کارلێك دەکەن لەگەڵ ئەو ژینگەی، کە تێیدا دەژین، ئەگەر زمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی چەمك بێت، ئەوە دوای ئەوە دێت، کە زمان ڕەنگدانەوەی ئەزموونە بە جەستەکراوەکانە، هەربۆیە ((لە فراوانترین پێناسەیدا گریمانەی بەجەستەبوون، ئەو بانگەشەیەیی، کە مرۆڤ بەجەستەبوونی جەستەیی و درکپێکردن و کۆمەڵایەتیبوون بنەمای سیستەمی چەمکی زمانەوانی ئێمەیە، گریمانەکە بە نیازە ببێتە تیۆرێکی ئەزموونیانە))، (Geeraerts, Cuyekens, 2007:27). هەستەکان گرنگن بۆ چۆنیەتی تێگەیشتنی ئێمە بۆ کەرەستەکان، مەرج نییە هەستەکان هەمیشە بە جیا جیا کاربکەن، بەڵکو زۆرجار هەستەکان بەیەکەوە سەبارەت بە تێگەیشتنمان بۆ ڕووداوێك و واتای کەرەستەیەك کاردەکەن، هەربۆیە((وێناوێنەییەکان هەمیشە دووبارە دەبێتەوە لەو جەستەیەوە، کە خەڵك بەردەوام دەبێت لە هەڵسوکەوتی پەیوەندیدار بە هەستەوە بۆ تێگەیشتن لە هاوسەنگی و ئامانج و ئەو ڕووداوانەی، کە ڕوودەدەن))، (Hampe, 2005:116)، واتە هەموو هەستەکان بە یەکەوە بۆ دروستکردنی وێنەیەك کاردەکەن، وێنا وێنەیی دووبارەکراوەی دینامیکییە شێوازی کارلێکردن و جووڵەی ئێمەیە، کە دەیبەخشین پێکەوە سەرجەمیان کاردەکەن و دەبنە پێکهاتەیەك بۆ ئەزموونەکە، کە لەم نێوانەشدا جەستە ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێت، جوڵەی جەستەی مرۆڤ و کارلێکردنی لەگەڵ ڕووداو و کەرەستەکاندا هەموو ئەمانە شێوازێکی دووبارەیان هەیە، بە بێ دووبارە بوونەوەی ئەمانە ئەزموونەکان تێکدەچن و واتای کەرەستەکان تێناگەین و واتاکان بەرەو لە ناوچوون و کاڵبوونەوە دەچن، خودی ئەم شێوازانەش بە وێنای وێنەیی ناودەبرێن، چونکە خودی وێنای وێنەیی بەشێوەیەکی سادە و ساکار کاردەکات، پێکهاتەی خودی وێنەکە بە شێوەیەکی گشتی لە چەندین بەش پێکهاتووە، پاشان ئەم بەشانە بەیەکەوە کاردەکەن و وێنەکە دروستدەکەن، بەم پێیە وێنەکان لە یەك سەرچاوەوە دروست نابن، بەڵکو هەموو هۆکارە دەرکییەکان کاریگەرییان لە سەر دروستکردنی وێنەکە و پاشان دروستکردنی چەمکەکان هەیە، بۆ نموونە:

٧٦- هەنار
شێوەی خڕ (بەرکەوتن، بینین).
ترش، مێخۆش (تامکردن).
پایزە (ئەزموونکردن).

پێکهاتەی ئەزموونە فیزییکیەکان ڕۆڵیان لە کۆنکرێتکردنی چەمکەکاندا، وەك وێناوێنەییەکان هەیە، کە ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی ڕووبەڕووی چەمکە ئەبستراکتەکان زیاتر ببینەوە، واتە تا ڕووبەرە فیزیکییەکان زۆرتر بێت ئەوە چەمکە ئەبستراکتەکان لە بەرانبەریاندا زیاتر دەبێت، هەربۆیە((گەشەسەندنی بیرۆکەی وێنای وێنەیی لە نزیکەوە پەیوەندیی بە گەشەسەندنی پێشنیازی تێگەیشتنی بەجەستەکراوەکانەوە هەیە))، ( Evans, Green, 2006:177)بەم پێیە تا زیاتر بتوانین لە بەجەستەکراوەکان تێبگەین، زیاتر دەتوانین وێنە و چەمکەکان لێکبدەینەوە، بۆ نموونە:

٧٧- شەولەبان

ڕەنگە لە ئێستادا منداڵێکی کورد نەتوانێت لەم دەربڕاوە بگات، چونکە بەجەستەی نەکردووە، هەربۆیە کاتێك ناویی دەهێنیت، هیچ کاردانەوەیەکی بۆ نابێت و لای ئەو هیچ واتایەك نابەخشێت، بەڵام ڕەنگە کەسێکی بە تەمەن، کە بەجەستەی کردووە، کە دەگوترێت شەولەبان یەکسەر تێبگات، کە مەبەست لێی (باگردینە)، کەواتە بە جەستەکردن پێش تێگەیشتن ڕوودەدات، لەمەشەوە ((وێنە ئاوەزییەکان ئەو چەمکە گشتییە بە دەستهاتووانەن، کە لە ئەنجامی ئەزموونەکانمان بە مامەڵکردن لەگەڵ دەوروبەر تێبگەیشتووین))، (حمەکریم، ٢٠١٥:٧٥)، ئەگەر سەرنج لە ژیانی ڕۆژانە بدرێت، ئەوە دەبینرێت، کە مرۆڤ جەستەی لەگەڵ کەرەستەکانی دەوروبەردا بەردەوام لەگەڵ یەکتردا کارلێکدەکەن و مامەڵەدەکەن، وەك کردەی جوڵە و نانخواردن و ڕاکردن و..هتد، هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لە ئاوەزیدا وێنەیان بۆ دروستببێت، ئەوەی ئەم ڕۆڵە دەبینێت بە ڕێژەی یەکەم جەستەیە و دواتر دیوی یەکەمی کەرەستە زمانییەکان دروستدەبێت.

ئەزموونە جەستەییەکان ناتوانن بە بێ ئەزموونە دەروونییەکان دروست بن، یاخود ئەگەر دروست ببن، ناتەواو دەبن، بۆ نموونە ڕەنگە ڕووداوێکی هاتوچۆ بۆ کەسێك بە ئازارتر بێت، کە سەرنشینەکانی کەسی نزیکینی، تا بۆ کەسێك کە هیچکام لە سەرنشینەکانی ناناسێت، کەواتە کەسی یەکەم چەمکێکی ناخۆش لای دروست دەبێت، کاتێك، کە باسی ڕووداوێکی هاتوچۆ دەکەیت، بەڵام کەسی دووەم ڕەنگە بە لایەوە زۆر گرنگ نەبێت، چونکە درکپێکردنی هەردووکیان بۆ ڕووداوەکان جیاوازە، بە هۆی جیاوازی بەجەستەکردنەکانیانەوە، ئەو پەیوەندییە دەروونی و ڕۆحییە، کە لەگەڵ سەرنشینەکاندا هەیانە.

## ٢/١-٣) بەجەستەکردن و پێکهاتەی چەمك

تێڕوانین و بۆچوون و پەیپێبردنی مرۆڤەکان سەبارەت بە فۆرم و واتای وشەکان و بەکارهێنانیان لە بنەڕەتدا پێکهاتەیەکی چەمکییە، پێکهاتەی چەمکیش ((هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە لە ئاوەزی مرۆڤدان، زانیارییەکانیش بریتییە لە بیری مرۆڤەکان))، (احمد، حمەکریم، ٢٠١٧: ٥٥). هەموو ئەو زانیاریانەش لای مرۆڤەکان وەك یەك نییە، بەڵکو جیاوازە، بۆیە پیکهاتەی چەمکیش لای هەریەکە لە مرۆڤەکان جیاواز دەبێت، هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەو ئەزموون و بەجەستەکردنانە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤەکان ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەربۆیە پێکهاتەی چەمکی ((سروشتی چەمکەکانی مرۆڤە و بەر ئەنجامی سروشتی بەرجەستەکردنەکانمانە))، (حسێن، ٢٠٢١: ٩١). کەواتە بەجەستەکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێکهاتەی چەمك و دەبێتە هۆی دروستبوونی چەمك و پێکهاتەی چەمك، بۆ نموونە دەکرێت وشەیەك، یاخود دەربڕاوێکی زمانی لای مرۆڤەکان بە هۆی بەجەستەکردنەکانیانەوە جیاواز بێت، هەربۆیە پێکهاتەی چەمکیشیان جیاواز دەبێت، چونکە بەجەستەکردنەکان جیاوازبوون، بە واتایەکی تر پێکهاتەی چەمك، کە لە ئەزموونی بەجەستەکراوەکانەوە

وەرگیراوە، پێکهاتەیەکی واتادارە و ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی چەمکە، کەوابوو ((وشەکان و واتاکانیان و ئەرکیان تەنها نوێنەر و خستنەڕووی ئەو (چەمکانەن)، کە لە ئاوەزی مرۆڤدا بونیان هەیە، تەنانەت دەتوانرێت بگوترێت، کە نمایندەی سەرجەمی (چەمکەکان)یش نین)) (قادر، ٢٠١٧: ٤٢)، کە دەگوترێت نمایندەی سەرجەمی چەمکەکان نییە، مەبەست لەوەیە، کە ناتوانرێت سنوری چەمکەکان بە تەواوەتی دیاریبکرێت، بەڵکو هەر چەمکێك نمایندەی ئەو زانیارییانە دەکات، کە ئاخێوەر بۆ چەمکەکە ئەزموون و بەجەستەی کردووە، خودی واتاش پەیوەندی بە پێکهاتەکەوە هەیە، واتە پێکهاتەی واتاکە دیاریدەکات، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لایەنە گرنگەکانی تێگەیشتنی بە جەستەکراوەکانەوە هەیە، چونکە ((پێکهاتەی چەمکەکان لە ئەزموونی بەجەستەکراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن و دروستدەبن))، (Evans, Green, 2006:177). ئەزموونەکانی مرۆڤیش لە هەستەکانەوە سەرهەڵدەدات، بەم پێیە هەموو هەستەکان پێکەوە کاردەکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێت پێکهاتەی چەمك بۆ کەرەستەیەك دروستبکەن، بۆ نموونە:

٧٨- سێو
تام (شیرین، ترش)
بینین (سەوز، سور)
بیستن (سەرجەم زانیارییە جیاوازەکان سەبارەت بە سێو)
بۆنکردن (بۆنی سێو)
دەستلێدان (بەرکەوتن)

سەرجەمی هەستەکان پێکەوە پێکهاتەی چەمکەکە دروستدەکەن، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت بە سەنتەرکردنی هەریەکێك لەوانە، پەیوەندی بە خودی ئەو ئەزموونەوە هەیە، کە هەریەکە لە مرۆڤەکان بە شێوەی جیاواز بە جەستەیان کردووە، لەگەڵ ئەو باردۆخەی، کە دەیانەوێت تێیدا بە کاریبهێنن، بۆ نموونە لای شاعیرێك زیاتر شێوەکەی بە سەنتەرکراوە، لای بۆنفرۆشێك بۆنەکەی و لای کابانێك ناوەکەی، کەواتە مادەم ئەزموون و بەجەستەکردنەکان لای کەسەکان جیاواز بوون، پێکهاتەی چەمکیش جیاواز دەبێت، ((چونکە پێکهاتەی چەمك بەرهەمێکە، کە ئێمە چۆن وەك مرۆڤ ئەزموونی دەکەین و کارلێککردنە لەگەڵ ئەو جیهانەی، کە جەستەی ئێمەی تێدا دەژی))، (Taylor, Evan, 2003:22). چۆنیەتی ئەزموونکردن و بەجەستەکردنی هەریەکە لە مرۆڤەکان بۆ وشە و دەربڕاوەکان هەمان شت نییە، چونکە هەریەکە لە مرۆڤەکان بە شێوەی جیاواز بەجەستەیان کردوو، زمانیش لە بری ئەوەی ئاماژە بە جیهانی ڕاستەقینە بدات، ئاماژە بەو شتە دەکات، کە لە سیستەمی چەمکی مرۆڤدا نوێنەرایەتی دەکرێن، هەربۆیە بەرهەمی چۆنیەتی بەجەستەکردن و کارلێکی ئێمە لەگەڵ سروشتدا پێکهاتەی چەمك دروستدەکات، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

٧٩- ئەمساڵ باران کەم باریووە.

گرنگترین زانیاری، کە لێرەدا بەجەستە دەبێت و درکیپێدەکرێت، بێ ئاوی هاوینە، چونکە بێ بارانی خودی واتای بێ ئاوی و نەبوونی ئاوی پێویستی لە پێکهاتەکەیدا هەڵگرتووە، لەبەرئەوەی مرۆڤی کورد لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردن و پەیپێبردن/تێڕامان و دنیابینییەوە تیدەگات، کە بێ بارانی یەکسانە بە بێ ئاوی لە هاویندا، کەواتە گرنگترین زانیاری لەناو پێکهاتەی چەمکی بێ بارانی بریتییە لە نەبوونی ئاو لە هاویندا.

پێکهاتە چەمکییەکان گوزارشت لە پێکهێنەری ئەزموونەکان دەکەن، کردەی پەیوەندیکردن کاتێك دروستدەبێت، کە مرۆڤەکان ئەو ڕووداو و کەرەستانەی، کە ئەزموون و بەجەستەیانکردووە، بە چەمکیان بکات، هەرچەندە پێکهاتەی چەمکیش بە پێی ئەزموونی کەسەکان جیاواز دەبێت، بەڵام هەندێك لایەنی سەرەکی پێکهاتەکە وەکیەك دەبن، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

٨٠-وشکەساڵی
لای زۆربەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی واتای بێ ئاوی دەدات، کە بە هۆی بەجەستەکردنەکانیانەوە، توانیویانە بۆ پێکهاتەی چەمکەکە ئەزموونی بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان سەبارەت بە وشەکە لە یەکتر تێبگەن، چونکە پێکهاتەی چەمکیی ((لە ئەنجامی ئەزموون و شارەزاییەکانی مرۆڤەوە دادەڕێژرێت، بۆ داڕشتنیشی لە پێشدا دەبێت مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە ئەزموونی جیهانی دەرەوە بکات و شارەزایی بنیاتبنێت))، (ابراهیم، ٢٠١٩: ٤٩). کەواتە ئەگەر مرۆڤ ئەزموون و شارەزایی لە کەرەستەکاندا نەبێت و بە جەستەی نەکردبێت، ناتوانێت پێکهاتەی چەمکی بۆ دروستبکات، نەك تەنها بە جەستەی کردبێت، بەڵکو دەبێت شارەزایی سەبارەت بە خودی کەرەستەکە پەیدا کردبێت، بۆ نموونە ڕەنگە ئێستا باسی وشەیەکی وەك:
٨١-کەرەنتوو
کە ئامێرێکە لە داس گەورەترە و بۆ بڕینی گیا بەکاردێت، بۆ منداڵیك، یاخود گەنجێك بکرێت، ڕەنگە نەتوانێت و نەزانێت پێکهاتەی چەمکەکەی بریتییە لە چی، چونکە لە ڕێگەی بە جەستەکردنەوە ئەزموونی نەکردووە، لە ڕێگەی هەستەکانییەوە پێی شارەزا نەبووە، بۆیە لێی تێناگات، لەبەرئەوەی ((کۆمەڵێك زانیاریی بەیەکەوە داڕشتەی چەمکی چەمکێك دادەڕێژن))، (سەرچاوەی پێشوو، ٥٠). بۆیە پێکهاتەی چەمکی یەك لایەن نییە، بەڵکو فرە لایەنە و لە چەندین سەرچاوەوە هاتووە، تەنانەت هەندێکجار پێکهاتەی چەمك کاتێك واتادار دەبێت، کە بە ئەزموونێکەوە بەسترابێتەوە، لەم ڕوانگەیەوەیە، کە (Evans, Green) باوەڕییانوایە، کە((بەشێك لەوەی، کە پێکهاتەی چەمك واتا دروستدەکات، ئەو ئەزموون و بەجەستەکردنەیە، کە لەگەڵیدا بەستراوە))، (١٥٧:٢٠٠٦). بۆ نموونە کاتێك باسی:
٨٢- نەورۆز
دەکرێت، یەکسەر دەبەسترێتەوە بەو ئەزموونەی، کە کاوەی ئاسنگەر زوحاکی خوێنڕێژی کوشتووە، پاشان ئاگری کردوەتەوە، کەواتە کاتێك باسی نەورۆز دەکرێت ڕاستەخۆ لەگەڵیدا(ئاگر و کاوەی ئاسنگەر و زوحاك) چالاك دەبێت، زمانیش ئاماژە بەو چەمکانە دەکات، کە لە ئاوەزی ئاخێوەردان و لە بەجەستەکردنی ئەزموونەکانیەوە داڕشتووە، بەواتایەکی تر سروشتی بەجەستەبوونی ئێمە مەودا و سروشتی چەمکەکان دیاریدەکات، کە دەتوانرێت لەوێشەوە نوێنەرایەتی بکرێن و پێناسە بۆ پێکهاتەی چەمکەکان بکرێت، دواتر دەتوانرێت ئەوە بزانرێت، کە چۆن ئەم چەمکانە کۆد دەکرێن، بە درێژایی زمانەکە دادەکرێن، چۆن سیستەمی زمانەکە لە سەر بنەمای چەمکەکان واتادار دەبێت، کە هەموو ئەمانەش لە بەجەستەبوونی کەرەستەکانەوە وەرگیراون، واتاکانیش پەیوەستن بە وشە و توخمە زمانییەکانی تر، کە ((یەکێکە لەو ڕێگەیانەی، کە زمان نوێنەرایەتی چەمکی کۆد دەکات، بە دابینکردنی واتای پێکهاتەکەی))، (سەرچاوەی پێشوو، ١٧٦). ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی، کە زمان باسیان دەکات بە زۆری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەلایەنی بنچینەی بەجەستەکراوەکانەوە هەیە، چونکە ((دروستەی چەمکی ڕۆڵی سیمانتیکی دیاریدەکات))، (حسێن، ٢٩:٢٠٢١). ئەمەش مەبەست لەوەیە هەر زانیاریەك، کە پەیوەستە بە وشەکەوە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، واتە کۆی ئەو هەموو زانیارییانەی، کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانیەوە بەجەستەی کردوون و درکیان پێدەکات، لە ناو پێکهاتەی چەمکدا ڕەنگی دابێتەوە و دواتر ئەمانە ڕۆڵی سیمانتیکیش دیاریدەکەن، بۆ نموونە:

٨٣- قوتابخانە

خوێندن
مامۆستا
خوێندکار
نمرە
کەوتن و دەرچوون
بینا
فێربوون
پەروەردە
زیرەك و تەمەڵ
تاقیکردنەوە
تەختەڕەش
کتێب و دەفتەر

کۆی سەرجەمی ئەو زانیارییانە ڕۆڵیان لە پێدانی واتای سیمانتیکیدا بۆ وشەکە هەیە، لەبەر ئەوەی زمان خۆی لە خۆیدا کۆزانیارییەکی ئینسکلۆپیدییە، ((ئینسکلۆپیدییەکەشی بۆ سەرجەم شارەزاییە ئەزموونکراوەکانی مرۆڤ، کە تێیدا ژیاوە و لە ڕێی هەستەکانییەوە لە ئاوەزیدا بە کۆدی کردووە دەگەڕێتەوە))، (قادر، ٢٠١٧:٤٢١)، کە خودی پێکهاتەی چەمکیش ڕەنگدانەوەی تەواوی شارەزایی و ئەزموون و بە جەستەکراوەکانی تەواوی هەستەکانی مرۆڤە، لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە سەرەتای پێکهاتەی سیمانتیکی بۆ بەجەستەبوون دەگەڕێتەوە، بۆ ڕوونکرنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم هێڵکارییە بدرێت:




**هێڵکاری ژمارە (١)**
**لە بەجەستەکردنەوە بۆ واتای زمانیی**
وەرگیراوە لە (Evans, Green, 2006:177)

هێڵکارییەکە ئەوە دەردەخات، کە بەجەستەبوون بنەما و بنچینەی واتایی زمانییە، کە سەرەتا پێکهاتەی چەمك دروست دەبێت و لە ڕێگەی وێناوێنەییەکانەوە دەنوێنرێت، پاش ئەوەی وێناکە لە ئاوەزدا بە هۆی زانیاری و

پەیپێبردن و بەجەستەکردنەکانەوە دادەکرێن، دواتر بە وێنەکە نمایندەی دەکات، کە خودی ئەم وێنەیە نمایندەی واتای پێکهاتەی چەمکەکەیە.

دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، پێش ئەوەی پێکهاتەی چەمکی دروست بێت، پێویستە مرۆڤ داڕشتەی پەیپێبردنی هەبێت، کە خودی پەیپێبردن/تێرامان بریتییە لە ((پێواژۆی گۆڕینی کارلێکردنی جەستەی مرۆڤ بە هۆی هەستەکانەوە لەگەڵ دەرەوە بۆشارەزایی))، (ابراهیم، ٤٩:٢٠١٩)، کاتێك مرۆڤەکان لە ڕێگەی جەستە و ئاوەزییانەوە کارلێك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەکەن، ئەم کارلێکردنە ئەزموونێك دێنێتە ئاراوە دواتر ئەم ئەزموونە بۆ شارەزایی دەگۆڕدرێت، هەربۆیە تێگەیشتن لە دیاردەیەك، یاخود کەرەستەیەك نایەتە ئاراوە، تاوەکو ئەو کەرەستەیە دووبارە نەبێتەوە و جارێکی تر ڕوونەداتەوە (مەبەست لە دووبارەبوونەوەکە ئەوەیە، کە بەر هەر پێنج هەستەکە، یان زیاد لە دانەیەکیان بکەوێت)، هەرکاتێك ئەمە ڕوویدا ئەو کاتە لە ئاوەزی مرۆڤدا دادەکرێت و دواتر تێگەیشتن دروستدەبێت، بۆ نموونە سەرەتا خوێندکارێکی بەشی کوردی، کە دێتە قۆناغی یەکەم وشەی (فرێز) دەبیستێت لای گران دەبێت، چونکە پێشتر ئەوە وشەیەی نەبیستووە و بەجەستەی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ڕۆژانە لە وانەکاندا  و بەهۆی درکپێکردن و پەیپێبردنەکانییەوە لە وشەکە تێدەگات و دەبێتە هۆی ئەوەی شارەزایی وشەکە  بێت و پاشان تێگەیشتن بێتە ئاراوە. تەنها دەتوانرێت لەو چوارچێوەیەدا وشەکان بەکاربهێنین و پێکهاتەی چەمکیان بۆ دابڕێژین، هەربۆیە ئەم بنەمایە جەخت لەو دەکاتەوە، کە ((زمان ئاماژە بە چەمکەکان دەکات لە ئاوەزی ئاخێوەردا، نەك جیهانی دەرەوەدا))، (Evans, Green, 2006:157)، واتە ئاوەزی ئاخێوەر چۆن پێکهاتەی چەمکەکەی دروستکردووە، زمان بەو شێوەیە ئاماژەی بۆ دەکات، نەك بەو شێوە چۆن لە دەرەوە بیری لێدەکاتەوە، بۆ نموونە:

٨٤- دەرزی

زۆربەی مرۆڤەکان لێی دەترسن، بۆیە پێکهاتەی چەمکی (دەرزی) لای ئەو کەسانەی بەجەستەیان کردووە، بەشێك لە پێکهاتەی چەمکەکەی بریتییە لە (ترس)، بەڵام لای کەسێك، کە پەرستارێك دەرزیەکی بۆ کردووە و دواتر بەهۆی ئەو دەرزییەوە بووە بە خۆشەویستی واتای پێکهاتەکە جیاواز دەبێت، چونکە بەجەستەکردن و پەیپێبردن و درکپێکردنی ئەم بۆ خودی دەرزیی جیاوازە، کەواتە ((ئەگەر ڕێکخراوەیی چەشن و  جۆرەکانی کۆزانیاری بنەمای داڕشتنی هەر چەمکێك بێ ئەوا شرۆڤە و تێگەیشتن لە پاشخانی زانیاری هەر وشەیەك(کە نمایندەی چەمکێکە) بۆ خۆی بنەمای تێگەیشتنە لە داڕشتەی چەمك))، (قادر، ٤٤١:٢٠١٧). بۆ نموونە مرۆڤ ناتوانێت لە وشەیەکی وەك:

٨٥- دەستگێڕ

تێبگات، تا لە پاشخانی کۆزانیارەییەکانی ئەو وشەیە نەگات، چونکە خودی پاشخانەکە بنەمایە بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی چەمکەکە، بە هۆی وشەی دەستگێڕەوە دەربڕاوە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی چەمك بەرهەمێکە، کە مرۆڤ چۆن شتەکان ئەزموون و بەجەستەدەکات، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت((جەستەمان دەبێتە هۆی دروستبوونی چەمك))، (Evans, Taylor, 2003:22)، بەمەش تێگەیشتنی ئێمە بۆ پێکهاتەی چەمکەکان بەستراوەتەوە بە بەجەستەکردنەکانی ئێمە بۆ خودی چەمکەکان، هەربۆیە پێکهاتەی چەمکەکان لەو پەیبردن و ئەزموون و بەجەستەکردنانەوە دروستدەبێت، کە مرۆڤەکان بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە، هەر ئەمەش وادەکات، کە لایەنی سەرەکی توانای تێگەیشتنی مرۆڤ بریتییە لە بە چەمککردنی ئەزموونەکان بۆ پەیوەندیکردن، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە میتافۆرەکاندا ڕەنگدەداتەوە، بۆ نموونە:

٨٦- دەڵێیت پیرەژنی دۆ ڕژاویت.

ئەگەر کەسی بەرانبەر ئەم دەربڕاوەی ئەزموون  و بەجەستەنەکردبێت، ناتوانێت لە واتاکەشی تێبگات و پێکهاتەی چەمکی بۆ دابڕێژێت، لەبەرئەمەش تێگەیشتن نایەتە ئاراوە، کەواتە بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی هەر چەمکێك خاڵی

سەرەکی و گرنگ بریتییە لە بەجەستەکردنی ئەو چەمکە، پێکهاتەی چەمکیش بە درێژایی زمانەکە بە یەك شێوە نامێنێتەوە، بەڵکو بە هۆی پەیپێبردن و بەجەستەکردن و درکپێکردنە جیاوازەکانەوە کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیایی گۆڕانی بە سەردا دێت، بۆ نموونە جاران:

٨٧-کورسی

بریتیبوو لەو کەرەستەیەی، کە لە سەری دادەنیشتین، بەڵام لە ئێستادا پێکهاتەی چەمکی کورسی لە لای ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە کۆی کۆزانیارییی ئینسکلۆپیدیایەکەوە گۆڕانی بە سەردا هاتووە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

٨٨- کورسییەکەی جێنایەڵێت.

مەبەست لەوەیە، کە دەسەڵات جێنایەڵێت، کەواتە مادەم ئەزموون و بەجەستەکردنەکان گۆڕانی بە سەردا هاتووە، پێکهاتە چەمکییەکەش گۆڕانی بە سەردادێت، دەتوانرێت بگوترێت، کە ((پێکهاتەی چەمکەکان ئەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤە لە جیهان))، (Evan, 2007:138)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئێمە بە پێی ئەزموون و بەجەستەکردنی خۆمان پێکهاتە بۆ چەمکەکان دیاریبکەین و سنوریان بۆ بکێشین، بۆ نموونە ڕەنگە لای کەسێکی نابینا نەتوانێت لە پێکهاتەی چەمکی گوڵدا ڕەنگەکەی دابڕێژێت، چونکە بە هۆی لە دەستدانی بیناییەوە ئەوە لایەنەی بەجەستەنەکردووە.

هەموو پێکهاتەی چەمکێکیش لە سێ بەشی گرنگ پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

((١- هێما(وشە/هێما) ناو بۆچەمکەکە.

٢-هێما بۆکراو، نموونەی چەمکن.

٣-تایبەتێتی، جۆرایەتییەکانن(کوالێتی)، کە هەموو نموونەکانی چەمك پشکی هاوبەشیان تیایدا هەیە))، (حسێن، ٢٠٢١:٥٦). بۆ نموونە وشەیەکی وەك:

٨٩-دەستبڕ

لێرەدا وشەکە بووەتە هێما بۆچەمکی کەسێك، کە پارە لە خەڵك وەربگرێت و نەیداتەوە، یاخود کەسێك بەڵێن بە کەسێك بدات و نەیباتە سەر، هەموو ئەم زانیاری و درکپێکردنانە بە وشەی دەستبڕ هێمای بۆ کراوە.

# بەشی دووەم

## خەملّینی ویّنای ویّنەیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا

## ١/٢) وێنای وێنەیی لە زانستی زمانی درکپێکردندا

### ١/٢-١)پەیوەندیی وێنای وێنەیی بە ئەزموون و ڕاستەقینەوە

وێناوێنەییەکان زیاتر بە سیمانتیکی درکپێکردنەوە پەیوەستن، لە ڕاستیدا وێنای وێنەیی هەموو ئەو ئەزموونە ئاوەزییانە دەگرێتەوە، کە لە کارلێکردنی سەرجەم هەستەکانی مرۆڤ، لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بە دەستهاتوون، بە واتایەکی تر لە ئەنجامی تەواوی هەستەکان و ئەو ئەزموونانەی، کە هەستەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەیانە، بووەتە هۆی ئەوەی وێنای وێنەیی دروستببێت، بەمەش ((وێناوێنەییەکان لە ئەزموونی هەست و هەستەوەرەکانەوە وەرگیراون، کاتێك ئێمە کارلێك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەکەین و جیهان دەگوازینەوە))، (Evans,Green, 2006:176)، وەك هەموو ئەو کردارانەی مرۆڤ ڕۆژانە دەیکات، بۆ نموونە ڕادەکات، قسەدەکات، دادەنیشێت ...هتد، کە سەرجەم ئەمانە دەبێتە هۆی وێنای وێنەیی لە ئاوەزی مرۆڤدا دروستببێت، بە باوەڕی (جۆنسۆن) ئەم لایەنەی ئەزموونەکان دەبێتە هۆی وێنەکێشانی وێنەکان و هەر لە سەرەتای ئەزموونی جەستەمانەوە لەگەڵ لایەنی دەروونی گەشەدەکات، واتە هەردوو لایەنی دەروونی و فیزیکی کاریگەرییان لە دروستکردنی وێنەکان و پاشان بەخشینی واتا پێیان دەبێت، هەربۆیەش((هەموو دەربڕاوێکی زمانی سەرەتا بە هۆی ئەزموونی مرۆڤ لەگەڵ شتەکان درکپێکراوە))، (حمەکریم، ٢٠١٥:٧٥)، ئەمەش وادەکات بە پێی ئەزموونی هەریەکێك لە مرۆڤەکان درکپێکردنیان بۆ ڕووداو و کەرەستەکان جیاواز بێت و هەریەکەیان بە جیاواز بیری لێبکەنەوە، بۆ نموونە:

١- سێ گەنج لە (٣/٢١) لە ئاوی ماوەت خنکان.

ئەگەر کەسوکاری ئەم گەنجانە باس لە نەورۆز بکەن، ڕەنگە بڵێن نەورۆزی چی؟ بڵێ ڕۆژە ڕەشەکە، چونکە ئەزموونیان لەگەڵ نەورۆزدا لە ناوچوونی سێ منداڵیان بوو، بەڵام لای کەسانێك، کە بۆ ئەو ڕۆژە جلی کوردی دەکرن و دەچن بۆ سەیران، ڕەنگە ڕۆژێکی خۆش و پڕچێژ بێت، کەواتە ئەزموونی کەسەکان لەگەڵ واقیعدا وێناکان جیاواز دەکات و بەمەش واتاکان جیاواز دەبن، چونکە: ((لە سیمانتیکی درکپێکردندا بەرهەمهێنانی واتا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەزموونەکانی مرۆڤ و دەوروبەر و ئەو وێنە ئاوەزییانەی (وێناوێنەیەیی)، کە بە هۆی هەستەکانەوە دروستدەبێت هەموو ئەمانە دەبنە واتایەك و بە هۆی دەربڕاوە زمانیەکانەوە دەردەبڕدرێن))، (سەرچاوەی پێشوو:٧٦). بەم شێوەیە زۆربەی دەربڕاوە زمانییەکان لە کاتی بەکارهێنان و دەربڕینیاندا بە هۆی ئەزموونێکەوە دروستبوون، پاشان توانراوە دەبڕدرێن، بۆ نموونە منداڵ لە سەرەتادا ناتوانێت بڵێت(دایکم)، چونکە هێشتا ئەزموونی نەکردووە، بەڵام دواتر چەندین جار ئەزموونی دەکات و دەیڵێتەوە، دەتوانێت بە ئاسانی دەریببڕێت، لەبەرئەوەی ((مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرجەستەیە، نەك ئاوەزێکی پاك و بێگەرد، سروشت و هەڵکەوتنی ئەندامەکانی مرۆڤ کاریگەری لە سەر ئەزموونەکانی لە جیهانی دەرەوەدا هەیە و ئەم ئەزموونەش لەو زمانەدا ڕەنگیداوەتەوە، کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت))، (Geeraerts, 2006:5). ئەو دیمەنانەی مرۆڤ دەیانبینێت و بەکاریاندەهێنێت بۆ وێناکردنی دیمەنێك لەو ڕاستییەوە وەرگیراوە، کە جەستەی و نیگاکردنی ئاڕاستەیەکی سروشتیان هەیە، هەربۆیە ناتوانرێت بگوترێت سەرجەمی واتا بریتییە لە ئاوەزێکی پاك و دوور لە ئەزموونی مرۆڤ، بە هۆی ئەمەوەیە، کە: ((ئەزموونەکان لە دنیای دەرەوە بۆ ناو زمان دەگوازرێتەوە، لەم گواستنەوەیدا چەمکەکان دروستدەبن))، (صفوی، ١٣٨٤: ٨٦)، کەواتە سەرەتای دروستبوونی چەمك بریتییە لە ئاوەز، بۆیە دەبنە کرۆکە واتا، واتە سەرەتای دروستبوونی واتا لەمانەوە دەستپێدەکات. بەم شێوەیە دەکرێت بگوترێت وێناوێنەییەکان بە بنەمای یاسایی چەمکەکان دەبینرێت، کەواتە وێنا وێنەییەکان ((بناغەی سیستەمی

چەمکن، چونکە ئەوان یەکەمن))، (Evans,Green, 2006:180) هەربۆیە قۆناغی یەکەمی چەمك وێناوێنەییەکانە و ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەزموونێکەوە دروستدەبێت.
یەکێك لەو بانگەشانەی، کە سیمانتیکی درکپێکردن باوەڕی پێیەتی، بریتییە لەوەی ئەو بیرانەی مرۆڤ بەدەستیهێناون لە ئەنجامی ئەو ئەزموونانەی خودی مرۆڤ خۆیەوە بووە. هەرئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی وێنای وێنەییەکان تایبەتمەندێتی و خەسڵەتی ئەو بیرانە لەوە بەدەستبێنێت، کە ئەزموونی مرۆڤەکان خولقاندوێتی، هەر کاتێکیش سەرجەم مرۆڤەکان بەشداریانکرد لە دروستکردنی ئەو ئەزموونەدا. ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی و دواتر واتا وەردەگرێت لە کۆمەڵ و فەرهەنگدا واتاکەی دەچەسپێت، بۆ نموونە لای ڕاست و چەپی مرۆڤ سەرەتا لە ڕێگەی لەشیەوە/جەستەیەوە لای ڕاست و چەپی خۆی ناسیووە و ئەزموونیکردووە، ئەمەش هۆکاربووە، بۆ ئەوەی وشەی لای ڕاست و لای چەپی سەرجەم کەرەستەکان دروستببێت، کەواتە هەموو ئەزموونی کەڵەکەبووی مرۆڤ یارمەتیدەرن بۆئەوەی واتای کەرەستەکان دروستببن، کە دەتوانرێت بگوترێت وێناوێنەییەکان، مرۆڤ لە ئەنجامی ئەزموونەکانییەوە دروستیکردون و بەدەستیهێناون، بۆیە ((چەمکەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئاوەزی مرۆڤدا دەردەکەون، چونکە پەیوەندییان بە ئەزموونی هەستەوە هەیە، بە تایبەتی وێناوێنەییەکان))، (Evans,Green, 2006:181). تەنانەت گەر مرۆڤ بیرێکیشی بدرێتێ زەحمەتە وێنەیەکی لە هزریدا بۆ دروست بکات، تا ئەو کاتەی ئەزموونی دەکات، لەبەرئەوە ناتوانێت لە چەمکێکی وەک (سەگ و کتێب) تێبگات، تا ئەزمونیان نەکات، تەنانەت گەر وەک بیریش بیدرێتێ، چونکە ((ئەوەی لە وشەش دایە کەمترە لەوەی لە ناو بیردایە))، (حەمەساڵح، ٢٠١٠: ١٠٧)، هەربۆیە وێناوێنەییەکە بە تەواوەتی ناتوانێت ئەوە بگەیەنێت، کە لە ناو بیرەکەدایە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم چەمکە دیاریکراوانە پەیوەندییان بەو بیرانەوە هەیە، کە ئێمە دەیانزانین، لەبەرئەوەی بیری هەر کەس و میللەتێك لەگەڵ یەکتردا جیاوازە، بۆیە وێناوێنەیەکانیشیان جیاوازدەبێت، وێناوێنەییەکان زۆر بنچینەین، ئێمە ئەوان لە ئەزموونی خۆمانەوە دروستدەکەین. سەرجەم ئەمانەش پێش وەرگرتنی زمانە، بۆیە درکپێکردنی مرۆڤ و ئەزموون و هەڵهێنجانی مرۆڤ هۆکارن بۆدروستبوونی وێناوێنەییەکان، لەبەرئەوە وێناوێنەییەکان پێش ئەو کاتە بنیاتدەنرێن، کە مرۆڤ دەیەوێت دەریانببڕێت، واتە دەربڕینەکە لە دوای ئەو کاتەوە دروستدەبێت و مرۆڤ دەتوانێت دەریببڕێت، کە وێناوێنەییەك دروستبووە، ئەمەش وادەکات، کە مرۆڤ لە دەربڕاوەکان تێبگات، کەواتە:

ئەزموون ⟵ وێنای وێنەیی ⟵ کرۆکە واتا ⟵ دەربڕین

بۆیە ((ئەزموونی ڕاستەقینەی زمان، بریتییە لە ئەزموونی بەکارهێنانی زمانی ڕاستەقینە))، (Geeraerts,D, 2006:5)، نەك ئەو واتایانەی، کە وشەکان لە فەرهەنگدا هەیانە، یاخود لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا دەبینرێت و هەستییان پێدەکرێت، بۆ نموونە:

٢-ڕەمەزان
- ⟵ لای موسڵمانان مانگێکی پیرۆزە
- ⟵ لای موسڵمانێکی ناموسڵمان(هەم پیرۆزە، هەم ناخۆشە)
- ⟵ لای ئەوانەی موسڵمان نین، مانگێکی ئاساییە
- ⟵ لای ناموسڵمانێک، کە ڕێز لە موسڵمان و بۆچوونە ئاینییەکان دەگرێت (مانگێکی ڕێزلێگیراو).

کەواتە درکپێکردن و ئەزموونی کەسەکان وادەکات، کە واتای چەمکەکە و وێنەکەی جیاواز بێت، نەك خودی فەرهەنگ و ڕستەکان، لە لایەکی ترەوە وێناوێنەییەکان هەمان وێنەی هۆشەکی نین، بەڵکو جیاوازترن، چونکە کاتێك دەگوترێت وێنای وێنەیی((مەبەستمان چەمکی ئەو وێنانە نییە، کە لەڕێگەی هەستی بینینەوە ئەزموونکراون، بەڵکو چەمکەکە لەوە فراوانترە و هەستەکانی تریش دەگرێتەوە))، (کانبی، باپیر،٢٠٢٠: ٩٥))، هەروەها وێناوێنەییەکان ڕەهەندەکانی وردتر و جیاوازتر و قوڵ و فرانترە، لەبەرئەوەی لە ئەنجامی چەندین ئەزموونەوە،

که مێژوویەکی درێژتری هەیە دروستبوون، بۆ نموونە کاتێك چاودادەخەیت و وێنەی سلێمانی دەهێنیت پێش چاوی خۆت، ئەوە وێنەی هۆشەکییە، کە دەتوانرێت چەندین وردەکاری شاری سلێمانی تێدا بێت، وەك: (شاخی گۆیژە، شاری جوان، تایتانیك، چاڤی لاند، سەرچنار، زانکۆی سلێمانی، باخی گشتی) چەندین دیمەنی تر، کە ئەمانەش تا ڕادەیەکی زۆر خودوێناکردنی مرۆڤە بۆ شاری سلێمانی، بەڵام ناتوانین بە هەمان میکانیزم وێناوێنەییەکان دروست بکەین، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا ئەمانە قوڵتر و فراوانترن و لە چەندین ڕەهەندەوە هاتوون، لە لایەکی ترەوە وێناوێنەییەکان ((لە ڕێگەی زمانەوە مۆدلێکی جیا و سەربەخۆ لە ئاوەزدا نییە، بەڵکو هەموو ئەزموونی ئێمە لە وێنەکەدا ڕەنگیداوەتەوە))، (Evans,Green, 2006:185)، بۆیە واتای زمانی نییە، کە جیا و سەربەخۆ لە ئەزموون و جیهانی دەرەوەی مرۆڤەکان بێت، بەتایبەتی زۆربەی وشە لێکدراوەکان بە هۆی ئەزموونی مرۆڤەوە دروستبوون، بۆ نموونە:

٣-قسەڕەق

٤-ماڵانگەڕ

هەموو ئەم وشانە بە هۆی درکپێکردن و ئەزموونی مرۆڤەوە دروستبوون، هەروەها لەبەرئەوەی وێناوێنەییەکان لە ئەنجامی ئەزموونی یەك هەستەوە بە دەستنەهاتوون، بۆیە ئەمە وادەکات، کە وێناوێنەییەکان بە پێی ئەزموونی هەستەکان جیاوازبێت و فرە سەرچاوە بێت، بۆ نموونە نابینایەك ناتوانێت ئەزموونی هەستی بینین بکات، کەواتە لەم کاتەدا ئەو هەستی بینینی نییە، بۆیە ناتوانێت وێنای وێنەیی هەستی بینین دروستبکات، بەڵام هەستەکانی تر وەك (بیستن، تامکردن، بۆنکردن، دەستلێدان)ی هەیە، لێرەدا ڕاستە نەیتوانیووە وێنای وێنەیی بۆ هەستی بینین دروستبکات، بەڵام وێنەکانی تری دروستکردووە، هەروەها ((ئەو بیرۆکەی واتای زمانی سەربەخۆیە و لەگەڵ ئەزموونیدا یەکناگرێتەوە، ڕەتدەکرێتەوە، بەڵکو هەندێکجار ئەو واتایە بە شێوەیەکی ئەزموونیان داڕێژراوە و ڕەگی لە ئەزموونی ئێمەدا هەیە))، (Geeraerts,D, 2006:5). بەشێك لەو زانین/ تێگەیشتن و زانیارییانەی، کە مرۆڤ هەیەتی لە جیهانی فیزیکی بە دەستهاتوون و بە دەستیهێناون، بۆ نموونە کاتێك چایچیەك کۆمەڵێك پیاڵە بە دەستییەوە دەگرێت و بە بێ ئەوەی هیچپانی لێبکەوێت، بەڵام کەسێکی ئاسایی ناتوانێت هەمان کار بکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کۆنترۆڵکردنی کەرەستەکان و بازو و ماسولکەکان و ئاوەزمان پرۆسەیەك تەنها لە ڕێگەی ئەزموونەوە دروستدەبێت، ئەگەر هاتوو چایچییەکە پیاڵەکانی بە دەستییەوە بە خواری گرتبوو لە دەستی بەربێتەوە، ئەو کاتە دەربڕاوێك درکی پێدەکرێت، کە بریتییە لەبەربوونەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بیرۆکەکە دووبارە دروستبکەینەوە وەك وێنایەکی وێنەیی لە ئاوەزماندا دابکرین، بۆیە واتاکەشی لەو وێنەیەدا کۆدەبێتەوە وهەڵدەگیرێت.

لەم ڕوونکردنەوانەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە ئەزموون و وێنای وێنەیی دوانەیەکی لە یەکتر جیا نەبووەن و مرۆڤ تا ئەزموونی کەرەستە و ڕووداوەکان نەکات، ناتوانێت وێنەیان بۆ بکات و چەمکیان بۆ دروستبکات، بەڵام ((لەبەرئەوەی وێناوێنەییەکان لە ئەزموونە بەجەستەکراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام وێنەکان بگۆڕدرێن لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر))، (Evans,Green, 2006:186 )، بۆ نموونە کاتێك بۆنی چێشتێك دەکەین، بۆنەکەی خۆشە بەلامانەوە، ئەوکاتە وێنەیەك بۆ چێشتەکە دروستدەکەین، کە تامیشی خۆشە، بەڵام کاتێك تامی دەکەین و هەستدەکەین ناخۆشە، ئەو کاتە وێنەکە دەبێت بە شتێکی تر، کەواتە مادەم ئەزموونەکە گۆڕدرا، وێناکەش دەگۆڕدرێت و لەگەڵیشدا چەمکەکە و ئەو وێنەیی نمایندەی دەکات دەگۆڕدرێت.

## ٢-١/٢) پەیوەندی وێنای وێنەیی بە واتای زمانییەوە

لە زانستی زمانی درکپێکردندا ئەو واتایەی، کە بە گرنگ وەردەگیرێت و جەختی سەرەکی لە سەرە بریتییە لە واتای ئینسکلۆپیدی، کە مەبەست لێی سەرجەم ئەو واتا زمانیی و نازمانییانەیە، کە لە کەرەستەکاندا کۆبووەتەوە، بە واتایەکی تر واتای ئینسکلۆپیدی هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی پەیپێبردن و درکپێکردن و دنیابینی و ئەزموون و بەجەستەکردنەوە لە کەرەستەیەکدا هەیە، خودی زانستی زمانی درکپێکردن لە سەر بنەمای پەیپێبردنی مرۆڤ بنیاتنراوە، هەربۆیە هەر کەرەستەیەك، یاخود هەر وشە و دەربڕاوێك وەربگرین، دەبینرێت واتاکەی بە هۆی پەیپێبردنەوە سەرچاوەی گرتووە، کە واتای ئینسکلۆپیدین، کە مەبەست لێی چەمکە فەرهەنگییەکان دەرخەری واتای ڕاستەقینە و دروستی کەرەستەکانی زمان نین، خودی واتا لە سەر ئاستی چەمکەکان دروست دەبێت و بنیاتنراوە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە بنیاتنانی واتا پێواژۆیەکی هاوسەنگی لەگەڵ چەمکەکاندا هەیە. ئەم پێواژۆ داینامیکییە بە پێی ئەو یەکە زمانییانە دروستدەکرێت، (Evans, Green) باوەڕیانوایە، کە ((بنیاتنانی واتا لە سەر بنەمای درکپێکردنی ئینسکلۆپیدی نیگار دەکرێت و بنیاتدەنرێت))، (2006:162). پێکهاتەی واتا لە زانستی زمانی درکپێکردندا، پەیوەستە بەو درکپێکردنانەی، کە تاکەکان بۆ چەمکەکان هەیانە، ئەمەش لە سەر ئەوە بنیاتنراوە، کە ئەو وشەیە لە کام چوارچێوەدا دێت، واتە چوارچێوەی وشەکە، خودی چوارچێوەکانیش پێکهاتەی وردن، یاخود وێنای زانیارییەکان، کە لە ئەزموون و بەجەستەکردنی ڕۆژانەوە دەردەکەون، کەواتە واتای هەر وشەیەك پەیوەستە بەو درکپێکردنانەی تاکەکان بۆ وشەکە هەیانە، لەگەڵ ئەو چوارچێوەی، کە وشەکەی تێدا بەکاردێت، بۆ نموونە:

٥-دایکی نازدار مرد.

٦- نازدارخان بۆ وەفاتی دایکتان زۆر بە داخم.

ئەگەر سەرنج لە هەردوو وشەی (مرد، وەفات) بدرێت، یەك مەبەست دەگەیەنێت، کە بریتییە لە (نەمانی کەسێك لە ژیاندا)، بەڵام بە هۆی درکپێکردن و پەیپێبردنی ئاخێوەرەوە هەریەکە لە وشەکان واتا و مەبەستی تر دەگەیەنن، لە نموونەی (٥)دا ئاخێوەر کاتێك دەڵێت (مرد)، ئەوا کەمتر هاوسۆزی تێدایە، هەروەها ئەوە چوارچێوەش، کە بەکاردێنێت نازداری تێدا نییە، بەڵام لە نموونەی (٦)دا، لەبەرئەوەی (نازدار) خۆی ئامادەیە وشەی (وەفات) بەکاردێنێت. ئەمەش بە هۆی درکپێکردن و ئەزموون و بەجەستەکردنەوە پەی بەوە بردووە، کە زیاتر هاوسۆزی تێدایە، کەواتە وێناکردنی مرۆڤەکان بۆ کەرەستە و دیاردەکان دەبێتە هۆی ئەوەی بە وێنەی جیاجیا نمایندەی بکات، ئەمەش وادەکات واتای جیاجیا دروست ببێت، چونکە هیچ کەرەستەیەك لە زماندا دروست نابێت، ئەگەر واتای جیاوازی لە کەرەستەکانی تری زمانەکەدا نەبێت، وێناوێنەییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەوە وەرگیراون و کارلێکردنی ئێمەیە لەگەڵ واقیعدا، لەبەرئەوە ((واتای واقیعی وشەکە ئەو واتایەیە، کە مەبەستە))، (حمەکەریم، ٨٩:٢٠١٥). بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لەم نموونانەی خوارەوە بدرێت، ڕاستە کەرەستەکان هەمان کەرەستەن، بەڵام واتای جیاواز دەستەبەردەکەن، چونکە وێنای وێنەیی بۆیان جیاوازە:

٧- نەخۆشی دڵی هەیە.

٨-نەخۆشی دڵی هەیە وازی لێبێنە.

لە نموونەی (٧)دا مەبەست لەوەیە، کە کەسەکە بە حەقیقی نەخۆشی دڵی هەبێت، بەڵام لە نموونەی (٨) دا مەبەست لە کەسێکە، کە عاشق بێت و عاشقەکەی کێشەی بۆ دروست بووبێت، کەواتە ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت مادەم درکپێکردن بۆ وشەکان جیاوازە، وێناوێنەییەکانیشیان جیاواز دەبێت، لەوێشەوە واتای جیاواز دروستدەبێت، خودی ((وێنای وێنەییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیدابوون و دەرکەوتن و ئاشکرابوونی واتادا دەبینن))، (Williams, 2010:3). وێناوێنەییەکان ئەو کەرەستانەبوون، کە پێش دروستبوونی چەمکەکان لە

ئاوەزدا بوونیان هەبوو و لە ئەنجامی ئەزموون و بەجەستەکردن و درکپێکردن و پەیپێبردنی مرۆڤەکانەوە دروست دەبوون، بە دووبارە بوونەوەیان دەبوونە هۆی دروستبونی چەمکەکان، بۆ نموونە با سەرنج لەم سێ نموونەی خوارەو بدرێت، کە وشەی (سێ چارەکیان) تێیدا بەکارهێنراوە:

٩- کوڕم بلۆکی تەواو نا، سێ چارەکم بدەرێ.

١٠-پانتۆڵێکی سێ چارەکم کڕی.

١١-سێ چارەکی ماوە بۆ یارییەکە.

ئێستا ئەگەر سەرنج لە هەریەکە لە نموونەکانی (٩، ١٠، ١١) بدرێت، کە وشەی (سێ چارەك)یان تێدا بەکارهاتووە، هەموویان بە هەمان وێنە وێناکەیان وێنەکردووە، بەڵام خودی وێناکردنەکە جیاوازە، بەمەش واتای جیاواز دەبێت، بە جۆرێك لە نموونەی (٩) لە ئیشی دیواردا بە کاردێت، کە مەبەست لێی ئەو بلۆکەیە لە چوار بەش یەك بەشی لە ئەم سەر، یاخود لە ئەوسەر لاببرێت، بەڵام لە نموونەی (١٠)دا مەبەست لێی پانتۆڵێکە، کە لە نێوان ئەژنۆ و قاچدا بێت، واتە نەشۆرت بێت، نە پانتۆڵی تەواو، بەڵام لە نموونەی (١١)دا مەبەست لە سێ چارەکی سەعاتێکە، واتە (٤٥) خولەك، کەواتە کاتێك مرۆڤ درکی بە وێناوێنەییەکان کرد، ئەو کاتە لە واتای کەرەستەکان تێدەگات، چونکە وێناکە سەرجەم زانیارییەکان لە ئاوەزدا و وێنەکەش نمایندەیەتی لەمەشەوەیە، کە وێناکردنەکە زانرا ئەو کاتە نمایندەکەش دەزانرێت، بۆیە جیاوازییەکان لە پێکهاتەی وێناوێنەیەکاندا واتای جیاواز ڕوون دەکاتەوە، هەر واتایەکیش وێنای وێنەیی جیاواز پیشاندەدات، بۆ نموونە:

١٢-چاوپیس

١٣-دەمپیس

١٤-دەست پیس

١٥- شەرواڵ پیس

١٦- جلوبەرگ پیس.

هەریەکە لە نموونەکان واتای جیاوازییان هەیە، بۆیە وێناوێنەییەکانیشیان جیاواز دەبێت، لە نموونەی (١٢)دا مەبەست لە کەسێکە، کە نەفسی پیس بێت و بەردەوام چاوی لە سەر ماڵی خەڵکی بێت، لە نموونەی (١٣)دا مەبەست لە کەسێکە، کە جنێو فرۆش بێت، لە نموونەی (١٤)دا مەبەست لە کەسێکە، کە دز بێت، لە نموونەی (١٥)دا مەبەست لە کەسێکە، کە ئەخلاقی/ڕەوشتی جوان نەبێت، بەڵام لە نموونەی (١٦)دا بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، هەریەکە لە نموونەکان واتای جیاوازییان هەبوو، کەواتە وێناوێنەیەکانیش بۆیان جیاواز دەبێت، چونکە خودی ئەزموون و درکپێکردن و پەیپێبردنەکان لە بنەڕەتدا جیاوازن، لە لایەکی ترەوە واتای کەرەستەکان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن، چونکە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەمە جگە لەوەی وێناوێنەییەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندان، چونکە ئەزموون و پەیپێبردن ودرکپێکردن وبەجەستەکردنی مرۆڤەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندایە، هەربۆیە ((تێگەیشتنی خەڵك لە واتای وشەکان بەشێکی وەستاوەتەوە سەر وێناوێنەییەکان، کە لە ئەزموونەکانەوە سەرهەڵدەدات))، (Geerarts, 2006:240). بەمپێیە تێگەیشتنی هەریەکە لە مرۆڤەکان بۆ کەرەستە زمانییەکان و واتاکانیان وەك یەك نییە، بەڵکو هەریەکە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە واتای کەرەستەکانی زمان تێدەگات، لەبەرئەوە زۆرجار، کە کەسێك قسەدەکات دەڵێت دەزانم مەبەستت فلانە شت بوو، بەڵام قسەکەر دەڵێت ناوەڵا مەبەستم ئەوە نەبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیپێبردن و ئەزموون و بەجەستەکردن و پاشان وێناکردنی هەریەکە لە ئاخێوەران بۆ هەمان کەرەستە و دەربڕاو هەیانە، چونکە ڕەنگە هەریەکەیان ئەو زانیارییانەی، کە لە ئاوەزییاندا بۆ هەمان وێنە کردوویانە وەك یەك بن، بەڵام وێناکردنەکانیان جیاواز بێت، بۆ نموونە:

١٧-ق: بە خوا پیاوی چاکە.

گ: دەزانم مەبەستت چییە.

ق: نە بەخوا هەر بەڕاستی وایە.

قسەکەر کۆی ئەو پەیپێبردن و درکپێکردنانەی دەربارەی کەسی قسە لەسەرکراو لە ئاوەزیدا وێنای کردووە، بریتییە لە کەسێکی چاك، بەڵام گوێگر بە پێچەوانەوە، بۆیە کاتێك دەڵێت پیاوی چاکە، ئەم وا تێدەگات مەبەستی لە توانجدانە، ڕاستە وێنەکە هەمان شتە، بەڵام تێگەیشتنی ئاخێوەران بۆ کەسەکە بە ڕادەی تێگەیشتنی هەریەکەیان لە وێناوێنەییەکە جیاواز بوو، بەمەش وێناوێنەییەکان ڕۆڵی گرنگ لە پێدانی واتا و توانای تێگەیشتن لە بابەتەکان وکەرەستەکان دەبینن.

سیمانتیکی درکپێکردن جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ((بۆ واتای هەر وشەیەك وێنەیەکی ئاوەزیمان لە مێشکماندا هەڵگرتووە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە بەکارهێنانی وشەکە گۆڕا وێنە ئاوەزیەکەشی دەگۆڕێت))، (حمەکەریم، ٢٠١٥:٨٩). بە واتەیەکی تر زانیارییەکان لە وێناوێنەیەکاندا زۆر زیاترن لەوەی، کە دەردەبڕدرێن و بە وێنەیەك نمایندەی دەکرێن، بەڵام کاتێك وێناوێنەییەکە بە کەرەستەیەکی زمانی و بە وێنەیەك نمایندەی وێناکە دەکەین، ئەو کاتە وێنەکە، یاخود دەربڕاوە زمانییەکە سنوری واتایی وێناکە دیاریدەکات، کە مەبەست لە چییە، بۆ نموونە دەربارەی (نەخۆشی) چەندین زانیاریی لە وێناوێنەییەکەیدا بوونی هەیە، بە هەموویانەوە واتای ئینسکلۆپیدی بۆ نەخۆشی دروست دەکەن، بەڵام کاتێك دەگوترێت:

١٨-دەروونی نەخۆشە.

لێرەدا مەبەست لە نەخۆشی دەروونی نییە، بەڵکو مەبەست لە بەغیلی و چاوچنۆکی کەسەکەیە، کەواتە لێرەدا ئەو وێناییە نمایندەی نەخۆشی کردووە، واتاکەشی دیاریکردووە، کە مەبەست لە کام لایەنەی واتاکەیە، کەواتە کاتێك بە حەقیقی نەخۆشە، ئەوا زانیارییەکان و واتاکان پەیوەست بە دەرمان و نەخۆشخانە و لایەنی جەستەی کەسەکانەوە دەبن، بەڵام لە نموونەی (١٨)دا مەبەستەکە پەیوەستە بە لایەنی دەروونی کەسەکانەوە، لەمەشەوە((وێناوێنەییەکان دەتوانن خزمەت بکەن، وەك ئەوەی نوێنەرایەتی چەمکەکانن، کە بنچینەن بۆ نواندنی وشەکان))، (Evans, Green, 2006:189). چەمکەکانیش کاتێك دروست دەبن، کە واتایان هەبێت، واتای زمانییش((مامەڵە لەگەڵ زانیاری جیهانی مرۆڤ دەکات))، (حمەکەریم، ٢٠١٥:٩٢). زانینی/ تێگەیشتنی واتای وشەیەك بە بەکارهێنانی مەودای وشەکەوە پەیوەستە، خودی مەودای وشەکەش پەیوەستە بەو چوارچێوەی، کە وشەکەی تێدا بە کاردێت[١٦]، نەك گونجاندن و مامەڵکردنی وشەکە لەگەڵ ژمارەیەك وشەی تردا، کە واتایەکی دیاریکراوییان هەبێت، بەڵکو مەوداکان زیاتر مامەڵەکردنە لەگەڵ واتای ئینسکلۆپیدی، بۆ نموونە وشەکانی (ڕەش، ماشوبرنجی، سپی) ئەو چەمکە فەرهەنگییانەی هەیانە لە مەودای (جۆری ڕەنگی قژدا) دیاریدەکرێت، هەربۆیە پێویستە ئاگاداری ڕەنگ و ئاست و زۆری و کەمی ئاستی ڕەنگەکان بین، تاوەکو بتوانین بە سەرکەوتووانە هەریەکەیان بە کاربهێنین، پاشخانیش مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانرێت دارشتەیەك وەك مەودا دەربکەوێت و لە زمانەکەدا بە کاربهێنرێت و ئاڵوگۆڕی زانیاری پێ ئەنجام بدرێت، هەربۆیە پێویستە جیاوازی لە واتای خودی وشەکە و ئەو واتاییەی، کە لە کاتی ئاخاوتندا بەکاردێت بکرێت، (چونکە هەر دەوروربەرێك کۆزانیارییەکی ئینسکلۆپیدی جیاواز دەردەخات.)، (قادر، ٢٠١٧:٤٣٩)، بۆ نموونە ڕەنگە وشەیەکی وەك (جوان) وێناکەی لە ئاوەزدا بریتیبێت لە سەرجەم ئەو پەیپێبردن و درکپێکردنانەی، کە دەربارەی واتای وشەکە هەیە، بەڵام کاتێك وێنەیەك نمایندەی دەکات، ڕەنگە بە دوو شێوەی جیاواز بێت، بۆ نموونە:

١٩- جوان لێیدا.

---

[١٦] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەودای چەمکەکان، بڕوانە:

ا-(قادر، ٢٠١٧)

ب-(قادر، شریف، ٢٠٢٠)

٢٠-کچەکە جوانە.

لە نموونەی (١٩)دا مەبەست لە (جوان) واتە (باش)، چونکە بە هۆی درکپێکردنەوە مرۆڤ تێدەگات، کە لە هەندێك باردا (جوان و باش) هاوواتان و دەتوانرێت لە بری یەکتر بە کاربهێنرێن، بەڵام لە نموونەی (٢٠) دا مەبەست لە (جوان) هەر (جوانە) بە واتا فەرهەنگییەکەی، کەواتە گۆڕانی مەودای ئاخاوتنەکە گۆڕدرا لەگەڵیشدا وێناوێنەییەکە و واتاکەشی گۆڕا.

لە سەرەتای تەمەندا منداڵ بە هۆی وێناوێنەییەکانەوە دەتوانێت واتای زمانی دروستبکات، چونکە((وێناوێنەییەکان ڕێگە بە بنیاتنانەوەی چەمکە ئەبستراکتەکان دەدات بۆ گەیاندنی واتای ئەبستراکت))، ( Vorgelegtvon, Hurtienne, 2011:7). بەمپێیە سەرەتای فێربوونی واتا بۆ ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە، کە منداڵ وێناوێنەییەکانی لە ئاوەزیدا داکردووە  و پاشان لەوێوەوە بۆ وێناوێنەییەکانی تر دواتر واتای تر دەچێت، بەڵام ((یەکێك لە گفتوگۆ سەرەکییەکان، کە دژ بە وێناکردنە وەك نواندنی واتا ئەوەیە، کە ئەو وێنانە ناتوانن ڕاستەوخۆ واتا نیشانبدەن، چونکە خۆیان دەبێت لێکدانەوەیان بۆ بکرێت))، (Hampe, 2005:147). بۆ نموونە ئەو واتاییە، کە لای منداڵەکان دروستدەبێت، ناتوانرێت گشتاندنیان بۆ بکرێت، چونکە کردەکان و کەرەستەکان بە پێی تایبەتێتی  خێرای و خاوی و تایبەتمەندییە وردەکانیان لای منداڵەکان جیاوازن، لەبەرئەوە ئەو بە هەمان کەرەستە ناتوانرێت هەمان وێنای لای هەموو مرۆڤەکان وەك یەك بکێشرێت و جیاواز دەبێت، ڕاستە لای هەموو مرۆڤەکان هەمان وێنەیە، بەڵام وێناکردنەکە بە جیا لە ئاوەزدا داکراون، چونکە پەیپێبردن و ئەزموون و بەجەستەکردنەکان جیاوازن، کەواتە هەندێکجار ناتوانرێت وێنایەك بە وێنایەکی تر بگۆڕدرێت، لە لایەکی ترەوە بیرۆکەی وێنای وێنەیی پەیوەندی بە واتای زانستی زمانی درکپێکردنەوە هەیە، ئەو پێکهاتە چەمکییە، کە گوزارشت لە ئەزموونە بەجەستەکراوەکان دەکات، تەنانەت خودی وێنای وێنەیی لە سیمانتیکی درکپێکردنەوە سەرچاوەی گرتووە و پەرەی سەندووە، یەکێك لەو ڕێگەیانەی، کە لە زماندا نوێنەرایەتی چەمکی کۆد دەکات بریتییە لە وێناوێنەییەکان، بۆیە سەرنجدان و تێبینی جیاواز دەبێتە هۆی گۆڕینی وێناوێنەییەکان بۆ کەرەستەکان لە ئەنجامی ئەمەشەوە واتاکەی دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە:


٢١-ق: ئەمڕۆ نۆم هێنا.

گ: ئەی تەمەڵ نۆت هێناوە، یانی کەوتوویت؟

ق: نا نا نۆ لە دە

گ: ئافەرین زیرەك گیان.

کاتێك گوێگر سەرنج لە نمرەکانی قسەکەر دەدات، وا دەزانێت تاقیکردنەوەکەی لە سەر (٢٠) بووە، بۆیە بە پێی وێناکردنی ئەم بۆ گوێگر وێنەکەی بە کەسێکی تەمەڵ دەردەبڕێت، بەڵام کاتێك قسەکەر بۆی ڕووندەکاتەوە، کە تاقیکردنەوەکەی لە سەر (١٠) بووە، یەکسەر سەرنج و تێڕوانینی دەگۆڕدرێت و وێناکەی بە وێنەی زیرەك نمایندە دەکات، کەواتە هەمان کەس، بەڵام واتاکەی بە هۆی سەرنج و تێبینیکردنەوە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر گۆڕدرا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەبارەت بە پەیوەندی وێنای وێنەیی و واتای زمانی، با سەرنج لەم هێڵکارییە بدرێت:




**هێڵکاری ژمارە (٢)**
**سروشتی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا**
**بە دەستکارییەوە لە(Evans, Green, 2006:458) وەگیراوە**

ئەگەر سەرنج لە هێڵکارییەکە بدرێت، وێناوێنەییەکان لە سەرەتادا لە ئەزموونەکانەوە وەردەگیرێن و ئەمانەش دەبنە هۆی بنیاتنانی واتا لە زماندا، بەم پێیە قۆناغی دوای وێنای وێنەیی بریتییە لە واتای زمانی، لە سەر بنەمای ئەو شرۆڤە و شیکردنەوانەی، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بۆمان دەردەکەوێت، بە پێی زانستی زمانی درکپێکردن وێناوێنەییەکان بنەمای واتایی زمانین لە زمانی کوردیدا و هۆکارێکن بۆ ئەوەی واتای کەرەستە زمانییەکان لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا جیاواز بێت و وشە و دەربڕاوەکان بە پێی ئەزموون و درکپێکردنیان لە ئاوەزیاندا وێنای جیاوازیان هەبێت و دواتر ئەگەر چی بەهەمان وێنە دەریببڕن، بەڵام واتاکەی جیاواز بێت.

## ٣-١/٢) درکپێکردنە هاوشێوەکانی وێنای وێنەیی

کاریگەری وێنای وێنەیی، تەنها لە زانستی زمانی درکپێکردندا نەماوەتەوە، بەڵکو چووەتە چەندین لایەنی ترەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە وێنا وێنەییەکان بوارێکی فراوانیان لە ناو زانستی زمانی درکپێکردندا داگیرکردووە، هەستەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە وێناوێنەیەکاندا دەبێت، بۆ نموونە پارچەیەك میوە وەك شوتی لە بەرچاوبگرین، بەشە جیاوازەکانی مێشك هەست بە شێوە و تام و بۆن و ڕەنگ و قەبارەی دەکەن، ئەم زانیارییانە وەرگیراون لە تێگەیشتن لە جیهانی دەرەوە و تێکەڵکراون بە وێنایەکی هزری، کەواتە کاتێك ئاخێوەر وێناکە دەردەبڕێت، واتاکەی پەیوەستە بە چەمکەکەوە، نەك تەنها تەنێکی فیزیکی لە جیهانی دەرەوەدا بێت، خودی وێناوێنەییەکانیش لە کارلێکردنی فیزیکییەکانەوە لە ئەزموونی زمانەوانی و لە چێوارچێوەی مێژووییەوە دروستدەبن، لەبەرئەوە وێناوێنەییەکان بەردەوام بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە پەیوەستن، بۆیە کاتێك دەگوترێت:

٢٢- پیاوەکە کوژرا.

کۆی هەموو ئەو زانیارییانەی، کە پەیوەستن بە ڕووداوەکەوە دەبنە چێوەیەکی ئاوەزیی، واتە (پیاوێك مردووە، کەسێك تەقەی لێکردووە، بە دەمانچە، خوێنی لێ ڕۆشتووە، لە ئەنجامی ئەم خوێنەوە گیانی لە دەستداوە...هتد)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە وێناوێنەییەکان نەخشی بە جەستەکراوی داینامیکین، مەبەست لەوەیە، کە باس لە کەرەستەیەك، یان ڕووداوێك دەکرێت سەرجەم زانیارییەکانی تر پەیوەست بەو کەرەستە و ڕووداوە چێوەیەکی ئاوەزیی پێکدێنن، بە باوەڕی (Geerarts, Cuyculeens)وێناوێنەییەکان ((بە پلەی یەکەم وەك

پێکهاتەی واتادار سەرهەڵدەدەن، بە شێوەیەکی سەرەکی لە جوڵە جەستەییەکانمانەوە و لە ڕێگەی درکپێکردنی فەزا(بۆشایی) و دەستکاریکردنی ڕووداو و کەرەستەکان و کارلێکی هەستکردنەکانمان دروستدەبن))، (٣٥:٢٠٠٧)، بۆ نموونە دەتوانرێت وێنای وێنەیی بەکاربهێنرێت بۆ پەڕینەوە (cross-modally) و ئەزموون بکرێت، یان وەك ئەوەی دەتوانرێت شێوازی بینراو بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنمایکردن و ئەزموونی هەستیاری دەستلێدان، وەك ئەو کاتەی دەستت دەخەیتە ناو دەفرێکەوە و کەرەستەیەك دەگریت، واتە لێرەدا دەتوانرێت بە هۆی وێنای وێنەییەوە هەستەکان ئاڵوگۆڕ پێبکرێت، بۆ نموونە:

٢٣-جوانخاس

٢٤-نەرمونۆڵ

ئەگەر لە نموونەی (٢٣) وردببینەوە، تەنها بە بیستنی ئەم وشەیە، ئەوە دێتە پێشچاو، کە لە هەموو ڕوویەکەوە کەسێکی جوان بێت، کەواتە لێرەدا هەستی بیستن گۆڕدرا بە بینین، بەڵام لە نموونەی (٢٤)دا، هەستی دەست لێدان گۆڕدراوە بۆ هەستی بینین، چونکە تا دەست لە کەسێك نەدرێت نازانرێت، کە نەرمونۆڵە، کە دەگوترێت(نەرمونۆڵە)، لەگەڵیشدا وێنای کەسێکی جوان لە ئاوەزی ئاخێوەرەدا دروست دەبێت.

یەکێك لە هاوشێوەکانی وێنای وێنەیی بریتییە لە جوڵەی هێز، جوڵەی هێز جۆرێك واتاییە، کە پەسنی ئەو شێوازە دەکات، کە قەوارەکان کارلێك لەگەڵ یەکتردا دەکەن. جوڵەی هێز لە زانستی زمانی درکپێکردندا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە، بە هۆی بانگەشەکانی دەربارەی دەروونناسی و ئەو جوڵەیەی، کە لەگەڵیدا بیرۆکەکان گشتگیر دەکات، کە هەموو کات لە هەمان دەقدا ڕەچاو ناکرێت، چونکە جوڵەی هێز ((گشتاندنی هۆکارگەراییە، کە تێیدا پێواژۆکان بەو شێوەیە بە چەمك دەکرێن، کە جۆرە جیاوازەکانی هێز لە خۆدەگرن، کە بە شێوازێکی جیاواز بۆ بەشداربووانی چالاکییەکە کاردەکەن))، (Corft, Cruse, 2007:66). پۆلێنکردنی زمانیی جوڵەی هێز لە زماندا لە چەند ئاستێکدا بڵاو دەبێتەوە، ئەمە نەك تەنها بۆ دەربڕینەکان لە بواری فیزیکیدا جێبەجێدەکرێن، وەك لێبوونەوە، یان ڕاکێشان، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیش لە دەربڕینەکانی شێوەی هێزی دەروونی وەك (ئارەزوو یان هاندان) نیشاندەدەن، سەرەڕای ئەمەش دەکرێت چەمکی جوڵەی هێز فراوانبکرێت بۆ لە خۆگرتنی وتار، بۆ نموونە لە بارودۆخێکدا، کە قسەکەرەکانی (ا، ب) گفتوگۆ دەکەن دوای ئەوەی قسەکەری (ا) خۆی بە ڕاست دەزانێت و بە سەر قسەکەری (ب)دا شێوازی جوڵەی هێز نیشاندەدات، هەربۆیە دەربڕینەکانی هێزە دەروونییەکان چەند شێوە و درێژکراوەیەکی جۆری جوڵەی هێزن، کە لە بوارە فیزیکییەکەوە بۆ بوارە سایکۆلۆجییەکە ڕەنگیداوەتەوە، دەکرێت جوڵەی هێز بۆ چوار جۆر دابەشبکرێت، کە بریتین لە:

١- ناچارکردن، وەك ئەوەی تۆ بەرانبەر قەبارەی هێزێك بیت و نەتوانیت بەرهەڵستی بکەیت، واتە هێزی تۆ و هێزی بەرانبەرەکەت نایەکسانن، لێرەدا ناڕەزایی بوونی تۆ دەتوانرێت وێناوێنەییەکان نیشانبدات، کە ئەمە لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە و چەندین دەربڕینی لێوە دروست بووە، بۆ نموونە:

٢٥- دووچاری دوژمنێك بووم، نەدەتوانم بیکوژم، نە لەدەستی هەڵبێم.

٢٦-لەبەر هەژاری نەیتوانی خوێندنەکەی تەواوبکات.

٢٧- کە باوکی مرد، کەس نەیتوانی جێگەی بۆ پڕبکاتەوە.

کەواتە لێرەدا بەربەستەکە ئەوەندە بەهێزە، کە ناتوانرێت تێکبشکێنرێت، ئەمەش وایکردووە، کە مرۆڤ وێنای وێنەیی جیاوازی بۆ دروستبکات.

٢-بلۆککردن، زۆرجار ئێمە توشی بەربەستێك (هێزێك) دەبینەوە، کە ڕێگری لە هێزەکەمان دەکات، بۆیە ناچاردەبین ئەو بەربەستە تێکبشکێنین، لێرەشەوە بەشێك لە واتای هێزی بەخۆدانی زۆرەملێ فێردەبین، ئەم جۆرەش وێنایەك لە خۆدەگرێت، کە بە درێژایی ژیان دووبارە دەبێتەوە، کەواتە دەتوانرێت وێنای وێنەیی هێز، کە ڕووبەڕووی بەربەستێك دەبێتەوە بکێشرێت، کە ئەمانەش بە سێ جۆر دەبێت:

ا-ڕاستەوخۆ بە ناو هێزەکەدا دەڕۆین و تێکیدەشکێنین، وەك:
٢٨-بە هەر ماندووبوونێك بوو بەرهەم ئیشەکەی تەواوکرد.
٢٩-ڕەوا لە کۆتایدا تاقیکردنەوەکانی تەواوکردوو و دەرچوو.
لە نموونەی (٢٨)دا هەرچەندە هێزی ئیشکردنەکە زۆر بووە، بەڵام (بەرهەم) کۆڵی نەداوە و توانیویێتی بە سەریدا سەربکەوێت، لە نموونەی (٢٩)دا لەگەڵ ئەوەی تاقیکردنەوەکان زۆر بوو، بەڵام (ڕەوا) توانی تەواویان بکات و بەسەریاندا سەربکەوێت، واتە وازی لە تاقیکردنەوەکان نەهێنا، تا دەرچوو.
ب-هەندێکجار دەکرێت ڕێڕەوەکە بگۆڕین و خۆمان لە بەربەستەکە لابدەین، وەك:
٣٠-بۆ ئەوەی نەخنکێت، بە ڕێگەی وشکانیدا سەفەریکرد.
لە نموونەی (٣٠) دا، بەربەستی (خنکاندن) بووەتە هۆی ئەوەی ڕێڕەوەکەی لە ڕێگەی ئاوییەوە بۆ وشکانی بگۆڕدرێت، بە واتایەکی تر خۆی لە بەربەستی (خنکاندن) لاداوە، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی.
ج- لادانی ئەو بەربەست و هێزەی، کە دێتە سەر ڕێگەمان و ڕۆیشتن و بەردەوام بوون لە سەری. وەك:
٣١-شنۆ قسەکەی پێبڕی و بەردوام بوو لە قسەکردن.
٣٢- هەرچۆنێکت کردووە دەبێت دەربچیت.
لە نموونەی (٣١)دا، هەرچەندە ئاخێوەر ویستویێتی ببێت بەربەست لە بەردەم قسەکانی (شنۆ)دا، بەڵام (شنۆ) ئەو بەربەستەی شکاندووە، لە قسەکردنی خۆی بەردەوام بووە، لە نموونەی (٣٢)یشدا ئاخێوەر توانیویێتی بە سەر بەربەستەکەدا تێپەڕێت و دەربچێت، واتە ئەو بەربەستەی شکاندووە، کە لە بەردەمیدا بووە.
٣- دژەهێز، واتە کۆبوونەوەی هێزەکان وەك ئەوەی کاتێك دوو هێز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و بە جۆرێك هیچیان ناتوانێت ئەویتریان تێکبشکێنێت، بۆ نموونە:
٣٣-هەرچەندە هەوڵی زۆرمدا دەرنەچووم.
٣٤-پۆشاکی باشم لەبەربوو، بەڵام هەر سەرمام بوو.
لە نموونەی (٣٣)دا هێزی (هەوڵدانی زۆر) و هێزی (دەرنەچوون) وەك دوو هێزی نەیار ڕووبەڕوی یەکتر بوونەتەوە و کەسیان نەیانتوانییووە ئەو تریان تێکبشکێنێت، لە نموونەی (٣٤)شدا، هێزی (پۆشاکی باش)، کە واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە کەسێك لە بەریدا بێت، نابێت سەرمای بێت، ڕووبەڕووی هێزی (سەرما) بووەتەوە، وەك دوو دژە هێز دەرکەوتوون.
٤- لابردنی هێزەکە لە لایەن هێزێکی ترەوە، وەك ئەوەی منداڵێك لە ژوورێکدا بێت و کەسێك دەرگاکەی بۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بێتە دەرەوە، بۆ نموونە:
٣٥- بە هەوڵی تۆ دەرگاکەم شکاند.
٣٦-ئاراس بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، بوو بە سەرۆکی پەرلەمان.
ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، لە نموونەی (٣٥)دا، (تۆ) ئەو کەسەی، کە بەربەستەکەت لابردووە، لە نموونەی (٣٦)دا هۆکار ئەوەی (ئاراس) بووە بە سەرۆکی پەرلەمان، لابردنی هێزەکە بووە لە لایەن ئەندام پەرلەمانەکانەوە، نەك خودی (ئاراس) خۆیەوە.
کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە واتا و وێناوێنەییەکان تەنها پەیوەست نین بە وشە و ئەوانەی دەیخوێنینەوە، بەڵکو پەیوەستە بە درکپێکردن و پەیپێبردنی ئێمە بۆ ڕووداوەکان و دیاردەکان و پێواژکان و بەو شێوەیە بە چەمك دەکرێن، کە هێزە جیاوازەکان لە خۆدەگرن و وێناوێنەییەکانیش ئەو پێواژۆیانەن، کە ڕوودەدەن، بۆیە ((ئەزموونەکانمان دەبێت لە ڕوانگەی پێکهاتەی بنەڕەتی و شێوە و جوڵەی هێزەوە لێکبدرێتەوە))، ( Croft, Cruse, 2007:67).

وێناوێنەییەکان پەیوەندی پتەویان لەگەڵ گشتاڵێتیدا هەیە، چونکە ئەگەر سەرنج لە بنەماکانی گشتاڵێتی بدرێت، کە لەسەر چوار بنەما دامەزراوە[17]، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت هەمان بنەما لە وێناوێنەییەکانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، بنەماکانی گشتاڵێتی بریتین لە:

١-گەردگەرایی(ئەتۆمیزم (Atomism)، کە بە توخمە سەرەتاییەکان ناسراوە، هەموو زانستێك، تەنانەت بیرۆکە ئاڵۆزە ئەبستراکتەکانیش لە پێکهاتەی سادە و سەرەتاییەوە بنیاتنراون، ئەگەر سەرنج لە وێناوێنەییەکانیش بدرێت، دەبینرێت، کە مادە خاوەکانی سەرەتای دروستبوونی وشەکانن، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە چەمکی وشەیەکی وەك:

٣٧-دڵشکاو

بدرێت، دەبینرێت ئەم وشەیە لە (دڵ+شکاو) پێکهاتووە، هەردوو وشەکەش بە هۆی ئەو پەیپێبردن و درکپێکردنە سەرەتایانەوە، کە هەیانە، دراونەتە پاڵ یەکتر و وشە لێکدراوەکەیان دروستکردووە، پێکهاتەی خودی وشەکەش دوو وشەی سادەیە، واتە وشە لێکدراوەکە لە ئەنجامی تێکەڵکردن و خستنەپاڵ یەکتری وشە سادەکان دروستبووە و بوونەتە کەرەستەی سەرەتایی بۆ وشەکە.

٢-هەستکردن، ئەو بۆچوونەیە، کە سادەترین پێکهاتەکانی گەردیلەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی سەرەتاییە، بە واتایەکی تر گەردیلەی بیرکردنەوە یەکەم تێڕوانین و هەستکردنە، وێناوێنەیەکانیش لە سەرهەڵدانی هەستەکانەوە دروست دەبن، واتە هەستەکان دەبێتە سەرەتای درکپێکردنیان بۆ ڕووداو و کەرەستەکان هەبێت، دوای ئەوە وێناوێنەییەکە دروستدەبێت، بە واتایەکی تر هەر وشەیەك لە زماندا وەربگرین، دەبینرێت، کە لە سەرەتادا بە هۆی هەستەکانەوە دروستبووە، بۆ نموونە مرۆڤ تا تامی لیمۆ نەکات، نازانێت ترشە، چونکە بەر هەستی تامکردنی نەکەوتووە، بۆ هەستەکانی تریش بە هەمان شێوەیە.

٣- بیرۆکە ئاڵۆزەکان لە کۆی بیرۆکە سادەکانەوە سەرهەڵدەدات، واتە بیرۆکە ئاڵۆزەکان لە پەیوەندی بیرۆکە سادەکانەوە سەرهەڵدەدەن، هەمان شت بۆ وێناوینەییەکانیش ڕاستە، چونکە ئەگەر گەورەترین یەکەی زمانی بهێنین وەك وێنای وێنەییەك نیشانی بدەین، دەبینرێت، کە ئەم یەکەیە پەیوەندی بە چەندین یەکەی تری زمانەوە هەیە، بۆ نموونە ڕستەکان پەیوەندییان بە وشەکانەوە هەیە، وشەکان پەیوەندییان بە پیتەکانەوە هەیە، پیتەکانیش پەیوەندییان بە دەنگەکانەوە هەیە، یاخود لە ڕستەیەکی وەك:

٣٨-کاردۆ وەك شێر نەڕاندی.

لێرەدا هەمان وێناوێنەییە فیزیکی و سروشتییەکە، بە هۆی درکپێکردن و ئەزموونەکانی مرۆڤەوە گۆستراوەتەوە بۆ وێناوێنەییە ئەبستراکتەکە، بە واتایەکی تر مرۆڤ سەرەتا بیرۆکەی سادەی (نەڕاندنی شێری) لابووە، دواتر هەمان وێناوێنەیشی بۆ مرۆڤ گواستووەتەوە.

٤-ئەو ڕووداو و دیاردانەی، کە دێنە بەردەمان بە پێی تێڕوانین و ئەزموونی ڕابردوومان لێکدانەوەیان بۆ دەکەین، واتە یاسای ڕابردوو، بە هۆی ئەزموونەکانمانەوە، بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان بەکاردەهێنین. بەمشێوەیە، ئەگەر سەرنج لە وێناوێنەییەکانیش بدرێت هەمان دیاردە و تێڕوانین دەبینرێت، واتە لە وێنای وێنەیی کۆن، وێنای وێنەیی نوێ، کە سەر بەهەمان پۆلن، دروستدەکات، بۆ نموونە:

٣٩-نامە ⟵ SMS ⟵ مەسیج

لە ناو کورددا سەرەتا، کە مۆبایل هات هێشتا نەکەوتبووە ژێر هەژموونی زمانی ئینگلیزییەوە، بۆیە هەر وشەی (نامە)ی بە کاردەهێنا، بەڵام دواتر بە هۆی فراوانبوونی بە کارهێنانی مۆبایلەوە لە سەر بنەمای هەمان وێنای وێنەیی (نامە) وێنای وێنەیی (SMS) بەکارهێنا، کە مەبەست لە هەمان شتە، بەڵام دواتر فراوانبوونی زیاتر تۆڕە

[17] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بنەماکانی گشتاڵێتی، بڕوانە(Geeraerts, cuyckens, 2007:175-176)

کۆمەڵایەتییەکان بووە، هۆی ئەمە ئەوەی لە سەر بنەمای دوو وێناوێنەیەکەی پێشوو وێنای وێنەی (مەسیج) بە کار بێت، کەواتە دوو وێناوێنەییە تازەکە لە سەر بنەمای وێناوێنەییە کۆنەکە بنیاتنراوە.
یەکێکی تر لە هاوشێوەکانی وێنای وێنەیی بریتییە لە چەمکی ناوەوە و دەرەوە، کە مەبەست لە چەمکی ناوەوە هەموو ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە دەچنە ناو کەرەستەیەکی ترەوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی (کێکێك) لە ناو نایلۆنەکەی خۆیدایەتی و دواتر بە هەردووکیانەوە لە ناو کارتۆنێکی گەورەدان، بەڵام دەکرێت هەمان کەرەستە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا بێت، بۆ نموونە وەك ئەوەی (کێکەکە) لە ناو ڕەفەیەکدا دانرا بێت، کە ئەمەش مرۆڤ زیاتر لە جەستەی خۆیەوە وەریگرتووە، ئەگەر سەرنجیش لە دەوروبەری خۆمان بدەین، دەبینین، کە زۆربەی کەرەستەکان قەبارەی خۆیان هەیە، وەك (مزگەوت، قوتابخانە، ماڵ...هتد)، هەموو ئەم کەرەستانە ڕووبەر و قەبارەیەکی دیاریکراویان هەیە، کە هەریەکە لەم شوێنانە مرۆڤ خۆی تێدا دەپارێزێت و ئیشوکاری خۆی تێدا دەکات، هەربۆیە ((گەڕان بە دوای ئەم شوێنانەدا و هەستپێکردنیان، وێنەیەکی ئاوەزی بۆ مرۆڤ دروستدەکات، کە ئەم وێنە ئاوەزییە خاوەن قەبارە و چوارچێوەیەك، دواتر بە زیاکردنی ئەزموونی دیکە بە کارهێنانەکانی فراوانتر بووە))، (حمەکەریم، ٢٠١٥: ٨٢)، و مرۆڤ لە زمانەکەیدا بە کاریهێناوە، واتە ئەمانە دەبنە بنەمای ئەو وێناوێنەییە ئەبستراکتانەی، کە لە زمانەکاندا دروست بوون/دەبن، یاخود ئەو کردانەی کە ڕۆژانە مرۆڤ دەیکات و بە شێوەیەکی نائاگاییی جێبەجێیان دەکات و تێشیاندا زۆر سەرکەوتوو دەبێت، چونکە پەیوەستن بە ئەزموونەوە و بە هۆی زۆر دووبارەبوونەوەیان لە لای مرۆڤەکە ڕاهاتووە لە سەریان و سەرکەوتووانە جێبەجێی دەکات، بۆ نموونە نیوەڕوان خۆت ئامادە دەکەیت، کە بڕۆیت بۆ سەر کارەکەت، دەست دەخەیتە ناو قوتووی جێڵەکەتەوە و جێڵ لە سەرت دەدەیت و پاشان دەست دەکەیت بە نان خواردن کەوچك دەخەیتە ناو شلەکە و دواتر دەیخەیتە ناو دەمتەوە، دواتر قاچت دەخەیتە ناو پێڵاوەکانتەوە و پاشان لە ناو ماڵەکەت دێیتە دەرەوە، دەڕۆیتە بۆ ناو کارەکەت...هتد. هەموو ئەمانە بەشێکیان پەیوەندی بە لایەنی دەروونی و بەشەکەی تریان پەیوەندی بە لایەنی فیزیکی کەرەستەکانەوە هەیە. ڕەنگە ئەمانە وادەربکەون، کە واتادار نین، بەڵام لە ڕاستیدا بە واتایەکی ئاسایی واتادارن، واتە کارلێکردنی زۆر ئاڵۆز لەگەڵ ژینگە لە خۆدەگرن، کە تێیدا ئەزموون  وێنای لە بەرچاو دەگیرێت و پێواژۆی پێکهاتەدار بەرهەمدەهێنێت، هەربۆیە بە هۆی ئەوەی، کە زانستی زمانی درکپێکردن لە ناویشیدا وێنای وێنەیی گرنگی زۆر بە ئەزموونی مرۆڤەکان دەدات، باوەڕییان وانییە، کە ئەمانە بێ واتا بن، چونکە ئەمان ڕەتیانکردەوە، کە زمان سەربەخۆ و دابڕاو بێت لە سەرجەم درکپێکردنەکانی مرۆڤ، تەنانەت: ((بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئێمە میکانیزمی درکپێکردن وئەزموونی گشتیمان هەیە، یان توانای پڕۆسێسکردنی ناسراومان بۆ ئەرکەکانی زمان هەیە))، (Johnsen, 1987:32)، بۆیە چەمک یان حاڵەتی چوونە دەرەوە و هاتنە ژورەوە، سەرەتا لە جەستە و ئەزموونی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات، پاشان بۆ کەرەستەکانی تر دەگوازرێتەوە، کەواتە ئەم چەمکی دەرەوە و ناوەوەیە، تەنها لە چەند شوێنێکدا دیاریکراو نییە، بەڵکو دەتوانرێت لە چەندین شوێنی تردا بەکاربهێنرێت، ئەگەر سەرنج لەو وێناوێنەییانە بدرێت، کە چەمکی چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەی تێدایە، هەمان دیاردە بەدیدەکرێت، کە هەموو ئەمانەش بە هۆی جەستەوە دروستبوون، بۆ نموونە:
٤٠- لە پۆل چووە دەرەوە.
٤١- هاتە ناو ژوورەکەوە.
کەواتە جەستەمان دەتوانرێت ڕۆڵی تیاهەڵگرێك ببینێت، بەڵام دەکرێت بە هۆی ئەزموون و درکپێکردنەوە  ئەمانە پەرەیان پێبدرێت و وێنای وێنەیی جیاوازییان پێدروست بکرێت، لە چەندین دەوروبەری جیاوازدا بەکاربهێنرێن، واتە دەکرێت بۆ درکپێکردنی وێناوێنەیی ئەبستراکت هەڵبگوازرێت، بۆ نموونە:
٤٢-چووەتە ناو دونیایی خەیاڵەوە.
٤٣-ناکرێت لەم خەمە بێتەدەروە.

٤٤- هێشتا لە ناو کێشەدایت.

هەریەکە لە (خەیاڵ، خەم، کێشە) قەبارەی فیزیکییان نییە، واتە ناتوانرێت بگوترێت ئەمە قەبارەکەیانە، بەڵام دەتوانرێت چوارچێوەیان بۆ دیاریبکرێت و سنوریان بۆ بکێشرێت. لە شیکردنەوەی چەمکی هاتنە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەدا، لە زانستی زمانی درکپێکردندا بۆ مەبەستی ئاسانکردنی تێگەیشتن دوو زاراوەی وەک (تراجیکتۆر و لاندمارک) بەکاردێت، بە مەبەستی ئاماژەدان بەکەرەستە، یان بابەتەکە، یان چەمکە ئەبستراکتەکە لە ناو چوارچێوەکەدا سنووری بۆ کێشراوە، لەگەڵ جوڵەی کەسەکە، یان شتەکە، یان بابەتەکە  بۆ دەرەوە یان ژوورەوەی ئەو چوارچێوەیەی بۆیکێشراوە، بە شێوەیەک زاراوەی (تراجیکتۆر) زیاتر کەسەکە، یان شتەکە، یان بابەتەکە لە ناو چوارچێوەکەدا دەگرێتەوە و پلەی زەقبوونەوە و دەرکەوتنی لە هەموان زیاترە و ڕۆشنایی هەموو ئاخاوتنەکە لە سەر ئەمە، هەرچی زاراوەی (لاندمارک)یشە زیاتر بۆ ئاماژەدان بە هەمان کەس یان شت یان بابەتە بەکاردێت لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، یان لە ناو ئەو چوارچێوەیەکە، لەوانەیە لە هەندێك باردا دەرەوە لەو حاڵەتەدا بەکاربهێنرێت ڕێرەوێکی ڕوون و پێناسەکراوە (تراجیکتۆر(TR)[١٨] هێمایەکی سنوردار کراوە فەزای (بۆشای) (لاندمارك(LM)) بە جێبهێڵێت، وەك:

٤٥- نازدار لە کێشەکە چووە دەرەوە.

٤٦- ئەو چووەتە ناو خۆشەویستیەوە.

لە نموونەی (٤٥)دا، (نازدار)، کە ڕۆڵی تراجیکتۆری بینیووە و زیاتر دەرکەوتووە، لاندمارك، کە بریتییە لە (کێشەکە) جێهێشتووە و چووەتە دەرەوە، لە نموونەی (٤٦)دا، (خۆشەویستی) وەك لاندمارکە و (ئەو) وەك تراجیکتۆر چووەتە ناوییەوە، واتە لێرەدا ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئاسان ڕوویانداوە و زۆر قوڵ نەبوونەتەوە، بەڵام دەشکرێت هەندێکجار ( TR) قوڵتر بێت و کاتێکی زیاتر بوێت و زیاتر لە (LM)دا بمێنێتەوە، بۆ نموونە:

٤٧-بەرین بەقوڵی چووەتە ناو خەیاڵەوە.

٤٨-ناتوانێت دڵی بۆ کەس بکاتەوە.

لە نموونەی (٤٧)دا، (بەرین) کە بریتییە لە (TR) بە شێوەیەك چووەتە ناو (LM)ەوە، کە خەیاڵە، ماوەیەکی زیاتر بۆ هاتنە دەرەوەی دەوێت، چونکە (بە قوڵی) باسکردنە لە ڕووداوێك، کە کاتێکی زۆری بوێت، لە نموونەی (٤٨)دا، (LM)، کە (دڵە) بە شێوەیەك داخراوە، کە هیچ (TR) ناتوانێت بچێتە ناویی، بەم پێیە لە هەردوو نموونەی(٤٧، ٤٨)دا (TR) کاتێکی زۆری پێچووە لە بەرانبەر (LM)دا.

بەڵام دەشکرێت لە کاتێکدا هێماکە ڕوون و دیاریکراو بێت، لەوکاتەدا دەرەوە، یاخود ناوەوە ئاماژەدان بە ڕووداوێك، یاخود کەرەستەیەك بێت، کە دەڕژێتە ناو کەرەستەیەکی ترەوە، کە ڕووبەرەکەی فراوانترە، وەك:

٤٩--منداڵەکە کەوەکەی هەڵفڕاندە دەرەوەی قەفەزەکە.

٥٠-سەربازەکان بنێرە ژوورەوە.

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، دەبینرێت، کە ڕووبەرەکان بە پێی گۆڕینی شوێنی (TR) جیاوازە، لە نموونەی (٤٩)دا، دەرەوەی قەفەزەکە ڕووبەرێکی فراوانتری لە ناو قەفەزەکە هەیە، هەروەها لە نموونەی (٥٠)شدا، ڕووبەری دەرەوە فرانترە لە ڕووبەری ناو ژوورەکە، چونکە دەرەوە سنوری دیاریکراوی نییە، بەڵام

---

[١٨] TRAJECTOR و LANDMARK ئەو زاراوانەن کە لەلایەن R. Langacker پێشنیازکراون بۆ وەسفکردنی واتای دەربڕینە زمانەوانییەکان، کە ڕووداوە سادە و ئاڵۆزەکان دیاریدەکەن، کە تێیدا تەنێك (Trajector) دەجووڵێت یان دەگۆڕێت لە پەیوەندی لەگەڵ تەنێکی تردا (Landmark)، (www.scodis.com)، کاتێك پەیوەندییەك دروستدەبێت، بە پێی پلەی جیاوازیان گرنگی بە بەشداربووەکانی دەدرێت، بە باوەڕی (لانگەکەر) ئەوەی زۆترین جوڵەی هەیە و فۆکەسی زیاتری لە سەرە بریتییە لە (تراجیکتۆر)، ئەوەشی وەك فۆکەسی لاوەکی دەبینرێت بریتییە لە (لاندمارك)، (٢٠٠٨:٧٠).

ژوورەوە سنورەکەی دیاریکراوە، لێرەدا دەرەوە ڕووبەرێکی فراوانترە، دەشکرێت دەرەوە بۆ وەسفکردنی جوڵەی درێژایی ڕوی هێل بە کاربێت، بۆ نموونە:

٥١-پاسەکە بەرەو هەڵەبجە دەستی بە ڕۆیشتن کرد.

لەم شوێنەدا پاسەکە لەو شوێنەی، کە لێی بووە چووەتە دەرەوە، لە سەر ڕاستە هێڵێك، کە بریتییە لەو ڕێگەیەی، کە پێیدا دەڕوات، بە واتایەکی تر (TR/پاسەکە) بە ڕێڕەوەکەدا، کە (LM) ڕۆیشتووە، هەموو ئەمانە مەرج نییە تەنها لە بواری فیزیکیدا بە کاربهێنرێن، بەڵکو دەشکرێت وێنای وێنەیی تر دروستبکرێت، کە فیزیکی نەبن، بۆ نموونە:

٥٢-مەڕۆ دەرەوەی باسەکە.

٥٣- مەیە ناو قسەکانمەوە.

لە نموونەکانی (٥٢، ٥٣)دا ڕاستە ڕێڕەو بوونی هەیە، بەڵام فیزیکی نییە، واتە هەریەکە لە (باس، قسە) کەرەستەیەکی بەرجەستە نین، بەڵام وێناوێنەییەکان لەوانەوە دروستبوون.

## ٢/٢) پەیپێبردنی چەشنەکانی وێنای وێنەیی لە زمانی کوردیدا

### ١-٢/٢) پەیپێبردنەکانی (مارك جۆنسۆن-Mark johnson) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا

(مارك جۆنسۆن) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە یەکێك لەو ڕێگەیانەی، کە ئەزموونی بەجەستەکراو لە ئاستی درکپێکردندا و لەڕووی وێنای وێنەییەوە خۆی دەردەخات، ئەوەیە، کە کۆمەڵە چەمکێکی سەرەتایی، وەك (تیاهەڵگر-Containment، هاوسەنگی-Balance، هێز-Force، ڕێڕەو-Path، ...هتد)ن دەبنە بنەما بۆ داڕشتەی خودی وێنای وێنەیی و لە داهاتوشدا دەبنە بنەما بۆ جیاکردنەوەی چەشن و جۆرەکانی وێنای وێنەیی و پۆلکردنیان، بەمشێوەیە هەموو ئەم چەمکە سەرەتاییانە بە جۆرێك لە جۆرەکان واتادارن، لەبەرئەوەی بۆ ئەزموونی پێش دروستبوونی چەمکەکان دەگەڕێنەوە و لەوێوە سەرچاوە دەگرن. بە شێوەیەك، کە بە ئەزموونی جیهانییەوە بەستراونەتەوە و ڕاستەوخۆ لە لایەن جەستەی مرۆڤەوە ناوبژیوانی دەکرێن، واتە جەستەی مرۆڤ و هەستەوەرەکانی جەستەی مرۆڤ دەبنە ئەو چوارچێوەیەی، کە ئەم چەمکە سەرەتاییانە درکپێدەکات و لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوەیان لە ئاوەزدا بە کۆدێکی زمانی دایاندەکات و دەبنە نەواتی بونیادنانی خودی چەمکەکە و دواتریش پێکهاتەیان بۆ دروستدەکرێت. هەموو ئەم چەمکە سەرەتاییانەش بێ جەستە نین، بەڵکو ناوەڕۆکەکەیان بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەزموونی هەستکردنەکانەوە وەرگیراون. خودی وێنای وێنەیی پێکهاتەیەکی گشتالێتیان هەیە، بە واتای ئەوەی پێکهاتەی بەشەکان لە سەر پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی لە نێوان سەرجەم بەشەکانی وێناوێنەییەکەدا وەستاوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەزموونەکانەوە ڕێکدەخرێن، بەڵام لەم نێوەندەدا نابێت ڕۆڵی جەستەش لەیادبکرێت، چونکە (مارك جۆنسۆن) باوەڕیوایە، کە((ئەوەی زۆرجار وەك واتای ئەبستراکت و وێنای دەرئەنجامەکان بیریان لێدەکرێتەوە، لە ڕاستیدا بە وێناوێنەییەکانەوە پەیوەستە، کە لە ئەنجامی ئەزموونی جەستەیی و چارەسەرکردنی کێشەکانەوە وەرگیراون))، (xx :1987). واتە ئەو واتاییەی ئاخێوەران ڕۆژانە بەکاریدەهێنن، خودی جەستە خۆی ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە بەخشینی واتا بەو کەرەستانە بینیووە، تەنانەت زۆرجار لە خودی جەستە خۆیەوە نموونە بۆ کێشەکانی ڕۆژانەی هێنراوەتەوە و بە دەربڕاوی زمانی دەربڕدراوە. لێرەدا هەوڵدەدرێت، لە ڕوانگەی (مارك جۆنسۆن-Mark johnson)ەوە باس لەو جۆرانەی وێنای وێنەیی بکرێت، کە ئەو ئاماژەی بۆ کردووە و کاری لە سەرکردوون و نموونە و شرۆڤەیان لە زمانی کوردیدا بۆ بهێنرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە:

### ٢/٢-١-١) گروپی جوڵەی فەزایی

### ٢/٢-١-١-١)تیاهەڵگر (Containment)

وێناوێنەییەکان وەك قاڵبێکی دیاریکراون، کە کەرەستە لە خۆدەگرن، بە واتایەکی تر وەك قاڵبێك وان، کە کەرەستەیان تێدەکرێت. کاتێك کەرەستەکان دەخەینە ناو قاڵبەکانەوە و ڕێکخستنی فەزاییان بۆ دەکەین، وەك دانانی کتێبەکان لە ناو کتێبخانەکەماندا/جانتاکانماندا، یاخود دانانی قاپ و قاچاخەکان لە ناو کەوانتەردا، هەربۆیە ئەگەر ڕوانگەی چەمکی وێنای وێنەیی لە بەرچاو بگیرێت و سەرنجیان لێبدرێت، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆریان لە ئەزموونی خۆگرتنی فیزیکییەوە سەرهەڵدەدەن و ((ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ تیاهەڵگر و سنوردارکردن، یەکێکە لە تایبەتمەندییە بەربڵاوەکانی ئەزموونی جەستەیی))، (johnson, 1987:21)، چونکە جەستەی مرۆڤ وەك دەفرێك وایە، کە ڕۆژانە ماددەی جیاوازی هەر لە خواردن و خواردنەوە و هەواوە، تا چەندین ماددەی تر تێدەکرێت، لە لایەکی ترەوە لەبەرئەوەی مرۆڤ پاشەڕۆیی هەیە، بۆیە بەردەوام ماددەی لێدەڕژێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لە دەوروبەرماندا چەندین کەرەستە، کە وەك ئەوان وان دروست ببێت، بۆ نموونە وەك کەلوپەل خستنە ناو ئەو کەرەستانەی، کە دەمانەوێت بیانپارێزین، وەك گۆشت خستنە ناو بەفرگر(سەلاجە)، شەکر کردنە ناو شەکردان و باڵندە خستنە ناو قەفەز، کە لە هەریەکە لە مانەشدا ڕێکخستنێکی فەزایی(بۆشایی) دووبارەبوونەوەی هەیە، یاخود لە وێنای وێنەیی تیاهەڵگردا لە خۆگرتنی فیزیکی بوونی هەیە، کەواتە مرۆڤ لە جەستەی خۆیەوە ڕووداو و ئەزموونەکان بۆ دەوروبەر دەگوازێتەوە. ئەم لە خۆگرتنەش سنورێکی فراوانی هەیە و ((یەکێکە لە وێناوێنەییانەی، کە زۆرترین لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، ئاماژەیە بۆ ناوەوەیەك و دەرەوەیەك و سنوری نێوانیان))، (Hedblim, 2020:40)، کەواتە وێنای وێنەیی تیاهەڵگر سنورێکی دیاریکراوی هەیە و لە چوارچێوەی ئەو سنورەدا وێناوێنەییەکە دروست دەبێت، هەربۆیە ئەو کەرەستانەی پەیوەندی بە وێنای وێنەیی تیاهەڵگرەوە هەیە، زیاتر بریتین لە کەرەستە فیزیکییەکان، ناوەوە و دەرەوەی تیاهەڵگرەکە، کرانەوە و ڕێڕەوێك بۆ ئەو تیاهەڵگرەی لە ناویدا هەیە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە و بەردەوام ئەم پێکهاتانە تەنها یەك دانەبن، بەڵکو دەکرێت لە هەندێك تیاهەڵگردا زیاتر، یان کەمتر بن، بۆ نموونە وەك چوونە ناو کێشەیەکەوە، کە دەکرێت لە چەندین شوێنەوە لێیدەربچین، یاخود ڕەنگە بینایەك یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەبێت، بەڵام زیاد لە دەرگایەکی بۆ هاتنەدەرەوە هەبێت، یاخود دەکرێت تیاهەڵگرێك یەك دەرگای چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەی هەبێت، وەك ئەشکەوتێك، کە لە ئەو دەرگایەی، کە ڕێگەی چوونە ژوورەوەیە، هەمان ڕێگەش بۆ هاتنەدەرەوەیە، کۆی ئەم بەرکەوتنە فیزیکییانە وێنای وێنەی تیاهەڵگرییان بۆ مرۆڤ دروستکردووەوە لە زماندا ڕەنگیانداوەتەوە و چەندین وێنای وێنەیی لە سەر بنەمای هەمان وێنای وێنەییە فیزیکییەکە بە شێوەی ئەبستراکت دروستبوون، هەربۆیە تیاهەڵگرەکان ((دەرئەنجامێکی واتادارن و جۆرێکی تایبەتی پەیوەندیی فیزیکییە، کە لە کارلێکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ئەزموونمان کردوون))، (Evans, Green, 2006:158)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستی تیاهەڵگر، با لەم نموونانەی خوارەوە بڕوانین:

٥٤-چووەتە ناو کێشەیەکی قووڵەوە.

٥٥-لە کێشەکە هاتەدەرەوە.

٥٦-لە ناو گێژاوێکی قووڵدایە.

٥٧- بێزەحمەت  ئەو بابەتە جەنابت لوتی تێمەژەنە.

بە وردبوونەوە و تێڕامان لە نموونەکان، درك بەوە دەکرێت، کە هەریەکەیان خاوەنی لە خۆگرتنێکی نافیزیکین و بە شێوەیەك هیچکام لە نموونەکان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی فیزیکی نییە، بەڵام ئاخێوەران لە ڕێگەی درکپێکردن و پەیپێبردن و ئەزموونەکانیانەوە سنور و چوارچێوەیان بۆ دیاریکردووە، لە نموونەی (٥٥)دا،

(کێشە) وەك کەرەستەیەکی ئەبستراکت وایە، بەڵام لێرەدا چوارچێوەیەکی بۆ دیاریکراوە، وەك ئەوەی دەرگایەکی هەبێت مرۆڤ چووبێتە ناویەوە، یاخود هاتبێتەدەرەوە، لە نموونەی (٥٦)دا، (گێژاو) وەك تیاهەڵگرێك سەیرکراوە، کە کەسێك چووبێتە ناویەوە، لە نموونەی (٥٧)دا، (بابەت)یش وەك تیاهەڵگرێکە، کە کەسێك خۆی تێدا هەڵبقورتێنێت تێیدا و بچێتە ناویەوە، کەواتە لەم ڕوونکردنەوانەوە دەگەینە ئەوەی، کە (جۆنسۆن) توانیوێتی درك بەوە بکات، مرۆڤ لە ڕێگەی کەرەستە فیزیکییەکانەوە، کە چوارچێوەیەکی فیزیکی و سنورێکی دیاریکراویان هەیە، دەتوانێت وێنای وێنەیی جیاوازی تیاهەڵگر دروست بکات، هەرچەندە نافیزیکی و ئەبستراکت بن، بەڵام درك بەوە دەکات، کە چوارچێوە و سنورێکی دیاریکراویان هەیە.

## ٢/٢-١-١-٢)ڕێڕەو (Path)

لە ئەنجامی جوڵەی کەرەستە فیزیکییەکانەوە مرۆڤ هەوڵدەدات کۆمەڵێك وێنای وێنەیی، کە فیزیکی نین، دروست بکات، ئەگەر سەرنج لە هەر جوڵەیەك بدرێت بە پێی سێ خاڵ دەبێت، کە بریتییە لە سەرەتا و کۆتایی و ڕێڕەوێك، کە ئەو جوڵەی پێدا تێپەڕێت، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە خاڵی (ا) بڕۆین بۆ خاڵی (ب) ئەوا بە سەرجەم ئەو خاڵانەدا دەڕۆین، کە لە نێوان هەردوو خاڵەکەدا هەیە، هەروەها دەکرێت ڕێڕەوەکە ((ڕەهەندی کاتی لە سەر نەخشەکێشرا بێت))، (johnson, 1987:115)، واتە ڕۆشتن لە خاڵی (ا) بۆ خاڵی (ب) پێویستی بە کاتێکی دیاریکراو دەبێت، بۆ نموونە بە دەستهێنانی هەر پلەیەکی خوێندن پێویستی بە هەردوو خاڵەکە و کاتێکی دیاریکراو دەبێت، وەك بە دەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر و دکتۆرا)، یاخود دەکرێت ڕێڕەوەکە بەوە لێکبدرێتەوە، کە ((ئامرازێکە بۆ جوڵە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر، کە ئەمەش پێکدێت لە ئامانجێك و زنجیرەیەك شوێنی یەك لە دوای یەك، کە لە نێوان سەرچاوە و ئامانجەکەدا پەیوەندی بوونی هەبێت))، (Evans, Green, 2006:185)، بۆ نموونە:

٥٨-من هەڵەبجەم بە جێهێشت. (سەرچاوە)

٥٩-ئاسۆ بۆ سلێمانی گەشتی کرد. (ئامانج)

٦٠-من لە هەڵەبجەوە بۆ هەولێر گەشتم کرد. (سەرچاوە، ئامانج).

٦١- من لە هەڵەبجەوە بە ڕێگە تازەکەدا بۆ سلێمانی گەشتمکرد. (سەرچاوە، ڕێڕەو، ئامانج).

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت دەبینرێت، کە لە هەموویاندا ڕێڕەوێك، لەگەڵ جوڵەیەک بوونی هەیە، کە جوڵەکە بەو ڕێڕەوەدا دەڕوات، لە نموونەی (٥٨)دا ئاخێوەر لە هەڵەبجەوە دەستی بە گەشتەکەی کردووە، واتە سەرچاوە بریتییە لە (هەڵەبجە)، لە نموونەی (٥٩)دا ئامانج لە گەشتکردنەوەکەی (ئاسۆ) چوون بۆ (سلێمانی) بووە، لە نموونەی (٦٠)دا سەرچاوەی گەشتەکە بریتییە لە (هەڵەبجە)، ئامانجی گەشتەکەش گەیشتن بە (هەولێر) بووە، بەڵام لە نموونەی (٦١)دا هەرسێ لایەنی(سەرچاوە، ڕێڕەو، ئامانج) بوونی هەیە، کە بریتین لە سەرچاوە(هەڵەبجە)، ڕێڕەو (ڕێگە تازەکە)، ئامانج (سلێمانی)، ئەگەرچی جوڵەکان فیزیکین، بەڵام دەکرێت لە شوێن و نموونەی تردا ڕێڕەو بوونی هەبێت، بەڵام جوڵەکان فیزیکی نەبن، بەڵکو لە ئەزموونی فیزیکییەوە وەرگیرابن، وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

٦٢-لاڤە بۆ ئەوەی سەربکەوێت، ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی.

بە تێڕامان و وردبوونەوە لە نموونەی (٦٢)، دەبینرێت، کە وێناوێنەییەکە هەرچەندە فیزیکی نییە، بەڵام لە کەرەستە فیزیکییەکانەوە وەرگیراوە.

## ٢/٢-١-١-٣)خوول (Cycle)

ئەگەر سەرنج لە ژیانی ڕۆژانەی زیندەوەران بدرێت، دەبینرێت، کە خوولێکی دووبارەیە، پاراستن و پارێزگاریکردن لە جەستەمان بەندە بەوەوە، بۆ نموونە وەك خوولە ئاڵۆزەکانی سوڕی خوێن، هەرسکردن، لێدانی دڵ، بە ئاگابوون و خەوتن، کۆی ئەم پرۆسانە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دووبارە دەبێتەوە، هەربۆیە خوول ((شێوازێکی گەڕانەوەیە، وەك خوولی ڕۆژانە))، (Hedblom, 2020:40). ئەو جیهانەی، کە ئێمەش تێیدا دەژین و زۆربەی ئەو کاتانەی ڕووبەڕوویان دەبینەوە لە ناو خوولێکی چەسپاو و دووبارەدان، بۆ نموونە وەك (ڕۆژەکانی هەفتە، شەو ڕۆژ، ڕەوتی ژیان، وەرزەکان)، تەنانەت قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕووەك و گیانلەبەران، کەواتە کۆی ئەم پرۆسانە سەرەتایەك و پاشان وردە وردە بە پێی کاتی دیاریکراو بەرەو کۆتایی دەچن. ڕووداوەکان و دیاردەکانی ژیان ((کۆتایی دێت، لەو شوێنەی، کە دەستیپێکردووە، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ دەست بە نەخشەی خوولێکی دووبارەبووە بکاتەوە))، (johson, 1987:119)، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە ڕۆژەکانی هەفتە بدرێت، دەبینرێت بە (شەممە) دەستپێدەکات و بە (هەینی) کۆتایی دێت، جارێکی تر هەمان خوول دووبارە دەبێتەوە، بەڵام دەکرێت لە ناو خوولەکەدا هەندێك ڕووداو و دیاردە ڕووبدەن، کە لە ناو خوولی دووەمدا دووبارە نەبنەوە، ئەگەر سەرنجیش لە زمان بدرێت دەبینرێت، کە چەندین وێنای وێنەیی، کە بە هەمان شێوەی وێنای وێنەییە فیزیکییەکەیە بوونی هەیە، بۆ نموونە:

٦٣-دووبارە هەمان بابەتی خوێندەوە.

٦٤-لە ئەلفەوە تا یا گوێم لە قسەکانت بوو.

٦٥-دەڵێی ڕادیۆی شکاوە، دیسان دەچێتەوە سەر هەمان بابەت.

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدرێت، دەبینرێت، کە خوولی دووبارەبوونەوەیان تێدایە، واتە سەرەتا و کۆتاییان هەیە، لە نموونەی (٦٣)دا ئەو بابەتەی پێشتر خوێندبوویەوە، دیسان دووبارەی کردوەتەوە، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت خوولەکەی تەواوکردووە، دووبارە لە هەمان خاڵی سەرەتاوە دەستی پێکردووەتەوە، لە نموونەی (٦٤)دا دەستپێك و کۆتایی هەیە، واتە لە خاڵی (ئەلف)ەوە تا خاڵی (یا) چووە، لە نموونەی (٦٥)دا دیسان هەمان بابەت، واتە هەمان قسە و کردەوەکانی کاتی پێشووتری دووبارە کردووەتەوە، کە ئەم نموونانە سەرجەمیان وێنای وێنەیی نافیزیکین و مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانییەوە لە بابەت فیزیکییەکان وەریگرتوون.

## ٢/٢-١-١-٤) بلۆککردن (Blockage)

ئەو چالاکییانەی، کە ڕۆژانە مرۆڤ دەیانکات و لەگەڵ خەڵك و ڕووداوەکاندا کارلێك دەکات، مەرج نییە هەمیشە بگاتە خاڵی مەبەست، بەڵکو هەندێکجار ڕووبەڕووی بەربەستێك دەبێتەوە و ناتوانێت خۆی لێ لابدات. ئەم وێناوێنەییەش ((لەو ڕووبەڕووبوونانەوە وەرگیراون، کە  تێیدا بەربەستەکان ڕووبەڕوی هێزەکە دەبنەوە))، (Evans, Green, 2006:187)، بۆ نموونە مرۆڤ هەر لە کاتی منداڵییەوە ڕووبەڕووی ئەم وێناوێنەییە دەبێتەوە، منداڵ کاتێك دەیەوێت جوڵە و چالاکییەك بکات لە لایەن گەورەکانەوە ڕێگری لێدەکرێت، یاخود کاتێك دەیەوێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بچێت، بەڵام بەربەستێك ڕێگری لێدەکات و نایەڵێت بڕوات، ئەمجۆرە وێناوێنەییەش ((وێنایەك لە خۆدەگرێت، کە بە درێژایی ژیان دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە))، ( johnson, 1987:45)، کەواتە بلۆککردن بە حاڵەتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە و بە درێژای ژیان دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە، بۆ گەیاندنی زیاتر مەبەستەکە، با لەم نموونەیە بڕوانرێت:

٦٦-بە هۆی هەژارییەوە وازی لە خوێندنەکەی هێنا.

لێرەدا (هەژاری) وەك بەربەستێك ڕێگری لە ڕێڕەوەی خوێندنەکەی کردووە و ناچاریکردووە وازی لێبێنێت، لەگەڵ ئەوەی، کە وێنای وێنەیی بلۆککردن ((ئاڵۆزە و چەمکێک دەگرێتەوە، کە دەتوانرێت ڕێگری لە جوڵەی تەنێك بکرێت))، (Hedblom, 2020:40)، بەڵام بۆ ڕێگریکردن لەم بلۆککردنە پێویستە ڕێگرییەکە لاببرێت، یاخود ڕێڕەوەکە بگۆڕدرێت، بۆ نموونە:

٦٧-بۆ ئەوەی دەربچێت، چووە قوتابخانەی تایبەت.

٦٨-دوای مردنی باوکی شوی پێکرد.

لە نموونەی (٦٧)دا بە ناچاری ڕێڕەوی خۆی لە قوتابخانەی حکومییەوە گۆڕیووە و بۆ قوتابخانەی تایبەت چووە، بەڵام لە نموونەی (٦٨)دا ئەو ڕێگرییە، کە بۆتە هۆی بلۆککردنی شوکردنەکەی نەماوە، واتە باوکی مردووە و ڕێگرییەکە لاچووە، ئەمەش بووەتە هۆی شوکردنی، واتە لێرەدا لە بری ئەوەی ڕێڕەوەکە بگۆڕدرێك، ڕێگرییەکە لابراوە و بە هەمان ڕێڕەودا ڕۆشتووە.

## ٢/٢-١-١-٥) سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج (Source-Path-Goal)

لە زۆربەی وێناوێنەییەکاندا شێوازی دووبارە بووە، لەگەڵ خودی ئەو پێکهاتانەی، کە وێناوێنەییەکەی لێدروست بووە هەستی پێدەکرێت، لە زۆربەی حاڵەتەکانی وێنای وێنەیی ڕێڕەودا هەمان بەشە پێکهاتە هەن، وەك(١-سەرچاو(خاڵی دەستپێك)، ٢-ئامانجێك(خاڵی کۆتایی)، ٣-زنجیرەیەك شوێنی یەك لە دوای یەك، کە سەرچاوە و ئامانجەکە بە یەکترەوە دەبەستێتەوە)، (johnson, 1987:133)، بۆ نموونە:

٦٩-لە پۆلی یەکەوە، تا زانکۆ سەرجەم قۆناغەکانم بە سەرکەوتوویی بڕی.

ئێستا ئەگەر سەرنج لە نموونەی (٦٩) بدرێت، خاڵی دەستپێك بریتییە لە (پۆلی یەك)، ئەو قۆناغانەی خوێندن، کە پێیدا تێپەڕیووە (سەرەتایی، ناوەندیی، ئامادەیی، زانکۆ) بریتیی دەبێت لە ڕێڕەوەکە، بە دەستهێنانی بڕوانامەیی زانکۆی بریتیی دەبێت لە ئامانجەکە، کەواتە وێنای وێنەیی سەرچاوە-ڕێڕەو-ئامانج ((پەیوەندی بە جوڵەوە لە سەرچاوەیەکەوە بۆ ئامانجێك هەیە))، (Hedblom, 2020:40)، بۆ نموونە:

٧٠-لاڤین بۆ بە دیهێنانی ئاواتەکانی دەبێت لە سفرەوە دەستپێبکات.

بە سەرنجدان لە نموونەی (٧٠)دا ئەوە دەبینرێت، کە خاڵی دەستپێك بریتییە لە (سفر)، ئامانجەکەش بریتییە لە بە دیهێنانی ئاواتەکانی، کەواتە لێرەدا سەرچاوە و ڕێڕەو و ئامانج بوونی هەیە.

## ٢/٢-١-١-٦)ناوەند-دەوروبەر (Center-Periphery)

ژیانی مرۆڤ لە جەستەیەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە جەستەی وەك ناوەندێك وایە، کە لەوێوە ئەزموونی جیهانەکەی دەکات و ڕووداو و کەرەستەکان دەبینێت و بۆنیان دەکات و دەستیان لێدەدات، کاتێك مرۆڤ لە جەستەی دەڕوانێت، ئەو کات جەستەی وەك ناوەندێکی لێدێت، لەوێوە بۆ ڕووداو و کەرەستە و ئامانجەکانی دەوروبەری شۆڕدەبێتەوە و سەرنجیان دەدات، ڕەنگە ئەو پرۆژە و ئامانجانەی ئەمڕۆ لای مرۆڤ گرنگ بێت و لە پلەی یەکەمی پرۆژە و ئامانجە سەرەتاییەکانمان بێت، دوای ماوەیەکی تر بچێتە پاش و ئیتر زۆر بۆمان گرنگ نەبێت و ئەو شێوە تێڕوانینەی ئێمە بۆ ژیان چیتر شتی نوێی پێشکەش نەکات، ڕەنگە هەندێکجار وا هەست بکات، کە بەرەو ئاسۆیەکی نوێ هەنگاو دەنێت، بەڵام ئەمە تەنها خەیاڵە و هەستکردنی مرۆڤ خۆیەتی بەو پرۆژە و ئامانجە، ئەمەش وێنای وێنەیی ناوەند-دەوروبەرەکەیە و وەك ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پرسێکی فەزایی/بۆشایی هەستکردنمان بێت، بەڵام ((وێنا پێکهاتەیەکی دووبارە بووەوەیە لە فەزایی ئەزموونی ئێمەدا، لە جیهانی هەمووماندا هەندێك کەرەستە و ڕووداو و کەس لە هەندێکی تر گرنگترن و لە ئەزموونماندا گەورەتر دەردەکەون، زیاتر وەك ناوەندێکی کاریگەر لێیدەڕوانرێت))، (johnson, 1987:124)، بۆ نموونە لە ژیانی تاکی

کورددا پرۆسەی (ئەنفال و کیمیاباران) زیاتر لە کارەساتەکانی تر دەرکەوتوو ترن و بۆ کارەساتەکانی تر خاڵی گرنگ و ناوەند دەبن، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی، کە بە هۆی ئەم کارەساتانەوە سەرجەم کەسەکانی لە دەستداوە و هەر خۆی ماوەتەوە ناوەندیتر بێت، وەك لە تاکێکی تری هەمان کۆمەڵگە، کە کەسی لە دەست نەداوە، هەربۆیە سەرجەم تێگەیشتنەکانی ئێمە بۆ دەوروبەر، جێگەی سەرنج و تێڕامانە، بۆ نموونە:
٧١-ئەو قسەیەت زۆر سەرنجی ڕاکێشام.
٧٢-زیاتر گرنگی بە خاڵی یەکەم دەدات.
بە ڕوانین لە نموونەی (٧١) لە کۆی قسەکانی ئاخێوەردا، تەنها قسەیەك بووەتە جێگەی بایەخ و ناوەندیی وێناوێنەییەکە و زیاتر لەودا کۆبووەتەوە، بەڵام لە نموونەی (٧٢)دا لە کۆی ئەو خاڵانەی ئاخێوەر باسیکردووە، تەنها خاڵێك بووەتە جێگەی سەرنج و تێڕوانینەکانی گوێگر و وەك ناوەندێك لێی ڕوانیووە.

## ٢/٢-١-١-٧) لوتکەی خوولی (Cyclic Climax)

هەندێك لەو خوولانە، کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، وەك یەك ڕەفتار ناکەن، بەڵکو هەندێکجار بەرز و نزمی بە خۆیانەوە دەبینن، هەندێك خوول دەبن بە سەرەکی و لوتکەی خوولەکە دەگرن، بۆ نموونە لە ڕۆژەکانی هەفتەدا لای ئێمە (هەینی) لوتکەی خوولەکەی گرتووە، لای موسڵمانان لە مانگەکانی عەرەبیدا (مانگی ڕەمەزان) لوتکەی مانگەکانی گرتووە، کەواتە گرنگترین کەرەستە و ڕووداو و پرۆسە و ئامانج کامە بێت، ئەوەیان دەبێت بە لوتکەی خوولەکە، بۆ نموونە:
٧٣- ئامانجی سەرەکی ئاسۆ تەواوکردنی نامەکەیەتی.
ئەگەر سەرنج لە سەرجەم ئامانجەکانی (ئاسۆ) بدرێت، کە وەك خوولێك وان ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە، لە ناو هەموویاندا (تەواوکردنی نامەکەی) لە هەموویان گرنگترە و بووەتە لوتکەی ئامانجەکانی، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵکو دەکرێت لە کاتێکی تردا ئەم ئامانجە بە پێی تێپەڕبوونی کات بکەوێتە کۆتا ئامانجەکانییەوە، بۆ نموونە:
٧٤-بەس دایکم چاك بێتەوە، ئیتر بۆم گرنگ نییە نامەکەم تەواو بکەم،یا نا.
کەواتە لێرەدا تەواوکردنی نامەکە، نەبووە بە لوتکەی خوولەکە، بەڵکو چاکبوونەوەی دایکی لوتکەی خوولەکەی گرتووە.

## ٢/٢-١-٢)هێز (Force)

بۆ ئەوەی وەك زیندەوەرانی تر بژین، پێویستە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەرماندا کارلێك بکەین، هەموو ئەو کارلێکردن و پەیوەندییانە پێویستیان بە هێز هەیە. سەرجەم ئەوکارلێکردن و پێکهاتانە هێز ڕۆڵی خۆی تێدا بینییوە و ڕۆڵەکەش ڕۆڵێکی ناوەندییە، لە ڕێگەی ئەزموون و درکپێکردنەکانەوە ئەو وێناوێنەییانە دروستدەکرێن، کە تایبەتمەندییەکانی هێز ڕۆڵی خۆی تێدا بینیوون، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری هەیە و بەردەوام لەگەڵ کەرەستە و ڕووداوەکانی دەوروبەریدا لە ڕووبەڕووبونەوەدایە، بۆیە هێز لە زۆربەی شوێنەکاندا هەیە و کاری خۆی دەکات، بۆ نموونە ئێمە لە گەرمای هاویندا هەست بە هێزی گەرما دەکەین و لێی بێزار دەبین و ناچاردەبین خۆمان فێنك بکەینەوە، بەڵام لە پایزدا زۆر هەست بەو هێزە ناکەین، واتە هێزی گەرماکە لادەچێت. کۆمەڵێك تایبەتمەندی هێز هەن، کە (جۆنسۆن) دیاریکردوون، ئەوانیش بریتین لە:
(١-هەمیشە هێز لە ڕێگەی کارلێکردنەوە ئەزموون دەکرێت، واتە هەستەکان ئاگاداری ئەوەن، کە چۆن هێزەکان کاریگەری لە سەرمان هەیە، وەك چۆن زۆر خواردن هێز دەخاتە سەر گەدەمان، بۆ نموونە:
٧٥-ئەوەندەت وت سەرم دای لە ئازار.

٢-هێز ئاڕاستەی هەیە، یاخود ئاڕاستەكراوە و لە خاڵێكەوە  بۆ خاڵێكی تر ئاڕاستە دەكرێت، وەك هەڵدانی تۆپێك، كە لە لایەن هێزێكەوە پاڵپێوە نراوە و ئاڕاستەی خاڵێك كراوە، بۆ نموونە:

٧٦-قسەكەم ڕێك لە دڵیدا.

٣- بە شێوەیەكی گشتی یەك ڕێڕەوی جوڵە هەیە، كە ئەویش بە جۆری ئاڕاستەكراوی جوڵەی زۆرەوە بەستراوەتەوە، بۆ نموونە كاتێك منداڵێك بۆ هەر شوێنێك بیەوێت دەڕوات، تا ئەو كاتەی هێزی دەستی دایكی ئاڕاستەكەی دەگۆڕێت و دەیوەستێنێت، بۆ نموونە:

٧٧-سنوری خۆت بزانە، نایەڵم لەوە زیاتر بێ ڕێزی بكەیت.

٤-هێزەكان سەرچاوەیان هەیە، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ بكەرەكان دەتوانن ئاڕاستەیان بۆ شوێنی مەبەست بكەن، وەك ئەوەی یاریزانێك بە هێزی قاچەكانی تۆپێك ئاڕاستەی گۆڵ دەكات. بۆ نموونە:

٧٨-قابیلە نەزانم ئەم قسە قۆڕانە هی دایكتە.

٥-هێزەكان پلەی چڕییان لەو شوێنەی، كە دەسەڵاتیان زیاترە هەیە، بۆ نموونە:

٧٩-خەم لە چەند لاوە هێرشی بۆ هێناوم. (johnson, 1987:44-45).

ئەگەر بڕوانینە نموونەكانی (٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨، ٧٩) هەریەكەیان بە جۆرێكی جیاواز هێز ڕەنگی تێدا داوەتەوە، لە نموونەی (٧٥)دا، دەروون و ئاوەزی مرۆڤ بە ڕێژەیەكی دیاریكراو دەتوانرێت، گوێ لە كەسی بەرانبەر بگرێت، بەڵام لێرەدا ئاخێوەر ئەوەندە قسەی كردووە، هەست بەوە كراوە، كە زیاد لە پێویستە و سەری توشی ئازار بووە، لە نموونەی(٧٦)دا (قسە) وەك كەرەستەیەك سەیركراوە، كە ئاڕاستەیەكی هەبێت، بەر ئامانجێك كەوتبێت، كە بریتییە لە دڵ، لە نموونەی (٧٧)شدا، ئاخێوەر وەك ئەوەی سنورێكی دیاریكراوی هەبێت و دەبێت لەو سنورەدا قسەكەی خۆی بكات، بەڵام وەك چۆن منداڵەكە هەندێكجار پێویستی بە كەسێك دەبێت، بۆ ئەوەی بیخاتەوە سەر ڕێگەی خۆی، ئەمیش سنوری بەزاندووە، گوێگری ناچاركردووە، كە بێتە قسە بۆ ئەوەی بیخاتەوە سنورەكەی خۆی، واتە لێرەدا قسە وەك كەرەستەیەكی ئەبستراكت سنوری بۆ دیاری كراوە، ئەگەر سەرنجیش لە نموونەی (٧٨) بدرێت، ئاخێوەر باوەڕی وابووە سەرچاوەی قسەكانی ژنەكەی بریتییە لە سەرچاوەیەك، یاخود لە سەرچاوەیەكەوە دێت، كە دایكێتی، بە وردبوونەوەش لە نموونەی (٧٩) تێبینی ئەوە دەكرێت، كە (خەم) هەرچەندە كەرەستەیەكی ئەبستراكتە، بەڵام توانای ڕۆشتنیان لە چەندین شوێنەوە هەیە و پلەی چڕییەكەی لەو كاتەدا زۆر زیاترە.

هێزیش دەكرێت بە چەند جۆرێكەوە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەكرێت:

## ٢/٢-١-٢-١)ناچاركردن (Compulsion)

لەم جۆرەدا هێزێك پاڵ بە تەنێكەوە بۆ خاڵێك، یان شوێنێك دەنێت، كە ناچاری دەكات بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بڕوات، كە خۆی دەیەوێت، واتە لێرەدا تەنەكە توانای ئەوەی نییە، كە ڕووبەڕووی هێزەكە ببێتەوە، هەربۆیە (جۆنسۆن) باوەڕیوایە، كە: ((ئەمە وێناوێنەییەكی ڕاستەقینەی ناچارییە، كە لە وێنایەكی بەردەوام و هاوشێوەدا، یاخود ئەزموونێكی تایبەت و دركپێكردنی ئێمەدا بوونی هەیە))، (johnson, 1987:2)، كەواتە ئەم وێناوێنەییە مرۆڤ ناچاردەكات، كە كاری هێزێك جێبەجێبكات، كە بە ویست و ئارەزووی خۆی نییە، بەڵكو بە ناچاری بە ئەنجامی دەگەیەنێت، بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

٨٠- ئارام بە ناچاری بڕیارەكەمی قبوڵكرد.

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (٨٠) بدرێت، ئەوا دەردەكەوێت، كە (ئارام) بە ناچاری بڕیارەكەی قبوڵكردووە، واتە هێزێكی دەرەكی پاڵپێوەناوە، كە دەبێت بە ناچاری بڕیارەكە قبوڵبكات، لەم كاتەشدا وێنای وێنەیی ناچاری دروستبووە.

## ٢/٢-١-٢-٢)دژە هێز (Counterforce)

لەم جۆرەی هێزدا، دوو هێزی یەکسان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ((کۆبوونەوەی هێزەکانە، لێرەدا دوو ناوەندە هێزی یەکسان بە هێز و ئیرادەوە ڕووبەڕووی پێکدادان دەبنەوە، لە ئەنجامدا هیچکامیان ناتوانن بۆ هیچ شوێنێك بچن))، (johnson, 1987:46)، و هەردوو هێزەکە لە شوێنی خۆیاندا دەوەستن، بۆ نموونە:

٨١- کانی لە نێوان خۆشەویستی مێردەکەی و ڕێزی باوکیدا دۆش داماوە.

٨٢-پاداشتی منداڵەکان لە نێوان دایك و باوکەکەدا بە بێ چارەسەر ماوەتەوە.

ئەگەر سەرنج لەو وێناوێنەییانە بدرێت، کە بە هۆی هێزەوە لە هەردووو نموونەکەدا درووستبووە، ئەوا تێبینی دەکرێت، کە دوو دژە هێزن و بە یەکسانی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و لە خاڵێکدا وەستاون، لە نموونەی (٨١)دا (کانی) لە نێوان هێزی (خۆشەویستی مێردەکەی) و (ڕێزی باوکیدا)یدا گیریخواردووە، واتە هەردوو هێزەکە (کانی)یان خستووەتە نێوان خۆیانەوە، لە نموونەی (٨٢)دا (پاداشتی منداڵەکان) بە هۆی جیابوونەوەی دایك و باوکەکەوە، کەوتووەتە نێوان دوو هێزی یەکسان، کە ئەوانیش هێزی (دایك) و هێزی (باوك)ە لە نێوانیاندا وەستاوە ناتوانێت بۆ هیچ شوێنێکی تر بڕوات. کەواتە مەرجی درووستبوونی دژە هێز ئەوەیە، کە دوو هێزەکە یەکسان بن، کەسیان نەتوانێت ئەوی تریان ناچار بە لادان بکات.

## ٢/٢-١-٢-٣)لادان (Diversion)

وەك ئەوەی کاتێك دوو هێز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لادانی هێزێکیان بۆ هێزێکی تریان، جیاوازی لەگەڵ (دژە هێز)دا، ئەوەیە، کە: ((ئاڕاستەی هێز لە ئەنجامی کارلێکی هەندێك هۆکارەوە لە ڕێڕەوەکەی لادەبرێت))، (johnson, 1987:46)، ئەو هێزەی، کە بەهێزترە دەبێتە هۆی لادانی هێزە لاوازەکە، بە واتایەکی تر: ((هێزی کەرەستەیەك لەگەڵ هێزی کەرەستەیەکی تردا لە جووڵەدا کۆدەبنەوە، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لادانی هێزی یەکێکیان))، (Evans, Green,2006:188)، بۆ نموونە کاتێك لە ڕۆژێکی ڕەشەبادا ئۆتۆمبیلەکەت لێدەخوورێت، هێزی ئۆتۆمبیلەکەت ڕووبەڕووی هێزی ڕەشەباکە دەبێتەوە، لە ئەنجامدا هێزی ئۆتۆمۆبیلەکەت سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە هۆی لادانی هێزی ڕەشەباکە، مرۆڤ بە هۆی پەیپێبردن و درکپێکردنەکانییەوە لە سەر بنەمایی ئەم وێناوێنەییە چەندین وێنای وێنەیی تری لە زماندا بنیاتناوە، بۆ نموونە:

٨٣- کچەکە لە نێوان دڵ و عەقڵیدا، دڵی هەڵبژارد.

٨٤-ئەو کوڕەی نەیهێشت شووبکات، لە ڕێگەی خۆی لایدا.

لە نموونەکانی(٨٣، ٨٤)دا دوو هێز ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، لە ئەنجامدا یەکێك لە هێزەکان بۆ هێزەکەی تر خۆی لاداوە، لە نموونەی (٨٣)دا هێزی (دڵ) سەرکەوتووە بە سەر هێزی (عەقڵ)دا و ناچاریکردووە، کە لابدات و خۆی بە ڕێڕەوەکەدا بڕوات، لە نموونەی (٨٤)دا لە نێوان هێزی (کوڕەکە) و هێزی (شووکردن)دا هێزی (شووکردن) توانیویەتی بەربەستی هێزی (کوڕەکە) بشکێنێت و ناچار بە لادانی بکات.

## ٢/٢-١-٢-٤)لابردنی بەربەست (Removal of Restraint)

هەندێکجار ئەو هێزەی ڕێگری دەکات، بە هۆی مرۆڤ و ڕووداوەکانەوە لە ڕێڕەوەکەدا لادەبرێت. ئەو کاتە مرۆڤ ئازادە بڕواتە دەرەوەی، یاخود ناوەوەی بەربەستەکە، بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ لە دەرەوەی ژوورێکدایە، کەسێك دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە، ئەو کاتە مرۆڤ سەربەستە، کە بڕواتە ناو ژوورەکەوە، یاخود نەچێت، بە واتایەکی تر ئەم وێناوێنەییە ((دۆخێك دەگرێتەوە، کە تێیدا بەربەستێك لە بەردەم هێزەکەدا لادەبرێت و ڕێگە بە ئازادکردنی وزەکە دەدات))، (Evans, Green,2006:188)، بۆ نموونە وەك ئەوەی لە شوێنێکدا پاڵمان بە تەنێکەوە دابێت، لە ناکاو تەنەکە دەکرێتەوە لەو کاتەدا هێزەکە، کە بریتییە لە تەنەکە لادەچێت، ئێمەش، کە

وزەکەین بە پشتدا دەکەوین، چونکە هێزەکەی پشتمان نەماوە، ئەگەر سەرنج لەم وێناوێنەییە لە زماندا بدرێت، ئەوا چەندین نموونەی هاوشێوەمان هەیە، کە ئاخێوەران بە هۆی درکپێکردنەکانیانەوە وێناوێنەییەکەیان گواستۆتەوە بۆ زمانەکەیان و وێنای وێنەیی جیاوازییان پێدەربڕیووە، وەك:

٨٥-دڵی بۆ ئاكۆ كردەوە.

لە نموونەی (٨٥)دا ئەو هێزەی بوو بووە هۆی ئەوە نەچێتە ناو دڵییەوە نەماوە و لە ناوچووە، واتە لێرەدا (ئاكۆ) ئازادە، كە بچێتە ناو دڵییەوە، یاخود نەخێر لە دەرەوەی دڵی بمێنێتەوە.

## ٢/٢-١-٢-٥) دەسەڵاتپێدان (Enablement)

لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆرجار هەست بە هێزێكی شاراوە دەكرێت، كە لە مرۆڤ و گیانلەبەراندا بوونی هەیە، واتە ((تۆ دەتوانیت هەست بكەیت، كە هێز و دەسەڵاتت بۆ هەڵگرتنی كۆرپەیەك، خواردنەكان، سوتەمەنی هەیە، بەڵام هەمان هێز بۆ بەرزكردنەوەی پێشی ئۆتۆمۆبیلێك نییە))، (johnson, 1987:47)، لەم كاتەدا ئەو جوڵەی، كە لە ئاخێوەردا هەیە، هێزەكە ئاڕاستە دەكات، كە بەرەو كوێ بڕوات، واتە لەم شێوەدا جۆرێك لە هێزی ناوەوە، یاخود دەرەوە ئامڕازێك بۆ بكەرەكە دابیندەكات، بۆ ئەوەی بەرەو ئەو ئاڕاستەییە، كە خۆی دەیەوێت بڕوات، بۆ نموونە وەك ئەوەی، كە شانەیەكت بە دەستەوەیە و بۆ هەر لایەك، كە بتەوێت قژت دادەهێنیت، ئەم وێنا وێنەییە لە زماندا بوونی هەیە و گواستراوەتەوە بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە، وەكو:

٨٦-دڵم دەڵێت بڕۆم بۆ هەڵەبجە.

٨٧-ئەمڕۆ ئاسۆ لە خۆوە دڵی خۆش بوو.

هێزێكی شاراوە لە هەردوو نموونەكەدا هەیە، لە نموونەی (٨٦)دا هێزێكی شاراوە ئاخێوەری خستووەتە سەر ئەو بڕوایەی، كە بۆ هەڵەبجە بڕوات، لە نموونەی (٨٧)دا هێزێكی شاراوە هەبووە بۆ دڵخۆشكردنی (ئاسۆ)، بۆیە ئەم وێناوێنەییانە ((لە هەستی ئێمەوە بە شێوەی شاراوەیی، یاخود ئەبستراكت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەنجامدانی ئەركێكی دیاریكراو سەرچاوە دەگرێت))، (Evans, Green, 2006:188)، كەواتە ئەو هێزەی بۆ ئەم جۆرە وێناوێنەییە بەكاردێت، دەكرێت شاراوە و نادیار بێت، وەك لە نموونەی (٨٣، ٨٤)دا بینرا، تەنها كاتێك هەستی پێدەكرێت، كە ئەنجامێكی هەبێت، بۆ نموونە:

٨٨-ئەوین لە خۆوە دەوڵەمەند بوو.

لێرەدا دەوڵەمەندبوونی (ئەوین) بووەتە هۆی دەركەوتنی هێزە شاراوەكە، چونكە ئەنجامەكەی بە دەستهاتووە، كە بریتییە لە (دەوڵەمەند بوون).

## ٢/٢-١-٢-٦)هێزی ڕاكێشان(Attraction)

هەندێك كەرەستە لە دەوروبەری مرۆڤدا هەیە، كە توانای ڕاكێشان و كێشكردنی كەرەستەكانی دەوروبەری مرۆڤیان هەیە و كەرەستەیەك بۆ خۆیان كێشدەكەن، بۆ نموونە كاتێك لە ماڵەوەیت و گسكە كارەباییەكە ئیش پێدەكرێت، سەرجەم خۆڵ و كەرەستە وردەكان بۆ خۆی كێشدەكات، یاخود زیندووترین نموونە هێزی كێشكردنی زەوییە، كە بەردەوام كەرەستەكان بۆ خۆی كێشدەكات، هەربۆیە ((ئەمانە پێكهاتەیەكی وێنای وێنەیی هاوبەشی سەرنجڕاكێشیان هەیە، كە لەو ئەزموونەدا هاوبەشن))، (johnson, 1987:47-48)، كەواتە ئەم وێناوێنەییانە لەو ئەزموونانەوە وەرگیراوە، كە یەكەیەك، یاخود كەرەستەیەك، كەرەستەیەكی تر بە هۆی ئەو هێزەی، كە هەیەتی، بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت، بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری مەبەستەكەمان، با لەم نموونانە بڕوانین:

٨٩-چاوەكانی كاڵێ، بەرهەم بۆ خۆی كێشدەكات.

٩٠-بەهۆی چاكی دایكتەوە، خەڵك دێن بۆ ماڵتان.

لە نموونەی (٨٩)دا هێزی ڕاکێشانی چاوەکانی (کاڵی) بووەتە هۆی ئەوەی، کە (بەرهەم) بۆ خۆی کێشبکات و ناچاریکردووە بەرەو ڕووی چاوەکانی بڕوات، یاخود لە نموونەی (٩٠)دا هێزی چاکەی (دایکی)، خەڵکی ناچارکردووە، کە سەردانیان بکات و میوانەکان بۆ لای خۆی کێشبکات.

## ٢/٢-١-٢-٧)ئەڵقە/پێکەوەبەستەر/ لکێنەر (Link)

بە بێ ئەڵقە نەماندەتوانی مرۆڤ بین، مرۆڤ بە هۆی ناوکەوە بە دایکە بایۆلۆژیەکەییەوە بەستراوەتەوە و دواتر دێتە بوون، (بەڵام ئەم پەیوەندییە فیزیکییە، هەرگیز بەشێوەیەکی بەردەوام و تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ بەو شێوە نابێت و بە هەمیشەیی لە سکی دایکیدا نامێنێتەوە، لە قۆناغی دواتردا پەیوەندییەکی نافیزیکی دیاریکراو دروستدەبێت، کە بە خوشك و دایك و باوك و برا و خزم و کەسوکارمانەوە دواتر بە کۆمەڵیشەوە دەمابەستێتەوە، لەمەشەوە بەردەوام ئەم پرۆسەیە دەماخزێنێتە ناو ئەم بەستنەوە و ئەو بەستنەوەوە، تا لە کۆتاییدا ناسنامەیەکمان پێدەبەخشێت)، (johnson, 1987:118)، هەر لێرەشەوە سەرنجمان بۆ ئەو ئەڵقە و بەستنەوانە دەڕوات، کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبینەوە، وەك دوو تەختە لە ڕێگەی بزمارەوە بە یەکترەوە ببسترێنەوە، یاخود کاتێك کەسێك دەستی نابینایەك دەگرێت و لە شەقامێك دەیپەڕێنێتەوە، سەرجەمی ئەم پرۆسانە بە هۆی ئەڵقەوە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە و دروستبوون، واتە ئەڵقەکە وەك پردی پەیوەندییە، کە مرۆڤ و زیندەوەرەکان بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەڵقە ((پەیوەندییەکی زۆرەملێیە لە نێوان تەنەکاندا، کە تێیدا ئەڵقەکە ڕێگە بەوە دەدەن، کە تەنە پەیوەندیدارەکە لەگەڵ هاندەرەکانی تەنەکەی تردا ئەڵقە بکەن/پەیوەندی ببەستن))، (Helblom, 2020:40)، بۆ نموونە وەك بەشەکانی کۆمپیوتەر، کە بە هۆی ئەڵقەوە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە و ئەڵقەکە وادەکات، کە بەشەکان بەیەکەوە کاربکەن، هەمان وێناوێنەیی بە شێوەی ئەبستراکت لە زمانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە:

٩١-منداڵەکان هۆکاری جیانەبوونەوەی خێزانەکە بوون.

لە نموونەی (٩١)دا (منداڵەکان) دەوری ئەڵقەیەك دەبینن، کە بوونەتە هۆی ئەوەی ژن و مێردەکە بە یەکترەوە ببەستنەوە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژانە سەرنج لە ڕووداوەکانی دەوروبەر بدرێت، دەبینرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان بە یەکترەوە بەستراونەتەوە، بۆ نموونە:

٩٢-موچەکەمان دواکەوت، بەهۆی نەهاتنی (٢٠٠) ملیارەکەی بەغداوە.

لە نموونەی (٩٢)دا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە دواکەوتنی موچە و نەهاتنی پارەکەی بەغداد وەك ئەڵقەیەك بە یەکترەوە بەستراون، لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە لە وێنای وێنەیی ئەڵقەکەدا دوو کەرەستە بوونیان هەیە، وەك (ا، ب)، کە ئەم دوو کەرەستەیەش بە هۆی ئەڵقەیەکەوە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە و جیانابنەوە، بۆ نموونە:

٩٣- ئەگەر دەتەوێت سەد بێنیت، دەبێت کۆششی باش بکەیت.

لە نێوان (تۆ، سەد)دا ئەڵقەیەك هەیە، کە بەیەکتانەوە دەبەستێتەوە، ئەویش بریتییە لە (کۆششی باش)، کەواتە لێرەدا (کۆششی باش) ئەڵقەکەی نێوان (تۆ و سەد)ە. هەندێکجاریش دەکرێت ئامرازە لێکدەرەکانی، وەك (بەڵام، چونکە، بۆیە، لەبەرئەوەی... هتد)، ئەرکی ئەڵقەیەك ببین و دوو ڕستە بە یەکترەوە ببەستنەوە، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

٩٤-ئەو دەرنەچوو، چونکە سەعی نەکردبوو.

٩٥-دینە هات، بۆیە وێنە ڕۆیشت.

لێرەدا هەردوو ئامرازی لێکدەری (چونکە، بۆیە) ڕۆڵی ئەڵقەیەکیان بینیووە و هەردوو ڕستەکەیان بە یەکترەوە بەستووەتەوە.

## ٢/٢-١-٢-٨) پێوەر (Scale)

ئەو جیهانەی مرۆڤ تێیدا دەژی، وەك تەرازوویی بەقاڵێك دێتە پێش چاو، چونكە بەردەوام ژیانی لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە، یاخود زۆرجار گوێمان لێدەبێت فرۆشیارێك دەڵێت:

٩٦- ئەمڕۆ نرخی شتەكان لە بازاڕدا بەرزە.

كەواتە نرخەكە بەرزبووەتەوە، واتە لە دۆخی یەكسانی زیاترە و هاوسەنگ نییە، بەڵام ڕەنگە ڕۆژی دواتر دۆخەكە پێچەوانە ببێتەوە، واتە نرخەكان دابەزن. ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەكان لە تەرازوو دەچێت، كە بەرز و نزم دەكات، هەربۆیە (Hedblom): ((باس لەوە دەكات، كە چۆن قەبارەی تەنێك لە بچوكەوە بۆ گەورە دەگۆڕدرێت، یاخود گۆڕانە داینامیكییەكانی گەشە و گەورەبوون))، (2020:40). دەكرێت كەرەستە و ڕووداوەكانی دەوربەریشمان بە هەمان شێوە بێت، واتە گۆڕینی كەرەستە و ڕووداوەكان بە دەست مرۆڤەكان خۆیان بێت، بەو واتایەی بە ویست و ئارەزووی مرۆڤ خۆی كەرەستەكان زیاد بكات و كەم بكات و گەشەیان پێبدات، یاخود دەكرێت كەرەستەكان دەستی مرۆڤی تێدا نەبێت و خۆیان گەشە بكەن و زیاد ببن، هەر لەم ڕوانگەشەوە (جۆنسۆن) باوەڕیووایە، كە: ((وێنای وێنەیی پێوەر بنچینەیە بۆ هەردوو لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەزموونەكان))، (122-121:1987)، ئەگەر سەرنج لە كەرەستە و ڕووداوەكانی دەوروبەر بدرێت، دەبینرێت مرۆڤ بۆ ئەو كەرەستە و ڕووداوەگەلە جیاواز و زۆر و جۆراوجۆرانە، كەرەستە و ڕووداوەكانی لە ڕێگای ئەزموون و دركپێكردن و پەیپێبردنی خۆیەوە كردووە بە چەندین گروپ گروپی جیاوازەوە، بە ویست و ئارەزووی خۆی دەتوانێن كەرەستە و ڕووداوەكان زیاد بكات، یاخود كەمیان بكاتەوە، بۆیە بەرز و نزمی ڕێژەیین و بنەمای وێنای وێنەی پێوەرن، ئەم وێناوێنەییەش لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە و هەمان وێنای وێنەی لە زماندا دەبینرێت، بۆ نموونە:

٩٧-زەختەكەم بەرز و نزم دەكات.

٩٨- شەكر مەخۆ، با شەكرەكەت دابەزێت.

لە نموونەی (٩٧)دا (زەخت) وەك ئامێری تەرازوو سەیركراوە، كە بەردەوام لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە، لە نموونەی (٩٨)دا چەندێتی شەكرەكە كراوەتە پێوەر بۆ ئەوەی شەكرەكە كۆنترۆڵ بكات، واتە ڕێژەی شەكرەكە وەك لایەكی تەرازووەكە و دابەزینەكەی وەك لاكەی تری تەرازووەكە لێی ڕوانراوە.

## ٢/٢-١-٣)گروپی هاوسەنگی (Balance Group)

هاوسەنگی ئەوەندە ئەزموونێكی فراوان و بەربڵاوە بە كەمی ئاگاداری دەبین، واتە هاوسەنگی سەرەتا لە ئەزموونی جەستەمانەوە سەرهەڵدەدات، هاوسەنگی یەكێكە لەو وێناوێنەییە سەرەكییانەی، كە ئەزموونی فیزیكییانە دەكاتە كۆیەكی واتاداری یەكگرتوو، چالاكییەكە مرۆڤ بە یاسا و ڕێسا فێری نەبووە، بەڵكو لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە لێی تێدەگات، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە منداڵ بدرێت دەكەون و هەڵدەستنەوە، دیسان دەكەوێتەوە، ئەمە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، تا لە كۆتاییدا هەوسەنگی بە دەستدەهێنێت، بەم پێیە هاوسەنگی چالاكییەكی جەستەییە و چەمكێكە ناتوانرێت لە سەر بنەمای یاسا و ڕێسا باسبكرێت، (جۆنسۆن) باوەڕیووایە، كە: ((هاوسەنگی لە جووڵە و تێگەیشتنی جەستەوە ئەزموون دەكرێت))، (1987:86)، بۆیە جەستەی مرۆڤ وەك سەنتەرێكە بۆ ڕوانین لە هاوسەنگی، سەرجەمی جەستەی مرۆڤ بە جۆرێك لە جۆرەكان بەهاوسەنگییەكەوە بەستراوەتەوە، كە لە جەستەی مرۆڤدا (بوونیان هەیە، هەر لە گوێیەكان و ماسولكەكان و دەمارەكانەوە، چونكە كاتێك یەكێكیان توشی ئازارێك دەبێت هەست بە ناهاوسەنگی لە جەستەدا دەكرێت، بەم شێوەیەش بۆماندەردەكەوێت، كە سەرەتای هاوسەنگی بۆ خودی جەستەی مرۆڤ خۆی دەگەڕێتەوە، هەربۆیە جەستەی

مرۆڤ ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەو هاوسەنگییە نەپارێزێت، ڕەنگە توشی کێشە ببێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە بە شێوەی ئۆتۆماتیکی ڕوودەدەن، بۆیە ئێمە هەستیان پێناکەین)، (Hampe, 2005:117)، واتە مرۆڤ هەست بەو هاوسەنگییەی جەستەی خۆی ناکات، تا ئەو کاتەی توشی کێشەیەك دەبێت و هاوسەنگی تێکدەچێت، لەبەرئەوە مرۆڤ چەمکی هاوسەنگی لەگەڵ ئەزموونەکانی نزیك لە هاوسەنگی جەستەی و جوڵەی هەستپێدەکات، وەك ئەوەی کاتێك لێوی وشك دەبێت هەست بە تینوێتی دەکات و پەنا بۆ ئاو خواردنەوە دەبات، تاوەکو هاوسەنگی بۆ بگەڕێتەوە، بەم پێیە ئەگەر سەرنج لە ژیان بدەین تێدەگەین، کە چۆن هاوسەنگی چەندین لایەنی تێگەیشتنمان بە جیهانەکەمانەوە گرێدەدات، واتە هاوسەنگی بەشێکی سەرەکی ژیانی ئێمە پێکدێنێت، لەوێشەوە تێدەگەین، کە واتای هاوسەنگی ((گرێدراوە بەو جۆرە ئەزموونانەوە))، (johnson, 1987:118)، چونکە مرۆڤ ئەزموونەکانی لە جیهانی دەوروبەر و جەستەیەوە بە دەستدەهێنێت، لە ئاوەزی خۆیدا بە شێوەی چەمك هەڵیاندەگرێت. ئەم چەمکانەش پەیوەندی لە نێوان پرۆسەکاندا دروستدەکەن، دواتر دەبنە پردی پەیوەندی لە نێوان بابەتە ئەبستراکت و فیزیکییەکاندا، بۆیە کاتێك وێناوێنەییەك چەمکی بۆ دروست دەبێت، کە لە بابەتە فیزیکییەکانەوە بە دەستهاتبێت، واتە پەیوەندییەك لە نێوان ئەزموونە فیزیکییەکە و وێناوێنەییە ئەبستراکتەکەدا هەبێت، چونکە مرۆڤ لە ژینگەی دەوروبەری تێدەگات و دواتر پێکهاتەی چەمکی بۆ دروستدەکات، پاشان خودی ئەمانە بۆ بیرکردنەوە لە بابەتە ئەبستراکتەکان بە کاردێنێت، واتە مرۆڤ سەرەتا ئەزموونی هاوسەنگی دەکات و دواتر بە هەمان شێوە وێنای وێنەییە ئەبستراکتەکەی بە زمان بۆ دەردەبڕێت، بۆ نموونە:

٩٩-با هاوسەنگی لە نێوان قسەکانتدا هەبێت.

١٠٠-سەرەتا و کۆتایی قسەکانت یەك ناگرنەوە.

لە نموونەی (٩٩)دا (قسە) بابەتێکی ئەبستراکتە، واتە ناتوانرێت دەستی لێبدرێت، بەڵام لێرەدا بە هۆی ئەزموونەوە مرۆڤ توانیوێتی هاوسەنگی بۆ بابەتە ئەبستراکتەکە دابنێت، یاخود لە نموونەی (١٠٠)دا مەبەست لەوەیە، کە با قسەکانت هاوسەنگ بن، چونکە سەرەتاکەی باس لە شتێك دەکات و کۆتاییەکەی باس لە شتێکی تر دەکات، بۆیە پێویست دەکات لە خاڵێکدا یەکبگرنەوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگ بن، چونکە بە باوەڕی (جۆنسۆن) هاوسەنگی ((بریتییە لە ڕێکخستنی هاوسەنگی هێزەکان لە دەوروبەری خاڵێك، یاخود تەوەرێکدا))، (1987:85)، واتە کاتێك ئاخێوەران قسە لە سەر بابەتێك دەکەن، پێویستە لە خاڵێکدا کۆیبکەنەوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی قسەکانیان بپارێزن.

وێنای وێنەیی هاوسەنگی دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە، کە بریتین لە:

### ٢/٢-١-٣-١)تەوەری هاوسەنگی (Axis balance)

ئەگەر سەرنج لە منداڵێك بدرێت، کە سەرەتا دەیەوێت بڕوات، ئەوا دەبینرێت، کە هەوڵدەدات سەرجەمی هاوسەنگی خۆی لە قاچەکانیدا کۆبکاتەوە، واتە قاچەکانی دەبنە تەوەری سەرەکی بۆ ڕۆشتن و هاوسەنگییەکەی و سەرجەمی هێز و ئەزموونی خۆی لە قاچەکانیدا تاقیدەکاتەوە، تاوەکو بتوانێت بە هاوسەنگی بڕوات و ڕێبکات، هەربۆیە تەوەر خاڵێك، یاخود ناوەندێکە، کە دەوری هێزەکان دیاریدەکات و دابەشیاندەکات، لەمەشەوە ئەمە یارمەتیماندەدات، کە نەك تەنها دەتوانرێت لە هاوسەنگی کەرەستەکان تێبگەین، بەڵکو دەشتوانرێت گونجاندن لە نێوان تەوەرەکاندا دروستبکرێت، لەبەرئەوە هەندێکجار لە تەوەرێکەوە بۆ تەوەرێکی تر دەچین، بۆ نموونە ڕەنگە خاڵی سەرەکی لای خوێندکارێکی زیرەك نمرەی بەرز بێت، بەڵام لای خوێندکارێکی تەمەڵ تەنها دەرچوون بێت، بەڵام دواتر، کە زانی دامەزراندن بە نمرەی بەرزە، ئەو کات زیاتر گرنگی بە نمرە بەرزەکە دەدات، وەك لە دەرچوونەکە، کەواتە لەم کاتەدا تەوەر لە دەرچوونەوە، بۆ نمرەی بەرز گۆڕدرا. تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەماندا

ئەزموونی گونجاندن و ناهاوسەنگی هێزەکان بە جۆرە جیاوازەکانەوە بەراورد بە تەوەر و خاڵێك دەکەین، سەرەڕای ئەو هەموو جۆرە جیاوازانەی، کە لە هاوسەنگیدا سەرهەڵدەدات، بەڵام یەك وێنای وێنەیی بە زۆری درکی پێدەکرێت، کە بریتییە لە: ((ڕێکخستنی هاوسەنگی ئاراستەکان لە تەوەرێکدا))، (johnson, 1987:87). واتە چۆن هەموو هاوسەنگییەکان لە تەوەرێکدا کۆبکەینەوە، بۆ نموونە کاتێك مامۆستایەك بە خوێندکارەکانی دەڵێت:

١٠١-هەمووتان تەرکیزتان با لە سەر ئەم وشەیە بێت.

واتە کۆی هێزەکان و ئاراستەی جەستە و بیرتان بخەنە سەر وشەکە، کەواتە لێرەدا (وشە)کە تەوەری سەرەکی هاوسەنگیەکە دەبێت.

## ٢/٢-١-٣-٢) هاوسەنگی دوو تەوەر (Twin-pan balance)

دەکرێت وێنای وێنەیی هاوسەنگی توشی گۆڕانکاری ببێت، واتە تەنها لە یەك خاڵ و تەوەردا کۆنەبێتەوە، بەڵکو دەکرێت لە حاڵەتێکی سنورداردا بمێنێتەوە، لەم کاتەدا تەوەرەکە بۆ خاڵێکی سادە بچوك دەبێتەوە، بە جۆرێك، کە: ((زۆرێك لە ئاراستەکانی هێزیی هاوسەنگی بۆ دوو ئاراستەی هاوسەنگ کەمدەکرێنەوە))، ( johnson, 1987:85)، دواتر ئەم دوو تەوەرەی هاوسەنگی لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە، یاخود ئەمجۆرە دەتوانرێت بە جۆلانەیەك بەراوردی بکرێت، کاتێك دوو پەت دێنەخوارەوە و پاشان لە کورسیەك، یاخود گرێیەکدا کۆدەبنەوە، بە تێڕوانین و تێڕامان لە زمانیش هەمان وێنای وێنەیی تێدا دەبینرێت، بۆ نموونە:
١٠٢- نە شیش بسوتێت نە کەباب.
١٠٣- تەڕ و وشك بەیەکەوە مەسووتێنە.
نموونەی (١٠٢)مەبەست لەوەیە، لە نێوان (شیش) و (کەباب)ەکەدا خاڵێکی هاوبەش بدۆزێتەوە، کە هیچکام لە (شیش و کەبابەکە) خراپ نەکات و نەسوتێنێت، نموونەی (١٠٣) بە واتای ئەوە دێت، کە هەموو کەسێك بە خراپ مەزانە و چاك و خراپیان لە یەکتر جیابکەرە، بە واتایەکی تر هەموو کەسەکان خراپ نین، یان هەموو کەسەکان چاك نین.

## ٢/٢-١-٣-٣) باری هاوسەنگی (Equilibrium)

ئەم جۆرە وێناوێنەییە لە نەخشەی بەردەوامی ئاراستەکانی هێزە هاوسەنگەکانەوە دێن، کە لە خاڵێکدا لە سەر ڕووبەرێکی کێشراو کۆدەبنەوە، واتە سەرجەم هێزەکان لە خاڵێکدا هاوسەنگ دەبن، بە جۆرێك، کە تێیدا ((هێزەکانی ناوەوە و دەرەوە هاوسەنگ دەبن))، ((johnson, 1987:86)، ئەمەش زیاتر لە ڕووە گۆیەکاندا دەبینرێت، کە بە هەموویانەوە هاوسەنگی ئەو پێکهاتە دەپارێزن، کە دروستیان کردووە، واتە هەموو خاڵەکانی ناوەوە لەگەڵ دەرەوەدا لە پەیوەندییەکی هاوسەنگدان، ئەگەر سەرنج لە مرۆڤ بدرێت هەمان هاوسەنگی تێدا دەبینرێت، وەك چۆن هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە، بۆ نموونە:
١٠٤-بە هۆی تێکچوونی دەرونییەوە هەموو جەستەی خۆی بریندار کردووە.
ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٠٤) بدرێت، دەبینرێت، کە تێکچوونی دەروونی کەسەکە کاریگەری لە سەر جەستەی هەبووە، واتە هەردووکیان بریندار بوون، بەڵام یەکێکیان برینداری فیزیکی، ئەویتریان بریندار بوونی ئەبستراکت.

## ٢/٢-٢)لیستی ئەو وێنا وێنەییانەی، کە (مارك جۆنسۆن) باسی نەکردوون و لە چێوەی سیمانتیکی درکپێکردندا وەك وێنای وێنەیی هەژمار دەکرێن

### ٢/٢-٢-١)بەرکەوتن/لێککەوتن (Contact)

کاتێك بەرکەوتنی فیزیکی لە نێوان تەنەکان و مرۆڤەکاندا لەگەڵ یەکتردا ڕوودەدات، یاخود دەست لێدان لە کەرەستەکان و مرۆڤەکان، وەك تەوقەکردن و دەستدان لە تەنێکی بێ گیان ئەو کاتە وێنای وێنەیی بەرکەوتن دروستدەبێت، بۆ نموونە:

١٠٥-بەفرەکە سەری ئارامی سپیکرد.

لێرەدا بەرکەوتن لە نێوان (بەفرەکە) و (سەری ئارام)دا دروستبووە، ئەم وێنا وێنەییە بووەتە هۆی ئەوەی، کە بۆ دیاردە و کەرەستە نافیزیکییەکانیش بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە:

١٠٦-ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا.

١٠٧-دڵ و دەمی یەك شتە.

لە نموونەی (١٠٦)دا (گیانەکان) بەر یەکتر کەوتوون، لە (١٠٧)شدا (دڵ، دەم) بەریەکتر کەوتوون بوون بە یەك شت، وەك چۆن (بەفرەکە) بەر (سەری ئارام) کەوتبوون، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لە نموونەی (١٠٥)دا، هەردوو تەنەکە فیزیکین، بەڵام لە نموونەکانی (١٠٦، ١٠٧)دا تەنەکان ئەبستراکتن، کەواتە بەرکەوتن ((بەرکەوتنی فیزیکییە(یان هەندێکجار ئەبستراکتە) لە نێوان دوو تەندا))، (Hedblom, 2020:40)، کەواتە دەکرێت بەرکەوتنەکە لە نێوان دوو کەرەستەی فیزیکیدا بێت، یاخود لە نێوان دوو کەرەستەی ئەبستراکتدا بێت.

### ٢/٢-٢-٢) پڕ-بەتاڵ (Full-Empty)

تێڕوانینی مرۆڤ بۆ وێناوێنەییەکان هەموو کات وەك تێڕوانینی پاك و بێگەرد، یاخود ئەبستراکت بە دیناهێنرێت، لە بری ئەوە شێوە واقیعییەکان چەندین ئامرازی مەبەستدارن، کە دەکرێت بە هۆیانەوە واتا بۆ کەرەستەکان دروستبکرێت، بۆ نموونە کاتێك ئێمە لە پەرداخێکی شوشە، کە نیوەیە دەڕوانین، واتە نیوەی پڕە و نیوەکەی تری بەتاڵە، ڕوانین و درکپێکردنی ئێمە سەبارەت بە هەمان وێنای وێنەیی مەبەست و واتای جیاواز دەبەخشێت، کەواتە دەکرێت وێناوێنەییەکە لە ڕوانگەی پڕ و بەتاڵییەوە لێیبڕوانرێت، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

١٠٨-کەللە سەرت هەر ئەوەندەی تێدایە، ئەویتری بەتاڵە.

کە مەبەست لەوەیە، کە وێناکردنی قسەکەر بۆ گوێگر ئەوەیە، بەشێکی سەرت بەتاڵە، بەڵام بەشەکەی تری پڕە، بە واتایەکی تر مەبەستی لەوەیە لە هەموو زانست و زانیارییانەی، کە پێویستە مرۆڤ لە ئاوەزیدا بوونی هەبێت، گوێگر بەشێکی کەمی لەو زانیارییانە وەرگرتووە بەشەکەی تر بە بەتاڵی ماوەتەوە و ئاوەزی بە تەواوەتی پڕ نەکردووە واتە هەمان ئەو وێناوێنەییە، کە لە پەرداخە شوشەکەدا بە دیکرا.

### ٢/٢-٢-٣)تێکەڵکردن (Merging)

پێکەوەبوون و یەکخستن و گونجاندنی چەمکە ئەبستراکتەکان پێکەوە لە دەرووندا وێناوێنەییەك پێکدەهێنێت، کە پێیدەگوترێت (تێکەڵکردن)، واتە لێرەدا ئەو وێنا وێنەییە، کە دروستدەبێت لە دەرووندایە و بابەتێکی ئەبستراکتە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

١٠٩-کاتێك نامەکەم بۆ نوسی، خەیاڵم تێکەڵ بووبوو بە خۆشەویستی.

ئەگەر سەرنج بدرێت لە نێوان (خەیاڵ) و (خۆشەویستی)دا، کە هەردووکیان دوو بابەتی ئەبستراکتن و لە دەروونی مرۆڤدان، تێکەڵ بەیەکتربوون و لە یەکتر ئاڵاون، لەمەوە وێنای وێنەیی تێکەڵبوون ((پڕۆسەیەکە

ژمارەیەك وێنای وێنەی دەگرێتەوە و تێکەڵیان دەکات بۆ دروستکردنی چەمکە سەرەتاییەکان))، ( Hedblom, 2020:104)، واتە ئەو وێناوێنەییانەی، کە بەم ڕێگەیە دروستدەبن، زیاتر لە وێناوێنەییەك لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە:

١١٠-ئەمە ئەو شوێنەیە خەیاڵ و واقیع بە یەکتر دەگەن.

لە نموونەی (١١٠)دا ئەوە دەبینرێت، کە وێنای وێنەیی(ڕێڕەو و بەرکەوتن) تێکەڵ بە یەکتر بوون، وێنای وێنەیی (تێکەڵابوونیان) دروستکردووە.

## ٢/٢-٢-٤)گونجاندن (Matching)

گونجاندن بە واتای دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان دیاردە سروشتییەکان پاشان گونجاندنیانە لەگەڵ یەکتر لە دەروونداو، کە ئەمەش ڕوویدا ئەوە پەیڕەوی وێنای وێنەیی گونجاندن دەکات و دروستدەبێت، وەك لە نموونەکانی (١١١، ١١٢) دا دەبینرێت:

١١١-ئەمە ئەو ژنە بوو، کە دەمویست بیهێنم.

١١٢-ئەمە ئەو قوتابخانەیە بوو، کە ویستم وێنە تێیدا بخوێنێت.

بە وردبوونەوە و سەرنجدان لە نموونەکان ئەوە دەبینرێت، کە گونجاندن لە نێوان تایبەتمەندی کەرەستە سروشتییەکان و ئەوەی ئاخێوەر بە خەیاڵ وێنای بۆ کردووە هەیە، لە نموونەی (١١١)دا ئەو وێناوێنەییە دروستبوو، کە ئاخێوەرە ویستوێتی، کە (ژنەکە)ی هەمان ئەو سیفاتانەی تێدایە، کە بە خەیاڵ وێنای بۆ کردووە، لە نموونەی (١١٢)دا سیفاتی قوتابخانەکە، لەگەڵ ئەو سیفاتانەی، کە (دایکی وێنە) مەبەستی بوو گونجاندن هەیە، چونکە هەمان سیفاتن، کەواتە ئەم وێناوێنەییە تێکەڵەییەکە لە واقیع و خەیاڵ.

## ٢/٢-٢-٥)نزیك-دوور (Near-Far)

ئەم وێناوێنەییە (پەیوەستە بە پێوانەکردنەوە، کە پێیانوایە چەمکەکان فێردەبین لەوەی، کە چۆن کەرەستەکان لە ڕووی بینراوەوە گەورەتر دەبن کاتێك نزیك دەبنەوە، وە بە پێچەوانەشەوە)، (Hedblom, 2020:40)، کەواتە ئەم وێناوێنەییە مەبەست لەوەیە، کە ئەو کەرەستانەی لە دورەوە سەیریان دەکەین بە بچوك دەیانبینین و وەك بچوك دێنە بەرچاومان، بە پێچەوانەشەوە هەندێك لەو کەرەستە بچوکانەی، کە لە نزیکەوە دەیانبینین بە گەورە دێتە پێشچاومان، هەمان وێنای وێنەیی لە زمانیشدا بوونی هەیە، وەك:

١١٣-تۆ لە دورەوە سەیری کێشەکە دەکەیت، بۆیە بە بچوك دەیبینیت.

لەم کاتەدا مەبەست لەوەیە، کە کێشەکە لەبەرئەوەی لە دوورەوە سەیردەکرێت، بە بچوك دێتە پێشچاو، بەڵام کاتێک دەکەوێتە ناو کێشەکەوە و لێی نزیك بوویتەوە ئەو کات دەزانێت، کە چەند گەورەیە، وەك چۆن تەنەکە، کە لە دوورەوە سەیرمان دەکرد بچوك بوو، بەڵام لە پێشەوە گەورە داهاتە پێشچاو.

## ٢/٢-٢-٦)دووبارە (Iteration):

مرۆڤ هەر لە لەدایکبوونییەوە، تا مردنی زۆربەی ئەو ئەرك و کارانەی، کە ڕۆژانە دەیکات ڕووداو و کردەیەکی دووبارەییە، یاخود دووبارەبوونەوەی دیاردە سروشتییەکان وەك (باران، بەفر، گەرما، سەرما ...هتد) هەموو ئەم ڕووداوانە وادەکات، کە شێوازێکی دووبارە بێتەپێشچاو، هەربۆیە زۆرجار پرۆسەکان و ئەرکەکانی داهاتوو، لە سەر بنەمای کەرەستە و ڕووداوەکانی پێشوومانەوە دروستیدەکەین، ئەمەش بە شێوەی وێنای وێنەیی دووبارە دێتەپێشچاو، بۆ نموونەیە:

١١٤- ئەڤین پلانی داناوە بەشی دووەم، وەك بەشی یەکەم تەواو بکات.

ئەو پلانەی، کە (ئەڤین) بۆ بەشی دووەمی داناوە، هەمان پلانی بەشی یەکەمە، واتە دووبارەکردنەوەی هەمان پلانی بەشی یەکەمی کارەکەیەتی، لە بەشی دووەمیشدا پەیڕەویی دەکات.

## ٢/٢-٢-٧)بەرکار (Object)

زۆرجار تێگەیشتن لە بابەتە ڕووت و ئەبستراکتەکان بۆ مرۆڤ قورس و گرانە، بۆ ئەوەی زاڵ بێت بە سەر ئەم قورسی و گرانییەدا، دەتوانرێت بە بەراوردکردنی بابەتە ئەبستراکتەکان بە بابەتە فیزیکییەکان(چەمکە ئەبستراکتەکان بە چەمکە فیزیکییەکان) ئەم قورسی و گرانییە نەیەڵێت و بە سەریدا زاڵ بێت، بۆیە بۆ تێگەیشتنی باشتر و گونجاوتر لە چەمکەکان و بابەتە ئەبستراکتە نادیارەکان پەنا دەبرێتە بەر وێنای بەرجەستەیی و لەوێوە زیاتر دەتوانرێت لە دەوروبەر و بابەتە نادیارەکان بە ئاسانی تێبگەین، (لەم کاتەدا بابەتەکە، یاخود کەرەستە خوازە و نادیارە ئەبستراکتەکە، کە سیفاتی دووەمی پێکهاتەکەیە، بەو کەرەستەی بەراورد دەکەین، کە دیار و فیزیکییە لە بەشی دووەمدا هاوشێوەکە لادەبرێت، تەنها تایبەتمەندییەکان ئاماژەیان پێدەکرێت)، ( Hedblom, 2020:43)، بۆ نموونە:

١١٥-چایەکم بۆ تێبکە ڕەش بێت، وەك بەختی خۆت.

١١٦-پێڵاوەکانم بۆ بۆیاخ بکە، ساف وەك دڵی خۆت.

ئەگەر سەرنج لە (بەخت و سافی دڵ) بدرێت، کە دوو کەرەستەی ئەبستراکت و نادیارن، بۆ ئەوەی تێگەیشتن لەم دووانە دروست بێت، بەراورد کراون بە (چا، پێڵاو)، کە هەردووکیان دوو کەرەستەی بەرجەستە و فیزیکین، بەڵام ((ناتوانرێت هیچ پێکهاتەیەکی وێناوێنەییەکە لاببرێت، یاخود زیاد بکرێت بە بێ گۆڕانە لۆژیکییە ناوخۆییەکانی وێناوێنەییەکە))، (سەرچاوەی پێشوو، ٤٣).

## ٢/٢-٢-٨)کەرتبوون/ دابەشبوون(Splitting)

ئەو ڕووداو و کەرەستانەی، کە لە دەوروبەرماندا هەیە، دەتوانین جیایان بکەینەوە و دابەشیان بکەین، وەك دیاردە و مرۆڤ و ئاژەڵەکان، کە دەتوانرێت دابەشبکرێن و لە یەکتر جیابکرێنەوە، وەك چۆن مرۆڤ بە هۆی تونێلێکەوە بۆشایی لە ناوەڕاستی شاخێکدا دروست دەکات، یاخود کاتێك دەگوترێت:

١١٧-کە قسەکەم پێگوت هیچ لە دڵمدا نەما.

لێرەدا قسەکان بوونەتە هۆی ئەوەی، کە لەگەڵ هاتنە دەرەوەیاندا بۆشاییەك دروستبکەن، واتە (قسەکان) دڵەکەیان پڕکردبوو، بەڵام لەگەڵ هاتنەدەرەوەیاندا بۆشاییەکیان لە ناو دڵدا دروستکرد، کە بۆشایش دروستبوو، واتە کەرەستەکان لە یەکتر جیابوونەتەوە و دابەشبوون.

## ٢/٢-٢-٩) بەش-گشت (Part-Whole)

مەبەست لەوەیە بەشێك لە وێناوێنەییەکە نوێنەرایەتی سەرجەم وێناوێنەییەکە دەکات، بە واتایەکی تر کاتێك بەشێك لە وێناوێنەییەکە دەردەبڕدرێت، دەتوانرێت لە هەموو وێناوێنەییەکە بگەین، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

١١٨-هەر بە قسەکانتدا بۆم دەرکەوتی بابی چەندی.

قسەی ئاخێوەر بووەتە پێوەر بۆ سەرجەمی کەسایەتی مرۆڤەکە، واتە بەشێك لە وێناوێنەییەکە تەواوی کەسایەتی ئەو کەسەی دەرخستووە، یاخود کاتێك دەگوترێت:

١١٩-تۆ تەنها ناوەکەی بهێنە، ئیتر دەزانم مەبەستت کێیە.

لەم کاتەدا (ناوەکە) وەك بەشێك بووەتە نوێنەری تەواوی ئەو زانیارییانەی، کە ئاخێوەر لە ئاوەزیدا لە شێوەی وێنای وێنەی هەڵیگرتووە، چونکە((قسەکەر تەنها بە ڕووخسار (ناوی) خۆیی هەموو کەسەکە دەناسێتەوە))،(Evans, Green,2006:424)، کەواتە تەنها بەشێکی بچوکی وێناوێنەیەکە بووەتە هۆی ئاشکراکردنی تەواوی وێناوێنەییەکە، بەڵام دەبێت ئەو بەشە زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە وێناوێنەییەکەدا هەبێت و نابێت بەشێکی لاوەکی بێت.

## ٢/٢-٢-١٠) سەرپەرشتیکردن (Superimposition)

هەرچەندە کۆکردنەوەی لیستی وێناوێنەییەکان ڕەنگە تەواو نەبێت و زۆرێك لە وێناوێنەییە ئاڵۆزەکان لە بنەڕەتەوە لە سەر بنەمای وێناگرتنەوە دروستبوون، واتە وێناوێنەییەك لە سەربنەمای وێناوێنەییەکی تر بنیاتنراوە، ئەمەش زۆرجار لە ڕێگەی داپۆشین و وردکردنەوە، یاخود تایبەتمەندی زیاترەوە بنیاتدەنرێن، بۆ نموونە وێنای وێنەیی (ناوەوە و دەرەوە) لە سەربنەمای وێنای تیاهەڵگر دامەزراون، هەربۆیە جووڵەی تەنێك لە شوێنی دەستپێکردنییەوە لە دەرەوەی تیاهەڵگرەکە، تا خاڵی کۆتایی ناو تیاهەڵگرەکە دەگرێتەوە، واتە لە کوێوە دەستی پێکردووە بۆ کوێی ڕێڕەوەکە هەمووی دەگرێتەوە، ئەم جۆرە وێناوێنەییە ڕەنگە ((ببێتە هۆی زیاتر لە هاوئەزموون، یاخود تێکەڵکردن لە نێوان چەندین وێنای وێنەییدا))، (Hampe, 2005:105)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە هەندێك لە وێناوێنەییەکان بە هەمان ئەزموونڈا ڕۆشتوون، بە هەمان شێوەی یەکتر بەجەستەمانکردوون. لە لەلایەکی ترەوە زمانەوانی بە تەنها ناتوانێت واتای هەموو کەرەستەکان بە سەرجەم پێکهاتەکانییەوە ڕوونبکاتەوە، بۆیە زۆرجار پەنا دەباتە بەر بنەماکانی دەروونناسی و زانستی دەمار، کە بەمەش وێنەگرتنەوەیەك درستدەبێت، واتە ئەم جۆرە وێناوێنەییە پشت بە تواناکانی مرۆڤ لە تێکەڵکردنی وێناوێنەییەکاندا دەبەستێت.

## ٢/٢-٢-١١)پێواژۆ (Process)

بەسەرنجدا و ڕوانین لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەر، ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە توانای ئەوەیان هەیە بەردەوام بۆ یەکتر بگۆڕدرێن، تەنانەت توانای ئەوەشیان هەیە، بۆ کەرەستەی تریش بگۆڕدرێن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی، وەك (بەهەڵمبوون و توانەوە و بەستن و کردنەوە ...هتد)دا توشی کەرەستەکان دەبێت، بۆ نموونە وەك گۆڕینی ئاو بۆ هەڵم، پاشان بوون بە هەور و دواتر باران (ئاو)، کەواتە ئەم وێناوێنەییە وەك پرۆسەیەکی یەکگرتوو ڕوودەدات و هەمیشە و هەموو کات بەردەوام دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

١٢٠-(ڕیسەکەی لێکردمەوە بە خوری.)، (خاڵ، ٢٠٠٠:٢٢٥)

(ڕیس) بە واتای ئەو خورییە دێت، کە بە تەشی بادراوە، واتە بە چەند قۆناغێدا ڕۆشتووە، بەڵام دواتر کەسێك هاتووە هەموو ئەمەی کردووەتەوە بە خوریی، واتە بۆ قۆناغی پێش دروستکردنی ڕیسەکە بردوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی میتافۆڕ و لە ڕوانگەی واتای ئینیسکلۆپیدیاییەوە مەبەستی لە کەسێکە، کە دێت کاری چەندین ساڵە و هەوڵ و ماندووبوونی کەسێکی بە خولەکێک هەڵدەوەشێنێتەوە و لە ناوی دەبات و بۆ خاڵی سەرەتا دەیگەڕێنێتەوە، بە باوەڕی (Hampe) ((ئەم وێناوێنەییە بە گریمانە و تێگەیشتن لە جۆرەها پرۆسەی فیزیکی وەك (جوڵانەوە، ڕۆشتن، نانخواردن..هتد) کار دەکات و سەرنج دەخاتە سەریان و دواتر لە ڕێگەی ئەوانەوە پێواژۆی ئەبستراکتی (بیرکردنەوە و تێگەیشتن) لە کەرەستەکان بیناتدەنرێت))، (2005:38)، کەواتە ئەم وێناوێنەییە لە سەر بنەمای گریمانە کاردەکات و وێنای وێنەیی ئەبستراکت لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە وێنا فیزیکییەکان بنیاتدەنێت، بۆ نموونە:

١٢١-گیرم خواردووه لە کاتی نوێژدا خەیاڵم دەڕوات.
لێرەدا (خەیاڵ) وەك بابەتێکی ئەبستراکتە، بەڵام توانراوە وەك کەرەستەیەکی فیزیکی سەیر بکرێت، کە توانای ڕۆشتن و جوڵەی هەبێت و بتوانێت بڕوات.

## ٢/٢-٢-١٢)کۆکردنەوە (Collection)

مەبەست لە کۆکردنەوەی دوو وێنای وێنەییە، یاخود زیاترە لە وێناوێنەییەکی ئاڵۆزتردا، بە واتایەکی تر ((لە ڕووی تەکنیکییەوە هاوتایە لەگەڵ دروستکردنی فرە کۆمەڵەیەکی ڕیزنەکراو لە وێنای وێنەیی بچوك و تێکەڵاو، کە بۆ وەسفکردنی دیمەنەکان، یاخود کەرەستەکان لە سیناریۆیەکی ئاڵۆزتردا بە کاردەهێنرێت))، ( Heldblom, 2020:154)، بۆ نموونە وەك گواستنەوەی کەرەستەیەك، کە بریتییە لە تێکەڵکردنی ڕێڕەو و پشتگیری، یاخود کۆنترۆڵکردن، واتە لە گواستنەوەدا دەبێت ڕێڕەوێك هەبێت و دواتر شتەکان بە ڕێڕەوەکەدا دەڕوات و کۆنترۆڵکراو بێت و دیاریکراو بێت، کەواتە کۆکردنەوەی کۆمەڵە وێناوێنەییەکە بۆ وەسفکردنی کەرەستەیەک، یاخود دیاردەیەکی ئاڵۆزتر بەکاردێت، بۆ نموونە:
١٢٢- دەڵێی چێشتی مجەورە.
١٢٣- خڕکردنەوەی کفتەی سابونکەران گاڵتە نییە، ژنی خۆی دەوێت.
لە نموونەی (١٢٢)دا، کە دەگوترێت (چێشتی مجەور)، مەبەست لەو چێشتەیە، کە لە کۆکردنەوەی چەند چێشتێکی جیاواز دروستبووە، هەر بۆیە کاتێك ئاخێوەر ئەم ڕستەی دەربڕیووە، مەبەستی لەوە بووە بڵێت قسە و بۆچوونەکانت بە سەریەکدا تێکەڵ دەکەیت، کەواتە لەم کاتەدا چەند چێشتێك کۆبوونەتەوە بۆ خواردنی چێشتێکی جیاواز، نموونەی (١٢٣)، (کفتە) لە چەندین کەرەستە پێکدێت، وەك (قیمە، برنج/برویش، ...هتد) بە هەموویانەوە (کفتە دروستدەکەن)، هەمان ئەم وێناوێنەییە لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە کاتێك مرۆڤ چەند بیرێکی جیاوازی هەیە، پێویستە بزانێت چۆن کۆیاندەکاتەوە و بە چ وێنەیەك دەریاندەبرێت.

## ٢/٢-٣) پەیپێبردنەکانی (جۆرج لاکۆف -George Lakoff) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا

## ٢/٢-٣-١)گروپی گۆڕانکاریی (Trasnsformational group)

یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی وێناوێنەییەکان بریتییە لەوەی، کە وێناوێنەییەکان نەرمونیانن و توشی گۆڕانکاری دەبن، واتە وێناوێنەییەکان بەردەوام و بە شێوەیەکی هەمیشەیی ئەو وێنەیان نابێت، کە بەجەستەی کردوون، بەڵکو لە ئەنجامی ئەزموون و درکپێکردنەکانی مرۆڤەکانەوە بەردەوام لە گۆڕانکاریدان، لەم ڕوانگەیەوە (لاکۆف) پێیوایە، کە: ((میتافۆرو میتۆنیمی و گۆڕانکارییەکانی وێناوێنەییەکان وەك جۆرێك لە پرۆسەی بە چەمکردن وەسف و پەسندەکات))، (Clausner, croft, 1999:3)، کە ڕەنگە هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانەش بۆ جیاوازی بە چەمککردنی کەرەستەکان لە لایەن ئاخێوەرانەوە بگەڕێتەوە، چونکە ئەزموون و پەیپێبردن و درکپێکردنی ئاخێوەران وەك یەك نییە و جیاوازە، هەندێکجاریش ئەگەر سەرنج لە وێناوێنەییەکان بدرێت، دەبینرێت، کە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە. ئەمەش تەنها لە یەك دوو نموونەدا بە دی ناکرێت، بەڵکو زۆر زیاترە، بە واتایەکی تر ((هەندێك پەیوەندیی زۆر سروشتی لە نێوان وێناوێنەییەکاندا هەیە، ئەمانەش فرەواتاییە نەك تەنها لە یەک دوو حاڵەتدا، بەڵکو حاڵەت (cases) لە دوای حاڵەت لە سەرانسەری فەرهەنگەکەدا بوونی هەیە))، (Lakoff, 1987:440)، هەروەك چۆن لە نێوان کەرەستەکانی زماندا پەیوەندیی بوونی هەیە، لە نێوان وێناوێنەییەکانیشدا بە هەمان شێوە پەیوەندیی بوونی هەیە. ئەمەش لەوەوە دروستبووە، کە هەندێکجار وێناوێنەییەکان تەنها لە یەك دوو واتادا کۆنابنەوە، بەڵکو لە زۆربەی فەرهەنگی زمانەکەدا فرەواتان. ئەمەش لە

زۆربەی زمانەکاندا بە دی دەکرێت، بەڵام ئەمە بە واتای هاووات‌ایی نایەت، چونکە ((لاکۆف باوەڕییوایە، کە دەتوانرێت هەستە جیاوازەکان بە هۆی گۆڕانکارییەکانی وێناوێنەییەکان وەربگیرێت))، ( Evans, Green, 2006:337)، کەواتە بە هۆی گۆڕینی وێناوێنەییەکانەوە هەستەکان لە گەڵیاندا دەگۆڕدرێت، یاخود بە پێچەوانەوە، چونکە یەکێك لەو بنەمایانەی، کە زانستی زمانی درکپێکردنی لە سەربنیاتنراوە بریتییە لە ئەزموونی هەستەکان، بۆیە گۆڕینی وێناوێنەییەکان لە هەستێکەوە بۆ هەستێکی تر، درکپێکردنەکەش لەگەڵیدا دەگۆڕدرێت.


**لێرەدا ئاماژە بەو وێناوێنەییانە دەکەین، کە بە هۆی گۆڕانکارییەکانەوە دروستدەبن:**

## ٢/٢-٣-١-١)ڕێڕەوی هێڵی لە تەنێکی جوڵاوەوە (ڕێڕەوەی یەك ڕەهەندیی) ( Linear path from movimng object (one-dimensional trajectory)

ڕێڕەوی یەك ڕەهەندیی یەکێکە لەو گۆڕانکارییانەی، کە لەوێناوێنەییەکاندا ڕوودەدات، ئەمجۆرە گۆڕانکارییە ((پەیوەندییە لە نێوان ڕێڕەوی درێژکراوە و ڕێڕەوێکی یەك ڕەهەندیدا)))، (Lakoff, 1987:425)، هەر بۆیە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان ڕێڕەوی درێژکراوە و ڕێڕەوەی یەك ڕەهەندیی وەك ئەم هاوکێشەی خوارەوە نیشانبدرێت:

ڕێڕەوەی درێژکراوە ⟷ ڕێڕەوەی یەك ڕەهەندیی

کەواتە کاتێك باس لە ڕێڕەوی یەك ڕەهەندیی دەکرێت، ڕێڕەوی درێژکراوەش دەگرێتەوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە پەیوەندییەکە لە نێوانیادا دوو جەمسەرییە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە ڕێڕەو لە سەر هەستێکی جێگیرە و ڕێڕەوێکی دیاریکراوی نییە، لەم کاتەدا تا ڕادەیەك (لە سەر (over) لەگەڵ (بە سەر) دا هاوواتان، بەو واتاییە، کە هەردووکیان واتای سەرەوە دەگەیەنن، ئەگەر سەرنجیش لەم هێڵکارییەی خوارەوە بدرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هیچ سنورێکی تایبەت لە نێوان (TR) و (LM) دا بوونی نییە:




**هێڵکاری ژمارە(٣)**
**سنوری نێوان(TR، LM)**

بۆ ڕوونکردنەی زیاتر لە سەر لاندمارك و تراجیکتۆر، با لەم نموونەی خوارەوە ورد ببینەوە:

١٢٤- فرۆکەکە بە سەر گوندەکەدا دەسوڕێتەوە.

لەم نموونەیەدا (TR) بریتییە لە (فرۆکەکە)، چونکە کاتێك باس لە (TR) دەکرێت، دەبێت ئەو کەرەستەیەی ئەو ڕۆڵە دەبینێت زیاتر بەرچاو بێت، واتە بە زۆری تیشکۆکە لە سەر ئەو کەرەستەیە بێت، لە لایەکی ترەوە توانای جوڵەی و ڕۆشتنی لە (LM) زیاتر بێت، بە زۆریش قسەکردنەکە لە بارەی ئەوەوە بێت، بەڵگەش بۆ ئەمە لە زۆر باردا لە سەرەتای ڕستەوە دێت، هەر کەرەستەیەکیش لە سەرەتای ڕستەوە بێت، تیشکۆکە زیاتر لە سەر ئەوە، هەندێکجاریش دەکرێت ڕێڕەوەکەی زۆر درێژ بێت و سنوری (LM) تێپەڕێنێت، ئەگەر سەرنجیش لە نموونەی (١٢٤) بدرێت، هەمان تایبەتمەندی لە (فرۆکەکە) دا بە دیدەکرێت، بەڵام ئەگەر لەم نموونەیەدا لە (LM) ورد ببینەوە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زیاتر تەنێکی جێگیر، یاخود زۆر کات وەك تەنێکی جێگیر سەیر دەکرێت، کە کەمتر توانای جوڵەی هەبێت، ئەمە جگە لەوەی، کە تیشکۆی کەمتر لە سەرە و لە زۆربەی کاتەکاندا قەبارەی لە (TR) گەورەترە، دەکرێت لە نێوان ئەم دووانەدا هەندێکجار بەرکەوتن ڕوویدا، وەك لە نموونەی (١٢٦) دەبینرێت، یاخود بەرکەوتن ڕوونەدات وەك لە نموونەی (١٢٥)دا بەرچاودەکەوێت، ئەگەر زیاتر لە هێڵکارییەکە

ورد ببینەوە ئەوە تێبینی دەکرێت، نە هیچ ڕێڕەوێك و نە هیچ سنورێك هەیە،  لە لایەکی ترەوە ڕێگە بە بەرکەوتنی (TR) و (LM) نادرێت، تەنها لە یەك کاتدا دەتوانرێت بەرکەوتن ڕووبدات، ئەویش لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

١٢٥-چۆلەکەکە بە سەر کولانەکەدا دەسوڕێتەوە.

١٢٦-چۆلەکەکە لە سەر کولانەکە نیشتەوە.

لە نموونەی (١٢٦)دا بەرکەوتن لە نێوان (TR) و (LM)دا ڕوویداوە، واتە بەریەکتر کەوتوون، لە لایەکی ترەوە هەندێکجار (TR) لە سەروو (LM)ەوە نییە. ئەم حاڵەتەش زیاتر لەو کاتەدا ڕوودەدات، کە (TR) یەك ڕەهەندییە، لەو کاتەشدا ((ڕێڕەوەی یەك ڕەهەندیی بەرانبەر بە ڕێڕەوەی جووڵەیە)) (Clausner, Croft,1999:23)، با سەرنج لەم نموونانەی خوارەوە بدرێت:.

١٢٧-ئاسۆ بە ناو شەقامەکەدا ڕایکرد.

١٢٨-ئاسۆ لە ناو شەقامەکەدا ڕایدەکرد.

١٢٩-ئاسۆ بە سەر شەقامەکەدا ڕایکرد.

لە نموونەی (١٢٧)دا (بە ناو) درکپێکردنی ئاخێوەر زیاتر باسکردنە لەوەی، کە (ئاسۆ) شەقامەکەی جێهێشتووە، بەڵام لە نمووەنەی (١٢٨) دا زیاتر شوێن دەگەیەنێت و هێشتا بەردەوامە لە ڕۆشتن، واتە لێرەدا زیاتر مەبەستەکە دەرخستنی شوێنە، لە نموونەی (١٢٩)دا دەرکەوتنی (ئاسۆ) بە ڕوونی دیارە، چونکە (بە سەر) زیاتر لە (بە ناو، لە ناو) دەرکەوتنی زیاتر، ئەمە جگە لەوەی، کە لە نموونەکانی (١٢٧، ١٢٨)دا ڕەنگە زیاتر مەبەست لەو شەقامانە بێت، کە ئەم لاو لایان بە خانوو، یاخود دیوار دەورەدراوە، بەڵام نموونەی (١٢٩) زیاتر مەبەست لەو شەقامانەیە، کە هیچ خانوویەك لە دەوریان نەبێت، یاخود لێیانەوە دوور بێت.

لە هەرسێ نموونەی (١٢٧، ١٢٨، ١٢٩)دا شەقامەکە ڕێڕەوێکی یەك ڕەهەندییە، بەرانبەر ڕێڕەوی جووڵەی ئاسۆ دەوەستێتەوە، واتە مەبەست لەم وێناوێنەییەدا ڕاستەڕێی کەرەستەیەکی جووڵاوە،  هەربۆیە کاتێك کەرەستەیەك دەست بە جووڵە دەکات، ئەوا بە یەك ئاڕاستە دەجووڵێت. لەم کاتەشدا بەشێکی دیاریکراوی کەرەستەکە لە هەموو بەشەکانی تری کەرەستەکە زیاتر تۆختر دەبێت و دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

١٣٠-ئەسپەکە بە خێرایی بەربەستەکانی بڕی.

لێرەدا (ئەسپەکە) بە خێرایی بە سەر بەربەستەکاندا تێپەڕیووە، ئەو وێناوێنەییە لەم کاتەدا لە هەموویان زیاتر دەرکەوتووتر دەبێت بریتییە لە (خێرایی ئەسپەکە)، یاخود ئەگەر لە نموونەکانی (١٣١، ١٣٢، ١٣٣) سەرنج لە وشەی (سەیرکردن) بدرێت، دەبینرێت، کە وێناوێنەیی یەك ڕەهەندیی درووستکردووە:

١٣١-بە سەیرکردنێك عاشقی بوو.

١٣٢-بە سەیرکردنێك دەرگاکەی داخست.

١٣٣-بە یەك سەیرکردن جلەکانی لەبەرکرد.

لە هەریەکە لەم نموونانەدا (سەیرکردن) لە هەموویان زیاتر تۆختر دەرکەوتووە و یەك ڕێڕەوەی گرتووە، جگە لەوەی لە وێنای وێنەیی یەك ڕەهەندیدا، هیچ بەرکەوتنێك لە نێوان(TR) و (LM)دا نییە، لە نموونەی (١٣١)دا بەرکەوتن لە نێوان(سەیرکردن، ئەو)دا ڕووی نەداوە، چونکە کاتێك دەگوترێت(سەیرکردن) ئەوە بەرکەوتن لە نێوان کەرەستەکاندا ڕوونادات، هەر دوو نموونەی (١٣٢، ١٣٣)ش بە هەمان شێوەن و بەرکەوتن ڕووی نەداوە.

## ٢/٢-٣-١-٢)ڕێگە بۆ خاڵی کۆتایی (فۆکەسی خاڵی کۆتایی) ( Path to endpoint (endpoint (focus)

یەکێکی تر لەو وێناوێنەییانەی، کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانەوە دروستدەبێت، بریتییە لە گۆڕینی ڕێڕەوە بۆ خاڵی کۆتایی، کە لەم وێناوێنەییەدا فۆکەسی سەرەکی لە سەر خاڵی کۆتایی ڕێڕەوەکەیە، هەربۆیە زۆربەی ئەو

وێناوێنەییانەی، کە فۆکەسی خاڵی کۆتاییان هەیە، دەبێت ڕێڕەوێکیان هەبێت، چونکە خاڵی کۆتایی لە ڕێڕەوەکەدایە، لەم کاتەشدا ڕێڕەوەکە یەکسان دەبێت بە خاڵی کۆتایی، یەکێك لە دەرئەنجامەکانی گۆڕانکاری لە ڕێڕەوەوە بۆ ئامانج ئەوەیە، کە فۆکەسی خاڵی کۆتایی بە دەستدەهێنرێت و کۆتایی ڕێگەکە جێگایەکی تایبەت وەردەگرێت، بە واتایەکی تر گۆڕانکارییەکانی وێناوێنەییەکان پەیوەندی بە لێکدانەوەی دینامیکییەوە بە پێی ڕوانگەی تایبەت هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

١٣٤-ڕێڕەوی خوێندنم گرتە بەر، بۆ گەیشتن بە مامۆستایی.

لێرەدا جێناوی لکاوی (م)، کە ڕۆڵی تراجیکتۆری بینیووە دواتر بووە بە (مامۆستا) تیشکۆکە لە سەر ئەوە و لاندماریکیش بریتییە لە (ڕێڕەوی خوێندنەکە)، پەیوەندی نێوانیشیان بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاسۆیی، چونکە هەر هەردووکیان بە یەك ئاڕاستەی یەکتردا دەڕۆن، بە واتایەکی تر تیشکۆی خاڵی کۆتایی بریتییە لە (مامۆستایی)، چونکە ئامانج لە ڕێڕەوەکە بریتیبووە لە مامۆستایی بوون، کەواتە لەم نموونەیەدا سەرەتا ڕێڕەوێك بوونی هەیە، کە بەرەو ئامانجێك دەمانبات و دواتر ئامانجەکە دەبێت بە فۆکەسی خاڵی کۆتایی ئەو ڕێڕەوە، کەواتە (TR) لە کوێدابوو، تیشکۆکەش لەوێدا دەبێت، با سەرنج  لەم دوو نموونەیە بدرێت:

١٣٥-وێنە لەسەر گردەکە بوو.

١٣٦-دینە لەسەر گردەکە دەژی.

بە پێڕەوکردنی ڕێڕەوی دەروونی سەرنج لە شوێنی (وێنە) کە بریتییە لە (TR) لە نموونەی (١٣٥) و ژیانی (دینە)، کە وەك (TR) دەردەکەوێت لە نموونەی (١٣٦)دا فۆکەسی خاڵی کۆتایی لەوێدا چڕدەبێتەوە، بە واتایەکی تر واتای (لەسەر) لە نموونەکاندا لە سەر خاڵی کۆتایی ڕێگەکە چڕکراوەتەوە، نەك لە سەر خودی ڕێگەیەکە، ئەگەر سەرنج لە (TR/دینە) بدرێت، دەبینرێت، کە لە خاڵی کۆتایی ڕێگەکەدایە، واتە لە کۆتایی ڕێڕەوەکەدایە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە (لاکۆف) ئاماژە بەوە دەکات، کە ((فۆکەسی خاڵی کۆتایی نە لە لایەن بکەرەوە نە لە لایەن کردار و نە لە لایەن هیچ کەرەستەیەکی ترەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو لە لایەن لە سەر (Over) ەوە دیاریدەکرێت))، (Evans, Green, 2006:338). کەواتە کەرەستەکانی ڕستە ناتوانن ببنە هۆکاری دروستبوونی وێنای وێنەیی خاڵی کۆتایی، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی خاڵی کۆتایی بریتییە لە (لەسەر (Over)، هەروەها دەربارەی ڕێڕەوەکە، (لاکۆف) بەمشێوەیە باس لە گۆڕینی ڕێڕەو بۆ خاڵی کۆتایی دەکات ((ئەزموونێکی باو و ئاساییە، کە ڕێڕەوی تەنێکی جوڵاو پێڕەو دەکات، تا ئەو کاتەی تەنەکە دەوەستێت و پاشان تیشکۆ لە سەر ئەو شوێنەیە، کە لە کوێدایە، لەو کاتەشدا فۆکەسی ڕێڕەو و فۆکەسی خاڵی کۆتایی یەکسان دەبن(یاخود هاوتای یەك دەبن)))، (1987:442)، بەمپێیە شوێنی وەستانی تەنەکە لە کوێدابوو، فۆکەسی خاڵی کۆتایی لەو شوێنەدا دەبێت، بۆ نموونە:

١٣٧-شکۆ لە سەر لوتکەی شاخەکە دەژی.

لێرەدا فۆکەسی خاڵی کۆتایی بریتییە لە لوتکەی شاخەکە، چونکە (شکۆ) بە درێژایی شاخەکە ڕۆشتووە و لە کۆتایی شاخەکەدا (ڕێڕەوەکەدا) وەستاوە، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە دوو تێگەیشتنی جیاواز بۆ خاڵی کۆتایی هەیە ((یەکێکیان پەیوەندی بە تایبەتمەندییە درێژکراوەکانی ئاسۆییەوە هەیە، ئەوی تریان پەیوەندی بە لایەنە درێژکراوەکانی ستونییەوە هەیە))، (Evans, Green, 2006:338)، واتە کاتێك ڕێڕەوێك دروستدەبێت، دەکرێت ڕێڕەوەکە ستونی بێت، وەك لەم نموونەی (١٣٨)دا دەبینرێت:


١٣٨-ئەڤین گەیشتە کۆتایی شاخەکە.

لەم شوێنەدا فۆکەسی خاڵی کۆتایی بە شێوەیەکی ستونی لێکدەدرێتەوە، چونکە ڕێڕەوەکە بە جۆرێکە، کە شێوەی ستونی وەرگرتووە، بەڵام ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٣٩) بدرێت، دەبینرێت، کە فۆکەسی خاڵی کۆتایی بە شێوەیەکی ئاسۆییە:

١٣٩-دانا لە سەر شاخەکە دەژی.
لێرەدا فۆکەسی خاڵی کۆتایی بە شێوەی ئاسۆییەکی وەرگرتووە، واتە ڕێڕەوەکە بە شێوەی ئاسۆییە، نەك بە شێوەی ستونی، هەروەها یەکێك لە بنەماکانی فۆکەسی خاڵی کۆتایی وەستانی تەنەکەیە لە کۆتایی ڕێڕەوەکەدا و دواتر تیشکۆ خستنە سەر ئەو شوێنە، واتە شوێنی وەستانی (TR) بۆ نموونە:
١٤٠-زانا تا کۆتایی شاخەکە ڕۆشت.
لێرەدا فۆکەسی خاڵی کۆتایی بریتییە لە وەستانی زانا/TR لە کۆتایی ڕێگەکەدا/LM، واتە کۆتایی ڕێگەکە بووەتە هۆی ئەو تیشکۆ زیاتر لە سەر وەستانی زانا لەو شوێنەدا بێت. نەك هیچ شوێنێکی تر.

## ٢/٢-٣-١-٣)ڕێڕەو بۆ بارستای تەن (ڕووپۆشکردنی ڕێڕەو) (Path to object mass(path covering)

وێنای وێنەی ڕووپۆشکردن کاتێك دروست دەبێت، کە (TR) بتوانێت (LM) داپۆشێت، بە واتایەکی تر (دانانی یەك کەرەستە لە سەر کەرەستەیەکی کەمێك گەورەتر، یاخود بڵاوکردنەوەی کەرەستەیەك بە سەر ڕووی سەرەوەی هێماکەدا وێنای وێنەیی ڕووپۆشکردن دروستدەبێت))، (Hampe, 2005:257)، ڕووی (LM) لە ئەنجامی دانانی (TR) وای لێدێت، کە ڕووبەرەکەی کەم ببێتەوە و داپپۆشێت، یاخود هەندێکجار (TR) بەسەر (LM)دا بڵاودەبێتەوە، بۆ نموونە:
١٤١- لمەکەم بەسەر سەربانەکەدا ڕشت.
لێرەدا (لم) وەك (TR) بە سەر ڕووی سەربانەکەدا، کە بریتییە لە (LM) بڵاوبووەتەوە و بووەتە هۆی ئەوەی، کە ڕووی (LM/سەربانەکە) کەم ببێتەوە، بەمەش ڕێڕەوی نێوانیان کاڵبووەتەوە، یاخود هەندێکجار بە دانانی کەرەستەیەکی بچوك لە سەر کەرەستەیەکی گەورە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووە نزم و سنورەکانی نێوانی چەندین توخم لە ڕێڕەوەکەدا کاڵ ببێتەو، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا تێبیندەکرێت:
١٤٢-کتێبە بچوکەکەم خستە سەر کتێبە گەورەکە.
لێرەدا سنور و ڕێڕەوەی نێوان کتێبە گەورەکە و کتێبە بچوکەکە کەمبووەتەوە و بووەتە هۆی داپۆشینی سنوری نێوانیان، هەر بۆیە ((کاتێك (TR)، (LM) دادەپۆشێت بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەکی دیکە بەشدارە، جگە لە سنوردارکردنی بینراو دەستڕاگەیشتن بە ڕووی (LM) وێنەیەکە سەردەخاتە سەر کارلێکی جووڵەی نێوان(TR) و ڕووی (LM)))، (Dewell:2012:24)، کەواتە جگە لەو وێناوێنەییەی، کە لە ئەنجامی کارلێکی نیوان (TR) و (LM)ەوە دروست دەبێت، وێناوێنەییەکی تریش لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بۆ نموونە:
١٤٣-منداڵەکان بەسەر ڕێڕەوەکەدا بازیاندا.
لێرەدا وێنەیەکی تر، جگە لە وێنای وێنەیی ڕێڕەوە دروست بووە، ئەویش وێنای وێنەی ڕووپۆشکردنە، کە بریتییە لەوەی منداڵەکان ڕێڕەوەکەیان داپۆشیوە، لەم جۆرە وێناوێنەیەدا کۆمەڵێك وێنا هەن، کە بریتین لەوانەی، کە پەیوەندییان بە ڕووپۆشکردنی شتەکانەوە هەن، کە وێناوێنەیی ڕووپۆشکردنی بنەڕەتی بە جۆرێکە، کە بەلایەنی کەمەوە پێویستە دوو ڕەهەندی بێت بە سەر سنورەکانی (LM)دا، واتە (TR) بە شێوەیەکی دوو ڕەهەندی بە سەر (LM)دا درێژ ببێتەوە، بۆ نموونە، با سەرنج لەم هێڵکارییە بدرێت:




**هێڵکاری ژمارە(٤)**
**بەرنەکەوتنی (TR، LM)**

لەمجۆرە وێنایەدا ڕەهەندی دووری (dismnsion) ڕێڕەوەکە دیاری نەکراوە و پێویست بەوە ناکات، کە (TR)و (LM) بەریەکتر بکەون، وەك ئەوەی تەنافێك بە سەر حەوشەیەکدا درێژبکرێتەوە. لەم کاتەدا بەرکەوتن لە نێوان تەنافەکە و حەوشەکەدا دروست نابێت، واتە بەر یەکتر ناکەون، هەندێکجاری تر لە دوو وێنای وێنەییدا ڕووپۆشکردن بوونی هەیە، کە تێیدا ((لە سەر (over) لەگەڵ چەندایەتی بارستەیی جووت دەکرێت، کە دەبنە هۆی ئەوەی ناوچەکانی هێماکە دیاری بکات))، (Lakoff, 1987:428)، واتە لێرەدا ئەو سنورە دیاریدەکرێت، کە بە هۆی (TR)ەوە داپۆشراوە، ئەمەش زۆرجار بە هۆی وشەکانی وەک (هەمووی، زۆربەی، تۆزێك، سەرجەمی... هتد) ڕوودەدات، لەمکاتەدا ئەم کەرەستانە لەگەڵ (لەسەر(over)دا یەکدەگرن بۆ داپۆشینی (LM)، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت لەم کاتەدا چەندین (TR)هەیە، کە لە چەند تاکێك پێکهاتووە و بە هۆی (LM)ەوە دادەپۆشرێت، بۆ نموونە:

١٤٤-کاڵێ لە سەر هەموو لاپەڕەکان شتی نوسیووە.

١٤٥-چەندین زیبکەی ورد لە سەر دەموچاوی هەیە.

لە نموونەی (١٤٤)دا هەریەکە لە کەرەستەکانی (لە سەر، هەموو) بوونەتە هۆی داپۆشینی سەرجەمی لاپەڕەکان، لەم کاتەدا (هەموو) بریتییە لە چەندایەتی، کە بە واتای ئەوە دێت (TR/نوسینەکە) چەندێك لە (LM/لاپەڕەکان) ی داپۆشیووە، کە (هەموو) لێرەدا بە واتای سەرجەمی لاپەڕەکان دێت و سەرجەمی لاپەڕەکانی گرتووەتەوە، بەڵام لە نموونەی (١٤٥)دا، (چەندین، لە سەر) نەبوونەتە هۆی داپۆشینی سەرجەمی (LM/دەموچاو)، بەڵکو بەشێکی زۆری دەموچاویانگرتووەتەوە و ئەو شوێنەشی، کە زیبکەکان لە سەریەتی دیاریکردووە، واتە ئەو سنورەی لاندماریکی داگیرکردووە، کە بە هۆی تراجیکتۆرەوە داپۆشراوە، لەگەڵ ئەوانەشدا مەرج نییە هەموو کات وێنای وێنەیی ڕووپۆشکردن ببێتە هۆی داپۆشینی سەرجەم (LM)، بەڵکو هەندێکجار چەند شوێنێکی گرنگی (LM) دادەپۆشێت، بۆ نموون:

١٤٦-کە باران باری هەموو جامی ئۆتۆمۆبیلەکە بوو بە تەم.

لێرەدا باران بارین، کە ڕۆڵی (TR) بینیووە، بووەتە هۆی تەمکردنی (LM)/ جامی ئۆتۆمۆبیلەکە، بەڵام سەرجەمی ئۆتۆمۆبیلەکەی دانەپۆشیووە، بەڵکو بەشێك لە ئۆتۆمۆبیلەکە، کە بریتییە لە جامەکان داپیۆشیووە.

## ٢/٢-٣-١-٤) چەندایەتی بۆ بارستە(ڕووبەر) (Multiplex to mass)

هەندێکجار گۆڕانکارییەکان کاتێك دروستدەبن، کە مرۆڤ لەو گۆشەیەی، کە سەیری کەرەستەکان دەکات دوور بکەوێتەوە، پاشان سەیری هەمان ئەو کەرەستانە بکاتەوە، کە پێشتر سەیری کردوون، ئەمەش وادەکات هەر ((کاتێك مرۆڤ لە چەند کەرەستەیەکی تاك، کە بەیەکەوەن، یاخود لە نزیکی یەکترن وەستاون و کۆبوونەتەوە دوور دەکەوێتەوە و پاشان سەیریان دەکات، ئەوا وەك بارەستەیەك دەیانبینێت، بە هەمان شێوەش ڕیزبەندی چەند خاڵێك، کە لە تەنیشت یەکترەوەن و بەدوای یەکتردا هاتوون، پاشان سەیرکردنیان لە مەودایەکی دوورەوە وەك هێڵێك دەبینرێت، کە کێشرابێت))، (Lakoff,1987:442)، بەمپێیە دەکرێت ئەو وێناوێنەییەی، کە لە نزیکەوە دەتوانرێت بژمێردرێت، بەڵام بە دورکەوتنەوە لێی وەك وێنای وێنەیی تاك سەیردەکرێت، واتە وێناوێنەییەکە وەك بارستەیەکی لێدێت، وەك ئەوەی، کە ئەگەر لە نزیکەوە سەیری کۆمەڵێك خوێندکار، کە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەیاندا وەستاون بکرێت، ئەوا دەتوانرێت بژمێردرێن، بەڵام ئەگەر لە دوورەوە سەیریان بکرێت، ناتوانرێت بە ئاسانی بژمێردرێن، بۆیە زۆرجار لەم کاتەدا دەگوترێت منداڵەکان سەرجەمی گۆڕەپانەکەیان داگیرکردووە و بڵاوبوونەتەوە تێیدا، واتە لێرەدا (منداڵەکان) وەك بارستەیەك سەیردەکرێن، نەك وەك ئەوەی کۆمەڵێك خوێندکاربن بتوانرێت بژمێردرێن، یاخود ئەگەر ئێواران لە لادێیەکەوە سەیری ئەو ئاژەڵانە بکرێت، کە دێنەوە بۆ ماڵەوە لە نزیکەوە دەتوانرێت بژمێردرێن و جیابکرێنەوە، بەڵام کاتێک لە دوورەوە سەیر دەکرێن وەك

هێڵێك دەبینرێن، كە بە درێژایی ڕێگەكە كێشرابن، كەواتە دەكرێت بە دووركەوتنەوە لە وێناوێنەییەكان گۆڕانكاری ڕوویدات، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت چەندایەتی ((بریتییە لە لێكدانەوەی كۆی فرەیی (فرە چەشنەكان) سنوردارەكان وەك بارستەیەكی بێ سنور بە پێڕەوەكردنی بنەمای نزیكی)) (Clausner, Croft,1999:24)، لەمەشەوە بنەمای نزیكی و دووری خاڵی سەرەكییە لە گۆڕینی وێناوێنەیەكەدا، چونكە وێنەكان گۆڕانكارییان بەسەردا نایەت، بەڵكو دوور و نزیكی بڕیاری گۆڕینی وێناوێنەییەكە دەدات، هەر بۆیە لەم وێناوێنەیەدا زۆرجار ئەزموونی بینین بڕیار لە سەر گۆڕینی چەندایەتی بۆ بارستە دەدات، لەم گۆڕانكارییە وێناوێنەییەدا ((زنجیرەیەك (TR) بە درێژای هەمان ڕێڕەو لەوانەیە بەیەكەوە بجوڵێنەوە)) (Dewell, 2012:2)، بۆ نموونە كاتێك ژمارەیەك (سەگ) بە سەر سیاجێكدا بازدەدەن، لێرەدا ژمارەی سەگەكان هەموویان بە یەكەوە ڕێڕەوێكیان دروستكردووە، كەواتە لەم كاتەدا ژمارەیەك (TR) بە دەووری یەك (LM)دا سوڕاونەتەوە و شێوە بارستەیەكیان بە سەر (LM)دا درووستكردووە، كەواتە گۆڕینەكان لە چەندایەتییەوە بۆ بارستە بە شێوەیەكی بەرچاو هەستی پێدەكرێت، هەندێكجار پەیوەندییەك لە نێوان ژماردن(counte) و بارستەدا ڕوودەدات، ژماردن، كە زۆرجار پەیوەندی بە گروپكردنی تاكەكانەوە هەیە، كە دەتوانرێت بژمێردرێن و تاك تاك بكرێن، وێنای وێنەیی بارستە، كە مەبەست لێی بارستەیە، كە پەیوەندی بەو یەكانەوە هەیە، كە ناژمێردرێن و وەك یەكەیەكی یەكسان سەیریان دەكرێت، بەڵام وێنای وێنەی چەندایەتی ((بە گۆڕینی وێنەیەك لە ڕێگەی كۆمەڵێك خاڵەوە پێكدەهێنرێت)) ( Lakoff, 1987::429). لێرەدا كۆمەڵێك خاڵ مەبەست لەو یەكانەیە، كە لە نزیكەوە دەتوانرێت بژمێردرێن و جیابكرێنەوە، دواتر یەك دەگرن وەك بارستەیە دەردەكەون، خودیی ئەم دوو وێناوێنەییە پەیوەندییان بە ژمارە و بارستەوە هەیە، كە لە ڕووی ڕێزمانی و ژماردن دەتوانرێت دیاری بكرێت، بەڵام بارستە ناتوانرێت دیاری بكرێت، بۆ نموونە:

١٤٧-(دەفتەرێك/قەڵەمێك) ی پێدام.

لێرەدا دەتوانرێت تاك وكۆ بكرێت، واتە بژمێردرێت، هەندێكجار دەتوانرێت ناوی ژمارە (كۆمەڵ) بگۆڕدرێت بە ناوی بارستە، یاخود بە پێچەوانەوە. لەمكاتەدا وێنای وێنەیی بارستە-ژماردن دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر ناوی ژمێردراوی وەك (هەنار) وەك بارستەیەكی لێبكرێت، با لەم نموونەیە بڕوانرێت:

١٤٨-هەنارێكم هەیە.

كە لێرەدا مەبەست لە خودی هەنارەكە نییە، بەڵكو مەبەست لەوەیە، كە باخێك هەناری هەیە، كەواتە لێرەدا ژمارە بە بارەستایی گۆڕدراوە.

### ٢/٢-٣-١-٥)ڕەنگدانەوە (Reflexive)

دیارترین گۆڕانكاری، كە بە تایبەتی لە سەر وێنای ناوەندیی كاردەكات فۆكەسی هاوكاتە (تەواو-بەش)، كە نوێنەرایەتی تایبەتمەندییە زانیارییە تایبەتەكانی بەشە جیاوازەكانی ڕێڕەوكە لە خۆدەگرێت، بۆ ئەوەی گۆڕانكارییەكی ناسراوی لە سەر (over) بێت، لێرەدا بەشە تایبەتەكە دەبێت بە خاڵی لوتكە و تایبەتمەندییەكانی وێناوێنەییەكە لە خۆیدا هەڵدەگرێت، واتە بەشە تایبەتەكە دەبێتە نوێنەری كەوانەكە، یاخود بازنەكە، بەمەش گۆڕانكارییە هاوشێوەكانی لە پێشگرەكانی تردا بە ڕێڕەوێكی كێشراو دیاریدەكرێن، بۆ نموونە ڕۆشتن بە دەوری زانكۆیەكدا، دەتوانرێت بە واتای ئەوەی ڕێڕەوێكی بازنەیی، یاخود ڕێڕەوێكی نیمچە بازنەیی بە سەر بەربەستێكدا تێدەپەڕێت، كەواتە ڕێڕەوەكە بەشێكی، یاخود هەمووی تێپەڕێت، ئەوا واتای بازنەیی دەنەخشێنێت، ئیتر ئەو بازنەیە تەواو بێت، یاخود نیمچە بازنەیی بێت، كەواتە لێرەدا بەشەكە ڕەنگدانەوەی تەواوی وێناوێنەییەكەیە، لە لایەكی ترەوە چەمكی ڕەنگدانەوە دەتوانرێت بە بەكارهێنانی نموونەی دەرەوەی وێنا بكرێت، بۆ نموونە:

١٤٩- خوێندكارەكە لە پۆلەكە ڕایكردە دەرەوە.

لەم وێناوێنەییەدا تیاهەڵگرەکە، کە بریتییە لە پۆلەکە، (LM) کەیە، ڕێڕەوەکەش یاخود (TR) ەکە بریتییە لە خوێندکارەکە، کە لە ناو ژوورەکەدا بۆ دەرەوەی ژوورەکە دەچێت، بەڵام هەندێکجار ئەم وێناوێنەییە بۆ حاڵەتە بڵاوەبووەکان نابێت، وەك:

١٥٠–ئاوەکە بە سەر فەرشەکەدا بڵابوویەوە.

لەم کاتەدا (TR) بریتییە لە ئاوەکە، بەڵام ئەم بڵاوبوونەوە و جووڵەیە ناچێتە دەرەوەی سنوری (LM)کەوە هەندێك ئاو لە سەر مێزێك بڕێژە سەرەتا سنورێکی دەرەوەی دیاریکراو بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سنورەکە دەجولێت و بەشێك لەو ئاوەی، کە ڕژایە سەر مێزەکە و لە سنورە سەرەتایەکەدا بوو، ئێستا لە دەرەوەی ئەو سنورە سەرەتاییە ئاوەکە، یاخود بەشێك لە ئاوەکە بەراورد بە سنوری پێشوو خۆی بەرەو سەرەوە دەجولێنێت، لەم کاتەدا ئاوەکە هێمایە بۆ (TR)، (TR) یەکسان دەبێت بە (LM) لەم کاتەدا پەیوەندی لە نێوان هەردوکیاندا پێیدەگوترێت (ڕەنگدانەوە)، چونکە بەم پێیە بێت نەك تەنها قەوارەکە(LM) لە ژێر سەرنجدان دایە، (TR)ەکەش بەڕەنگدانەوە ناودەبرێت، جگە لەم حاڵەتری سەرەوە ((چەند ڕەنگدانەوەیەك هەیە، کە دەتوانرێت (TR=LM) بە دیبهێنرێت))، (Lakoff, 1987:432)، بەمشێوەیە بێت ڕەنگدانەوە لە بەشێکی تری وێناوێنەییەکاندا کاردەکات، بە تایبەتی لەو وێناوێنەییانەی، کە بەشێکی وەك لاندمارك و بەشەکەی تری وەك تراجیکتۆر کاردەکات. لەمجۆرەدا ڕەنگدانەوەی تراجیکتۆرە لە حاڵەتی لە سەردا (over) ڕوودەدات، بۆ نموونە کاتێك کەسێك دەچێتە سەر پارچە تەختەیەك و بە سەر ئاوێکدا دەجووڵێت، ئەملاولا دەکات بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ئاوەکەوە، لێرەدا (TR) بریتییە لە کەسەکە، کە دەجولێت، لە هەمان کاتدا تەختەکە بریتییە لە (LM) و ئەویش دەجولێت، کەواتە لێرەدا ئەو بەشەی، کە لە سەریەتی بریتییە لە (TR) بەشەکەی تر بریتییە لە (LM)، واتە هەردوو بەشەکە یەکسانن، چونکە جارێك ئەمبەر دەبێت بە (TR)، جاری دووەم ئەوبەر، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوان ڕەنگدانەوە و ڕەنگنەدانەوەدا هەیە، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٥١– ئاسۆ جیا لە خوێندکارەکانی تر وەستا بوو. (ڕەنگدانەوە).

١٥٢– کتێبەکەی دڕاند و پارچە پارچەی کرد. (ڕەنگنەدانەوە).

لە نموونەی (١٥١)دا ڕاستە (ئاسۆ) لە خوێندکارەکانی تر جیابووەتەوە، بەڵام هەر ڕەنگدانەوەی هەمان دید و بۆچوونی ئەوانە، بەڵام لە نموونەی (١٥٢)دا کاتێك کتێبەکە دڕاوە و ئەو بەشەی، کە لێی کراوەتەوە ناتوانرێت بگوترێت ڕەنگدانەوەی سەرجەمی کتێبەکەیە، چونکە بە تەواوەتی لێی جیابووەتەوە.

## ٢/٢–٣–١–٦)خولانەوە (Rotation)

یەکێك لەو وێناوێنەییانەی، کە پێشبینی دەکرێت، ئاڕاستەی نەبێت بریتییە لە (خولانەوە)، چونکە ئەگەر ئاڕاستەی هەبووایا، ئەو کاتە بەرکەوتەنەکان زۆر دەبوون، واتە چەند جار خولانەوەیەك هەبووایا ئەوەندەجار بەرکەوتن ڕوویدەدا، هەرچەندە هیچ ئاماژەیەکیش نییە، کە خولانەوەی دەروونی پلەبەپلە بێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێت پێشنیازی ئەوە بکات، کە لە بری ئەوەی لە ڕاستەوە بخولێتەوە، باوەڕیوایە، کە خولانەوە ئاڕاستەی دیاریکراو نییە، واتە ئەگەر ئاڕاستەکان وەك یەك بەر یەکتر بکەوتنایا، ئەو کات دەتوانرا بگوترایە، کە خولانەوە و ئاڕاستەکان وەك یەکن، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە لە وێنای وێنەیی خولانەوەدا ((خولانەوە بە پێچەوانەی گۆڕانکارییەکانی وێناوێنەییەکانی ترەوە پێکهاتەکەی دەپارێزێت))، (Lakoff, 1987:445)، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت:

١٥٣–فرۆکەکە بە چواردەوری ماڵەکەدا سوڕایەوە.

لێرەدا ناتوانرێت ئاڕاستە و شوێنی سوڕانەوەکە دیاری بکرێت، چونکە (TR/فرۆکەکە) بەردەوام لە جووڵەدایە و وەستانی نییە. تەنانەت ئێمە زۆرجار جیهانی دەرەوەمان هەر لەدایکبوون و هەناسەدانەوەوە خولانەوە هەست

پێدەکرێت. خودی ژیانی مرۆڤ خۆشی هەر پەیوەستە بەو خولانەوەیەوە، هەربۆیە زۆر جار ئەگەر کێشەیەك لەو خولانەوەیەدا ڕوویدات، مرۆڤ هەست بە ناهاوسەنگی جەستەی دەکات، بۆ نموونە هەندێکجار، کە توشی نەخۆشیەك دەبێت، دەگوترێت ئەوە خولەکەی خۆی تەواو نەکردووە، لەبەرئەوە چاك نەبوویتەتەوە. ڕەنگە هەر لەم درکپێکردنەوەشەوە بێت، مرۆڤ توانیوێتی کاتژمێر و ڕۆژەکانی هەفتەی دانابێت. ئەم خولانەوەش زۆرجار بە پێی کات دەگۆڕدرێت، واتە لە خاڵێکەوە دەستپێدەکات و دواتر بە کۆمەڵێك ڕووداودا دەڕوات و دواتر دێتەوە سەر هەمان خولی سەرەتا، یاخود زۆرجار لە سەر بنەمای ڕووداوەکان ڕوودەدەن، بۆ نموونە، کە دەچینە سەر کار سەرەتا دەرگای ژوورەکەمان دەکەینەوە و دواتر گڵۆپەکان و کۆمپیوتەرەکەمان هەڵدەکەین و پاشان دەست بە ئیشەکان دەکەین، پاش ئەوەی دەوامی ئەو ڕۆژەمان تەواو بوو، هەمان پرۆسە بە پێچەوانە دووبارە دەکەینەوە، ئەم خولە بە درێژای ژیانمان دووبارە دەبێتەوە. ئەمجۆرە ئەزموونە فیزیکی و کۆمەڵایەتییانە لە دەروونماندا بناغە دروستدەکەن و دواتر بۆ زمانەکەمان دەگوازرێتەوە، بۆ نموونە سوڕانەوەی حاجیان بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا، یاخود سوڕانەوە بە دەوری مەرقەدی شێخێکدا، کەواتە خولانەوە وێناوێنەییەکە، کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر ڕەنگیداوەتەوە و هەستی پێدەکرێت.

بەمشێوەیە وێنای وێنەیی خولانەوە دەکرێت سروشتی بێت و دابەشدەکرێت وەك شەو و ڕۆژ و وەرزەکان و....هتد، کە دابەش دەبێت بە سەر هەفتە و مانگەکاندا، یاخود خولانەوەیەکی دیاریکراو بێت، وەك (کاتژمێر). واتە لە سروشتییەکاندا سروشت خۆی ئەو خولانەوە دروستدەکات، بەڵام لە دیاریکراوەکاندا مرۆڤ دەستی لە دیاریکردنیاندا هەبووە، بۆ نموونە (ڕۆژ بۆ ٢٤ کاتژمێر، هەفتە بۆ حەوت ڕۆژ، مانگ بۆ (٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١) ڕۆژ) دابەشکراوە و دیاریکراوە، کەواتە هەر خولانەوەیەك پێویستی بە کاتێك هەیە، بۆ ئەوەی لە خاڵێکەوە دەست پێبکات و بە زنجیرەیەك ڕووداودا بڕوات و دواتر بە خاڵی کۆتایی دەگات، جارێکی تر لە هەمان خاڵەوە دەستپێدەکاتەوە بۆ خولانەوەیەکی نوێ، بۆ نموونە:

١٥٤-چەرخی فەلەك دژی من دەخولێتەوە.

١٥٥- بە دەوری بابەتەکەدا سەرم خول دەخوات.

نموونەکانی (١٥٤، ١٥٥) سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون، ئەوەی تێدا بینرا، کە لە وێناوێنەییە فیزکییەکانەوە وەرگیران و وێنای وێنەیی ئەبستراکتیان پێدەربڕدراوە.

## ٢/٢-٣-٢)گروپی وێناوێنەییە فەزاییەکان (Spatial group)

جۆرێکی تر لە وێناوێنەییەکان، کە (لاکۆف) باسیکردووە، بریتییە لە وێناوێنەییە فەزاییەکان، کە ئەم جۆرەیان بە زۆری مامەڵە لەگەڵ ئاڕاستەکاندا دەکات، کە بە هۆی جەستە و جوڵانەوە فیزیکییەکانی مرۆڤەکانەوە دروستبوون. هەربۆیە ئەگەر سەرنج لە جوڵەی تەنەکان و مرۆڤەکان بدرێت، هەر هەمان جووڵەن، کە مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کە بە هۆی جەستەیەوە دروستبوون، بە تایبەتی ئەم جۆرە وێناوێنەییانە کاتێك درکیان پێدەکرێت، کە پەیوەندی و لێکچوونێکی یەکسان لە نێوان کەرەستە جیاوازەکاندا لە شێوەی جووڵەدا هەبێت. وێناوێنەییە فەزاییەکان، کە لە ئەزموونەکانی مرۆڤ و پێکهاتە فیزیکییەکانەوە سروشتیان وەرگرتووە، بە جۆرێك جەستەی مرۆڤ لەگەڵ بەشە جیاوازەکانی کۆیەك پێکدەهێنن، کە پێکهاتەی هەیە، دواتر لە سەر بنەمای ئەم کۆیە وێناوێنەییەکان دروستدەبێت، هەربۆیە هەندێکجار شوێنی دیاردەکانی دەوروبەر بە پێی چۆنیەتی دانانیان لە فەزاکانی دەوروبەری ئەم کۆییە پێوانە دەکرێت، چونکە: ((جیهانی فیزیکی، جیهانێکی فەزاییە))، ( Mix, Smith, Gasser, 2010:vii). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، کە وێناوێنەییە فەزاییە جۆراوجۆرەکانی وەك (سەر، خوار، نزیك، دوور...هتد) دروست دەبێت و مرۆڤ لە زمانەکەیدا بە کاریدەهێنێت و هۆکاری سەرەکی، کە وایکردووە مرۆڤ لەو چەمکە فەزاییانە تێبگات، ئەو پەیوەندییە بەردەوامەی ئێمەیە لەگەڵ ئەمجۆرە چەمکانەدا.

تەنانەت کاتێك بێئاگایین و  دەخەوین هەر ئاڕاستەی سەر و خوارمان هەیە، هەربۆیە: ((پێکهاتەی چەمکە فەزاییەکان لە ئەزموونی فەزایی بەردەوامەکانمانەوە سەرهەڵدەدات))، (Lakoff, Johnson, 1980:59). ئەزموونەکانیش کاتێك لە وێناوێنەییەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و بەشێکی سەرەکییە لە دروستبوونی وێناوێنەییەکاندا سەرەتای دروستبوونی وێناوێنەییەکانیش بۆ ئەزموونە سەرەتاییە فەزاییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ((سەرەتا فەزاییەکان یەکەم هەنگاوی دروستکردنی چەمکین، دواتر وێناوێنەییەکان چیرۆکی فەزایی سادەن، کە لێیانەوە دروست دەبن))، (Mandler, Canovas, 2014:1-2)، بەمپێیە سەرەتای دروستبوونی چەمکەکان بۆ یەکەم هەنگاوە فەزاییەکان دەگەڕێتەوە، دواتر لەوێشەوە وێناوێنەییەکان دروستدەبێت. هەرچەندە خۆیان ئەبستراکتن لە وێنا فەزاییەکانەوە دروستبوون، بەڵام بنەمای وێناوێنەییەکان لە پەیوەندیی فەزایی و جووڵە فەزاییەکان و کۆنکرێتە ڕاستەقینەکاندا دەدۆزرێتەوە، چونکە ئەو وێناوێنەییە فەزاییانە، کە ئەبستراکتن مرۆڤ تەنها کاتێك دەتوانێت بزانێت بنەماکەیان چییە، بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی نێوان ئەم وێناوێنەییە ئەبستراکتانە لەگەڵ پەیوەندییە فەزاییەکاندا، چونکە وێناوێنەییەکان بریتین لە ((دەربڕینی ئەو پەیوەندییە فەزاییانەی، کە لە زماندا دەدۆزرێنەوە لە سەر بنەمای ئەزموونە بەجەستەکراوەکان))، (Helblom, 2020:30) وەك لە نموونەی (١٥٦)دا دیارە:

١٥٦- منداڵەکە نانەکەی لە نانەواخانەکەی تەنیشتماڵیان کڕی.

ئێستا ئەگەر سەرنج لە کۆی کەرەستەکانی ڕستەی (١٥٦) بدرێت، دەبینرێت، کە هەموویان بوونێکی فیزیکیان هەیە، ئەوەی بوونێکی فیزیکی نییە بریتییە لە (تەنیشت)، چونکە لێرەدا وشەکە هیچ کەرەستەیەك نییە، تا مرۆڤ بتوانێت هەستی پێبکات و بەری بکەوێت، لەبەرئەوە لەم ڕستەیەدا ئەوەی دەبینرێت، کە وشەی (تەنیشت) پەیوەندییە فەزاییەکان نیشاندەدات، واتە ئەم وشەیە ئاماژە بەوە دەکات، کە نانەواخانەکە و ماڵەکە لە فەزایی شوێنێك لە دەوروبەری یەکتردا هەڵکەوتوون، هەربۆیە بە سود وەرگرتن لە وێناوێنەیی ڕێڕەو جووڵەی خۆمان و کەسێکی تر دیمەنەکەی دەربڕییووە و درکمان پێکردووە. لێرەوەشە، کە ((زمان و فەزا بە شێوەیەکی سروشتی لە درکپێکردنی مرۆڤدا یەکدەگرنەوە))، (Mix, Smith, Gasser, 2010:vii). لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکی بەرانبەری لە نێوان چەمکێکی ئەبستراکت و ئاڕاستەیەکی فیزیکیدا هەیە، کە خودی ئەم ئاڕاستە فەزاییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤ جەستەیەکی هەیە، کە ئەرکێکی دیاریکراوی لە ژینگەیەکی فەزاییدا هەیە، کەواتە ئەمە جۆرێك لە جۆرەکان بەرز و نزمی بە قسەکان دەگەیەنێت، کاتێك، کە دەریاندەبڕین، بۆ نموونە، کە باس لە دڵخۆشی دەکرێت ئاخێوەرێکی کورد تێدەگات، کە مەبەست سەرەوەیە، بەمجۆرە تەنانەت وێناوێنەییە فەزاییەکان لە زۆربەی کار و بارو دەربڕینەکانی ڕۆژانەماندا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە زۆرجار هەموو شتێکی باش، وەك جۆرێك لە بەرزی نیشاندەدرێت، بۆ نموونە:

١٥٧-پارەیەکی باشی هەیە.

لێرەدا (باش) بە جۆرێك لە وێنای وێنەیی بەرز لێکدەدرێتەوە، چونکە (باش) ئاڕاستەکەی لەم ڕستەیەدا بریتییە لە بەرزبوونەوە، زۆربەی ئەو دەربڕینانەی، کە لە زماندا بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی مێتافیزیکی دروستبوون، پێکهاتەی مێتافیزیکییەکەی بە شێوەیەکە، کە چەمکێکە لە ڕووی چەمکێکی ترەوە بە شێوەی مێتافۆر داڕێژراوە، بەڵام هەر لە ناو مێتافۆڕەکاندا جۆرێکیان هەیە، کە بە هۆی چەمکێکی ترەوە دروست نەبوون، بەڵکو لە بری ئەوە ((کۆی سیستەمێکی چەمکەکان لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەخات))، (Lakoff, Johnson, 1980:12). ئەم جۆرەش ئەوانەن، کە جۆرێك ئاڕاستەیان تێدایە و زۆربەشیان پەیوەندییان بە ئاڕاستەی فەزاییەوە هەیە، وەك (سەر، خوار، تەنیشت، پێش، دوا...هتد). ئەمە جگە لەوەی تەنانەت مرۆڤ لە نووسینی و دەربڕینەکانیدا بە جۆرێك لە جۆرەکان بە شێوەی پەیوەندییە فەزاییەکان ڕێکیاندەخات، هەربۆیە زۆرجار گرنگی بەوە دەدات، کە کام ڕستە، یاخود کام وشە و دەربڕین لە پێشدا و کام وشە و دەربڕین لە دواوە دەربڕێت، لەبەرئەوە هەوڵدەدات

دەربڕینەکانی بە جۆرێك بێت، کە ((چەمکە فەزاییەکانی بە شێوەیەکی سروشتی بۆ دەربڕینە زمانییەکان بگونجێنێت))، (سەرچاوەی پێشوو، ١٢٥)، هەر بۆیە کاتێك لە سەر کاغەزێك شتێك دەنووسێت، ئەگەر بیەوێت ئاماژە بە شوێنێك لە نووسینەکەیدا بکات، دەڵێت سەیری ئەملا یان ئەولا، سەر یان خوار بکە، بەم لێکدانانەوانەش بێت وێناوێنەییەکان پانتاییەکی فراوانیان لە کایەکانی ژیانی مرۆڤدا داگیرکردووە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو وێناوێنەییە فەزاییانە دەکرێت، کە (لاکۆف) درکیپێکردن و باسیکردوون، ئەوانیش بریتین لە:

## ٢/٢-٣-٢-١) لەسەر (Above)

یەکێك لە جۆرەکانی وێناوێنەییە فەزاییەکان، کە جووڵەی ئاڕاستەیی تێدایە، بریتییە لە وێناوێنەیی سەرەوە، کەوا لە مرۆڤ دەکات بیر لە جەستەی خۆیی و جیهان بکاتەوە و پشتگیری کەرەستەکانی دیکە لە سەر بنەمای ئەوان بپێوێت، بە حوکمدان بەوەی، کە باڵاترە، واتە مرۆڤ لە سەر بنەماکانی جەستەی خۆی ئەو کەرەستانەی، کە لە سەرەوەن بڕیار لە کەرەستەکانی دیکە دەدات و ئەوان دەکاتە بنەما بۆ دەربڕینە زمانەنییەکانی، بەمپێیە مرۆڤ جەستەی خۆی وەك ناوەندێك سەیردەکات، دواتر پێگەی کەرەستەکانی تریش هەر لە سەر ئەو بنەمایە دەپێوێت و حوکمی بە سەردا دەدات، وێنای وێنەیی سەرەوەش هەر لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، با لەم نموونەیە وردببینەوە:

١٥٨-چاوم هەمیشە لە سەرەوەیە بەشکم خوای گەورە ڕەحمێکمان پێبکات.

لێرەدا وشەی (سەرەوە) بە واتای ئەوە هاتووە، کە وەك فەزایەك وایە، کە لە سەروو مرۆڤەکانەوە بوونێك هەیە، ڕاستە نابینرێت، بەڵام مرۆڤ لە ڕێگەی وێناوێنەیی فەزاییەوە درکی پێدەکات، کاتێك باس لە سەرەوە دەکرێت، پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە هیچ سنورێکی دیاریکراو لە نێوان (TR) و (LM)دا بوونی نییە، واتە (TR) لە سەروو (LM)ەوەیە وبەریەکتر نەکەوتوون، بۆ نموونە:

١٥٩-باڵندەکە بەسەر قەفەزەکەدا فڕی.

لێرەدا (TR)، کە بریتییە لە (باڵندەکە) بە سەر (LM)دا، کە بریتییە لە (قەفەزەکە) فڕیووە، بەڵام هیچ شتێك ئەو دووانەی بە یەکترەوە نەبەستووەتەوە، ئەوە تەنها کاتێك دەتوانرێت بگوترێت بەر یەکتر کەوتوون، کە باڵندەکە بە سەر قەفەزەکەوە نیشتبێتەوە. هەرچەندە باوەڕوایە، کە: ((لە هەموو بە کارهێنانەکانی لە سەر وەك پرێپۆزیشن بەکاربهێنرێت))، (Lakoff, 1987:425)، واتە کاتێك باس لە سەر لە هەر دەربڕینێکدا دەکرێت، وەك ئەوە وایە، کە لە سەر بە واتای پرێپۆزیشن بە کارهاتبێت، بەڵام مەرج نییە هەموو کات ئەمجۆرە بۆچوونە ڕاست بێت، چونکە لە ڕستەیەکی وەك:

١٦٠-لاقە بە سەر گردەکەدا سەیارە لێدەخوڕێت.

لێرەدا بەرکەوتن لە نێوان (TR/لاقە) و (LM/گردەکە)دا ڕوویداوە و بەر یەکتر کەوتوون، کە ئەمەش دژی ئەو بۆچوونەیە، کە پێیوایە لە وێنای وێنەیی لە سەرەوە (TR) و (LM) بەرکەوتن لە نێوانیاندا ڕوونادات، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت(لەسەر، بەسەر) هاوبەشیەکیان تێدا، کە بریتییە لەوەی هەردووکیان باسکردنە لە (سەر)، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازن چونکە (لە) کاتێك بە کاردێت، کە زیاتر مەبەست لە دەستپێکردنی سەرەتای پێواژۆکەیە، بەڵام (بە) زیاتر شوێن دەگەینێت، لەلایەکی ترەوە، کە گریمانە بۆ وێنای وێنەیی لە سەر دەکرێت، دەبێت گریمانەکە بە شێوەیەك بێت، کە بگونجێت، لەگەڵ ئەو وێناوێنەییە، کە بۆ وێناکە دەرمان بڕیووە، بۆ نموونە:

١٦١-کۆترەکە بە سەر سەربانەکەدا فڕی.

دەبێت کۆترەکە بە سەر بانەکەدا فڕی بێت، خۆ ئەگەر هاتوو کۆترەکە بە دەوری سەربانەکەدا خولایەوە، ئەو کاتە ناتوانرێت بە وێنای وێنەیی لە سەر دابنرێت، چونکە وێناوێنەییە فەزاییەکە لەگەڵ ئەو وێنەیەی، کە

پێدەربڕاوە گونجاو نابێت، واتە بە پێی بارودۆخەکە لە سەر گونجاوترە و لەگەڵ دیمەنەکەدا دەگونجێت، هەر لە سەر ئەم بنەمایەش، کە دەربڕینە زمانییەکانی لە سەر لە زماندا بە کاردەهێنرێن، بۆ نموونە:

١٦٢-قسەکەی لە سەر دڵم گرانە.

لەم کاتەدا لە سەر وەك وێنای وێنەیی فەزایی بە کارهاتووە، چونکە زۆربەی کەرەستەکانی تری ناو ڕستەکە بوونیان هەیە و بە شێوەی فیزیکی هەستیان پێدەکرێت، تەنها لە سەر نەبێت، کە ناتوانرێت هیچ بوونێك بەرانبەری دابنرێت، تەنها بە هۆی پەیوەندییە فەزاییەکانەوە درکی پێدەکرێت.

## ٢/٢-٣-٢-٢) داپۆشین (Covering)

کاتێك باس لە داپۆشین دەکرێت، مەبەست لێی ئەوەیە، کە ((جووڵەی (TR) لە سەرەوە و بە سەرانسەری (LM) هاوبەشی دەکات و دەجوڵێتەوە))، (Lakoff, 1987:427)، جوڵانەوەکەش بە شێوەیەکە، کە زۆربەی، یاخود سەرجەمی (LM) دیار نامێنێت و دادەپۆشرێت، بۆ نموونە:

١٦٣- تۆز لە سەر هەموو جەستەی بوو.

١٦٤-سوراویی بە هەموو لێویدا هێنابوو.

بە وردبوونەوە لە نموونەکان ئەوە دەبینرێت، کە هەستی داپۆشین تێیدا بە دیدەکرێت، لە نموونەی (١٦٣)دا بە واتای ئەوە دێت، کە هەموو جەستەی بووە بە تۆز، واتە تۆز سەرجەمی جەستەی داپۆشیووە، کە لەم نموونەیەدا تۆزکە بە واتای (TR) بەکارهاتووە و جەستەش بە واتای (LM) بەکارهاتووە، لە نموونەی (١٦٤)دا سوراو سەرجەمی لێوی داپۆشیووە، هەربۆیە کاتێك باس لە داپۆشین دەکرێت، پێویستە (TR) سەرجەمی (LM) بگرێتەوە، وەکو:

١٦٥-نیوەی زەوییەکەم کێلا.

لێرەدا نیوە بە واتای داپۆشین نایەت، چونکە سەرجەمی (LM) بە (TR) دانەپۆشراوە، زۆرجار ئەمەش لە وێناوێنەییە ئەبستراکتەکاندا دەبینرێت، بۆ نموونە کاتێك کچێك دەڵێت: (زۆرترین خۆشەویستیم بۆ دایکمە.) لەم کاتەدا چەمکی خۆشەویستی، وەك چەمکێکی ئەبستراکت ناتوانێت تەواوی خۆشەویستی بۆ دایك داپۆشێت، چونکە کاتێك باس لە داپۆشین دەکرێت، دەبێت (TR) سەرجەمی (LM) داپۆشی بێت، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو:

١٦٦-دڵم بەس تۆی تێدایە.

لێرەدا (تۆ) وەك (TR) سەرجەمی (LM)، کە بریتییە لە (دڵی من) بە تەواوەتی داپۆشیووە، چونکە تەنها یەك کەسی تێدایە و ئەو کەسەش هەمووی داپۆشیووە، لەمەشەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە لە هەستی داپۆشیندا ((هەموو (LM) بە تەواوەتی داپۆشراوە لە لایەن (TR) ەکەوە))، (Kristansen, Achard, Dirven, Ibanez, 2006:66)، بە هەمان شێوە ئەم وێناوێنەییە داپۆشینانە لە زمانەکەماندا هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە:

١٦٧-کێشەکان هەموو ژیانی دانایان داگیرکردووە.

لە نموونەی (١٦٧)دا کێشەکان بە واتای فەزایی سەرجەم ژیانی (دانا)یان داگیرکردووە، ڕاستە لێرەدا وشەی داپۆشین خۆی نەهاتووە، بەڵام لە ڕێگەی بەستنەوەی وێناوێنەیی فیزیکی داپۆشینەوە، درك بە واتا ئەبستراکتەکەی دەکرێت، چونکە هەموو ئەمانە ((بەشێوەیەکی باو وەك جۆرێك لە داپۆشین شیدەکرێنەوە))، (سەرچاوەی پێشوو، ٦٤)، زۆرجار وێنای وێنەیی داپۆشین دەرنابڕدرێت، بەڵام لە ئاوەزی ئاخێوەراندا بە شێوەی فەزایی درکی پێدەکرێت و لە کاتی دەربڕینەکاندا دەناسرێنەوە، وەك:

١٦٨- قسە مەکە، با هەڵەکانت دەرنەکەون.

لە نموونەی (١٦٨)دا قسەکان وەك (TR) سەرجەمی هەڵەکانی ئاخێوەریان داپۆشیووە، لەمەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە ((TR، LM دادەپۆشێت))، (Evans, Green, 2006:337) و وا دەکات، کە کەمتر دەربکەوێت.

## ٢/٢-٣-٢-٣)درێژیی/ ستونی (Vertical)

جوڵەی ستونی بریتییە لە جوڵە بە درێژایی هێڵێکی ڕاست، ئاڕاستەی جوڵەکەش بە شێوەیەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، کە پێیدەگوترێت وێنای وێنەیی دابەزین، یاخود دەکرێت بە پێچەوانەوە بێت، کە پێیدەگوترێت وێنای وێنەیی بەرەو سەرەوە، بەمپێیە بێت وێنای وێنەیی ستونی ڕاست ((شوێنی ڕادەی (ڕێژەیی) وەك بەرز/نزم و بەرز و خوارەوە بەشێکن لە وێناوێنەییەکە بە هەمان شێوە ئاڕاستەی ستونی و جوڵەی داینامیکی سەرەوە و خوارەوە بەشێکن لە وێناوێنەییەکە))، (Helblom, 2020:20)، کەواتە ئاڕاستەی ستونی بەشدارییەکی سەرەکی لە وێناوێنەییە فەزاییەکاندا دەکات، تەنانەت دەکرێت ستونی بۆ ئەو دەربڕینە تەندروستییانەی، کە شێوەیەکی ستونیان هەیە، بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە:

١٦٩-هەست دەکەم زەختم دابەزیووە.

لێرەدا دابەزین بە شێوەیەکی ستونی کاردەکات، واتە بە شێوەیەکی ستونی دابەزیووە و درێژبووەتەوە هاتوەتە خوارەوە، بەمشێوەیە وێنای وێنەیی ڕاست لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، هەربۆیە ((ئاڕاستەی ستونی، کە ئاڕاستەی ڕاست لە خۆ دەگرێت و دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕۆڵێکی ناوەندی لە زۆرێك لە وێناوێنەییەکانی تردا دەگێڕێت))، (سەرچاوەی پێشوو،٥٨)، بەمجۆرە وێنای وێنەیی ستونی لە زۆرێك لە وێنا فەزاییەکانی وەك (داپۆشین، سەر ...هتد)دا ڕەنگیداوەتەوە، چونکە لە هەریەکە لەوانەدا جۆرێك لە ستونی بوونی هەیە، ئەگەر سەرنج لە (LM) بدرێت، ئەوا چوار جۆری بنەڕەتی هەیە، کە بریتین لە(١- LM خاڵێکە، واتە نیشانەیەکە، کە پێکهاتەیەکی ناوخۆیی بێ بایەخە، تا ئەو کاتەی LM پەیوەندی بە وێناکەوە دەکات (واتە LM بە بێ TR گرنگ نییە)، ٢-LM درێژدەکرێتەوە، واتە هێماکە درێژدەبێتەوە بە سەر مەودایەك، یاخود ناوچەیەکدا، ٣- LM ستونییە بەو پێیەی بەرەو سەرەوە درێژدەبێتەوە،٤- LM هەم درێژکراوەیە، هەم ستونییە)، (Lakoff, 1987:420). ئەوەی پەیوەندی بە وێنای وێنەیی ستونییەوە هەیە، بریتییە لە خاڵی (٣، ٤) کاتێك دەگوترێت ستونییە و بەرەو سەرەوە درێژدەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە گردێك، یاخود شاخێك بدرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت بۆ سەرەوە درێژبووتەوە، لە خاڵی (٤)دا جگە لەوەی ستونییە پێویستە لە هەمانکاتیشدا درێژبێتەوە و لە خاڵێکدا ڕانەوەستێت. زۆرجار ئەو وێناوێنەییانەی، کە دروستدەبێت، دەکرێت زیاتر بە دوو شێوە بێت، ئەوانیش بەرکەوتن لە نێوان (LM) و (TR)دا، یاخود بەرنەکەوتن لە نێوانیاندا، واتە کاتێك دەگوترێت وێنای وێنەیی ستونی دریژکراوەی بەرکەوتنە، لەمکاتەدا بەرکەوتن لە نێوان (TR) و (LM)دا دروستبووە، واتە هەم ستونی درێژکراوەیە، هەم بەریەکتریش کەوتوون، بۆ نموونە:

١٧٠-ئاکۆ بە سەر کێشەکاندا سەرکەوت،

لە نموونەی (١٧٠)دا بەرکەوتن لە نێوان (ئاکۆ/TR) و (کێشەکاندا/LM) دروستبووە و بەریەکتر کەوتوون، یاخود کاتێك دەگوترێت:

١٧١- کاتی ئەوە هاتووە بەردەوامبم لە ئیشکردن.

لە نموونەی (١٧١)دا ڕێڕەوەکە بریتییە لە ژیان و بە شێوەیەکی ستونی درێژ بوەتەوە. هەرچەندە ژیان خۆی وەك کەرەستە لە ڕستەکەدا نەهاتووە، بەڵام لە ڕێگەی پەیپێبردنە فەزاییەکانمانەوە درکی پێدەکرێت، هەندێکجاریش دەکرێت ئاڕاستەی وێناوێنایی ستونی بەرەو خوارەوە بێت، بۆ نموونە:

١٧٢- لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە.

لە نموونەی (١٧٢)دا مرۆڤ بە شێوەیەکی ستونی هاتووەتە خوارەوە، کەواتە مەرج نییە هەموو کات ئاڕاستەکان بەرەو سەرەوە بن، دەکرێت وەك نموونەی (١٧٢) بەرەو خوارەوە درێژ بکرێنەوە، بەمشیوەیە ستونی لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا ڕەنگیداوەتەوە، هەربۆیەشە (Helblom) باوەڕیوایە، کە وێنای وێنەیی ستونی ((پێدەچێت یەکێك بێت لە سەرەتاییترین (کۆنترین) وێناوێنەییەکان، کە لە سەر بنەمای تەوەری ڕاست و چەپی مرۆڤ فێریدەبین))، (2020:58)، ئەگەر سەرنج لە جەستەی مرۆڤ بدرێت، ئەوا وەك تەوەرەیەکی ستونی درێژبووەتەوە لای ڕاست و چەپی هەیە، هەر لەوێشەوە فێری وێنای وێنەیی ستونی دەبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

١٧٣- ڕاستەوڕاست بۆی بکشێ.

واتە مەبەست لەوەیە، کە ڕێك بڕوات و ئەم لاو لا نەکات، وەك چۆن جەستەی خۆی بە ستونی هەڵکەوتووە.

## ٢/٢-٣-٢-٤) بەریەککەوتن (Contact)

کاتێك باس لە بەرکەوتن دەکرێت، پێویستە ئەوە بهێنینەوە بیری خۆمان، کە دوو کەرەستە، یان زیاتر بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستبووە، واتە دووکەرەستە دەکرێت جیاوازبن، بەڵام بە هۆی بەرکەوتنەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە و پەیوەندییان دروستکردووە، بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت ئەو دوو کوڕە چی یەکترن و چی هۆکارێك بە یەکترەوەیان دەبەستێتەوە؟، دەگوترێت بران، لێرەدا چەمکی فەزایی برا وەك بەرکەوتن (پەیوەندی) کاردەکات و دوو کەس بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، یاخو کاتێك دەگوترێت:

١٧٤-سەروخوارم لێگرت.

لە نموونەی (١٧٤)دا وشەی (لێگرت) دوو وشەی فەزایی سەر و خواری بە یەکترەوە بەستووەتەوە، لەم ڕوونکردنەوەیەوە ئەو دروستدەبێت و درکی پێدەکرێت، کە بەرکەوتن وەك وێنای وێنەیی کاتێك دروستدەبێت، کە دوو کەرەستە لە خۆبگرێت و بە یەکترەوەیان ببەستێتەوە، بۆ نموونە:

١٧٥- قاپەکان لە سەر مێزەکەن.

لەم کاتەدا پەیوەندی لە نێوان (قاپەکان) و (سەرمێزەکەدا) دروستبووە، بە یەکترەوە بەستراونەتەوە، بەریەککەوتن بە شێوەیەکی زۆر بڵاو لە وێناوێنەییەکاندا بڵاوبووەتەوە دەتوانرێت بگوترێت ((گشتیترین وێنای وێنەییە، کە تێدا دوو تەن پەیوەندییەکی فیزیکیان بەیەکەوە هەیە))، (Helblom, 2020:88)، یاخود دەکرێت پەیوەندییەکە لە نێوان دوو کەرەستەی ئەبستراکتدا بێت، لە نموونەی (١٧٦)دا زیاتر ڕووندەبێتەوە:

١٧٦- سۆز و خۆشەویستی من و تۆی بەیەکەوە گرێداوە.

لێرەدا سۆز و خۆشەویستی وەك بابەتێکی ئەبستراکت لەگەڵ یەك کاریانکردووە بۆ ئەوەی دوو کەس بە یەکەوە ببەستێتەوە، کەواتە بەریەککەوتن زیاتر هۆکاری بەستنەوەی نێوان شتەکانە لە فەزادا.

## ٢/٢-٣-٢-٥) سەرانسەر (Across)

هەندێکجار هەستە ناوەندییەکانی (لەسەر) دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەردوو وێنای وێنەیی سەرانسەر و لەسەر بەرانبەر یەکتر بوەستنەوە و تێکەڵ بن، لەم کاتەدا (TR)وەك ڕێڕەوەێك بە سەرانسەر (LM)دا دەجووڵێت، لە لایەکەوە بۆ لاکەی تر دەچێت، لەم کاتەدا وێنای وێنەیی سەرانسەر بریتی دەبێت لەوەی، کە ((وێنای TR هاوتەریب بێت لەگەڵ LM دا))، (Hampe, 2005:203)، بۆ نموونە:

١٧٧-دینە بە درێژایی جێگاکە ڕاکشابوو.

لێرەد دینە، کە ڕۆڵی (TR) دەبینێت بەشێوەیەکی درێژ و هاوتەریب لەگەڵ جێگاکەدا، کە ڕۆڵی(LM) دەبینێت ڕاکشاوە، یاخود هەندێکجار دەکرێت وێنای وێنەی سەرانسەر بەشێوەیەکی ئەبستراکت دەربکەوێت و لە زماندا بە کاربهێنرێت، بۆ نموونە:

١٧٨- بە سەرانسەری/بەسەرهەموو کێشەکانیدا سەرکەوت.

لێرەدا سەرانسەر/هەموو وەك (TR) دەرکەوتووە، کە بە سەر سەرجەم کێشەکاندا ڕۆشتووە. هەرچەندە لێرەدا سەرانسەر/هەموو ئەبستراکتە و دیاریکراو نییە، بەڵام لە ئاوەزماندا درکی پێدەکرێت، هەندێکجاری تر دەکرێت سەرانسەر بە واتای لە سەر (over) بێت، وەك لەم نموونەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٧٩-بەسەر پردەکەدا تێدەپەڕێت.


لەم کاتەدا بە سەر سەرجەم پردەکەدا پەڕیووەتەوە و ڕێرەوەی ئاسۆیی بوونی هەیە، بەشێوەیەکی فراوان (لەسەر) لەگەڵ ڕێڕەوە درێژەکاندا بە کاردێت، هەر لەم ڕوانگەیەوە (لاکۆف) کۆمەڵێك وێنای وێنەیی تر نیشاندەدات، کە پەیوەندییان بە ناوەندەوە هەیە، کە یەکێك لەو وێناوێنەییانە سەرانسەرە. ئەمەش پەیوەستە بە گرنگی و پەرەپێدانی زانیاری زیاتر لەسەر (LM) و بوونی پەیوەندییە لە نێوان (TR) و (LM)دا، بۆ نموونە: ((دەتوانرێت لاندمارك درێژ بکرێتەوە، ئەمەش بە واتایی ئەوە دێت، کە تراجیکتۆر لە سەرانسەری لاندمارکدا درێژدەکرێتەوە))، (Evans, Green, 2006:334)، بۆ نموونە:

١٨٠- باڵندەیەك بە سەر ماڵەکەدا فڕی.

لێرەدا باڵندەکە وەك (TR) سەرانسەری ماڵەکەی گرتووە و بە سەریدا فڕیووە، واتە (TR) (باڵندەکە) بە درێژایی (LM)دا (ماڵەکەدا) درێژبووەتەوە.

## ٢/٢-٣-٢-٦) درێژی (Length)

یەکێکی تر لەو وێناوێنەییانەی، کە (جۆرج لاکۆف) جەختی لێکردووەتەوە، بریتییە لە وێناوێنەیی درێژی، کە لەمجۆرە وێناوێنەییەدا (TR) زیاتر بە سەر (LM)دا درێژدەبێتەوە، بۆ نموونە کاتێك کەسێك بە درێژکراوەی بە سەر گردێکدا سەر دەکەوێت، لەم کاتەدا (TR) درێژکراوەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم هێڵکاری خوارەوە بدرێت:




**هێڵکاری ژمارە(٥)**
**وێنای وێنەیی درێژی**

ئەگەر سەرنج لە وێنەکەدا بدرێت، دەبینرێت، کە (TR) بە شێوەیەک درێژبووەتەوە، کە (LM)ی لە هەردوو سەرەوە بڕیوە، بە واتایەکی تر ((لێرەدا ئەگەر سەرنج لە TR بدرێت، ئەوا بە درێژایی ڕێڕەوێك درێژبووەتەوە بە بێ ئەوەی هیچ بەرکەوتنێکی لەگەڵ LM دا هەبێت، کەواتە ئەم وێناوێنەییە هێمایەکی (TR) درێژکراوەی هەیە و ئاماژە بە جووڵەی دەکات لە سەرەوە بە سەر LMدا))، (Evans, Green, 2006:425)، نموونەکانی (١٧٧، ١٧٨) مەبەستەکە زیاتر دەخەنەڕوو:

١٨١- فڕۆکەکانی تورکیا سنوری عێراقیان بەزاند.

١٨٢-قسەکەت زیاد لە حەدی خۆی درێژکردەوە.

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٨١) بدرێت، فڕۆکەکان (TR) و سنوری عێراق (LM)، فڕۆکەکان زیاتر فڕیوون، بە جۆرێك سنوری (LM) تێپەڕاندووە، لە نموونەی (١٨٢)دا قسەکردن لە سەر بابەتێك، کە وەك (TR) ڕۆڵدەبینێت، زۆر زیاتر لە سنوری بابەتەکە درێژبووەتەوە، واتە لەم کاتەدا (TR) سنوری (LM) تێپەڕاندووە و درێژتر بووەتەوە.

## ٢/٢-٤) پەیپێبردنەکانی (ڕودۆڵف ئارنهایم – Ridolf Arnheim) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا

ئارنهایم یەکێکە لەو زانایانەی، کە کاری لە وێناوێنەییەکاندا کردووە، کارکردنی ئەو زیاتر لە سەر بنەمای شتە بینراوەکان بووە، واتە سەرەتا مرۆڤ کەرەستەکان لە ڕێگەی بینینەوە، ئەزموون دەکات و درکیان پێدەکات دواتر ئەمانە بۆ وێنای وێنەیی دەگۆڕێت، (مرۆڤ دەتوانێت زۆر شت لە بارەی پەیوەندی یادگە و درکپێکردنەوە بڵێت، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ببێتەوە، کە خودی یادگە خۆی چییە؟، بۆ نموونە کاتێك سەردانی باخچەی ئاژەڵان دەکرێت و لە قەفەزی مەیموونەکان نزیك دەبیتەوە، شێوەی ئاژەڵەکە بەراورد دەکەیت، لەگەڵ تێگەیشتنی بینراوی خۆی بۆ مەیموون، بەم شێوەیە بۆت دەردەکەوێت، کەچی دەبینیت)، ( Arnheim, 1969:97)، هەربۆیە ئەوەی لە یادگەیدا هەیە، کاریگەری لە سەر هەستەکانی لە ئێستادا هەیە، چونکە ئەگەر داوامان لێبکرێت، وێنای وێنەیی ئاژەڵێك ڕوونبکەینەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ بۆ ئەو وێناوێنەییەیی دەگەڕێینەوە، کە لە ئاوەزماندایە و لە یادگەماندا هەڵمانگرتووە، بەو شێوەیە وێنەکەی دەکەین. ئەمەش کاتێك دروستدەبێت، کە پێشتر مامەڵمان لەگەڵ کەرەستەکەدا کردبێت و بەرهەستەکانمان کەوتبێت و بە چەمکمان کردبێت. لێرەدا هەوڵدەدەین لە هەندێك لەو وێناوێنەییانە بدوێین، کە (ئارنهایم) کاری لە سەرکردوون، ئەوانیش بریتین لە:

### ٢/٢-٤-١)هاوسەنگی

ئەگەر خاڵێك لە ناوەڕاستی کاغەزەکەماندا بکێشرێت، هەر بە چاوماندا دەتوانین تێبگەین، کە هاوسەنگە، یاخود نا، چونکە کە سەرنجی لاکانی کاغەزەکە و خاڵەکە دەدەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە کوێدا و بە کام لادا ناهاوسەنگە، هەر بۆیە لێرەدا بە جیاجیا سەیری خاڵەکە و وەرەقەکە ناکەین، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی سەیری دەکەین. ئەمەش پەیوەندی فەزایی ئەوانە لە ناو گشتێکدا، ئەمە بە زۆری لە ئەزموون و درکپێکردنەکانەوە سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە:

١٨٣-ئەم چایە تاڵترە لەوەی پێشووتر.

١٨٤-هونەرمەندەکە لە ئاوازەکە لایدا.

لە نموونەی (١٨٣)دا مەبەست لەوەیە لە چاو دووەمدا هاوسەنگی تێکچووە، واتە لە بری ئەوەی تامەکەی وەك چاکەی پێشووتر بێت، بەڵام تامەکەی گۆڕدراوە، لە نموونەی (١٨٤)یشدا وێنای وێنەیی هاوسەنگی لەو کاتەدا دروستدەبێت، کە هونەرمەندەکە بەهەمان ئاوازدا بڕوات، بەڵام دیارە لێرەدا لایداوە و هاوسەنگی تێکچووە، کەواتە هەر لادانێك دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ناهاوسەنگی دروست بکات، ڕەنگە لە بواری بینیندا ((زۆر شتی تر هەبێت، لەوەی بەر تۆڕی چاو دەکەون و کاریگەریان لە سەر چاو هەیە بۆ نموونە وەك پێکهاتە و وروژێنەر))، (Arnheim, 1997:12)، بۆ نموونە زۆرجار لە کاتی دروستکردنی خانوێکدا، ئەندازیارەکە بە دوای مەودایەکی گونجاودا دەگەڕێت بۆ ئەوەی، کە پەنجەرە و دەرگاکەی لە کوێی خانووەکەدا دروست بکات، چونکە ئەمەش جۆرێکە لە هاوسەنگی، لەبەرئەوەی دەرگا و پەنجەرەکە لە شوێنی خۆیدا نەبێت، شێوەیەکی ناشیرین بە خانووکە دەدەن و هاوسەنگی خانووەکە لە ڕووی شێوەوە تێکدەچێت، ئەگەر سەرنج لە زمانیش بدرێت، دەبینرێت، کە هەمان وێنای وێنەیی ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە:

١٨٥-قسە لە شوێنی خۆیدا بکە.

لە شوێنی خۆیدا بە واتای ئەوە دێت، کە هاوسەنگی قسەکانت ڕاگرە، کەواتە هەروەك چۆن لە تەلارسازیدا کەرەستە بینراوەکان کاریگەری بەرچاوییان لە هاوسەنگ کردنی تەنەکاندا هەبوو. لێرەشدا گوێیەکان و درکپێکردنەکان کاریگەرییان لە سەر هاوسەنگی دەربڕینەکان هەیە، لە لایەکی ترەوە لە وێناوێنەییە بینراوەکاندا ڕاست و چەپ، سەر و خوار، کاریگەریان لەسەر هاوسەنگی تەنەکان هەیە، بە هەمانشیوە لە زمانیشدا هەمان دیاردە هەستپێدەکرێت، بۆ نموونە:

١٨٦- قسەکانت لە شوێنی خۆیدا نەبوو.

مەبەست لەوەیە ئەو شتەی، کە گوتراوە بۆ ئەو دەوروبەرە زمانیی و کۆمەڵایەتییە گونجاو نەبوو. ئەمە جگە لەوەی، کە خاڵەکە لە هەرشوێنێکدا بێت، کاریگەری هێزەکانی لەسەر دەبێت، بۆیە باشترین شوێن بۆ هاوسەنگی هێزەکان بریتی دەبێت، لە ناوەندی کەرەستەکان، چونکە لەو شوێنەدا ((هەموو هێزەکان هاوسەنگن لەگەڵ یەکتریدا))، (سەرچاوەی پێشوو، ١٤)، بۆ نموونە لە کاتی سەرکەوتنی بەلەمێکدا پێویستە سەوڵەکان بە شێوەیەك لێبدرێت، کە هاوسەنگی بەلەمەکە و ئاوەکە بپارێزێت، یاخود کاتێك دەگوترێت:

١٨٧-لە سەرخۆ قسە بکە نە توندبە، نە خاوبە.

واتە مەبەست لەوەیە، با قسەکان لە نێوان خێرایی و خاویدا هاوسەنگ بن و نەکەوێتە ژێر کاریگەری هێزەکانی خاوی و خێراییەوە، لە هەندێك کاتدا ((هەستکردن و بیرکردنەوە بە شێوەیەکی دابەش نەکراو لەگەڵ یەکتردا تێکەڵدەبن))، (Arnheim, 1969:7). ئەمەش کاریگەری لە سەر خودی هاوسەنگی هەیە، بۆ نموونە کاتێك هونەرمەندێك، یاخود شێوەکارێك وێنەیەك دەکێشێت، هەستکردن و بیرکردنەوەی تێکەڵ بە کارەکەی دەکات، لە پێناو ئەوەی وێنەیەکی هاوسەنگ و جوان دەربچێت، کە زۆرجار ئەمانە زیاتر لە ڕێگەی هەستەکانەوە بۆ چاو، یاخود گوێ دەنوێنرێن، هەروەها کاتێك باسی هاوسەنگی دەکرێت، ئەوەمان دێتەوە یاد، کە دوو تەن بە ئاراستەیکی جیاوازدا بسوڕێن بە جۆرێك لە ناوەندێکدا پێویستیان بە هاوسەنگی هەبێت، هەرچەندە لە هەندێك کاتدا مەرج نییە هاوسەنگی فیزیکی یەکسان بێت بەو هاوسەنگییەی، کە دەبینرێت، بۆ نموونە سەماکەرێك، کە لە سەر یەك قاچ وەستاوە و سەما دەکات دەبینرێت، کە هاوسەنگە، چونکە ئەگەر هاوسەنگ نەبێت دەکەوێت، بەڵام لە ڕووی دەروونیەوە پێویستی بە دوو قاچە بۆ ئەوەی هاوسەنگ بێت، هەربۆیە ((مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیدا هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان جەستەیی و دەروونیدا یەکسان بکات))، (Arnheim, 1997:36)، بۆ ئەوەی بتوانێت بە کەمترین کێشە ژیان بە ڕێبکات.

## ٢-٤-٢/٢) شێوە (Shape)

یەکێکی تر لەو وێناوێنەییانەی، کە (ئارنهایم) باسی لێوەدەکات، بریتییە لە شێوەی کەرەستەکان، باوەڕیوایە ((لە بنەڕەتدا ئاراستەکردن لە شوێنێکی ئاشنادا تەنها پێویستی بە کەمترین ئاماژە هەیە))، (Arnheim, 1997:42)، واتە کاتێك ئاخێوەرێك قسەیەك دەکات، ئەگەر گوێگر پێشتر ئەو قسەییەی ئەزموونکردبێت، لە ڕێگەی درکپێکردنەکانییەوە لە قسەکە تێدەگات، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنج لەم نموونەیە بدرێت:

١٨٨-لە قسەی کەلاری دەچێت.

کەواتە لێرەدا وێنای وێنەیی شێوەی بە کارهێناوە بۆ پێوانەکردنی ناسینەوەی کەسەکان. ئەمەش وەك ئەوە وایە، منداڵێك فێربکرێت لە قاپێکی چوار گۆشەدا نان بخوات، دواتر ئەگەر قاپەکە ڕەنگەکەی گۆڕدرا، بەڵام شێوەکەی هەر وك خۆی مایەوە، ئەوا منداڵەکە نانی تێدا دەخوات، چونکە چەمکی چوارگۆشەیی لە ئاوەزیدا بە چەمکردووە، هەرچەندە قەبارەکەشی بگۆڕدرێت، واتە گەورە، یاخود بچوك بکرێتەوە، هەر دەیناسێتەوە، هەر ((لە سەر بنەمای دیاردەناسی و فیزیای چەمکی هێزە بینراوەکانی وروژاندن بانگەشەی ئەوەی کرد، کە کارلێکی نێوان هەر بەشێکی وێنەکە تێگەیشتنی مرۆڤ پێکدەهێنێت))، (wan.ting.yn, 2018:75)، بۆ ئەوەی لە شتە بینراوەکان

تێبگەین، پێویستە پێشتر شتە فیزیکییەکان ئەزموونکرابێت و بینرابێت لە هەر بەشێکی وێنەکەدا بینرا بێت، تەنها دەتوانرێت لێکدانەوە بۆ ئەو بەشە بکرێت.

## ٢/٢-٤-٣)فۆرم (Form)

زۆرجار فۆرمی کەرەستەکان بڕیار لە سەر ئەوە دەدات، کە چ فۆرمێك بۆ چ وێنایەك گونجاوە، بۆ نموونە ئایا دەکرێت لە قاپێکی برنجدا، چا بخورێتەوە، یاخود لە ناو پیاڵەیەکدا برنج بخورێت؟، کەواتە فۆرم هۆکارێکی گرنگە، کەوامان لێدەکات پرسیار لە سەر کەرەستەکان و ناوەڕۆکەکەی بکەین، بۆ نموونە:
١٨٩-بە فۆرمەکەدا تێدەگەم، کە چیت مەبەستە.
واتە لێرەدا وێنای وێنەیی فۆرمی ئاخێوەر بووەتە ناوەڕۆکی قسەکە، هەربۆیەش گوتراوە ((فۆرم شێوەی بینراوی ناوەڕۆکە))، (Arnheim, 1997:96). تەنانەت ئەم وێناوێنەییە لە ژیانی ڕۆژانەماندا درکی پێدەکرێت، بۆ نموونە زۆرجار کەسێك بە جوانی خۆی گۆڕیووە، یەکسەر پێدەگوترێت:
١٩٠-چیە ئەمڕۆ دڵت خۆشە!؟
کەواتە فۆرمی کەسەکە بووەتە هۆی ئەوەی، کە ناوەڕۆکەکەی بخوێنرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی فۆرم بە دوو شێوە هەستی پێدەکرێت:
((١- هەموو پارچەیەکی فۆرمێك وەك جۆرێك لە فۆرمەکە دەبینرێت.
٢-هەر جۆرێکی فۆرم وەك فۆرمی تەواوی تەنەکە دەبینرێت))، (سەرچاوەی پێشوو، ٩٦)، بۆ نموونە (مریشك) هەموو جۆرەکانی وەك مریشك دەبینرێت، لە هەمان کاتدا هەر جۆرێکی (مریشکەکان) وەك فۆرمێکی تەواوی مریشك درکی پێدەکرێت.

## ٢/٢-٥) پەیپێبردنەکانی (تیم ڕۆهرەر-Tim Rohrer) لە وێنای وێنەیی زمانی کوردیدا

(ڕۆهرەر)یش یەکێکی تر بووە لەو زانایانەی، کە کاری لەسە وێناوێنەیی کردووە، ئەم زانایە زیاتر لە ڕووانگەی دەمارییەوە لە وێناوێنەییەکانی کۆڵیوەتەوە، ئەو ((گرنگی دان بە مێشك (Brain) وەك بوونێکی بایۆلۆژی ئۆرگانێك، کە گەشە دەکات، وەك ئەوەی زیندەوەرەکانی تر گەشە دەکەن، بنچینەیەکە بۆ تیۆرێکی دەماری جێی متمانە (قایلکەر)، کە چۆن وێناوێنەییەکان زمان پێکدەهێنن))، (Rohrer, 2005:1)، کەواتە بە باوەڕی (ڕۆهرەر) وێناوێنەییەکان تیۆرێکی دەمارییە و لەوێوە دروستدەبن، هەربۆیە جوڵە هەستیارییەکان پێویستن، بۆ تێگەیشتن لە زاراوە و دەربڕینەکان، هەر لە ڕوانگەی زانستی دەمارییەوە ((پڕۆسێسکردنی تەنە جووڵاوەکان بایەخبەندی/ئەولەویەتی بەرزتری لە پڕۆسێسکرنی تەنە جێگیرەکاندا هەیە))، (Hedbolm, 2020:63)، (ڕۆهرەر) باوەڕوایە، کە وێناوێنەییانەیەکان یەکێکە لەو کەرەستانەی، کە هەر لەسەرەتای تەمەنی مرۆڤەوە لە ڕێگەی هەستەکانەوە فێریان دەبین و درکیان پێدەکەین، چونکە ئەوانە زیاتر لە بەردەماندا دەجوڵێن و بەردەوام لەگەڵماندان دواتر ئەمانە لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە، چونکە ((پێکهاتەی زمانەوانی ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئاوەزە))، ( Kristansen, Achard, Dirven, Ibanez, 2006:120)، هەربۆیە ئەو وێناوێنەییانەی، کە لە سەرەتای تەمەندا ئەزموون دەکرێن، وەك پێکهاتەیەك دەبن بۆ چەمکەکان و زمان زیاتر کەڵك لە وێناوێنەییە فەزایی و بینراو و دەروونییەکان وەردەگرێت، ((بۆ مرۆڤ وێناوێنەییەکانی ئەزموون هێندە بەردەوام و قوڵن، کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە سیستەمی دەمارەکانماندا نموونەیان هەبێت))، (Rohrer, 2005:3)، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج لە وێنای وێنەیی (سەر) بدرێت، دەکرێت بە دوو شێوە درکی پێبکرێت:
٢٠٠-مێشەکە بە سەرمدا خولایەوە. (لە سەر)
٢٠١-لە سەر سەر دەخوولێمەوە. (ئیدیۆم)

کەواتە ئەم وێناوێنەییانە بۆ سەرەتای ئەزموونەکانی مرۆڤ لە منداڵیدا دەگەڕێنەوە، واتە مرۆڤ ئەو کاتەی یەکەم وشەی بە چەمککردووە و لە ئاوەزیدا دایکردوو.

بە باوەڕی (ڕۆهرەر) (منداڵ لە سەرەتادا ڕەنگە وێنای وێنەیی (ڕێڕەو–path) زووتر لە وێناوێنەییەکانی تر فێرببێت، چونکە بە تەواوی ئاگاداری جووڵە و ڕێڕەوەی کەرەستەکانە و لە بەرچاویدان، دواتر منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵیدا فێری وێنای وێنەیی ئاڵۆزتر دەبێت وەك وێنای وێنەیی (سەرچاوە–ڕێڕەو– ئامانج--soyrce-path gaol) دەبێت، لە تەمەنی (٥) مانگیدا منداڵ دەتوانێت، ئاگاداری ئەو دەستە بێت، کە دەستی بۆ ڕادەکێشێت و بەرەو چ ئاڕاستەیەکی دەبات، پاشان لە تەمەنی (٩) مانگیدا دەتوانێت جیاوازی لە نێوان دەستێك کەرەستەیەك دەگرێت و دەستێك لە سەری وەستاوە بکات، دواتر لە تەمەنی (١٢) مانگیدا دەتوانێت جیاوازی لە نێوان وێناوێنەییەکاندا بکات و هەستیان پێبکات)، (سەرچاوەی پێشوو، ١٠)، بەمپێیە بێت وێناوێنەییەکان بە پێی تەمەنی مرۆڤ دەگۆڕدرێت و هەستکردنیش بۆیان جیاواز دەبێت.

(ڕوهرەر)یش زیاتر باس لە دوو وێنای وێنەیی دەکات، کە بریتین لە:

## ٢/٢-٥-١)وێنای وێنەیی نەرم و زبر(Smoth-Roucoh)

یەکێك لەو وێناوێنەییانەی (ڕۆهرەر) جەختی لە سەر دەکاتەوە و باسیکردووە، بریتییە لە وێناوێنەیی (نەرم و زبر)، کە ئەم وێناوێنەییە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە درکی پێدەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر منداڵێك چاوی داپۆشیت و لە باوەشی دایکیدا دایبنێیت، پاشان ڕێگەی پێبدرێت دەست بۆ مەمکی دایکی و مەمکە مژەیەك ببات، ئەوا ڕاستەوخۆ سەری بۆ لای مەمکی دایکی دەبات، چونکە نەرمترە، کە ئەمەش بە هۆی ئەزموونەکانییەوە درکی بەوە کردووە، کامە مەمکی دایکێتی و کامە مەمکە مژەیە، یاخود کاتێك لە ڕۆژێکی بەفراوی زستاندا لە ماڵەوە دەتەوێت بچیتە دەرەوە، کە وێنەی بەفرەکە دەبینیت، یەکسەر درك بەوە دەکەیت، کە سافە، لەم کاتەدا هەست بەو گۆڕانکاریانە دەکەیت، کە بەسەر جەستەدا دێت، چونکە دەبێت خۆت ئامادە بکەیت بۆ تەنێکی ساف و نەرم، ئەمەش لە پێناو پاراستنی هاوسەنگیدا، یاخود کاتێك لە سەر فەرشێکی نەرمەوە دێیتە سەر کاشییەك لە ڕێگەی پێیەکانمانەوە هەست بە نەرمی فەرشەکە و ڕەقی کاشییەکان دەکەین. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕینی تایبەتمەندییە فیزیکییەکان بۆ تایبەتمەدنی چالاککردنی نەخشەی دەماری دەستلێدان، واتە کاتێك بە فیزیکی دەست لە شتەکان دەدرێت، یەکسەر لە ڕووی فیزیکییەوە درك بە تایبەتمەندی ئەو شتە دەکرێت. هەمان وێنای وێنەیی لە زمانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە:

٢٠٢-بە خوا قسەکانت زبر و ناخۆشن.

٢٠٣-ئاکۆ زۆر بە نەرمی قسە دەکات.

لە نموونەی (٢٠٢)دا مەبەست لە کەسێکە، کە قسەکانی ڕەق و ناخۆش بن، بەڵام لە نموونەی (٢٠٣)دا بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، واتە کەسێکی قسە خۆشە و نەرم قسە دەکات.

## ٢/٢-٥-٢)ڕاست (Straight)

زۆرجار بۆ ئەو کەرەستە و دەربڕینانەی، کە ڕاستن بە کاردێت و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەگەڵ ئیش و کارەکانمان دەڕوات. تەنانەت لە تێگەیشتن و کاری کۆمەڵایەتیماندا، هەربۆیە دەتوانرێت وێنای وێنەیی ڕاست لە ئەزموونی جوڵەی جەستەوە بدۆزرێتەوە، بۆ نموونە خواردنی چایەك و گرتنی بە دەستێك و بردنی بۆ دەممان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەبینرێت. بەمجۆرەش کاتێکی کەمتری پێویستە، وەك ئەوەی بە هێڵێکی پێچەوانەدا بڕوات، واتە لە دەستێکەوە بدرێت بە دەستەکەی تر و پاشان بەرز بکرێتەوە و دواتر بە دەم بگەیەنرێت، تەنانەت زۆرجار ڕێڕەو بە هێڵێکی ڕاست ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە ئەمەش ئاماژەییە بۆ ئەوەی، کە ڕێڕەو ڕاستە، کەواتە ((وەستان

بە شێوەیەکی ڕاست ئەزموونێکی دووبارە بۆوەی جەستەیە، کە بە شێوەیەکی جۆراو جۆر جەستە ڕێکدەخرێت، کە دەبێتە بنەڕەت بۆ بنیاتنانی چەندین وێنای وێنەیی))، (Hampe, 2005:117)، بە جۆرێك، کە ئەم وێناوێنەییانە بەردەوام لە وەستانی ڕاست و هێزکردنی بەردەوامدان، کارکردنی لە سەر ئەو بنەمایەی، کە وێنای وێنەیی لە ئەنجامی ئەزموونی دووبارەبووەوە سەرهەڵدەدات ((پێویستی بەوە هەیە، کە ئاماژە بەو ڕۆڵە تایبەتانە بدرێت، کە هێڵە ڕاستەکان لە تێگەیشتنی بینراودا دەیگێڕن))، (Cienki, 1998:108)، لەم ڕوانگەیەوە هێڵە ڕاستەکان زیاتر لە هێڵەکانی تر (لار و خولاوەکان) هەستیان پێدەکرێت، ئەگەر سەرنج لە هێڵە ڕاستەکان بدرێت، لە هەر ڕوانگەیەکەوە بێت، ئەوا هەر بە شێوەی ڕاست دێتە پێش چاو، هێڵە لار و چەوتەکانیش بە هەمان شێوە، واتە بە شێوەی لار و چەوت دەبینرێت، لە زمانیش هەمان وێنای وێنەیی تێدا بە دەبینرێت، بۆ نموونە:

٢٠٤-ڕاستەوخۆ تەلەفۆنی بۆ بکە.

٢٠٥-ڕاستەوخۆ شتەکانی پێگوت.

لە نموونەکانی (٢٠٤، ٢٠٥)دا مەبەست لەوەیە، کە ڕاستە و ڕاست کەرەستەکان بڵێت، واتە وەك چۆن هێڵێکی ڕاست هەیە، با قسەکانیش بەهەمان شێوە بێت، بەڵام دەکرێت هەندێکجار تەنێك بێتە بەردەم هێڵەکە و ڕاستە و ڕاستەکە تێکبدات، بۆ نموونە:

٢٠٦- بە بێ پێچ و پەنا ڕاستەخۆ قسەکانتم پێبڵێ.

لێرەدا (پێچ وپەنا) بووەتە بەربەست لە گەیاندنی قسەکان بە گوێگر بە شێوەیەکی ڕاست، واتە هێڵەکە ئەگەری خراوەتە بەردەم و ڕاستەوخۆ نەگەشتووەتە ئەنجام. هەندێکجار ڕاست وەك بەرکەوتنێکی دەروونی دێتە پێش چاو، بۆ نموونە:

٢٠٧-ڕاستەوخۆ چاو ببڕە چاوم.

زۆرجار ئەم دەربڕینە وەك دەربڕینی بەرکەوتنی دەروونی دادەنرێت، تەنانەت زۆر جار ئەم دەربڕاوە بەوە لێکدراوەتەوە، کە کەسێك ڕاستی دەڵێت، یاخود نا، هەر بۆیە دەکرێت ((ڕاستبوون بە بەردەوامی لە ڕێگەی چالاکی ماسولکەکانەوە ئەزموون بکرێت و درکی پێبکرێت))، (سەرچاوەی پێشوو، ١١١)، وەك چۆن لە نموونەی پێشوودا(٢٠٧) بینرا، تەنانەت نەخۆش کەوتنی ئەندامێکی جەستە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕاستی جەستە تێکبچێت، هەر نەخۆشیەکی جەستە ناهاوسەنگی لە جەستەدا دروستدەکات.

ئەگەر لە دید و بۆچوونی هەر چوار زاناکە سەبارەت بۆ وێناوێنەییەکان بڕوانین، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تێڕوانینیان، تا ڕادەیەك جیاوازە و ئەگەر چی لە هەندێك لە وێناوێنەییەکاندا بۆچوونەکانیان لە یەکتریشەوە نزیکە، تێڕوانین (مارك جۆنسۆن)، جەختی سەرەکی لە سەر جەستەیە، واتە باوەڕیوایە مرۆڤ سەرەتا لە ڕێگەی جەستەیەوە درك بە وێناوێنەییەکان دەکات و دواتر بۆ زمان دەیانگوازێتەوە، بەڵام تێڕوانینەکانی (لاکۆف) ئەگەر چی گرنگی بە هەستەکانی مرۆڤ دەدات، بەڵام تیشکۆی ئەم زیاتر لە سەر ئەزموونی مرۆڤە، واتە مرۆڤ تا ئەزموونی ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی نەکات، ناتوانێت وێنای وێنەییان بۆ دروستبکات، ئەگەر لە دید و تێڕوانینەکانی (ئارنهایم)شەوە لە وێناوێنەییەکان بڕوانین، ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە، ئەم زانایە زیاتر لە ڕوانگەی هەستی بینینەوە لە وێناوێنەییەکانی ڕوانییووە، بە واتایەکی تر تیشکۆی ئەم زیاتر لە سەر بینینی کەرەستەکان بووە و دواتر ئەمانە گوازراونەتەوە بۆ ئاوەز و پاشان وێناوێنەیی جیاواز دروستبووە، بۆچوونە دەروونیەکانیش زیاتر لە کارەکانی (ڕۆهرەر) دەبینرێت. لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە وێناوێنەییەکانی هەر چوار زاناکە بڕوانرێت، ئەوا لە هەندێك لە وێنا وێنەییەکاندا خاڵی هاوبەش بە دیدەکرێت، بەڵام ناتوانرێت بگوترێت، کە لای هەر چواریان سەد لە سەد هەمان وێنای وێنەییە، یاخود لە نێوان دوو زانایاندا، بۆ نموونە وێنای وێنەی (ڕێڕەو لای جۆنسۆن)، لەگەڵ وێنای وێنەی (ڕێڕەوی یەك ڕەهەندی لای لاکۆف) هەروەها وێنای وێنەی (ڕاست لای ڕۆهرەر)، تا ڕادەیەك

لە یەکترەوە نزیکن، چونکە لای هەر سێکیان باسکردنە لەو وێناوێنەیانەی، کە بە هۆی ڕێڕەوەوە دروستدەبن، بۆ نموونە:

٢٠٨-ئاکام ڕاستەوخۆ بە هەڵەکانیدا چوویەوە، بۆ ئەوە خۆی ڕاست بکاتەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی (جۆنسۆن)ەوە لەم نموونەیە بڕوانین، ئەوە هەڵەکان وەك کەرەستەیەکی فیزیکی وان، کە ڕێڕەوێکی هەبێت. ئەم ڕێڕەوە ئامانجێکی هەیە، کە بریتییە لە ڕاستکردنەوە، بەڵام لەڕوانگەی بۆچوونی (لاکۆف) سەرنج لە نموونەی (٢٠٨) بدرێت، ئەوە بۆمان دردەکەوێت، کە (ئاکام) ڕۆڵی (TR) بینییووە، بە سەر هەڵەکانیدا، کە وەك (LM) دەرکەوتووە، چووەتەوە، بۆئەوەی خۆی چاك بکات، تیشکۆی خاڵی کۆتایش لە سەر ڕاستکردنەوەکەیەتی، نموونەی (٢٠٨) بۆ (ڕۆهرەر) وەك هێلێکی ڕاست دێتە پێشچاو، چونکە کە گوترا (ڕاستەخۆ) ئەوا وەك هێڵێکی ڕاست دەبینرێت، لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە لە سێ بۆچوونەکەدا ڕێڕەو بوونی هەیە، بەڵام ڕوانین بۆ هەمان ڕێڕەوە جیاوازە. لە گۆشەیەکی ترەوە ئەگەر سەرنج لە  وێنای وێنەی (ڕووپۆشکردن، داپۆشین لای (لاکۆف)) و (شێوە لای ئارۆنهایم) بدرێت، ئەوا هەست بە نزیکی نێوانیان دەکرێت، بۆ نموونە:

٢٠٩-چییە هەر بە ئێژم و بێژم قسە دەکەیت؟

لە نموونەی (٢٠٩)دا (ئێژم و بێژم) بووەتە هۆی ئەوەی، کە بەشێکی زۆری قسەکانی ئاخێوەر داپۆشێت و نەیەڵێت زۆر دەربکەوێت، بە شێوەی قسەکانیشیدا دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر خەڵکی ناوچەی شارەزوو بێت، چونکە ئاخێوەری ئەو ناوچەیە زیاتر بەو شێوەیە قسە دەکەن، کەواتە شێوەی قسەکانی ئاخێوەر بووەتە هۆی ئەوەی، کە وێنای وێنەیی شێوە دروست بێت، یەکێکی تر لەو وێناوینەیانەی، کە تا ڕادەیەك دەتوانرێت وەك وێناوێنەیەکی لەیەکەوە نزیك بوو سەیری بکرێت، بریتییە لە وێنای وینەیی (لکێنەر لای (جۆنسۆن)، (بەرکەوتن لای لاکۆف)، چونکە هەر دوو وێناوێنەییەکە جەخت لە پەیوەندیی نێوان دوو کەرەستە دەکەنەوە، کە لە شوێنێکدا بەر یەکتر کەوتبن، بەڵام ئەوەندە هەیە لە وێناوێنەیی (لکێنەر)دا کەرەستەیەکی تر هەیە، کە دوو کەرەستەکە بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لە (بەرکەوتن)دا کەرەستەکان خۆیان بەر یەکتری دەکەون، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوە، با لەم نموونەی (٢١٠) بڕوانن:

٢١٠-بەشی یەکەم بخەرە سەر بەشی دووەم و بە نموونەیەك بە یەکەوە گرێیانبدە.

ئەگەر لە ڕوانگەی (لکێنەر)ەوە لە نموونەی (٢١٠) بڕوانن، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردوو (بەشی یەکەم، بەشی دووەم) بە هۆی کەرەستەیەکەوە بە یەکتر گەیاندراون، کە بریتییە لە نموونە، واتە (نموونە)کە وەك ئەڵقەیەك وایە، کە هەردوو کەرەستەکەی بە یەکترەوە بەستووەتەوە و بە یەکتری گەیاندوون، بەڵام ئەگەر هەمان نموونە لە ڕووانگەی (بەرکەوتن)ەوە شیبکەینەوە، ئەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، بەشی یەکەم چووەتە سەر بەشی دووەم و بەرکەوتن لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بە واتایەکی تر هەر دوو کەرەستەکە لە (نموونە)کەدا بەریەکتر کەوتوون، کەواتە ڕاستە بەرکەوتن ڕوویداوە، بەڵام ڕوانینەکان بۆ هەمان وێنای وێنەیی، ئەگەر چی جیاوازە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر لە یەکترەوە نزیکە، چونکە بەرکەوتن لە نێوان کەرەستەکاندا دروستبووە.

# بەشی سێیەم

## ڕەنگدانەوەی وێنای وێنەیی لە وشەسازی زمانی کوردیدا

## ١/٣) ئاماریی بەراییانەی داتا کۆکراوەکانی وێنای وێنەیی

لەم بەشەدا لێکۆڵینەوەیەکی کارەکی دەکەین، بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستاندنی شیکردنەوەکان، کە لە بەشی یەکەم و دووەمی توێژینەوەکەدا خستومانەتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە کۆکردنەوەی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا هەبوو، کۆکردنەوەی وشە لێکدراوەکانیش ئێمە بە پێی سیستەمی (هەڕەمەکی/Random)[١٩] کردوومانە و لە ئاخێوەری قسەپێکەری زمانەکەوە وەرمانگرتووە، وشەکانیش بەشێوەی چاوگ دانەنراون و زیاتر فۆڕمی گەردانکراوەکەیان بەکارهێنراوە، هەتاوەکو بتوانین وێنای وێنەییەکەی لێهەڵبهێنجێنین، جگە لەوەش ئەم وشانە ڕاستە هەندێکیان دارِشتەی فریزی، یان ڕستەییان هەیە، بەڵام لە ئەنجامی زۆر دووبارەکردنەوەیان لە لایەن ئاخێوەرانەوە بە چەمککران و کۆدیان بۆ دانراوە و وەکو وشەیەکی ناو فەرهەنگ بە پێی پرۆسەی بە چەمککردن لە زانستی زمانی درکپێکردندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، سەرەتا هەوڵدەدرێت یاسای دروستبوونی وشە لێکدراوەکان بخرێتەڕوو، دواتر لە سەر بنەمای وێناوێنەییەکان شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، پاشان ئەو وێنەئاوەزییانە پێشاندەدرێت و دەخرێتەڕوو، کە لە لایەن ئاخێوەرانەوە بۆ وشە لێکدراوەکان دروستبوون. دەمانەوێت بەم شیکردنەوەیە دوو ئامانجی تەواوکەری یەکتر پاساودان بکەین، لە لایەک دەمانەوێت وێنای وێنەیی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی شیبکەینەوە و بزانین چ هەستەوەرێک لە هەستەوەرەکان و چ جۆرە ئەزموونێک بۆ دروستبوونی هەم وێنای وێنەییەکە و هەم چەمکەکەش بنەمابوون، لە لایەکی تریشەوە دەمانەوێت ئەوە شیبکەینەوە، کە ڕێژەی کام هەست و ئەزموون زیاتر بنەما بووە بۆ بونیادنانی وێنای وێنەییەکە و خودی چەمکەکەش و بشزانین ئایا ڕێژەی وێنای وێنەیی ئەبستراکت یان کۆنکرێت کامیان زیاترە و ئەوەش بخەینەڕوو بەرزی ڕێژەی هەر کام لەو هەستەوەر و ئەزموون و وێنای وێنەیی ئەبستراکت یان کۆنکرێتی چیمان پێدەڵێت دەربارەی کەسایەتی تاکی کورد و چۆنیەتی بیرکردنەوە و دنیابینی و تێڕامانەکانی لە خۆی و سروشت و دەروروبەری، هۆکاری هەڵبژاردنی وشە لێکدراوەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەودا فراوانەی، کە ئەمجۆرە وشانە لە زمانی کوردیدا داگیریانکردووە. لە لایەکی ترەوە سەلماندنی ئەوەی، کە وێناوێنەییەکان تەنها لە بواری سینتاکسدا کار ناکەن، بەڵکو دەچنە بوارەکانی تر وەك مۆرفۆلۆژی، لەگەڵ گەشەسەندنی زانستی درکپێکردندا لە ساڵانی ڕابردوودا سەرنجی زانایانی درکپێکردن بۆ زمانەوانی و بە تایبەتی تر بۆ واتا ڕاکێشرا، زانستی درکپێکردن لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی کارکردنی ئاوەز و چۆنیەتی وەرگرتنی هەستەکان لە ژینگە و چۆنیەتی پرۆسێسکردن و ئەزموونکردن و پۆلێنکردن و هەڵگرتنی هەموو ئەمانە لە بیرەوەرییەکاندا. لە سیمانتیکی درکپێکردندا واتا جێگیر نییە، چونکە دەکرێت بە پێی کات و کەس و بارودۆخ واتاکەی بگۆڕدرێت، هەربۆیە پێویستە لە لێکدانەوەی واتادا گرنگی بە پرۆسەی بە چەمککردن بدرێت، بۆ نموونە ئیدیۆمەکان پەیوەندییەکی قوڵی لەگەڵ درکپێکردن و ئەزموونی ڕۆژانەدا هەیە. زۆرجار وشەکان لە ڕێگەی درکپێکردنی بابەتە فیزیکییەکانەوە وەرگیراون، واتە وشە فیزیکییەکان بوونەتە سەرچاوە و بنەمای بۆ وشە ئەبستراکتەکان، ئەو چەمکانەی، کە لە لایەن وشەکانەوە کۆددەکرێن هەڕەمەکی نین، بەڵکو دەکەونە ژێر پێکهاتە درکپێکراوەکانی

[١٩] ١- سیستەمی (هەرەمەکی/Random) بۆ ئەو توێژینەوانەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووانی تێدایە، کە گروپێکی نموونەی بچوك بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە گروپێکی گەورەتر وەرگیراون، شێوازێکی سیستەماتیکی سادەیە، بۆ بە دەستهێنانی نموونەیەکی هەڕەمەکی، کە دەکرێت نموونەکە نوێنەرایەتی سەرجەم نموونەکانی ئەو یاسایە بکات، کە لێی دروستبووە، زاراوەی هەرەمەکی ئاماژەیە بۆ هەر کۆمەڵە داتا و زانیارییەك، کە هیچ ڕیزبەندییەکی دیاریکراویان نییە، یاخود بە شێوەیەك هەڵدەبژێردرێن، کە پێشتر نەزانراوە، دەکرێت ئەم داتا و زانیارییانە ڕێکبخرێنەوە، یاخود ڕێزبکرێن بە پێی مەبەستی ئەو ئامارەی، کە دەمانەوێت بیکەین، لەم کاتەشدا ڕێزبەندییەکە بە شێوەی هەڕەمەکی نامێنێتەوە، هەرئەمەشە بووەتە هۆی بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی هەڕەمەکی بۆ چەندین شێواز و جۆری جیاواز بۆ دروستکردنی داتا و ئاماری هەڕەمەکی.

٢-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی (سیستەمی Random ) بڕوانە (Meng:2013).

مرۆڤەوە، هەریەکە لە وێناوێنەییەکان پەیوەندیان بە ئەزموونی ئاخێوەرانەوە هەیە، لەگەڵ ئەو دیاردە و کەرەستانەی، کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی هەستەکانی مرۆڤەوە دروستدەبن، کە ئەمە بنەمای وێناوێنەییەکانە، واتە هەمان وێنای وێنەیی بۆ زمانیش دەگوازرێتەوە. خودی واتای وشەی لێکدراویش پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئاخێوەرانەوە، نەك ئەو واتایەی لە فەرهەنگدا هەیانە، یاخود وشەکانی لێدروستبووە. لەم ڕوانگەیەوە وێنای وێنەیی وشە لێکدراوەکان لە سەر بنەمای هەستەوەرەکان و ئەزموون و بەجەستەکردن شیدەکرێنەوە. زۆربەی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی سەرەتا ئاخێوەران بەر یەکێك لە هەستەکانیان کەوتووە و دواتر ئەزموون و بەجەستەیان کردووە، پاشان توانیویانە دایبڕێژن و لە زمانەکەدا وێنەی بۆ دروست بکەن. کۆی ئەمانە دەبنە بنەما بۆ شیکردنەوەی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی، بە پێی ئەوەی، کە ئێمە کۆمانکردووەتەوە (٤٨٢) وشەی لێکدراومان کۆکردووەتەوە و ڕێژەی هەریەکەیان بەم شێوەیەیە، ناوی لێکدراو(١١١) و بە ڕێژەی (٢٣٪) کۆی وشە لێکدراوەکانە، ئاوەڵناوی لێکدراو (١٠٦)، کە ڕێژەی (٢٢٪) سەرجەم وشە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بەڵام کرداری لێکدراو (٩٨) کرداری لێکدراوە و بە ڕێژەی (٢١٪)، ئاوەڵکرداری لێکدراویش (٧٥)ە و بە ڕێژەی (١٦٪)، ئیدیۆمی لێکدراو ژمارەیان (٩٢)، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٩٪)ی وشە لێکدراوەکان. ئەم وشە لێکدراوانە بە پێی یاساکانی دروستبوونی وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا دروستبوون و پێکهاتوون، هەریەکە لە وشە لێکدراوەکان بەمشێوەی خوارەوە بە سەر پۆلەکانی (ناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو، کرداری لێکدراو، ئاوەڵکرداری لێکدراو، ئیدیۆمی لێکدراو) دابەشبوون:

| پۆلەکان | ناو | ئاوەڵناو | کردار | ئاوەڵکردار | ئیدیۆم |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١١١ | ١٠٦ | ٩٨ | ٧٥ | ٩٢ |
| ڕێژەی سەدی | ٢٣٪ | ٢٢٪ | ٢٠٪ | ١٦٪ | ١٩٪ |

**خشتەی (١)**

**سەرجەم وشە لێکدراوەکان**

## ا-ناوی لێکدراو

ناوی لێکدراو ئەو ناوانەن، کە لە دوو وشەی سەربەخۆ، یان زیاتر دروستبوون، بە واتایەکی تر ((ئەو ناوەیە کە دوو ڕیشە یان پتری دەبێ))، (ئەمین، ٢٠١٢: ٥٩)، یاساکانی دروستبوونی ناوی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ناو+ناوبەند+ناو

ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین لە (٣٩) ناوی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٥٪) سەرجەم ناوە لێکدراوەکان. ئەم یاسایە زیاتر لە هەموو یاساکانی تر ناوی لێکدراوی لێدروستبووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ناوە سادەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە داڕشتنی ئەم ناوە لێکدراوانەدا هەیە، ئاخێوەران بە هۆی ئەزموون و درکپێکردن و بەجەستەکردنەکانیانەوە درکیان بەوە کردووە، ناوە لێکدراوەکەیان لە سەر ئەو بنەمایە داڕشتووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢-ناو+ئاوەڵناو

ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٧) ناوی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٦٪) سەرجەم ناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣- ئاوەڵناو+ناوبەند+ناو

ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٧) ناوی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٦٪) سەرجەم ناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤- ناو+ناوبەند+ئاوەڵناو

هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤)دا خراوتەڕوو، ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٥) ناوی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٤٪) سەرجەم ناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥- ناو+ناوبەند+وشەی لێکدراو

تەنها (٣) ناوی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسا دروستبوون، کە ئەمەش ڕێژەی (٣٪) ناوە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦- ناو+ناو

ژمارەی ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (١٦) ناوی لێکدراو، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٣٪) سەرجەم ناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧- ناو+وشەیەکی داڕێژراو

هەندێك لە وشە داڕێژراوەکان ڕۆڵیان لە دروستبوون و داڕشتنی ناوە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا هەیە، وەك لە خشتەی ژمارە (٧) خراوەتەڕوو، ئەو ناوە لێکدراوانەی بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٣) ناوی لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەی (٣٪) ناوە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨- ناو+ڕەگی کار

ژمارەی ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (١٠) ناوی لێکدراوی، ڕێژەکەشی بریتییە لە (٩٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩- ژمارە+ناو

تەنها (١) ناوی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و بریتییە لە (١٪) ناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٠- ئاوەڵناو+ناوبەند+ئاوەڵناو

(٤) ناوی لێکدراو بە پێی ئەم یاساییە دروستبوون، کە ئەمەش ڕێژەی (٤٪) ناوە لێکدراوەکان دەکات، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١١- ئاوەڵناو+ناو

ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبوون، بریتین لە (٥) ناوی لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەی لە (٥٪) ناوە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٢- ناو+قەدی کردار

تەنها (٢) ناوی لێکدراومان هەن، کە ئەمجۆرە یاسایە ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە، کە ئەمەش ڕێژەی (٢٪) ناوە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٣- ئاوەڵکردار+ناو

ژمارەی ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستدەبن، بریتیین لە (٧) ناوی لێکدراو، بەمەش ڕێژەکەی دەکاتە (٦٪) کۆی ناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٤- ئاوەڵکردار+ناوبەند + ناو

بە تەنها (١) ناوی لێکدراو بەمجۆرە یاسایە دروستبووە، کە ئەمەش ڕێژەی (١٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٥- ئاوەڵکردار+ناو+پاشگر

بە تەنها (١) ناوی لێکدراومان هەیە، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە داڕشتنیدا هەبێت، کە ئەمە ڕێژەیەکی کەمە و تەنها (١٪) ناوە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٦- تێکەڵکردن

بەهەمان شێوەی یاسای پێشوو، لێرەشدا (١) ناوی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، ڕێژەی (١٪) ناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٧-ناو+ناوبەند+ کەرتێکی بێ واتا

ئەو ناوە لێکدراوانەی، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبوون، بریتین لە (٢) ناوی لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەی لە (٢٪) ناوە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

## ب-ئاوەڵناوی لێکدراو

ئاوەڵناو ئەو کەرەستانەن، کە بۆ وەسفکردنی ناو، یاخود جێناو بەکاردێن، ئاوەڵناوی لێکدراو لە دوو کەرەستەی سەربەخۆ، یاخود زیاتر دروستبووە و بە هەردووکیانەوە واتای نوێ دەستەبەردەکەن.

یاساکانی دروستبوونی بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١٨- ناو + ئاوەڵناو

ژمارەی ئەو ئەوەڵناوە لێکدراوانەی، کەئەم یاسایە ڕۆڵی لە بنیاتنان و دروستبوونیاندا هەیە، بریتیین لە (٢٨)، کە ئەمەش دەکات ڕێژەی (٢٧٪) کۆی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٩- ناو+ ناوبەند + ناو

بە وردبوونەوە لە خشتەی (١٩) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٩) ئاوەڵناوی لێکدراو، کە ئەمە ڕێژەیی (٨٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٠- قەد + ناوبەند + قەد

لە سەرجەم ئاوەڵناوە لێکدراوەکاندا تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، کە ئەوەش ڕێژەی (١٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢١- ژمارە + ناو

ئەم یاسایە تەنها ڕۆڵی لە (٢) ئاوەڵناوی لێکدراودا هەن، لە کۆی ئەو ئاوەڵناوە لێکدروانەی، کە لە زمانی کوردیدا کۆمان کردوەتەوە، کە ئەمە ڕێژەی (٣٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٢- ئاوەڵناو+ ئاوەڵناو

ژمارەی ئەوە ئاوەڵناوانەی، بەم یاساییە دروستبوون، بریتییە لە (١) ئاوەڵناوی لێکدراو، کە ڕێژەکەی تەنها (١٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٣- ئاوەڵکردار + ناو/جێناو

ژمارەی ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٤) ئاوەڵناوی لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەی (٤٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٤–ناو+ ناوبەند+ ڕەگی کردار

ژمارەی ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستدەبن، بریتییە لە (١) ئاوەڵناوی لێکدراو، بەمەش ڕێژەکەی دەکاتە (١٪) کۆی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٥– ئاوەڵناو + ناو

ئەگەر لە خشتەی (٢٥) بڕوانرێت، دەبینرێت، کە (٤) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەن، کە بەم یاسایە دروستبوون، کە ئەمەش بە ڕێژەی (٤٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٦– وشەی داڕێژراو+ ناوبەند + قەد

تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراو هەیە، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیدا هەبووە، کە ئەمە ڕێژەیەکی کەمە و تەنها (١٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٧– ئاوەڵناو+ناوبەند+ئاوەڵناو

ژمارەیەکی زۆر ئاوڵناوی لێکدراو هەن، کە بەم یاسایە دروستبوون، کە بریتین لە (١٩) ئاوەڵناوی لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە و بریتییە لە (١٨٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٨– ناو + ئاوەڵکردار

تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە ئەم یاسایە دایڕشتووە، کە بە ڕێژەی (١٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٢٩– ئاوەڵناو + ڕەگ

ئاوەڵناوی لێکدراو، کە بەمجۆرە یاسایە دروسبوون، بریتیین لە (٢) ئاوەڵناوی لێکدراو، کە بەمەش ڕێژەی (٢٪) کۆی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٠– ناو + ڕەگ

ژمارەی ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەی بەم یاسای دروسبوون، بریتیین لە (٨)، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٧٪) سەرجەم ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣١– ئاوەڵناو +ناوبەند + ناو

لە جۆری ئاوەڵناوە لێکدراوەکاندا تەنها (٢) مان هەن، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیاندا هەبێت، کە ئەمە ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٢– ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو

تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکات ڕێژەی (١٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٣– ناو+ وشەی داڕێژراو

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (٣٣) بڕوانرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە (٤) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەن، کە بەم یاسایە دروستبوون، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٤٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٤– ناو + ناو

دەکرێت دوو ناو بچنە پاڵ یەکتر ببنە هۆی دروستبوونی ئاوەڵناوی لێکدراو، وەك لە خشتەی (٣٤)دا دیارە، کە ئەم یاسایەش (٦) ئاوەڵناوی داڕشتووە، کە ڕێژەی (٦٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٥- ئاوەڵکردار + وشەی داڕێژراو

ژمارەی ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەی بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین (٢)، کە ئەمەش ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٦- ئاوەڵکردار + ڕەگ

ئەو ئاوەڵناوە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٤) ئاوەڵناوی لێکدراو، بە ڕێژەی (٤٪) کۆی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٧- ناوی داڕێژراو + ناوبەند + ناو

ژمارەیەك ئاوەڵناوی لێکدراومان هەن، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوون و داڕشتنیاندا، بریتین لە (٣) ئاوەڵناوی لێکدراو و بە ڕێژەی (٣٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٨- ئاوەڵکردار + ناوبەند + ئاوەڵکردار

تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە و ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و دەکات (١٪) ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٣٩- ئاوەڵناو + ناوبەند+ ناو+پاشگر

دیسانەوە ئەم یاسایەش (١) ئاوەڵناوی لێکدراوی داڕشتووە و بە ڕێژەی (١٪) کۆی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٠-ناو+قەد

بە تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەمی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤١-ڕەگ+ناوبەند+ڕەگ

لەم یاسایەشدا بە تەنها (١) ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەمی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

## پ-کرداری لێکدراو

کرداری لێکدراو لە دوو کەرەستەی سەربەخۆ، یان زیاتر دروستدەبێت، کە دەبێت یەکێك لە کەرەستەکان کردارێکی سادە، یان داڕێژراو، یاخود لێکدراو بێت، کەواتە مەرجی دروستبوونی کرداری لێکدراو، بریتییە لە بوونی کردارێك لە پێکهاتەی کردارە لێکدراوەکەدا، یاساکانی دروستبوونی کرداری لێکدراو بریتین لەمانەی خوارەوە:

٤٢- ناو+کرداری داڕێژراو

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٢) کرداری لێکدراو، بە ڕێژەی (٢٪) کۆی کردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٣- ناو+کرداری لێکدراو

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٨) کرداری لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٩٪) سەرجەم کردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٤- قەد + ناوبەند + ناو

هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤٤)دا خراوتەڕوو، ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٦) کرداری لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٥٪) سەرجەم کردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٥- ئاوەڵناو+قەد

ژمارەی ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (١٦) کرداری لێکدراو، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٥٪ ) سەرجەم کردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٦- ئاوڵکردار+ قەد

ژمارەی ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (١١) کرداری لێکدراوی، ڕێژەکەشی بریتییە لە (١٢٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٧- ناو + قەد

ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٣٩) کرداری لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٥٪) سەرجەم کردارە لێکدراوەکان، ئەم یاسایە زیاتر لە هەموو یاساکانی تر کرداری لێکدراوی لێدروستبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەو دوو کەرەستەی، کە بەشداریان لە داڕشتن و دروستبوونی کردارە لێکدراوەکەدا کردووە، زۆرترین بەکارهێنانیان لە لایەن ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە هەیە، بەواتایەکی تر زۆر دووبارکردنەوە و ئەزموون کردنی ئەم دوو کەرەستەیە لە چاو کەرەستەکانی تردا زیاترە، ئەمەش وا دەکات درکپێکردن و تێڕامانی ئاخێوەران زیاتر بێت بۆ دروستبوونی کرداری لێکدراو، بەو دوو کەرەستەیە، زیاتر لە کەرەستەکانی تری زمانەکە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٨- قەد + ناوبەند + قەد

تەنها (١) کرداری لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسا دروستبوون، کە ئەمەش ڕێژەی (١٪) کردارە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٤٩- پێشگر+ناو+قەد

هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤٩)دا خراوتەڕوو، ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (١٩) کرداری لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (١٧٪) سەرجەم کردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٠- کەرتی بێ واتا + قەد

(٣) کرداری لێکدراو بە پێی ئەم یاسایە دروستبوون، کە ئەمەش ڕێژەی (٣٪) کردارە لێکدراوەکان دەکات، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

## ت- ئاوەڵکرداری لێکدراو

لە زمانی کوردیدا لەبەر ئەوەی کەرەستەمان بۆ گوزارشتکردن لە ئاوەڵکردار کەمە، بۆیە پەنا براوەتە بەر پۆلەکانی تر بۆ گوزارشت لێیکردنی، لە نێوەندەشدا ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە ((ئەو ئاوەڵکارەیە، لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێدێت))، (شێروانی، ٢٠١٥:٢٣)، بەشێکی زۆری پێکهێناوە، لێرەدا ئاماژە بە یاساکانی دروستبوونی دەکرێت:

٥١-ئاوەڵناو+ ناوبەند+ ناو

تەنها (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەن، کە ئەمجۆرە یاسایە ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە، کە ئەمەش ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٢- ئاوەڵناو + ناو + ئاوەڵناو

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستدەبن، بریتیین لە (٦) ئاوەڵکرداری لێکدراو، بەمەش ڕێژەکەی دەکاتە (٧٪) کۆی ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٣- دووبارەکردنەوەی ناو

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کەئەم یاسایە ڕۆڵی لە بنیاتنان و دروستبوونیاندا هەیە، بریتیین لە (٨)، کە ئەمەش دەکات ڕێژەی (١٠٪) کۆی ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٤- قەد + قەد

لە سەرجەم ئاوەڵکردارە لێکدراوەکاندا تەنها (١) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، کە ئەوەش ڕێژەی (١٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٥- ناو + ناو

ئەم یاسایە تەنها ڕۆڵی لە (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراودا هەن، لە کۆی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە لە زمانی کوردیدا کۆمان کردوەتەوە، کە ئەمە ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٦- ژمارە + ناو

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەی (٢٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٧- ناو + ئاوڵکردار

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستدەبن، بریتیین لە (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراو، بەمەش ڕێژەکەی دەکاتە (٢٪) کۆی ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٨- ئاوەڵکردار + ناو

ژمارەیەك ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەن، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیاندا هەبووە، کەبریتین لە (١١) ئاوەڵکرداری لێکدراو و بە ڕێژەی (١٤٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٥٩- ئاوەڵکردار+ناوبەند+ ئاوەڵکردار

هەروەك لە خشتەی ژمارە (٥٩)دا خراوتەڕوو، ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٢٪) سەرجەم ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٥٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٠- ئاوەڵناو+ئاوەڵکردار

تەنها (١) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکات ڕێژەی (١٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦١- ناو + ناوبەند + ناو

تەنها (١١) ئاوەڵکرداری لێکدراو هەن، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیدا هەبووە، کە ئەمە ڕێژەی (١٦٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانە، زۆرترین ڕێژەیە لە ناو سەرجەم ئاوەڵکردرا لێکدراوەکاندا، چونکە ناو وەك کەرەستەیەکی سەرەکی لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە و ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، ئەمەش وا دەکات، کە ئاخێوەران بۆ گوزارشتکردن لە زۆرترین مەبەستی خۆیان بەکاربێنن، هەر لەبەرئەمەشە، کە ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان زۆرترینیان لە سەر ئەم بنەمایە دروستبووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٢- دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو

بە وردبوونەوە لە خشتەی (٦٢) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە ئەمە ڕێژەیی (٤٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٣- ئاوەڵکردار+ناوبەند + ئاوەڵکردار

بە تەنها (١) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەیە، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی هەبێت لە داڕشتنیدا، کە ئەمە ڕێژەیەکی کەمە و تەنها (١٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٤- ئاوەڵکردار+ئاوەڵکرداری لێکدراو

تەنها (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەن، کە ئەمجۆرە یاسایە ڕۆڵی لە دروستکردنیاندا هەیە، کە ئەمەش ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٥- ژمارە+ناوبەند+ژمارە

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کەئەم یاسایە ڕۆڵی لە بنیاتنان و دروستبوونیاندا هەیە، بریتیین لە (٢)، کە ئەمەش دەکات ڕێژەی (٢٪) کۆی ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٦- دووبارەکردنەوەی ژمارە/ ڕادە

ژمارەی ئەوە ئاوەڵکردارانەی، بەم یاساییە دروستبوون، بریتیین لە (٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە ڕێژەکەی تەنها (٤٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٧- دووبارەکردوە ئاوەڵکردار

ئەگەر لە خشتەی (٦٧) بڕوانرێت، دەبینرێت، کە (٦) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەن، کە بەم یاسایە دروستبوون، کە ئەمەش بە ڕێژەی (٧٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٨- ئاوەڵناو + ڕەگ

تەنها (١) ئاوەڵکرداری لێکدراو هەیە، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیدا هەبووە، کە ئەمە ڕێژەیەکی کەمە و تەنها (١٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٦٩- ئاوەڵکردار+ناوبەند + ئاوەڵناو

ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە بەمجۆرە یاسایە دروسبوون، بریتییە لە (١) ئاوەڵکرداری لێکدراو، کە بەمەش ڕێژەی (١٪) کۆی ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٦٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٠- ئاوەڵکردار+ ناوبەند + ناو

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی بەم یاسای دروستبوون، بریتیین لە (٤)، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (٥٪) سەرجەم ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧١- جێناو+ ئاوەڵکردار

ژمارەیەك ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەن، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیاندا هەبووە، کە بریتین لە (٢) ئاوەڵکرداری لێکدراو و بە ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٢- پێشگر + ژمارە + ناو + ژمارە

ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین (٢)، کە ئەمەش ڕێژەی (٢٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٣- پێشگر + وشەی پرس(ڕادە) + ناوبەند + ناو

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (٧٣) بڕوانین، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە (١) ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، ئەمەش دەکاتە ڕێژی (١٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٤- ڕادە + ئاوەڵناو

لە جۆری ئاوەڵکردارە لێکدراوەکاندا تەنها (١) مان هەیە، کە ئەم یاسایە ڕۆڵی لە دروستبوون و داڕشتنیاندا هەبێت، کە ئەمە ڕێژەی (١٪) ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

## ج- ئیدیۆمی لێکدراو

واتای ئیدیۆم لە وشە لێکدراوەکانی تر جیاوازە، چونکە بەشێکی زۆری واتای ئیدیۆمی لێکدراو لە واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووە، بەڵکو ئاماژە بە واتایەکی جیاوازتر لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەکات، یاساکانی دروستبوونی ئیدیۆمی لێکدراو، بریتین لەمانەی خوارەوە:

٧٥- ناوی داڕێژراو+ناویداڕێژراو

بە تەنها (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەمی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٦- ناو + ناو

دەکرێت دوو ناو بچنە پاڵ یەکتر ببنە هۆی دروستبوونی ئیدیۆمی لێکدراو، وەك لە خشتەی (٧٦)دا دیارە، کە ئەم یاسایەش (٢) ئیدیۆمی داڕشتووە، کە ڕێژەی (٢٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٧- ناو + ئاوەڵناو

ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٢٧) ئیدیۆمیی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٣٠٪) سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکان، ئەم یاسایە زیاتر لە هەموو یاساکانی تر ئیدیۆمی لێکدراوی لێدروستبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە جەستەی مرۆڤ بەشدارییەکی سەرەکی لە داڕشتنی ئەم ئیدیۆمانەدا کردووە، ئاخێوەران بە هۆی ئەزموون و درکپێکردن و بەجەستەکردنەکانیانەوە درکیان بەوە کردووە، کە زۆربەی کردەکانی ڕۆژانە، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، زیاد و کەمی کردەکانی کار لە جەستەی دەکات، ئەمەی گواستووەتەوە بۆ ڕووداوە باش و خراپەکانی دەوروبەری و بە شێوەی ئیدیۆم دەریبڕیووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٨- ئاوەڵکردار + ناو + ئاوەڵناو

ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتییە (١) ئیدیۆمی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (١٪ ) سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٧٩- ناو+ناوبەند+ناو

هەروەك لە خشتەی ژمارە (٧٩)دا خراوتەڕوو، ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٦) ئیدیۆمی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٧٪) سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٧٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٠- پێشگر+ناو+ناوبەند+ ناو

دیسانەوە ئەم یاسایەش (١) ئیدیۆمی لێکدراوی داڕشتووە و بە ڕێژەی (١٪ ) کۆی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨١- ناو + ئاوەڵناو + ناو

تەنها (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروسبووە و ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە و دەکات (١٪ ) ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٢- پێشگر + ئاوەڵکردار + کردار

بە تەنها (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەمی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٣- ئاوڵکردار + ڕەگ

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی بەم یاسایە دروستبوون، بریتییە (١)، کە ئەمەش ڕێژەی (١٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٤- ئاوەڵکردار+ناوبەند+ڕەگ

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی بەم یاسای دروستبوون، بریتییە لە (١)، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٥- ناو + ناو + پاشگر

ئیدیۆمی لێکدراو، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبوون، بریتییە لە (١) ئیدیۆمی لێکدراو، کە بەمەش ڕێژەی (١٪) کۆی ئیدیۆمە لێکدراوەکان پێکدەهێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٦- ناو + ڕەگ

ئەگەر لە خشتەی (٨٦) بڕوانرێت، دەبینرێت، کە (١٢) ئیدیۆمی لێکدراومان هەن، کە بەم یاسایە دروستبوون، کە ئەمەش بە ڕێژەی (١٣٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٧- ناو + قەد

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستدەبن، بریتیین لە (١٢) ئیدیۆمی لێکدراو، بەمەش ڕێژەکەی دەکاتە (١٣٪) کۆی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٨- ئاوەڵکردار+ ناو

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٣) ئیدیۆمی لێکدراو، کە ئەمەش ڕێژەی (٣٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٨٩- ناو+کرداری لێکدراو

ئەم یاسایە تەنها ڕۆڵی لە (٣) ئیدیۆمی لێکدراودا هەیە، لە کۆی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە لە زمانی کوردیدا کۆمان کردوەتەوە، کە ئەمە ڕێژەی (٣٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٨٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٠- ژمارە + ناو

بە وردبوونەوە لە خشتەی (٩٠) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتیین لە (٢) ئیدیۆمی لێکدراو، کە ئەمە ڕێژەیی (٢٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩١- ئاوەڵناو + ناو

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستدەبن، بریتیین لە (٢) ئیدیۆمی لێکدراو، بەمەش ڕێژەکەی دەکاتە (٢٪) کۆی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٢- ئاوەڵکردار + ناوبەند + ئاوەڵکردار

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسایە دروستبوون، بریتییە لە (١) ئیدیۆمی لێکدراوی، ڕێژەکەشی بریتییە لە (١٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٢) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٣- ناو + ناوبەند + ناو

ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بەم یاسا دروستبوون، بریتیین (٤) ئیدیۆمی لێکدراو، کە دەکاتە ڕێژەی (٤٪) سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٣) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٤- ئاوەڵکردار+ناوبەند+ناو

بە تەنها (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەمی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٤) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٥- ئاوەڵناو +ناوبەند +ئاوەڵناو

ئەگەر لە خشتەی ژمارە (٩٥) بڕوانین، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، ئەمەش دەکاتە ڕێژی (١٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٥) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٦- پێشگر+ناو+قەد

تەنها (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەمجۆرە یاسایە دروستبووە و دەکات ڕێژەی (١٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٦) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٧- ناو + ناوبەند+ئاوەڵکردار

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی بەم یاسای دروستبوون، بریتییە لە (١)، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (١٪) سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٧) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٨- ئاوەڵناو+ناوبەند + ڕەگ

ژمارەی ئەوە ئیدیۆمە لێکدراوانەی، بەم یاساییە دروستبوون، بریتییە لە (١) ئیدیۆمی لێکدراو، کە ڕێژەکەی تەنها (١٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکانە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٨) لە پاشکۆی نامەکەدا.

٩٩- ئاوەڵکردار + قەد

ژمارەی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کەئەم یاسایە ڕۆڵی لە بنیاتنان و دروستبوونیاندا هەیە، بریتییە لە (١)، کە ئەمەش دەکات ڕێژەی (١٪) کۆی ئیدیۆمە لێکدراوەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (٩٩) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٠٠- ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو

لە سەرجەم ئیدیۆمە لێکدراوەکاندا تەنها (١) ئیدیۆمی لێکدراومان هەیە، کە بەم یاسایە دروستبووە، کە ئەوەش ڕێژەی (١٪) پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠٠) لە پاشکۆی نامەکەدا.

١٠١- ناو + قەد

ئەم یاسایە تەنها ڕۆڵی لە (٢) ئیدیۆمی لێکدراودا هەیە، لە کۆی ئەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە لە زمانی کوردیدا کۆمان کردوەتەوە، کە ئەمە ڕێژەی (٢٪) ئیدیۆمە لێکدراوەکان پێکدێنێت، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠١) لە پاشکۆی نامەکەدا.

## ٢/٣) شرۆڤەی کارەکییانەی وێنای وێنەیی وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی

پاش خستنەڕوی ئەو وردەکارییانەی لە (١/٣)دا خرانەڕوو، دێین لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێی شیکردنەوەکانی بەشی دووەمی توێژینەوەکە، هەوڵدەدەین وێنای وێنەی هەریەکە لەو وشە لێکدراوانە بە پێی چەشن و جۆرەکەی بخەینەڕوو و شیکردنەوەی بۆ بکەین، وەکو لە ئەمانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەوێت:

### ٢/٣-١)تیاهەڵگر

ئەگەر سەرنج لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی بدرێت، ژمارەیەکی زۆر وشەی لێکدراومان هەن، کە لە جۆری تیاهەڵگرن، هەوڵدەدرێت لێرەدا بە جیا جیا باس لە هەر جۆرێکیان لە (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار، ئیدیۆم) بکرێت و وێنە ئاوەزییەکەی بخرێتەڕوو:

٢/٣-١-١) ناوی لێکدراو

لە پۆلی ناودا ئەم ناوە لێکدراوانەمان هەن:

١-دەمی ئەشکەوت، گوێی دەریا، لێواری مەرگ

لە نموونەی (١) دا هەریەکە لە (دەریا، ئەشکەوت، مەرگ) وەك تیاهەڵگرێکی فیزیکی وان، کە (دەم، گوێ، لێوار)یان هەبێت، کە لێرەدا (دەم) بە واتای دەرگای تیاهەڵگرەکە و (گوێ، لێوار)یش بە واتای قەراخی تیاهەڵگرەکە دێن، کە ئەمانەش ئاخێوەران بە هۆی پەیپێبردن و درکپێکردنەکانیانەوە بۆ ئەو وشانەیان گواستوەتەوە، لە ڕێگەی ئەزموونی هەستی بەرکەوتنەوە دروستیان کردوون، هەریەکە لە نموونەکان وێنەیەکی ئاوەزی لە لای ئاخێوەر دروستکردووە و بە وێنەی (دەمی ئەشکەوت، گوێی دەریا، لێواری مەرگ) دەربڕدراوە، وێنەئاوەزییەکانیش لە سەرجەم هەستەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت و دروستدەبێت، هەربەرکەوتنێکی هەستەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەر کەرەستەیەك دەبێتە زانیاری و دەچێتە سەر پەیکەرە زانستیەکەی ناو وێنە ئاوەزییەکەی مێشکی مرۆڤ، دواتر زانیارییەکان بۆ وشەکان دەگوازرێنەوە، لێرەدا هەریەکە لە زانیارییەکانی (دەم = دەرگا، گوێ = قەراخ، لێوار = کۆتای) بۆ وشە لێکدراوەکان گواستراوەتەوە، وێنەیەکی ئاوەزیان لە ئاوەزی ئاخێوەردا دروستکردووە.

٢-دەروونپڕ

لەم نموونەدا (دەروون) وەك تیاهەڵگرێك سەیرکراوە، کە (پڕ) بێت، هەرچەندە خاوەن پێکهاتەیەکی فیزیکی و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام مرۆڤ بە هۆی تێڕامان و پەیپێبردنەکانییەوە چوارچێوە و سنوری بۆ دیاریکردووە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی بەرکەوتنییەوە هەست بە پڕی و خاڵی کەرەستەکان دەکات، هەرئەمەش بووەتە هۆی بنەمای دروستبوونی وێناوێنەییەکە، وێنەئاوەزییەکەشی لەو ئەزموونەوە دروستبووە، کە کەرەستەیەکی فیزیکی پڕ لە کەرەستییەکی تر بێت، کە ئەمەش ئاخێوەر بە هۆی ئەزموونی بەرکەوتن لەگەڵ کەرەستە فیزیکییەکان بە دەستیهێناون، هەرچەندە خودی (دەروون) فیزیکی نییە و ناتوانرێت دەستی لێبدرێت،

بەڵام مرۆڤ بە هۆی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانیەوە توانیویێتی ئەو وێناوێنەییەی بۆ دروست بکات و وەك دەفرێك سەیری بکات، کە پڕ لە کەرەستە بێت، بەمەش وێناوێنەیی ئەبستراکت دروستبووە، چونکە خودی دەروون، کەرەستەیەکی فیزیکی نییە، تا بتوانرێت، کەرەستەی تری تێبکرێت، بەڵکو وێنە فیزیکییەکە بووەتە بنەما بۆ دروستبوونی وێنە ئاوەزییەکە، خودی چەمکەکەش لە سەرجەم زانیارییە واتاییە ئینسکلۆپیدیەکانی مرۆڤەوە سەبارەت بە وشەکە دروستبووە.

٣-دەرگاوبان

لێرەدا وێناوێنەییەکە کەرەستەیەکی فیزیکییە، واتە دەتوانرێت دەستی لێبدرێت، خودی تیاهەڵگریش خاوەنی کرانەوەیەکە و سەر و خواری هەبێت، لەم نموونەیەدا (دەرگاوبان) بۆ ئەو کەرەستانە بە کاردێت، کە وەك تیاهەڵگر وان، کە ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنی مرۆڤ لەگەڵ کەرەستەکان دەتوانرێت دروست ببێت و پاشان ئەزمووونی ئاخێوەران لەگەڵ تیاهەڵگر، کە دەبێت شوێنێکی دەرچوونی هەبێت وێناوێنەییەکەیان دروستکردووە، وێنەئاوەزییەکەشی بریتییە لە لەو زانیارییانەی، کە بە هۆی بەجەستەکردنەکانی مرۆڤەوە لە هەریەکە لە (دەرگا، بان)دا دروستبووە و پاشان زانیارییەکان بۆ وشەکە گواستراوەتەوە بە وێنای وێنەی (دەرگاوبان) دەربڕدراوە.

٤-کەناڵی ناوخۆی، گروپچات، تۆڕی کۆمەڵایەتی، جێخەو، ژياننامە

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە هەریەکە لە نموونەکانی ژمارە(٤)بۆمان دەردەکەوێت، کە وەك تیاهەڵگرێك وان، کە سنورێکی دیاریکراویان هەبێت، کە ئەمەش لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە دروستبووە و پاشان ئەوەی ئاخێوەران ئەزموونیان کردووە، چەمکەکە و وێنەکەیان بۆ دروستکردووە. ئەمە جگە لەوەی لە هەریەکە لەم ناوە لێکدراوانە درك بەوە دەکرێت، کەرەستەی فیزیکی بن. لە (کەناڵی ناوخۆیدا) سنورێکی بۆ کەناڵەکان دیاریکردووە، کە (ناوخۆییە)، بە واتایەکی تر (ناوخۆ) وەك تیاهەڵگرێکە، کە (کەناڵەکان)لە ناویدایە، لە نموونەکانی (گروپچات، تۆڕی تۆڕ، جێخەو، ژياننامە)دا هەریەکە وێنای وێنەیی تیاهەڵگریان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، چونکە (چات، کۆمەڵایەتی، جێ، نامە) وەك تیاهەڵگرێکن، کە هەریەکە لە (گروپ، تۆڕ، خەو، ژيان) لە خۆیاندا هەڵگرتووە، سنورێکیان بۆ دیاریکراوە، وێنەئاوەزییەکانیشیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆی ئەو زانیاریانەی مرۆڤ دەربارەی سنورێکی دیاریکراوی فیزیکی هەیە، لە وشەکاندا کۆبووەتەوە و بەو شێوەیە دەربڕاون، کە ئەمەش بە هۆی ئەزموونی هەستەکانی مرۆڤەوە بە دەستهاتوون.

### ٢/٣-١-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراومان هەن، کە دەتوانرێت وەك تیاهەڵگر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە هەمان سیفاتی تیاهەڵگریان تێدایە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو ئاوەڵناوە لێکدراوانە دەکەین و دەیخەینەڕوو:

٥-دڵتەنگ، سنگفراوان، کەللەبۆش، ورگدڕاو، دەمدڕاو، دەمبەگریان، داخ لەدڵ، دەستبڵاو

ئەگەر لە نموونەکانی (٥) وردببینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سەرجەمیان وەك تیاهەڵگرێك دەردەکەون، کەفیزیکی بن و سنور و چوارچێوەیەکی دیاریکراویان هەبێت، بەڵام سەرجەمیان کەرەستەی ئەبستراکتن و ئاخێوەران لە ڕێگەی ئەو بەرکەوتنە فیزیکییەی، کە لەگەڵ کەرەستە فیزیکییەکاندا هەیبووە، درکپێکردن و دایانڕشتوون، دواتر چەمکەکەی بۆ دروستکردوون. بۆ نموونە (تەنگ) لە (دڵ تەنگ)دا، بە واتای ئەوە دێت، کە (خەمبار) بێت، هەمان ئەو زانیارییە، کە لە تیاهەڵگرێکدا هەبێت، کە (تەنگ) بێت، چونکە کەرەستەیەك، کە وەك تیاهەڵگربوو ئەگەر تەنگ بوو، ئەو کات ئەو کەس و زیندەوەرەی، کە دەیەوێت بە کاریبهێنێت، پێی بێزار دەبێت، وێنەئاوەزییەکەشی هەر لەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە (سنگفراوان)دا بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، لە

(کەللەبۆش)دا تیاهەڵگری (کەللە) وەك کەرەستەیەك سەیرکراوە، کە هیچی تێدا نەبێت و خاڵی بێت، واتە سیفاتی خاڵی، کە وەك وێنەیەکی ئاوەزی لە ئاوەزی ئاخێوەردا چەسپاوە بۆ کەرەستەکە گواستراوەتەوە، لە (ورگدڕاو، دەمدڕاو)دا وێناوێنەیی تیاهەڵگر وەك ئەوە سەیرکراوە، کە دەرگای تیاهەڵگرەکە کراوە بێت، واتە واتای کرانەوە بە هۆی ئەزموون و پەیپێبردنەکانی ئاخێوەرە بۆ (دڕاو) گواستراوەتەوە، وێنەئاوەزیەکەشی بریتییە لە تیاهەڵگرێك، کە دەرگاکەی کراوە بێت، چونکە زانیارییەکانی واتای کرانەوە بۆ (دڕاو) گواستراوەتەوە، لە (دەمبەگریان)دا باسکردنە لە تیاهەڵگرێکی فیزیکی، کە بریتییە لە (دەم) بە کەرەستەیەکی تر پڕ کرابێت، کە (گریان)ە، هەرچەندە سیفاتی گریان زیاتر پەیوەندی بە (چاوەوە) هەیە، بەڵام مرۆڤ بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی، کە وێنەی ئاوەزی (گریان) هەیەتی بۆ دەمی گواستوەتەوە و بە وێنەئاوەزی (دەمبەگریان) دەربڕیووە، لە (داخ لەدڵ)دا (دڵ) وەك خۆگرتنێکی فیزیکی سەیرکراوە، کە داخی تێکرا بێت، واتە(دڵ) تیاهەڵگرەکەیە و سنورێکی بۆ دیاریکراوە و کەرەستەیەکی نافیزیکی وەك(داخ)ی تێکراوە، وێنەئاوەزییەکەی بریتییە لە سەرجەمی ئەو زانیاریانەی کە لە داخدا هەیە و دەچێتە ناو دڵەوە، لە (دەستبڵاو)دا وێنای وێنەی تیاهەڵگر دروستبووە و (دەست) تیاهەڵگرەکە، کە سیفاتی بڵاوی تێدایە، واتە وەك چۆن ژوورێك گەورە و فراوان بێت، دەستیش هەمان سیفاتی تێدایە، وێنەی ئاوەزیشی بریتییە لە سەرجەمی ئەو واتایانەی، کە لە (بڵاو)دا هەیە، بە وێناوێنەی (دەستبڵاو) دەربڕدراوە.

٦-جێمتمانە، داوێنپاك، خەیاڵبەتاڵ، عەقڵداخراوە.

بەسەرنجدان و تێبینیکردنی نموونەکانی (٦) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە (متمانە، داوێن، خەیاڵ، عەقڵ) خاوەن لە خۆگرتنێکی نافیزیکین و بە جۆرێك هیچکام لە کەرەستەکان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی فیزیکیان نییە، بەڵام ئاخێوەران لە ڕێگەی پەیپێبردن و ئەزموون و درکپێکردنەکانیانەوە سنور و چوارچێوەی بۆ دیاریکردوون، وێنەی ئاوەزی هەریەکەیان لەو ئەزموون و بەجەستەکردنەوانەوە دروستبووە، کە ئاخێوەران بۆ هەریەکەیان هەیانە، سەرجەمیان بە هۆی بەرکەوتنەکانی ئاخێوەران لەگەڵ کەرەستە فیزیکییەکاندا دروستبوون، واتە ئاخێوەران سەرەتا بە هۆی ئەزموون هەستی بەرکەوتنەوە، چەمکی بۆ کەرەستە فیزیکییەکان دروستکردووە و دواتر بۆ ئەمانی گواستووەتەوە.

### ٢/٣-١-٣) کرداری لێکدراو

وێنای وێنەی تیاهەڵگر لە کردارە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە و هەستی پێدەکرێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٧- دڵی پڕبوو، چوونەدڵ، پڕبوو، تێربوو

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٦) بدرێت، ئەوا وێنای وێنەیی تیاهەڵگریان تێدا بە دیدەکرێت، لە (دڵی پڕبوو، چوونەدڵ)دا، ئەوە دەبینرێت، کە دڵ وەك تیاهەڵگرێك لێیڕوانراوە، کە قەبارەیەکی دیاریکراوەی هەبێت و لە کەرەستەی تر پڕبووبێت، یاخود(دڵ) وەك خانوویێك دەبینرێت، کە کەسێك چوو بێتە ناوییەوە، لە لایەکی ترەوە لە نموونەکانی (پڕبوو، تێربوو) باسکردنە لەو کەرەستانەی، سنورێکی دیاریکراویان هەیە، یاخود ئەگەر نەشیان بێت ئاخێوەر لە ڕێگەی درکپێکردن و تێڕامانەکانی هەستی بەرکەوتنەوە سنوری بۆ دیاریکردن و بە قەدەر ئەو سنورە دیاریکراوە کەرەستەیان تێچووە، ئیتر ئەوە کەرەستەیە فیزیکی بێت، یاخود ئەبستراکت، پاشان چەمکی بۆ کەرەستە دروستکردووە.

٨-دڵی واڵاکرد، هاتنەخەو، داخڵبوو

لە نموونەی (٨)دا، هەریەکە لە (دڵ، خەو، داخڵ) وەك تیاهەڵگرێك دەردەکەون، بەڵام تا ڕادەیەك لە واتادا جیاوازن، چونکە لە (دڵی واڵاکرد)دا، (دڵ) وەك تیاهەڵگرێك سەیرکراوە، کە دەرگای هەبێت و ئەو دەرگایەش کراوە بێت، لە (هاتنەخەو)دا، هەرچەندە (خەو) کەرەستەیەکی ئەبستراکتە، بەڵام لەم نموونەیەدا بە هۆی ئەزموون و درکپێکردنی ئاخێوەرانەوە سنورێك و چوارچێوەیەکی بۆ دیاری کراوە، کە ئەمەش بە جۆرێکە کەسێك بتوانێت

بچێتە ناویی، لە (داخڵبوو) باسکردنە لەو کەرەستانەی، کە مرۆڤ بتوانێت بچێتە ناویانەوە، کە ئەمەش هەمان سیفاتە، کە لە تیاهەڵگردا بوونی هەیە و ئاخێوەران لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە درکیان پێکردووە و پاشان ئەزموونیان کردووە، سەرجەمی ئەمانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی هەریەکە لە چەمکەکان دابڕێژێت.

٩-چاوی شەحنکردەوە

(چاو) لە نموونەی (٩)دا وەك تیاهەڵگرێکە، کە بتوانێت کەرەستەی تێبکرێت و جارێکی تر پڕبکرێتەوە، چونکە لەم نموونەیەدا (شەحنکردن) بە واتای (پڕبوون)یش دێت، کە ئەمەش بە هۆی درکپێکردن و پەیپێبردن و ئەزموونەکانی ئاخێوەرەوە توانراوە بەو شێوەیە واتاکەی دابڕێژرێت و (چاو) وەك تیاهەڵگر لێبڕوانرێت، کە ئەم تیاهەڵگرەش وەك ئەو تیاهەڵگرانەیە، کە ئاخێوەران ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە لایەکی ترەوە وێناوێنەیەکە وەك کەرەستەیەکی ئەبستراکت دەرکەوتووە، چونکە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی بزانرێت، چاو شەحنی تێچووە، یا خود نا.

### ٢/٣-١-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

بە وردبوونەوە لە ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانی زمانی کوردی، ئەوە دەبینرێت، کە ژمارەیەك ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەن، کە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی تیاهەڵگر دروستبوون، وەك:

١٠- پڕبەدەم، پڕبەدڵ

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە هەریەکە لە نموونەکانی (١٠) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وەك تیاهەڵگر هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە لە هەردوو نموونەکەدا باسکردنە لە کەرەستەیەك، کە بە قەدەر سنور و چوارچێوەکەی خۆی کەرەستەیەکی تری تێکرابێت، لە (پڕبەدەم، پڕبەدڵ)دا، هەریەکە لە (دەم، دڵ) وەك تیاهەڵگرێکن، کە چوارچێوەیان هەبێت و چوارچێوەکەشیان پڕکرابێتەوە.

١١- تێروپڕ

لە (تێروپڕ)دا، واتاکەی بە جۆرێکە، کە جەختکردنەوەی تەواوی لە سەر پڕبوونێکی تەواوی تیاهەڵگرەکەیە، هەموو ئەمانەش بە هۆی هەستی بەرکەوتنی ئاخێوەرانی کورد لەگەڵ کەرەستە فیزیکیەکاندا دروستبوون، پاش ئەزموونکردنیان چەمکی بۆ داڕشتوون و وەك وێناوێنەیی ئەبستراکت دایبڕێژێت.

١٢-دەوروبەر

ئەگەر سەرنج لە هەر تیاهەڵگرێك بدرێت، ئەوا دەبینین، کە سنورێکی هەیە، یاخود سنورێك و چوارچێوەیەکی بۆ کێشراوە، کە بەوەش دەگوترێت (دەوروبەری تیاهەڵگرەکە) و ئاخێوەر بە هۆی هەستی بینینەوە تێدەگات، کە کامە سنوری تیاهەڵگرەکەیە، پاش ئەزموونکردنی سنورەکەی بۆ دەکێشێت، کەواتە لە سەرهەمان ئەزموون و پەیپێبردن/تێڕامان و بەجەستەکردنەکانی مرۆڤ وشەی لێکدراوی تیاهەڵگری (دەوروبەر) دروستبووە.

### ٢/٣-١-٥) ئیدیۆمی لێکدراو


لە ناو جۆرەکانی ئیدیۆمدا، هەندێك لە ئیدیۆمە لێکدراوەکان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی تیاهەڵگر دروستبوون، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین و لە سەر ئەو بنەمایە شیاندەکەینەوە:

١٣-مامەخەمە

ئەگەر سەرنج لە نموونەی (١٣) بدرێت، ئەوا (مام) وەك تیاهەڵگرێکە، کە (خەم)ی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە ئەمەش ئاخێوەران لە ڕێگەی سەرنج و پەیپێبردنەکانیان بۆ ئەو کەرەستانەی، کە وەك تیاهەڵگر وان، هەمان وشەیان دروستکردووە و دایانڕشتووە و (مام) وەك تیاهەڵگرەکە و (خەم)یش وەك کەرەستەکەی ناوی لێبڕوانیووە، کەواتە (خەم) تراجیکتۆرەکەیە و (مام)یش لاندمارکە، هەردوکیان بە یەکەوە وێناوێنەیەکی ئەبستراکتی (مامەخەمە)یان داڕشتووە.

١٤-دڵپیس، چاوپیس
له نموونەکانی (١٤)دا هەریەکە له (دڵ، چاو) وەك ئەو تیاهەڵگرانە سەیرکراون، کە ناوەویان پیس بیت، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردن و درکپێکردن و پەیپێبردنەکانییەوە واتاکەی لە تیاهەڵگرە فیزیکییەکانی وەك ماڵ و کەرەستەکانی ترەوە بۆ ئەم ئیدیۆمە لێکدراوەی گواستووەتەوە، لەبەرئەوەی واتای هەردوو پیسەکە مەبەستێکی نەرێنی دەگەیەنێت و ئەمەش لە ئەزموونی هەستی بەرکەوتندا دەبینرێت، چونکە ئەگەر سەرنج لەو کەسانە بدەیت، کە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا دەژین، هەریەکەیان بە جۆرێك کەوتووەتە ژێر کاریگەریانەوە و لە ژیانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.
١٥-بەرچاوتەنگ، دەستکراوە، گوێلەمشت
بە تێڕامان و سەرنج و وربوونەوە لە نموونەکانی (١٥) بۆمان دەردەکەوێت، کە هەریەکە لە (چاو، دەست) وەك تیاهەڵگرێکن، کە سنورێکیان هەبێت، بەڵام لە واتادا پێچەوانەی یەکترن، چونکە لە (بەرچاوتەنگ)دا باسکردنە لە تیاهەڵگرێك، کە تەسك بێت و سنورەکەی بچوك بێت، بەڵام لە (دەستکراوە)دا، مەبەست لە تیاهەڵگرێکە، کە سنورێکی فراوانی هەبێت و بەردەوام دەرگای تیاهەڵگرەکە کراوە بێت، لە (گوێلەمشت)دا، (مشت) وەك تیاهەڵگرێك سەیرکراوە، کە (گوێ)ی تێدا بێت، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی ئەزموونی هەستی بینینەوە درکی پێدەکرێت، چونکە ئاخێوەر بە سەرنجدا لە تیاهەڵگرە فیزیکییە تەسك و بچوکەکان هەمان وێناوێنەییە ئەبستراکتەی داڕشتووە و دواتر هەرئەوەش بووەتە بنەما بۆ داڕشتنی چەمکەکەشی.
١٦- سکپڕ، دەستپڕ، دڵتێربوون
نموونەکانی (١٦) سەرجەمیان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی تیاهەڵگر دروستکراون، چونکە هەریەکە لە نموونەکان سنور و چوارچێوەیەکی دیاریکراویان هەیە، بە هۆی ئەمەشەوە تیاهەڵگرەکە دروستبووە، کە ئەمەش مرۆڤ لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە ئەزموونی کردووە و دواتریش هەر لە سەر ئەو بنەمایە چەمکەکەی بۆ دروستکردووە و دایڕشتووە. لە (سکپڕ، دەستپڕ)دا، هەریەکە لە(سك، دەست) وەك تیاهەڵگرێکن، کە لە کەرەستەیەك پڕکرابێتن، لە (دڵتێربوون)دا، (دڵ) تیاهەڵگرێکە، کە تێربووبێت، کە تێر لێرەدا بە واتای پڕ دێت، واتە تیاهەڵگرەکە پڕبووە.
١٧-سکەڕۆ، سکسوتاو، دڵقایم، خۆفرۆش، گیرفانبڕ، دەستقوچاو
بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە هەریەکە لە نموونەکانی ژمارە(١٧)بۆمان دەردەکەوێت، کە وەك تیاهەڵگرێك وان، کە سنورێکی دیاریکراویان هەبێت، بە شێوەیەك هەریەکە لە (سك، سك، دڵ، خۆ، گیرفان، دەست) وەك تیاهەڵگرێکن، کە چوارچێوەیەکیان هەبێت و لەو چێوارچیوەدا مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی تردا بکەن و بتوانن کەرەستەیان لێدەربهێنرێت، یاخود تیانبکرێت. ئاخێوەرانیش بە هۆی ئەزموونی بەرکەوتن و بەجەستەکردنەکانییەوە، سنوریان بۆ دیاریکردوون و لەو ڕوانگەیەشەوە چەمکەکانیان بۆ داڕشتوون.
١٨-خەیاڵبڵاو، ئابڕووچوون، خەمخواردن
لە نموونەکانی (١٨) ئەوە دەبینرێت، کە هەریەکە لە (خەیاڵ، ئابڕوو، خەم) خاوەنی لە خۆگرتنێکی نافیزیکین و بە شێوەیەك هیچ یەکێکیان چوارچێوەیەکی دیاریکراوی فیزیکی نییە، بەڵام ئاخێوەران بە هۆی تێڕامان و ئەزموون و درکپێکردنەکانیانەوە سنور و چواچێوەیەکی بۆ دیاریکردن و وێناوێنەیەکەیان داڕشتووە و چەمکەکەیان لە ئاوەزیاندا بۆ دروستکردووە.
ئەگەر سەرنج لە سەرجەم نموونەکانی (وێنای وێنەیی تیاهەڵگر) بدرێت، ئەوە بۆمان دەرکەوێت، کە زۆربەیان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبوون، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی، هەستی بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەم وێناوێنەییانەدا بەراورد بە هەستەکانی تر زیاترە، لە لایەکی ترەوە زۆربەی

وێناوێنەییەکانی تیاهەڵگر لە هەریەکە لە وشە لێکدراوەکاندا بە زۆری ئەبستراکتن و ئاخێوەران بە سود وەرگرتن لە وێناوێنەیی فیزیکییەکە دایرشتن و چەمکی بۆ بنیادناون.
بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم شیکردنەوەکانی وێنای وێنەیی تیاهەڵگر بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان، لە بەر ئەوەی هەموویان وێنای وێنەیی تیاهەڵگرن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی تیاهەڵگرە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لە وێنەی ئاوەزی ژمارە(١) بخرێتەڕوو.




**وێنەی (١)**
**وێنەی ئاوەزی تیاهەڵگر**

### ٢/٣-٢) ڕێڕەو

ئەو جوڵانەی، کە مرۆڤ ڕۆژانە دەیانکات و دەیانبینێت، مرۆڤ دەکاتە خاوەنی ئەزموونگەلێك لەو جوڵانە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك وێنەی ئاوەزی لە شێوەی ڕێڕەوە لە ئاوەزی مرۆڤدا بچەسپێت و دواتر هەمان جوڵە و ڕێڕەو بۆ کەرەستە فیزیکی و ئەبستراکتەکان بە کاربهێنێت و لە سەر هەمان بنەما وشەی لێدروستبکرێت، لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لەو وشە لێکدراوانە دەکرێت، کە وێنای وێنەیی ڕێڕەو لە ناویدا ڕەنگیداوەتەوە:

#### ٢/٣-٢-١) ناوی لێکدراو

ناوی لێکدراو، وەك کەرەستەیەکی گرنگ لە زمانی کوردیدا لە ڕۆنانی هەندێکییاندا وێنای وێنەیی ڕێڕەوی تێدا دەبینرێت، وەك:
١٩- ئەلفوبێ، خوێنبەر، خوێنهێنەر، خواردنی خێرا
ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (١٩) بدرێت، ئەوە درکی پێدەکرێت، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان وێنای وێنەیی ڕێڕەو ڕەنگی تێدا داوەتەوە، کە ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درك بە بوونیان دەکرێت و دەبێتە بنەما بۆ وێناوێنەییەکە، پاش ئەوەی ئاخێوەران ئەزموونیان کرد، چەمکەکەیان بۆ داڕشتووە، لە (ئەلفوبێ) دا، ڕێڕەوەکە لە خاڵی (ا)وە دەستپێدەکات، تا دەگاتە خاڵی کۆتایی، لە (خوێنبەر، خوێنهێنەر)دا هەرچەندە کارکردنیان پێچەوانەیە، بەڵام وێنای وێنەیی ڕێڕەو لە هەردوو نموونەکەدا درکپێدەکرێت، کە سەرچاوەی خوێنەکە دڵە و ڕێڕەوەکە دەمارەکانی لەشی مرۆڤە و ئامانجەکەش هێشتنەوەی مرۆڤە بە زیندوویی، لە نموونەی (خواردنی خێرا)دا وێنای وێنەیی ڕێڕەوە هەستی پێدەکرێت، چونکە کاتێك مرۆڤ وشەی (خێرا) دەبیستێت، خەیاڵی بۆ لای ڕێگە و بان و ڕۆشتن دەڕوات، واتە ڕێڕەوی دەکەوێتەوە بیر.
٢٠-خوڕەی ئاو، ڕەشەبا، دۆڵەڕووت
نموونەکانی (٢٠) لە ڕێگەی ئەو درکپێکردن/تێڕامان و ئەزموونان و بەجەستەکردنانەوە دروستبوون، کە مرۆڤ بۆ وێنای وێنەیی ڕێڕەوە هەیەتی، ئاخێوەرانی کورد لە ڕێگەی هەستی بیستن درکپێکردن و چەمکی بۆ دروستکردوون. لە (خوڕەی ئاو)دا، لێرەدا (خوڕە) وەك ڕێڕەوێك وایە، کە لە سەرچاوەیەکەوە بچێت بۆ ئامانجێك، کە ئەمەش وەك ڕێڕەوە وایە، لە (ڕەشەبا، دۆڵەڕووت)دا، وێنای وێنەیی ڕێڕەو درکپێدەکرێت، چونکە لە هەردووکیاندا ڕێڕەو دەرکەوتوون.
٢١-قاسپەی کەو، حیلەی ئەسپ، پیاوماقوڵ

له نموونەکانی (٢١)دا هەرچەندە، هەرسێکیان وەك کەرەستەیەکی ئەبستراکت دەرکەوتوون، بەڵام مرۆڤ توانیویەتی بە سود وەرگرتن لە کەرەستە فیزیکییەکان، کە وێنای وێنەیی ڕێڕەو تیاندا دەبینرێت، هەریەکە لە وشەکانی (٢١) دابڕێژێت، چونکە لە هەریەکە لە نموونەکاندا هەست بە جۆرێك لە درێژبوونەوەی وەك ڕێڕەو دەکرێت، کە ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە دروستبوون و هەر لە سەر ئەو بنەمایەش ئاخێوەرانی کورد چەمکیان بۆ داڕشتووە و لە زمانەکەماندا ڕەنگیداوەتەوە، کەواتە هەرچەندە کەرەستەکان فیزیکی نین، بەڵام لە کەرەستە فیزیکییەکانەوە وەرگیراون و دروستبوون.

## ٢/٣-٢-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

ڕێڕەو لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا بوونی هەیە و درکپێدەکرێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٢٢-دوودڵ، سەرەڕۆ، ملخوار، کورتەباڵا، بەژنچنار، باڵاعەرعەر

جوڵە فیزیکییەکانی مرۆڤ و دواتر ئەزموون و بەجەستەکردنەکانی بووەتە هۆی داڕشتنی هەریەکە لە نموونەکانی (٢٢)، چونکە لە سەرجەمیاندا هەست بە ڕێڕەو دەکرێت، کە ئەمەش زیاتر لە سەر بنەمای هەستی بینین بنیاتنراو و دروستبووە. لە (دوودڵ)دا، ئاخێوەر دوو ڕێڕەوەی جیاوازی لە بەردەمدایە و نازانێت بۆ کامیان بڕوات، واتە باسکردنە لە دوو ئامانجی جیاواز، لە (سەرەڕۆ)دا، وێنای وێنەیی ڕێڕەوە درکپێدەکرێت، چونکە ئەو وشەیە لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە کەسێك بەردەوام بێت لە ڕۆشتن و ئامانجەکەی دیار نەبێت، لە (ملخوارد) ئاخێوەری کورد توانیویەتی ئەو وێنە ئاوەزییە، کە لە ملی کەسێکدا هەیە، بەڵام ملی لارە، بگوازێتەوە بۆ کەرەستەیەکی پاکەرەوە، کە لێرەدا مل وەك ڕێڕەوەیێك لێیڕنراوە، بەڵام ئەو ڕێڕەوە ڕێك نەبێت، لە نموونەکانی (کورتەباڵا، بەژنچنار، باڵاعەرعەر)، (باڵا)ی مرۆڤ وەك ڕێڕەوێك دەبینرێت، بەڵام لە هەریەکەیاندا، تا ڕادەیەك جیاوازە، چونکە لە (باڵاکورت)دا ڕێڕەوەکە کورتە، بەڵام لە دوو نموونەکەی تردا ڕێڕەوەکە درێژە.

٢٣-یەکتاپەرست

دەکرێت ئەو ڕێڕەوەی، کە باسمانکرد یەك ڕێڕەوە بێت، وەك لە نموونەی (٢٣)دا دەبینرێت، لێرەدا (یەکتاپەرست) بە واتای یەك ڕێگە و ڕێباز هاتووە، واتە ڕۆشتن بە یەك ڕێڕەودا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێك، کە ئەم وێناوێنەیەش لە سەر بنەمای وێناوێنەییە فیزیکیەکە بنیاتنراو و دروستبووە و دواتر لە سەر بنەمای هەردوو چەمکی (یەك) و (پەرستن)، چەمکی (یەکتاپەرست)یان داڕشتووە.

## ٢/٣-٢-٣) کرداری لێکدراو

ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە هۆی شارەزایی و پەیپێبردن/تێڕامان و ئەزموون و درکپێکردنەکانیانەوە توانیویانە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی ڕێڕەو چەندین کرداری لێکدراو دروستبکەن و دایبڕێژن، وەك لە نموونەکانی ژمارە (٢٤) دەبینرێت:

٢٤-ڕێچکەی گرت، ملینا، کەوتەڕێ، جێگیریکرد، تەقەتەقیکرد

ئەگەر لە نموونەکانی (٢٤) بڕوانرێت، دەبینرێت، لە هەریەکێکیاندا ڕێڕەو بوونی هەیە، ئاخێوەران کورد لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درکیانپێکردووە و دروستیان کردووە. لە (ڕێچکەی گرت)دا، (ڕێچکە) هەرچەندە ئەبستراکتە، بەڵام لێرەدا وەك ڕێڕەوێك دەبینرێت، کە کەسێك پێیدا ڕۆشتبێت، لە (ملینا)دا وێنای وێنەیی ڕێڕەوە لەوەدا دەبینرێت، کە کەسێك بە ڕێگەیەکدا بڕوات، بە واتایەکی تر کەسێك لە ڕێڕەوێکدا لە سەرچاوەیەکەوە بەرەو ئامانجێك مل بنێت و بڕوات، لە (کەوتەڕێ)دا ڕێڕەوەکە بریتییە لە (ڕێ)یەکە و کەسێکی پێدا تێپەڕیووە، لە (جێگیریکرد)دا، ئاخێوەر بە ڕێڕەوەکەدا هاتووە و گەیشتووە بە ئامانجەکەی و لە شوێنی گەیشتن بە ئامانجەکەیدا وەستاوە و جێگیربووە، لە (تەقەتەقیکرد)دا، وێنای وێنەییەکە لەو ئەزموونە جەستەییەی مرۆڤەوە دروستبووە،

کە هەنگاو بە هەنگاو بە ڕێڕەوێکدا دەڕوات، واتە هەمان وێنەی ئاوەزی هەنگاوبەهەنگاو بۆ وشەی لێکدراوی تەقەتەق گواستووەتەوە و وشەکە لە سەر هەمان بنەما دروستکردووە.

٢/٣-٢-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

ئەو ئاوەڵکردارە لێکدراوانەی، کە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی ڕێڕەو دروستبوون، زیاتر بریتین لەوانەی، کە لە دووبارەکردنەوەی خودی ئاوەڵکردار و بەشەئاخاوتنەکانی تر زمان دروستبوون، لەبەر ئەوەی زۆربەیان هەمان سیفات و پێکهاتەیان هەیە، بۆیە هەوڵدەدرێت، دوو نموونەیان لەو نموونانە شیبکرێتەوە، کە لە نموونەکانی ژمارە(٢٥) دەخرێتەڕوو:


٢٥-گەزگەز،ماڵبەماڵ، بەسربەسرپێرار، خەتخەت، کونکون، پۆلپۆل، تاقم تاقم، دەستەدەستە، جوان جوان، هێدی هێدی، دەستەبەدەستە، بانەوبان، شاخەوشاخ، ساڵ بە ساڵ، غارغارێن، چوارچوار، سێ سێ، پشتاوپشت، چڵچڵ، قەتقەت، خشەخش

بە وردبوونەوە و تێرامان لە نموونەکانی (٢٥) ئەوە درکیپێدەکرێت، کە لە سەرجەمیاندا ڕێڕەو بوونی هەیە، زۆربەی ڕێڕەوەکانیش بە هێڵێکی ڕاستدا دەڕوات و ئاخیوەرانی کورد توانیویانە لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درکیپێبکەن و لە سەر بنەمای وێناوێنەییە فیزیکییەکە چەمکەکەی دابڕێژن، لە (گەزگەز) دا، ڕێڕەو بوونی هەیە، ئاخێوەر هەنگاو بەو ڕێڕەوەدا ڕۆشتووە، لە (ماڵبەماڵ)دا، ڕێڕەوەێکی خەیاڵی لە ئاوەزی ئاخێوەردا دروستدەبێت، چونکە لە خاڵێکەوە و دەچێت بۆ خاڵێکی تر، یاخود لە ئامانجێکەوە بۆ ئامانجێکی تر دەڕوات.

٢٦-سەربەرەوخوار، سەربەرەوژوور

لە نموونەکانی (٢٦) دا ڕێرەوێك، لەگەڵ جوڵەیەك لە هەرکامێکیاندا درکیپێدەکرێت، کە جوڵەکە بەو ڕێڕەوەدا دەڕوات، بەڵام ئاڕاستەی هەریەکێکیان جیاوازە، چونکە یەکێکیان بەرەو خوارەوەی ڕێڕەوەکە و ئەوی تریان بەرەو سەروەی ڕێڕەوەکە دەچێت، کەواتە ئامانجی هەریەکێکیان پێچەوانەی یەکترە.

ئەگەر سەرنج لە سەرجەم وێناوێنەییەکانی لە جۆری ڕێڕەو بدرێت، ئەو دەبینرێت، کە لەمجۆرەدا هەستی بینین زیاتر بووەتە هۆی بنیادنان و دروستبوونی وێناوێنەیەکانی و دواتر لە سەر هەمان بنەما و پاش ئەزموونکردنیان چەمکەکەیان داڕێژراوە، زۆربەی وێناوێنەییەکانیش ئەبستراکتن و لە سەر بنەمای وێناوێنەییە فیزیکییەکە دروستبوون، بۆ سەرنجدان و وردبوونەوە لە وێنەی ئاوەزی ڕێڕەوە دەتوانرێت سەرنج لە وێنەی (٢) بدرێت.




**وێنەی (٢)**
**وێنەی ئاوەزی ڕێڕەو**

## ٢/٣-٣) خوول

وێنای وێنەیی خوول باسکردنە لەو کەرەستە و ئامڕازانەی، کە بە شێوەی خوول لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیبینین و دواتر بەجەستە و ئەزموونی دەکەین، پاشان هەمان وێنای وێنەیی لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، ئەم جۆرە وێنای وێنەییەش لە بەشێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت و درکیپێدەکرێت، وەك:

٢/٣-٣-١) ناوی لێکدراو

هەندێك لەو ناوە لێکدراوانەی، کە لە زمانی کوردیدا لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی خوول دروستبوون، بریتین لەمانەی خوارەوە:

٢٧-ملپێچ، کەمەربەند

ئەگەر سەرنج لە شێوەی بەستنی (ملپێچ) بدرێت، دەبینرێت بە شێوەیەکی خوول بە دەوری ملدا دەپێچرێت، واتە وەك خوولێکی دووبارە وایە و سەرەتا و کۆتایی هەیە، لە (کەمەربەند)یشدا هەمان خوول هەستیپێدەکرێت، چونکە ئەمیش بە شێوەی خوول دەبەسترێت و هەموو جارێك دەچێتە کۆتایی و پاشان بۆسەرەتا دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش ئاخێوەرانی کورد زیاتر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە ئەزموونیان کردووە و دواتر چەمکەکەیان بۆ داڕشتووە.

٢٨-پەڕۆکۆنە

لە نموونەی (٢٨)دا، سەرنجمان بۆ ئەوە دەچێت، کە کەرەستەیەکە و دووبارە بە کاردێتەوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی کراسێکی کۆن سەر لەنوێ بۆ لەبەرکردن بە کاربهێنرێتەوە، واتە دەچێتەوە هەمان خوولی سەرەتایی(لەبەرکرن، شۆردن، ... لەبەرکردن)، واتە وەك کراسێکی تازە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت، پەڕۆکۆنەش بە هەمان شێوەیە.

٢٩-کاتژمێر

یەکێکە لەو وێناوێنەییە خوولانەی، کە زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، چونکە بەردەوام لە دەستپێکردن و دووبارەبوونەوەدایە، وەك ئەوەی بە سەعات(١) دەستپێدەکات، پاشان خوولەکە بە سەعات(١٢) کۆتایی دێت، دواتر خوولێکی نوێ دەستپێدەکات، کە ئەمەش زۆرجار ئاخێوەران لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درکی پێدەکەن و دواتر لە سەر هەمان بنەما چەمکەکەی بۆ دادەڕێژن.

### ٢/٣-٣-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

ژمارەیەکی کەم لە ئاوەڵناوی لێکدراو لە جۆری خوول لە زمانی کوردیدا درکیانپێدەرکرێت، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموون و بەجەستەکردنانەی، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لەگەڵ ئەم جۆرەی وێنای وێنەییدا بۆ ئاوەڵناوی لێکدراو لە جۆری خوول هەیانە، با سەرنج لە نموونەی (٣٠) بدرێت:

٣٠-پێچاوپێچ

لە نموونەی (٣٠) وێنای وێنەیی خوول دەبینرێت، چونکە کاتێك دەگوترێت(پێچاوپێچ) واتە خوولانەوە بە دەوری کەرەستەیەکدا، ئیتر ئەو کەرەستە فیزیکی بێت، یاخود ئەبستراکت، لە هەموو پێچکردنەوەیەکیشدا دووبارەبوونەوە هەستی پێدەکرێت، کە لێرەشدا ئاخێوەران لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە هەستیان پێکردووە و دایانڕشتووە، پاشان چەمکیان بۆ دروستکردووە.

### ٢/٣-٣-٣)کرداری لێکدراو

لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو کردارە لێکدراوانە دەکرێت، کە لە زمانی کوردیدا لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی خوولانەوە دروستبوون، وەك:

٣١-گلبوونەوە

لە نموونەی (٣١)دا، خوولی دووبارە بوونەوەی تێدایە، واتە سەرەتا و کۆتایی هەیە، چونکە لە نموونەکەدا خوولەکە سەرەتا و کۆتایی هەیە، بە واتایەکی تر، کە خوولانەوەیەك تەواو بوو دیسانەوە خوولانەوەیەکی تر دەسپێدەکات، کاتێك مرۆڤ لە شوێنێکەوە گلدەبێتەوە درك بەم وێناوێنەییە دەکات، کەواتە هەستی بەرکەوتن بنەمای داڕشتنی وێناوێنەییەکە.

٣٢- خلبوونەوە

لە نموونەی (٣٢) کرداری لێکدراوی (خلبوونەوە) لە سەر بنەمانی وێنای وێنەیی خوول دامەزراوە، چونکە هەرکاتێك خوولەکە تەواو دەبێت، دیسانەوە دەست بە خوولێکی تر دەکرێتەوە، واتە گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی سەرەتا،


کە ئەمەش بنەمای دروستبوونی وێنای وێنەیی خوولە، واتە ئەمیش بە هەمان شێوە سەرەتا و کۆتاییان هەیە و خوولەکە جارێکی تر دەسپێدەکاتەوە.
٣٣-دەستاودەستیکرد
کاتێك باس لە وێنای وێنەیی خوول دەکرێت، واتە ڕۆشتن لە خاڵی (ا) بۆ خاڵی (ب) دواتر هەمان خوول دەسپێبکاتەوە، لە نموونەی (٣٣)دا هەمان وێنای وێنەیی درکی پێدەکرێت، چونکە دەستی یەکەم بریتییە لە خاڵی (ا)، دەستی دووەم بریتییە لە خاڵی (ب)، دواتر دیسانەوە هەمان خوول بەردەوام دەبێت.

## ٢/٣-٣-٤)ئاوەڵکرداری لێکدراو

هەندێك ئاوەڵکرداری لێکدراو لە زمانی کوردیدا، بەرچاو دەکەوێت، کە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی خوول دروستبوون، بۆ نموونە:
٣٤-سەرلەنوێ
لە ئاوەڵکرداری لێکدراوی نموونەی (٣٤) باسکردنە لە کارێك، کە جارێکی تر دەستپێبکرێتەوە، واتە وەك خوولێکی دووبارە درکپێدەکرێت، لە (سەرلەنوێ) دا جارێکی تر هەمان کردە دووبارە بووەتەوە هەرچەندە وشەکە بوونێکی فیزیکی نییە، بەڵام ئاخێوەران بە هۆی پەیپێبردن و ئەزموون و بەجەستەکردنەکانیانەوە لە سەر بنەمای وێناوێنەییە فیزیکیەکە بنیاتیانناوە.
٣٥-دەستاودەست
جارێکی تر نموونەی (٣٥) دووبارەبوونەوەی تێدایە، کەواتە مادەم دووبارەبوونەوە هەبوو، ئەو کات دەتوانرێت بگوترێت لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی خوول دروستبوون، چونکە لەم وێناوێنەییەدا دووبارەبوونەوە درکپێدەرکرێت و کەرەستەکانیش لە زماندا هەر لە سەر ئەو بنەمایە بە شێوەی وێنای وێنەیی خوول دروستدەبن.

## ٢/٣-٣-٥)ئیدیۆمی لێکدراو

لە ناو ئیدیۆمە لێکدراوەکانیشدا وێنای وێنەیی خوول دەبینرێت، وەك لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:
٣٦-پێچوپەنا، پەتپەتێن، خۆنوێکردنەوە، تازەبابەت
هەندێکجار لە ئیدیۆمەکاندا واتاکەی بە شێوەی ئەبستراکت دەردەکەوێت، بەڵام ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە سەر بنەمای کەرەستە فیزیکییەکان توانیویانە وێنای وێنەیی خوول لە ئیدیۆمە لێکدراوەکاندا دروستبکەن، لە (پێچوپەنا)دا، وێنای وێنەیی خوول لەوەدا دروستبووە، کە دەچێتە شوێنێك و دواتر دووبارە پێچ دەکاتەوە بۆ هەمان شوێن، لە (پەتپەتێن)دا، خوولەکە دووبارە دەبێتەوە، واتە لە (ا) دەچیت بۆ (ب) و دواتر هەمان خوول دووبارە دەکاتەوە، لە (خۆنوێکردنەوە)دا، واتە ئەو خوولەی پێشتر هەیبوو، جارێکی تر هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، لە (تازەبابەت)یشدا هەمان دیاردە هەستی پێدەکرێت، چونکە بابەتی پێشوو گەیشتووەتە کۆتایی و بابەتی تازە دەستپێدەکاتەوە.
ئەگەر سەرنج لە وێنای وێنەیی خوول بدرێت، لەو وشە لێکدراوانەی، کە شیکراونەتەوە، هەستدەکرێت زۆربەیان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبوون و دوای ئەوەی ئەزموون کراوە چەمکەکەی بۆ داڕێژراوە و لە لایەن ئاخێوەرانی کوردەوە بەکارهێنراون. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لە سەرجەم شیکردنەوەکانی وێنای وێنەیی خوول بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان، لەبەرئەوەی زۆرینەیان وێنای وێنەیی خوولن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی خوولە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لەم وێنە ئاوەزییەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو و پیشان بدرێت.



**وێنەی (٣)**
**وێنەی ئاوەزی خوول**

## ٣/٢-٤) بلۆککردن

هەندێکجار مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك هێز و بەربەست دەبێتەوە، کە توانای شکاندنی ئەو بەربەستانەی نییە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بلۆککردنی، هەمان وێنای وێنەیی لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا درکپێدەکرێت و دەبینرێت، لێرەدا باس لە هەریەکێکیان دەکرێت، وەك:

### ٣/٢-٤-١) ناوی لێکدراو

بلۆککردن لە ناوە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا بریتین لە:

٣٧-کۆتوزنجیر، ماسیگر

ئەگەر سەرنج لە هەریەکەیان بدرێت، تیبینی ئەوە دەکرێت، کە لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبوون، دواتر بە چەمك بوون و لە ئاوەزی ئاخێوەردا چەسپیوون و بە شێوەی فیزیکی دەرکەوتوون، لە (کۆتوزنجیر)دا بووەتە هۆی ئەوەی، کە کەسێك ناتوانێت هیچ جووڵەیەك بکات و بلۆکبکرێت و نەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو هێزەی بلۆکیکردووە ببێتەوە، لە (ماسیگر)دا، لێرەدا (ماسیگر) وەك بەربەستێك بووەتە هۆی جووڵە لە ڕێڕەوەکەدا نەیەڵێت و بە تەواوی بلۆکیبکات.

### ٣/٢-٤-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

بە سەرنجدان لە نموونەی (٣٨) بۆمان دەردەکەوێت، کە وێنای وێنەیی بلۆککردن لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت:

٣٨-دڵڕەنجاو

هەرچەندە وێناوێنەییەکە ئەبستراکتە، بەڵام ئاخێوەران لە ڕێگەی کەرەستە فیزیکییەکانەوە وێنای وێنەیی بلۆککردنیان دروستکردووە، کاتێك کەسێك دەبینێت لە ڕێگەی هەستی بینینەوە تێدەگات، کە ئەو کەسە دڵیڕەنجاوە، چەمکەکەی بۆ دادەڕێژێت، کە (دڵڕەنجاو) مەبەست لەوەیە، کەسێك دڵی کەسێك بشکێنێت و نەیەڵێت ئەو شتە بڵێت، یان بەو ئامانجە بگات، کە دڵی ئەیەوێت و ناچاری دەکات و بلۆکی دەکات.

### ٣/٢-٤-٣) کرداری لێکدراو

کرداری لێکدراو لە زمانی کوریدا بەشێکی لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی بلۆککردن دروستبوون، وەك لەم چەند نموونەی خوارەوەدا بۆمان دەردەکەوێت:

٣٩-گیریخوارد، پەکیکەوت

لە نموونەکانی (٣٩) دا، وێنای وێنەیی بلۆککردن بوونی هەیە، چونکە (گیرخواردن، پەککەوتن)، بە واتای ناچارکردن و بلۆککردنی کەسی بەرانبەر دێت و لە جوڵە و چالاکی خستووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەربەستەکە ڕێڕەوەکە دابخات، کە ئەمە زیاتر وەك وێناوێنەییەکی فیزیکی دەرکەوتووە.

٤٠-دەمیداخست، سڕیکرد، دەستیبەسەرداگرت، لەپێیخست، دەستیبەستەوە، وشکیکرد، بێبەشیکرد، قەتیسیکرد، گەمارۆیدا، بێبەریکرد

ئەگەر لە سەرجەم نموونەکانی (٤٠) بڕوانرێت، وێنای وێنەیی بلۆککردن لە هەریەکێکیاندا دەبینرێت، بە وردبوونەوە و سەرنجدان لە نموونەکان، ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆربەیان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبوون و داڕێژراون، لەبەر ئەوەی زۆربەیان هەمان شیکردنەوەیان هەیە، بۆیە دوو نموونەیان لە بری هەموویان شیدەکەینەوە، لە (دەمیداخست)دا، لێرەدا دەم وەك ڕێڕەوێکە، کە قسەی لێوەدەربێت، بەڵام ئاخێوەر ڕێگری لێکردووە و بلۆکیکردووە، واتە ڕێڕەوەکەی داخستووە، لە (لە پێیخست)دا، کاتێك کەسێك دەیەوێت بڕوات و ڕێڕەوێك دەگرێتەبەر، بەڵام کەسێکی تر ڕێگری لەو ڕۆشتنەی کردووە و بلۆکیکردووە. کەواتە هەمان وێنای وێنەیی فیزیکی بۆ کەرەستە ئەبستراکتەکانیش گواستراوەتەوە.

٢/٣-٤-٤) ئیدیۆمی لێکدراو


بۆ ڕوونکردنەوەی وێنای وێنەیی بلۆککردن لە ئیدیۆمە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا، با لەم نموونەی خوارەوە بڕوانین:

٤٣-کشومات

کاتێك هێزێکی دەرەکی ڕووبەڕووی بەربەستێك دەبێتەوە و ناتوانێت ئەو بەربەستە بشکێنێت، ئەوا وێنای وێنەیی بلۆککردن دروستدەبێت، لێرەدا کشومات بە واتای ئەوە دێت، کە کەسی بەرانبەر لە سەرجەم جوڵەکانی وەستاوە و بلۆککراوە، بەمەش وێنای وێنەیی بلۆککردن بنیاتنراوە، ئاخێوەرانی کورد ئەم وێناوێنەیان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن داڕشتووە و دواتر چەمکەکەیان لە ئاوەزیاندا چەسپاندووە.

بە وردبوونەوە لە زۆربەی نموونەکانی بلۆککردن، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی زیاتر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێناوێنەییەکەیان داڕشتووە و درکیان پێکردووە، کەواتە لەمجۆرەدا ئاخێوەران هەستی بەرکەوتنیان زیاتر لە هەستەکانی تر بۆ دروستکردنی ئەمجۆرە وێناوێنەییە بە کارهێناوە و بەشێکی زۆری نموونەکانیش ئەبستراکتن و ئاخێوەران بە سود وەرگرتن لە وێناوێنەییە فیزیکیەکە دایانڕشتوون.

بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم شیکردنەوەکانی وێنای وێنەیی بلۆککردن بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان لە بەر ئەوەی هەموویان وێنای وێنەیی بلۆککردنن، بۆیە دەکرێت ئەم وێناوێنەییە ئەبستراکت و فیزیکییەکان لە وێنەی ئاوەزی ژمارە(٤) بخرێتەڕوو:



**وێنەی (٤)**
**وێنەی ئاوەزی بلۆککردن**


## ٢/٣-٥) لوتکەی خوول

ئەو خوولانەی، کە مرۆڤ ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەك پلەکانە وان، یەکێك لە پێکهاتەی خوولەکە دەچێتە سەرەوەی خوولەکە دەبێتە لوتکەی خوولەکە، ئەوەی ئێمە سەرنجمان داوە، ئەمجۆرە لە وشە لێکدراوەکاندا، بە زۆری لە ناوی لێکدراودا بوونی هەیە، وەك لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٤٤-شاهەنگ، شاپیاو، شاجوان، شاقۆز

لە هەریەکە لە نموونەکانی (٤٤) وێنای وێنەیی لوتکەی خوول دەبینرێت، لە ناو هەموو هەنگەکاندا، هەنگێکیان بووە بە سەرەکی و لوتکەی خوولەکەی گرتووە بە ناوی(شاهەنگ) ناونراوە، لە (شاپیاو)دا، بەهەمان شێوەیە، واتە لە ناو هەموو پیاوەکاندا، کەسێك هەیە، کە هەموو سیفاتە بەدەنی/جەستەیی و مەعنەوییەکانی پیاوی تێدایە، لەبەرئەوە لوتکەی خوولی سەرجەم پیاوەکانی گرتووە، لە (شاجوان، شاقۆز) دا هەمان لێکدانەوە دەبینرێت،

لوتکەی خوولی (جوان، قۆز)یان گرتووە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە کاتێك ناوی هەریەکە لەو وێناوێنەییان دەبیسترێت، یەکسەر ئاخێوەر تێدەگات، کە ئەو کەسە وەك سەرکردە و گەورە وایە، کۆی ئەو زانیارییە چەمکیانەی بۆ چەمکەکەی دارِشتووە چالاکدەبێت.
دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت هەندێکجار لە ئاوەڵناوەکاندا بە هۆی پلەکانی ئاوەڵناوە، کە بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (تر، ترین)ەوە دروستدەبێت، دەکرێت لوتکەی خوول ببینرێت، بەتایبەتی کاتێك (ترین) بە کاردێت، بۆ نموونە:
٤٥-دڵشکاوترین
لێرەدا مۆرفیمە ڕێزمانییەکە بووەتە هۆی ئەوەی، کە کەسەکە لوتکەی خوولەکە بگرێت و لە چاو ئەوانی تردا دەرکەوتووترین بێت.
بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە سەرجەم وێنەئاوەزییەکانی لوتکەی خوول، با سەرنج لە وێنەی ژمارە(٥) بدرێت، کە هەموو وێناوێنەییەکانی لوتکەی خوولی لە خۆیدا هەڵگرتووە.



**وێنەی (٥)**
**وێنەی ئاوەزی لوتکەی خوول**

## ٢/٣-٦) سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج

لەم جۆرە وێناوێنەییەدا سەرچاوەیەك هەیە، دواتر سەرچاوەکە بە ڕێڕەوەکەدا دەڕوات، لە پێناو ئەوەی بە ئامانجێك بگات، ئەم دیاردەیەش لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

### ٢/٣-٦-١) ناوی لێکدراو

بە ڕوانین لە نموونەی (٤٦) وێنای وێنەیی سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج دەبینرێت:
٤٦-بەفرماڵ
لێرەدا ئەگەر سەرنج لە واتای وشەی (بەفرماڵ) بدرێت، ئەوا لە سەربنەمای وێنای وێنەیی سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج دروستبووە، چونکە سەرچاوەکە بریتییە لە ئامێرەکە و ئەو بەفرەی، کە بە ڕێکی دەیماڵێت، بریتییە لە ڕێڕەوەکە و دواتر بەفرەکە بە زۆری لە شوێنکدا کۆدەبێتەوە، کە ئەوەش ئامانجەکەیە، کەواتە هەرسێ بنەماکەی وێنای وێنەیی سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج،کە بریتییە لە (سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج) تێیدایەتی، کە ئەمەش وێنای وێنەی فیزیکییە، کە ئاخێوەران زیاتر لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درك بەم وێناوێنەییە دەکەن و هەر لە سەر ئەو بنەمایەش چەمکەکەی بۆ دادەڕێژن.

### ٢/٣-٦-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

کۆمەڵێك ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە وێنای وێنەیی سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانجیان تێدایە، وەك
٤٧-سەربەست
لە نموونەی (٤٧) سەرچاوەیەك، ڕێڕەوەیك، ئامانجێك بوونی هەیە، هەرچەندە ئەم وێناوێنەییە فیزیکی نییە، بەڵام ئاخێوەران لە ئەزموونە فیزیکییەکانەوە هەڵیانهێنجاو و وێناوێنەییەکەیان پێدروستکردووە، واتە وێنەئاوەزییەکە، لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانی ئاخێوەرانەوە دروستبووە.
٤٧-کەموکورت، کەموپوخت، گەرموگوڕ

ئەم ئاوەڵناوە لێکدراوانە تا ڕادەیەکی زۆر واتاکانیان لە یەکترەوە نزیکە، لەبەرئەوە(کەموپوخت) لە بری هەموویان شیدەکەینەوە، کاتێك کەسێك دەستدەکات، بە نووسینێك ئەوە سەرچاوەکەیە، دواتر شێوازی نووسینەکەی ڕێڕەوەکەیە، ئامانجی نوسینەکە بریتییە لەوەی، کە بە پوختی بنوسرێت، کەواتە سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکەدا بوونی هەیە و لە سەربنەمای وێنەئاوەزییە فیزیکیەکە دروستبووە و هەستی بینین و بەرکەوتن بنەما بوون بۆ دروستبوونیان، پاشان چەمکەکەیان داڕشتووە.

### ٢/٣-٦-٣) کرداری لێکدراو

لە کردارە لێکدراوەکانیشدا وێنای وێنەیی سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج درکپێدەکرێت، کە ئاخێوەران لە سەر بنەمای وێناوێنەییە فیزیکییەکە بنیاتیانناو، بۆ نموونە:

٤٨–بەیەکگەیشتن، بەفری ماڵی، بەئاواتگەیشت

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە نموونەکانی (٤٨) بۆمان دەردەکەوێت، کە لە هەریەکێکیاندا سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج هەیە، لە (بەیەکگەیشتن)دا، ڕەنگە دوو کەس، یاخود دوو کەرەستە دوای ئەوە ڕێڕەوێکیان بڕیوە لە کۆتایدا بە یەکترگەیشتوون، کە ئەمەش خاڵی کۆتاییە، واتە ئامانجەکەیە، لە (بەفری ماڵ)یشدا، سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج بوونی هەیە، چونکە بریتییە لە کۆکردنەوەی بەفر لە شوێنێکدا، کە ئەمەش لە کۆمەڵێك ڕێڕەوە بۆ ئامانجەکە دێن، لە (بەئاواتگەیشتن)دا، ڕەنگە ئاخێوەر دوای ئەوەی بە یەك ڕێڕەو، یاخود چەند ڕێڕەوێکدا ڕۆشتووە، بە ئامانجەکەی گەشتووە، لە سەرجەم نموونەکانی (٤٨)دا درك بەوە دەکرێت، کە بەریەکەوتنێکی فیزیکی لە نێوان کەرەستەکاندا ڕوویداوە و هەر لە سەر هەمان بنەما چەمکەکەی بۆ داڕێژراوە و لە ئاوەزدا چەسپیووە.


### ٢/٣-٦-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

ئاوەڵناوە لێکدراوەکانیش لە وێنای وێنەیی سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج بێ بەش نین و لە ئەمانیشدا ڕەنگیداوەتەوە، وەك لەم نموونەیەدا دەبینرێت:

٤٩–ساڵیداهاتوو

بە وردبوونەوە لە ئاوەڵکرداری لێکدراوی (ساڵیداهاتوو) ئەوە دەبینرێت، کە ئامانجێك هەیە، لە ساڵی داهاتوودا، لە هەمانکاتدا ڕێڕەوەێك، کە بریتییە لە ڕۆژەکان، سەرچاوەکەشی بریتییە لە سەرەتای ساڵەکە، کەواتە هەرسێ خاڵەکە، کە بریتین لە سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج لە ئاوەڵناوی لێکدراوی (ساڵیداهاتوو)دا هەیە، کەواتە دەبێت ئاخێوەران بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕێڕەوەکەدا هەبێت، ئینجا بە ئامانجەکە دەگەن.

بۆ سەرنجدان و تێگەیشتن لە سەرجەم شیکردنەوەکانی وێنای وێنەیی سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان، چونکە هەموویان وێنای وێنەیی سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانجن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانجە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لە وێنەی ئاوەزی ژمارە (٦) بخرێتەڕوو:




**وێنەی (٦)**

**وێنەی ئاوەزی سەرچاوە –ڕێڕەو– ئامانج**

## ٧-٢/٣) ناچارکردن

ژیان هەمیشە وەك ئەوە ناڕوات، کە دەمانەوێت، بەڵکو هەندێکجار لە لایەن هێزێکەوە ناچاردەکرێین، کە ئەو ڕێڕەو و ئامانجەمان بگۆڕین، بەو ڕێڕەو و ئامانجەدا بڕۆین، کە دوامان لێدەکرێت، هەمان دیاردە لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت.

### ١-٧-٢/٣)ناوی لێکدراو

بۆ نموونە:

٥٠-گوێگر، ناونان، مێشکوژ، شەکرشکێن

لە نموونەکانی (٥٠)دا ئاخێوەر ناچارکراوە، کە داواکارییەك قبوڵبکات، کە ڕەنگە خۆی حەز بەوە نەکات، کە ئەمەش زۆرجار لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە دروستدەبێت، لە (گوێگر)دا ئاخێوەر ناچارکراوە بە گوێگرتن لە ئاخێوەرێکی تر، لە (ناونان)دا، لەبەرئەوەی ئاخێوەر توانای ئەوە نییە، ڕووبەڕووی هێزەکەی دەوروبەری ببێتەوە، بۆیە ناچارکراوە، ئەوە قبوڵبکات، کە ناوی چی بێت، بە واتایەکی تر هێزەکانی دەوروبەر ئەوەندە بەهێزن ئەم توانای ڕووبەڕووبوونەوەیانی نییە و ناچارە بە گوێیان بکات، هەرچەندە لە هەردوو نموونەکەدا هێزەکان فیزیکی نین، بەڵام ئاخێوەران بە هۆی ئەزموون و درکپێکردنەکانیانەوە توانیویانە لە کەرەستە ئەبستراکتەکانیشدا بەکاریان بهێنیت، لە (مێشکوژ)دا هێزێك بووەتە بەربەست لە بەردەم مێشەکەدا ناچار بووەتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی، لە (شەکرشکێن)دا هێزی ئامێری شەکرشکاندنەکە بوتە هۆی شکاندنی هێزی شەکرەکە و ناچاری کردووە بە شکاندنی.

### ٢-٧-٢/٣)ئاوەڵناوی لێکدراو

وێنای وێنەیی ناچارکردن لەم ئاوەڵناوە لێکدراوانەی خوارەوەدا دەبینرێت، کە ئاخێوەران بە هۆی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانیان لەگەڵ کەرەستە فیزیکییەکان بنیاتیانناوە، هەمان وێنەشیان لە زماندا داڕشتووە. بۆ نموونە:

٥١-دەستەوسان، دەستشکاو، سەرمابردە

لە (دەستەوسان)دا ئاخێوەر ناتوانێت ئەو ئامانجەی هەیەتی بەدەستی بێنێت و ناچاکراوە، دەستەوسان بووەستێت، لە (دەستشکاو)دا، دەستی ئاخێوەر نەیتوانیووە ڕووبەڕووی هێزە دەرکییەکە ببێتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی شکاندن و ناچاکردنی بەو شتەی، کە هێزەکە دەیەوێت، لە (سەرمابردە)دا، ئاخێوەر نەیتوانیووە ڕووبەڕووی هێزی سەرما ببێتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە، کە سەرماکە بیبات و سەرمای ببێت، وەك دەبینرێت هەرچەندە هێزی فیزیکی بوونی نییە، بەڵام مرۆڤ بە هۆی ئەزموون و درکپێکردنەکانییەوە درك بەوە هێزە دەکات، کە لە هەریەکێکیاندا هەیە، کە ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە دروستدەبێت، چونکە بەردەوام هێزەکە لە نێوان دوو کەرەستەی جیاوازدایە.

### ٣-٧-٢/٣) کرداری لێکدراو

ژمارەیەکی بەرچاو کرداری لێکدراو لە زمانی کوردیدا هەن، کە لە سەربنەمای وێنای وێنەیی ناچارکردن داڕێژراون، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٥٢-پەکیخست، دەستگیریکرد، دەستیتێخست، چۆکیپێدادا، وازیپێهێنا، بەگوێیکرد، لە کاریخست

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٥٢) بدرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە بەربەستێك هەیە، ڕێڕەوەکەی داخستووە، ناچاریکردووە، ئەوە بکات، کە خۆی دەیەوێت، کەواتە ئەم جۆرە وێناوێنەییە زیاتر لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە بنیاد دەنرێن و هەر ئەوەشە دەبێتە بنەما بۆ دروستبوونی چەمکەکە لە ئاوەزدا. چونکە سەرجەم نموونەکان لە یەکترەوە نزیکن، بۆیە نموونەیەك لە بری هەموویان شیدەکەینەوە، بۆ نموونە لە (وازیپێهێنا)دا، هێزەکە ئاخێوەری

ناچارکردووه، که واز لەو کردەیە بهێنێت، کە دەیەوێت ئەنجامیبدات، بۆیە ئەمیش بە ناچاری وازی هێناوە، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، ئەو هێزەی ڕووبەڕووی بووەتەوە دەکرێت، هێزێکی فیزیکی بێت، یاخود هێزیکی ئەبستراکت بێت و دیار نەبێت.

٥٣- شکستیخوارد، خەوبردییەوە

لە نموونەکانی (٥٣) هێزێکی نادیار هەیە، کە بووەتە هۆی ئەوەی کەسەکە ناچار بێت واز لەو شتە بهێنێت، کە دەیەوێت، لە (شکستیخوارد)، ئەو کارەی، کە ئاخێوەر ویستوێتی بە ئەنجامی بگەیەنێت، نەیتوانییووە و لە لایەن هێزێکی دەرەکیەوە پاڵی پێوەنراو و شکستی پێهێنراوە، لە (خەوبردیەوە)دا، (خەو) ئەو هێزە دەرەکیەیە، کە ئاخێوەری ناچارکردووە، بەو ئاڕاستە بڕوات، کە ئەو دەیەوێت، ئاڕاستەکەی (خەو)یش بریتییە لەوەی ئاخێوەر خەوبیباتەوە.

## ٢/٣-٧-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٥٤-دەستبەسەر

لە نموونەی (دەستبەسەر)دا، ئاخێوەر نەیتوانیووە بە ئامانجەکەی بگات و لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە ناچارکراوە وازی لێبێنێت و دەستبەسەر کراوە، بەمەش وێنای وێنەیی ناچاریی دروستبووە. هەستی بەرکەتن زاڵە و وێناوێنەییەکە لە سەر ئەو بنەما دروستبووە.

٥٥- هەرگیزاوهەرگیز، قەتقەت، هەتاهەتایی.

لە هەریەکە لە نموونەکانی (٥٥) ناچارکردن هەیە، لە (هەرگیزاوهەرگیز، قەتقەت)دا ئاخێوەر ناچارکراوە، کە نەتوانێت هەرگیز کارەکەی بکات، لە نموونەی (هەتاهەتایی)دا ئاخێوەر ناچارکراوە، کە بە درێژایی ژیانی ئەوە کردەیە ئەنجام بدات، کە لایەن هێزیکەوە پێیسپێدراوە، واتە وەك هێزێك بووەتە بەربەست لە بەردەم ڕێڕەوەکەی ئەمدا، بە ناچاری قبوڵیکردووە، چونکە ڕێڕەوەکەی داخستووە.

## ٢/٣-٧-٥) ئیدیۆمی لێکدراو

هەرچەندە ئیدیۆمەکان واتاکانیان لە واتای پێکهێنەرەکانیانەوە بە دەست نایەت، هەربۆیە لە هەندێك لە ئیدیۆمە لێکدراوەکاندا درك بە وێنای وێنەیی ناچاریی دەکرێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:


٥٦-چەقبەستوو، ئالودەبوو، جەرگبڕ، خوێنمژ

بە تێڕامان لە نموونەکانی (٥٦) وێنای وێنەیی ناچار لە هەریەکێکیاندا هەستی پێدەکرێت، لە (چەقبەستوو)دا، دۆخەکە، یاخود ئاخێوەر ناچار کراوە لەو بارەدا بمێنێتەوە و نەتوانێت ڕووبەڕووی هێزەکە ببێتەوە، لە (ئالودەبوون)دا، کاتێك کەسێك مادەیەك دەخوات، یاخود کردەیەك خوی پێوەدەگرێت، دەبێتە هۆی ئەوە نەتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە و ناچاری دەکات بەردەوام ئەوە بکات، کە ئەو دەیەوێت، لە (جەرگبڕ)دا، ئەو هێزەی، کە بووەتە هۆی بڕینی جەرگەکە نابینرێت، چونکە ئەبستراکتە، بەڵام هەست بە بوونی دەکرێت، لە (خوێنمژ)یشدا جارێکی تر وێنای وێنەیی ناچار دەبینرێت، چونکە هێزێکی دەرەکی بووەتە هۆی مژینی خوێنی ئاخێوەر، یاخود ئاخێوەران.

٥٧-دەمیکوتا، نانبڕی، چاولێدان، بەباچوو

لە نموونەکانی (٥٧) ئەو وێناوێنەییە ناچارییە دەبینرێت، کە بووەتە ڕێگر و بەربەست لە بەردەم ڕێڕەوەکەدا، لە (دەمیکوتا)دا، هێزەکە بووەتە ڕێگر لە بەردەمی ئاخێوەردا و ناچاریکردووە بە دەم داخستن، لە (نانبڕی)یشدا جارێکی تر وێنای وێنەیی ناچاری دەبینرێت، چونکە هێزێکی دەرەکی بووەتە، بەربەست لە بەردەم ژیانی ئاخێوەردا و بووەتە هۆی بڕینی نانەکەی، لە (چاولێدان)دا، کاتێك زیندەوەرێك، یاخود هەر کەرەستەیەك جێگەی

سەرنج بێت لە لایەن هێزێکی دەرکییەوە بووەتە هۆی شێواندنی ئەو شێوە سەرنج ڕاکێشەی لە زمانی کوردیدا زۆرجار وشەی لێکدراوی چاولێدانی بۆ بەکاردێت، ئەمەش بە واتای ناچاری دێت، چونکە چاوەکە بووەتە بەربەست لە بەردەم ڕێڕەوەکەدا و لە جوڵەی خستووە، لە (بەباچوو)شدا، دیسان وێنای وێنەیی ناچاری دەبینرێت، چونکە سەرجەم هەوڵەکانی ئاخێوەر لە لایەن هێزێکەوە نەماوە و لە ناوچووە.
لە زۆربەی وێناوێنەییەکانی ناچارکردندا هەستی بەرکەوتن زیاتر دەبینرێت، کە ئەمەش بووەتە بنەما بۆ داڕشتنی چەمکەکانی ناچارکردن لە ئاوەزی ئاخێوەری مرۆڤی کورددا و دواتر لە زمانەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە.
بۆ تێگەیشتن و سەرنجدانی زیاتر لە وێنەی ئاوەزی وێنای وێنەیی ناچارکردن، با سەرنج لە وێنەی ژمارە(٧) بدرێت، کە وێنەی ئاوەزی سەرجەم نموونە شیکراوەکانە.



**وێنەی (٧)**
**وێنەی ئاوەزی ناچارکردن**

## ٢/٣-٨) دژەهێز

کاتێك باس لە دژەهێز دەکرێت، یەکسەر دەبێت خەیاڵمان بۆ لای دوو هێزی یەکسان بڕوات، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەدان، بەڵام هیچکام لەو دوو هێزە ناتوانن یەکتری بشکێن و ناچار لە شوێنێکدا بەرانبەر یەکتر ڕادەوەستن، ئەمجۆرە وێناوێنەییەش لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت، کە لە خوارەوە بە جیا ئاماژە بە هەر یەکێکیان دەکرێت:

### ٢/٣-٨-١) ناوی لێکدراو

هەندێك لە ناوە لێکدراوەکانی زمانی کوردی لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی دژەهێز بنیانراون، وەك نموونەکانی (٥٨)دا دەبینرێت:

٥٨- دووریان، دۆستودوژمن، خێروشەڕ، تەڕووشك

لە سەرجەم نموونەکانی (٥٨) وێنای وێنەیی دژە هێز هەیە، لەبەر نزیکیان لە یەکترەوە دوو نموونەیان شیدەکەینەوە، لە (دۆستودوژمن)دا دوو هێزی جیاواز، کە بریتین لە هێزی (دۆست) و هێزی (دوژمن) ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە لە خاڵێکدا وەستاون، کە ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەی دژە هێز، کە ئاخێوەران بە هۆی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانیانەوە لەگەڵ کەرەستە فیزیکییەکاندا دروستیان کردووە، لە (خێروشەڕ)دا دیسان دوو هێزی یەکسان بەرانبەر یەکتر وەستاون، کە ئەوانیش هێزی (خێر) و هێزی (شەڕ)ە.

### ٢/٣-٨-٢) ئاوەڵناو لێکدراو

لە زمانی کوردیدا بە هەمان شێوەی ناوە لێکدراوەکان ژمارەیەك ئاوەڵناوی لێکدراومان هەیە، کە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی دژە هێز بنیاتنراون و دروستبوون، کە ئەوانیش بریتین لە:

٥٩-ترشوشیرین، تاریکوڕوون

لە نموونەکانی ژمارە (٥٩) دا، وێنای وێنەیی دژەهێز تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە، لە (ترشوشیرین) هەردوو هێزی (ترش، شیرین) ڕووبەڕووی یەکتربوونەوەتەوە، لە (تاریکوڕوون)دا هەردوو هێزی (تاریك، ڕوون) بەرانبەر یەکتر وەستاون، کەواتە لە سەرجەم نموونەکاندا دوو هێزی پێچەوانە بوونی هەیە و بەرانبەر یەکتر لە خاڵێکدا وەستاون.

٦٠-لەشکرشکێن، تۆڵەسێن، تەڕپیر

لێرەدا ئاخێوەر بە هۆی ئەو وێنە ئاوەزییە، کە بۆ دژەهێزە لە ئاوەزیدا دروستیکردووە، وێنای وێنەیی دژەهێزی بۆ هەرسێ نموونەکەی (٦٠) دروستکردووە، لە (لەشکرشکێن)دا، دوو هێز ڕووبەڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، لە (تۆڵەسێن)یشدا دیسانەوە دوو هێز بەرانبەر یەکتری وەستاون، هێزێکیان بریتییە لەو هێزەی، پێشتر شکاوە، هێزکیشیان بریتییە لەو هێزەی، کە پێشتر براوەبووە، لە (تەڕپیر)دا، دیسانەوە هێزی (تەڕ) بەرانبەر هێزی (پیر) ڕاوەستاوە.

## ٢/٣-٨-٣) کرداری لێکدراو

ژمارەیەك کرداری لێکدراو لە زمانی کوردیدا وێنای وێنەیی دژەهێز ڕۆڵی لە داڕشتن و دروستبوونیاندا هەبووە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

٦١-بەرگریکرد، هێرشیکرد، بەهێزبوو، وەڵامیدایەوە، هەوڵیدا

بە وربوونەوە لە نموونەکانی (٦١) دوو هێز لە هەریەکێکیاندا دەبینرێت، لە (بەرگریکرد)دا، هێزەکانی (بەرگر، هێرشبەر) ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، بەڵام لە (هێرشیکرد) هێزەکانی(هێرشبردن، بەرگری) بەرانبەر یەکتر وەستاون، لە کرداری لێکدراوی (بەهێزبوو)دا، ئاخێوەر، یان کەرەستەکە بەهێزبووە بەرانبەر ئەو هێزە، کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، لە (وەڵامیدایەوە)دا، هێزی وەڵامدانەوە و پرسیار بەرانبەر یەکتر وەستاون، یاخود هەندێکجار دەکرێت وەڵامدانەوە بۆ کردارێك بێت، کە بە دڵی ئاخێوەر نەبێت، لە (هەوڵیدا) دوو هێزەکە بریتییە لە هێزی (هەوڵدان) و هێزی (شکست).

٦٢-بەیەکداچوون، بەیەکداهەڵپژان

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٦٢) بدرێت، بە ئاشکرا ئەوە دەبینرێت، کە دوو هێز هەیە، چونکە لە هەردوو نموونەکەدا هەردوو هێزەکە بەیەکداچوون، یاخود بە یەکداهەڵپژان، ئەمەش نەبووەتەوە هۆی شکاندنی هێزێکیان لە لایەن هیچ هێزێکی تریانەوە، بەڵکو تەنها بەرانبەر یەکتر وەستاون.

## ٢/٣-٨-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

لە زمانی کوردیدا و لە ئاوەڵکردارە لێکدراوەکاندا ژمارەیەکیان دەبینرێت، کە لە سەر ئەو بنەمایە دروستبوون و دامەزراون، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

٦٣- هاتوونەهات، لێرەولەوێ، گەورەوبچوك، دەستەوئەژنۆ، حازروبزر

لە دژە هێزدا، ئەو دوو هێزەی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، دەبێت لە بەهێزیی و تواناد یەکسان بن، واتە کەسیان کەسیان نەشکێنێت، ئەگەر لە نموونەکانی (٦٣) بڕوانرێت، هەمان بنەما دەبینرێت، لە (هاتوونەهات)دا هێزی (هاتوو) بەرانبەر هێزی (نەهات) وەستاوەتەوە، لە (لێرەولەوێ)دا دیسانەوە دوو هێز بەرانبەر یەکتر ڕاوەستاون، کە ئەوانیش هێزی (لێرە)یە، لەگەڵ هێزی (لەوێ)، لە سەرجەم نموونەکانی تریشدا هەمان دیاردە دەبینرێت، بەم شێوە هێزە یەکسانەکان لە ئاوەڵکردارە لێکدراوەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و بووەتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی دژەهێز.

## ٢/٣-٨-٥) ئیدیۆمی لێکدراو

لەو ئیدیۆمە لێکدراوانەی، کە بە هۆی دژەهێزەوە دروستبوون، بریتیین لە:

٦٤-مەلابەزێن، بکوژوببڕ، شەڕەدەنوك، شەڕەشۆخ، تێوەگلان، خۆترێن

دەکرێت ئەو دوو هێزەی لە وێنای وێنەیی دژەهێزدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، بە شێوەیەك بێت، کە تەنها لە ئاوەزدا هەست بە بوونی هێزێکیان بکرێت، واتە هێزێکیان دیارە، بەڵام هێزەکەی تریان نادیارە بۆ نموونە لە نموونەکانی (٦٤)دا، لە نموونەی (مەلابەزێن)دا، لێرەدا مەبەست لە هێزێکە، کە ڕووبەڕووی هەموو هێزێك دەبێتەوە

و لە کۆتایشدا دەیەوێت خۆی سەربکەوێت، لە (بکوژوببڕ)یشدا بە هەمون شێوە دوو هێز هەست بە بوونی دەکرێت، هێزێك ڕووبەڕووی هەر شتێك دەبێتەوە، دەیەوێت لە ناوی ببات و بەمەش دژی بەرهەڵستی دەبێتەوە، لە (شەڕەدەنوك)دا هێزی دەنوکەکان بەرانبەر بە یەکتری ڕاوەستاون، لە (شەڕەشۆخ)یشدا بە هەمان شێوە، بەڵام لە (تێوەگلان)دا ڕووبەڕووبوونەوەکە لە نێوان هێزەکاندا بە جۆرێکە، کە لە یەکتر ئاڵاون، لە (خۆترێن)یشدا هێزێك بەرانبەر خودی ئاخێوەر وەستاوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بەردەوام دژی ئەو هێزە بووەستێتەوە و لە ئەنجامدا وێنای وێنەیی دژەهێز دروستبێت.

لە زۆربەی وێناوێنەییەکانی (دژەهێز)دا، ئەوە هەستەی، کە زیاتر دەرکەوتووە و بووەتە بنەمای داڕشتنی وێناوێنەییەکە و چەمکەکەی هەستی بەرکەوتنە، ئەگەرچی لە (ترش وشیرین)دا هەستی تامکردن بنەمای داڕشتنیەتی.

وێنەی ژمارە (٨) ڕوونکردنەوەی سەرجەم وێنەئاوەزییەکانی وێنای وێنەیی دژەهێزە، لەبەر ئەوەی زۆربەی نموونە شیکراوەکان بە ئەبستراکت و فیزیکییەکانەوە لە یەکترەوە نزیکن، بۆیە یەك وێنەی ئاوەزییان بۆ کێشراوە.



**وێنەی (٨)**
**وێنەی ئاوەزی دژە هێز**

## ٣/٢-٩) وێنای وێنەیی لادان

ئەمجۆرە وێناوێنەییە کاتێك دروستدەبێت، کە یەکێك لە هێزەکان بتوانێت هێزەکەی تر لەو ڕێڕەوە لابدات، کە پێیدا تێپەڕدەبێت، لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا، زیاتر لە (ئاوەڵناوی لێکدراو، کرداری لێکدراو)دا دەبینرێت، لە خوارەوە ئاماژە بە هەردووکیان دەکەین و شیاندەکەینەوە:

٣/٢-٩-١) ئاوەڵناوی لێکدراو

لە زمانی کوردیدا وێنای وێنەیی لادان لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکاندا، لەم نموونەی (٦٥)دا دەبینرێت:

٦٥- سەرشکاو، شەوکوێر

لێرەدا دوو هێز ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە و لە ئەنجامدا بووەتە هۆی شکاندنی هێزێکیان، لە (سەرشکاو)دا، هێزی سەر ڕووبەڕووی هێزی تەنێکی تر بووەتەوە و لە ئەنجامدا هێزی (سەر شکاوە)، کە ئەمەش لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبووە، بەڵام لە (شەوکوێر)دا هەستی بینین بنەمای دروستبوونەکەیەتی و هەردوو هێزی (چاو) هێزی (شەو) بەرانبەر یەکتر ڕاوستاون، بەڵام ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی، کە هێزی چاو بشکێت و لە ڕێڕەوەکەی خۆی لابدات و نەتوانێت بە شەودا ببینێت، چونکە شەو سیفاتی تاریکی تێدایە، هێزی چاویش نەیتوانیوە بەرانبەر بەم تاریکییە ڕابوەستێت و لە ئەنجامدا بووەتە هۆی نەبینینی.


٣/٢-٩-٢) کرداری لێکدراو

بەشێکی ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە وێنای وێنەیی لادانیان تێدا دەبینرێت، بریتین لەمانەی خوارەوە:

٦٦-لە ناوبرد، دوورکەوتەوە، بازیدا، دووریخستەوە، لەکۆڵبووەیەوە، بەلاڕێداچوو، پێپیانا

لە هەریەکە لە نموونەکانی (٦٦) وێنای وێنەیی لادان دەبینرێت، لە (لەناوبیردا) هێزەکە ئەو دژەی لابردووە، کە ویستوێتی ڕووبەرڕووی ببێتەوە و لە ناوبردووە، لە (دوورکەوتنەوە)دا، هێزەکە لە هێزەکەی بەرانبەری خۆی لاداوە و لێی دوورکەوتووەتەوە، لە (بازیدا) ئەمجارە هێزەکە بە سەر دژە هێزەکەی بەرانبەریدا بەزیداوە و لێی دەرباز بووە، لە (دووریخستەوە)دا، ئەو هێزەی، کە لە ڕێڕەوەکەدا هاتووەتە بەردەمی ویستوێتی دژی بەوەستێت خۆی لایداوە و دووریخستوەتەوە، لە (کۆڵیبوویەوە)دا، ئەمجارە هێزەکەی خۆی لاچووە، یاخود لە لایەن هێزێکی

دەرەکییەوە لابراوە، هەندێکجار دەکرێت هێزەکە لە ڕێڕەوەکەی خۆی لابدات و بە ڕێڕەوێکی تردا بڕوات، وەك لە نموونەی (بەلاڕێداچوو)دا دەبینرێت، یاخود دەکرێت هێزەکە بە سەر ئەو هێزەدا بڕوات و بیشکێنێت وەك لە (پێپیانا)دا دەبینرێت، کەواتە لە سەرجەم نموونەکاندا دوو هێز هەن، بەڵام هێزێکیان بووەتە هۆی شکاندنی هێزەکەی تر، یاخود خۆی لێ لاداوە و لە ئەنجامدا وێنای وێنەیی لادان دروستبووە، بە وردبوونەوە لە نموونەکان، ئەوە دردکیپێدەکرێت، کە هەستی بەرکەوتن زیاتر زاڵە بە سەر هەستەکانی تردا، هەر ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی وێناوێنەییەکە و پاشان لەو ڕێگەیەشەوە چەمکەکە بنیادنراوە.
ئەگەرچی زۆربەی وێناوێنەییەکانی لادان فیزیکین، بەڵام لە هەندێك بارودۆخدا بە پێی واتای ئینسکلۆپیدییەکەی دەکرێت، بە شێوەی ئەبستراکتیش دەربکەون، بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە سەر وێنەی ئاوەزی لادان، با سەرنج لە وێنەی ژمارە (٩) بدرێت، کە زۆربەی نموونە شیکراوەکانی لادانی لە خۆیدا هەڵگرتووە.



**وێنەی (٩)**
**وێنەی ئاوەزی لادان**

## ١٠-٢/٣) لابردنی بەربەست

دەکرێت ئەو بەربەستەی لە ڕێڕەوەکەدا لە بەردەم هێزەکەدا هەیە، لە لایەن هێزێکی ترەوە لاببرێت و نەمێنێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست، هەمان ئەم وێناوێنەییە لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

### ١-١٠-٢/٣) ئاوەڵناوی لێکدراو

وەك لە نموونەکانی (٦٧) دا دەبینرێت:

٦٧-خەمڕەوێن، خەملابەر، ئازارشکێن، دەستبار

لە هەریەکە لە نموونەکانی (٦٧) دا وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست دەبینرێت، لە (خەمڕوێن)دا هێزێك بووەتە هۆی لابردنی هێزی خەم و لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوە هێزی خەم لە سەر ئاخێوەر نەمێنێت، لە (خەملابەر)یشدا هەمان دیاردە هەستی پێدەکرێت، لەم هەردوو نموونەیەدا بە هۆی هەستی بیستنەوە دروستبوون، بەڵام دوو نموونەکەی کۆتایی بە هۆی هەستی بەرکەوتنەوە پێکهاتوون، لە (ئازارشکێن)یشدا، هێزێکی دەرەکی بووەتە هۆی شکاندنی هێزی ئازار و لە ئەنجامدا هێزی ئازار لە ڕێڕەوەکەدا نەماوە و تیاچووە، لە (دەستبار)دا هەمان وێنای وێنەیی نموونەکانی تر دەبینرێت، دەستبار بە واتای یارمەتیدانی کەسێک دێت لە کارێکدا بەمەش ئەو هێزەی بووتە هۆی شکاندنی هێزی ڕێڕەوەکە، بەو یارمەتی دانە نامێنێت و لە ئەنجامدا هێزەکە سەردەکەوێت.

### ٢-١٠-٢/٣) کرداری لێکدراو

لە کردارە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا بنەماکانی وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست لە هەندێکیاندا دردکیپێدەکرێت و دەبینرێت، بۆ نموونە:

٦٨- دەربازیکرد، دەستیگرت، لەکۆڵیکردەوە، لایەنگریکرد، چالاکیکرد، یارمەتیدا، ئازادیکرد، ئازاریشکاند

لە سەرجەم نموونەکانی (٦٨)دا وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست بوونی هەیە و دردکیپێدەکرێت، لەبەر ئەوەی سەرجەمیان هاوشێوەن بۆیە هەوڵدەدرێت دوو دانەیان شیبکرێتەوە، لە (دەربازیکرد)، ئەو هێزەی، کە بە

ڕێڕەوەکەدا ڕۆشتووە، لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە ڕێگری لێکراوە، بەڵام هێزێکی تر هاتووە بۆ پشتیوانی هێزەکە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕۆشتنەکەی بەردەوام بێت، لە (ئازادیکرد)یشدا هەمان هێز دەبینرێت، کە بووەتە هۆی دەربازکردنی هێزەکە، ئێمە لە ژیاندا زۆرجار ڕووبەڕووی هێزێك دەبینەوە، کە ناتوانین لای ببەین، بەڵام لە لایەن هێزێکی ترەوە کارئاسانیمان بۆ دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست، زۆربەی نموونەکانی (٦٨) بە هۆی هەستی بەرکەوتنەوە دروستبوون و دواتر ئەمەش بووەتە بنەما بۆ داڕشتنی چەمکەکەی لای ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە.


٢/٣-١٠-٣) ئیدیۆمی لێکدراو

وەك لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٦٩-دەستیتێوەردا، دەمیگرت، چاوساغ

لە هەرسێ نموونەی (٦٩) هێزێك هەیە، کە ڕووبەڕووی ئەو هێزە بووەتەوە، کە بووەتە بەربەست لەبەردەم هێزی ڕێڕەوەکەدا، لە (دەستیتێوەردا) هێزەکە یارمەتی هێزی ڕێڕەوەکەی داوە، ئەو هێزەی لابردووە، کە بووەتە ڕێگر لە بەردەم هێزی ڕێڕەوەکەدا، لە (دەمیگرت)یشدا ڕووبەڕووی هەمان هێز دەبێتەوە هەندێکجار مرۆڤ ڕووبەڕووی کەسێك دەبێتەوە، کە ناتوانێت بیشکێنێت، بەڵام مرۆڤێکی تر دێت ئەو هێزە دەشکێنێت و دەمیدادەخات. مرۆڤ زۆرجار ناتوانێت ڕووبەڕووی هێزە نادیارەکانی ببێتەوە وەك ئەوە لە شوێنێکی نەشارەزادا بە دوای شتێکدا بگەڕێت، بەڵام کەسێك دەبێتە هۆی ڕێنیشاندەری و ئەو هێزانە نایەڵێت، کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم گەیشتن بە ئامانجەکەیدا، بەمەش وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست دروست دەبێت، کە لێرەشدا هەستی بەرکەوتن زیاتر لە هەستەکانی تر بووەتە بنەمای وێناوێنەییەکە و چەمکی وشە لێکدراوەکانیش هەر لە سەر ئەو بنەمایە داڕێژراوە.

بۆ تێگەیشتن لە زۆربەی  شیکردنەوەکانی وێنای وێنەیی لابردنی بەربەست بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان، لە بەر ئەوەی زۆربەیان وێنای وێنەیی لابردنی بەربەستن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی لابردنی بەربەستە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لە وێنەی ئاوەزی ژمارە(١٠)دا بخرێتەڕوو.



**وێنەی (١٠)**

**وێنەی ئاوەزی لابردنی بەربەست**

## ٢/٣-١١) وێنای وێنەیی پێوەر

کاتێك باس لە پێوەر دەکرێت، تەرازوومان دێتەپێشچاو، چونکە باسکردنە لە بەرزونزمی کەرەستەکان، ئیتر ئەو کەرەستانە فیزیکی بن، یاخود ئەبستراکت، ئەم وێناوێنەییە لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت، وەك:

٢/٣-١١-١)ئاوەڵناوی لێکدراو

هەندێك ئاوەڵناوی لێکدراومان هەن، کە وێنای وێنەیی پێوەری ڕەنگی تێدا داوەتەوە، بۆ نموونە:

٧٠-مرومۆچ، زۆرزان، کەمڕوو، کەمزان، کەمدەست

کەواتە بە سەرنجدان لە نموونەکانی (٧٠) وێنای وێنەیی پێوەریان تیدا دەبینرێت، کە لەم جۆرە وێناوێنەییەدا زیاتر هەستی بینین دەبێتە بنەما بۆ داڕشتن و دروستبوونیان و دواتر چەمکەکەی لای ئاخێوەرانی زمانی کوردی

دەچەسپێت. لە (مڕومۆچ)دا، دەموچاوی ئاخێوەر لە باری ئاسایی خۆی دەرچووە و بە شێوەیەکی (مڕومۆچ) دەرکەوتووە، لەبەرئەوە لێرەدا ئاخێوەر بە هۆی ئەزموون و درکپێکردنەکانییەوە تێدەگات، کە ئەم کەسە ئەمڕۆ ئاسایی نییە، واتە هەردوو لای پێوەرەکە وەك یەك نییە، لە (زۆرزان)دا، کەرەستەی زیاد لە پێویست بەردەستە، کەواتە لایەکی تەرازووەکە هاوسەنگ نییە، بۆیە درك بە وێنای وێنەیی پێوەر کراوە. لە (کەمڕوو، کەمدەست)تیشدا هەمان وێنای وێنەیی دەبینرێت، بەڵام لێرەدا کەرەستەی کەمتر لە ئاستی پێویست لە بەردەستدایە، کەواتە پێوەرەکە هاوسەنگ نییە.

### ٢/٣-١١-٢)کرداری لێکدراو

بەشێکی کردارە لێکدراوەکان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی پێوەر بنیاتنراوە، لەم نموونانەی خوارەوەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

٧١- ناجێگیربوو، لەقبوو، کێشیدابەزاند

ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕێگەی درکپێکردن و ئەزموون و بەجەستەکردنەکانیانەوە هەریەکە لە کردارەلێکدراوەکانی (٧١) یان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی پێوەر داڕشتووە، لە (ناجێگربوو، لەقبوو)شدا وێنای وێنەیی پێوەر بەهۆی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانی ئاخێوارانەوە دروستبووە، چونکە لە هەردووکیاندا جۆرێك لە ناهاوسەنگی لە نێوان کەرەستەکاندا دەبینرێت، لە (کێشیدابەزاند)دا، دیسانەوە وێنای وێنەیی پێوەر دەبینرێت، چونکە باسکردنە لە دابەزاندن، کە ئەمەش بە واتای هاتنەوە خوارەوەی لایەکی ترازووەکە دێت.

### ٢/٣-١١-٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو

وەك لەم نموونەی خوارەوەدا دەبینرێت و درکپێدەکرێت:

٧٢-بەرزونزم

زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەماندا، چ لەو کەرەستانەی، کە بەهایان هەیە، چ ئەو نەخۆشیانەی، کە ڕووبەڕووی زیندەوەران دەبێتەوە، گوێمان لە وشەی بەرزونزم دەبێتەوە، لە هەردوو بارەکەدا بە واتای ئەوە دێت، کە ئەو دیاردەیە ناهاوسەنگە، واتە ترازووەکە ڕاناوەستێت و بەردەوام سەروخوار دەکات، لەمەشەوە وێنای وێنەیی پێوەر دروستدەبێت، ئەگەر ئەم دیاردەیە توشی جەستەی مرۆڤ بێت، ئەوا زۆربەی هەستەکان درکی پێدەکەن، بەڵام ئەگەر لە کەرەستە فیزیکییەکاندا بێت، ئەوا هەستی بینین درکی پێدەکات و دەبێتە بناغە و بنەما بۆ وێناوێنەییەکە و چەمکەکەشی.


### ٢/٣-١١-٤) ئیدیۆمی لێکدراو

وێنای وێنەیی پێوەر تەنها لەوانەی باسمانکرد درکیپێناکرێت، هەندێکجار و لە هەندێك لە ئیدیۆمە لێکدراوەکانیشدا، هەمان وێنای وێنەیی دەبینرێت، وەك:

٧٣- باری لارە، باری نییە، خەمگران، بارگران

لە هەموو نموونەکانی (٧٣)دا وێنای وێنەیی پێوەر دەبینرێت، لە (باری لارە)، واتە پێوەرەکەی ژیانی هاوسەنگ نییە و بە لایەکدا لارە، لە (باری نییە) واتە بەردەوام ئەمسەر وئەو سەر دەکات و لە شوێنێکدا هاوسەنگ نابێت، لە (خەمگران)یشدا، کە لێرەدا گران بە واتای قورس و زۆر هاتووە، دیسانەوە وێنای وێنەیی پێوەر دەبینرێت، لە (بارگران)یشدا دیسانەوە وێنای وێنەیی پێوەر دەبینرێت، هەرچەندە سەرجەم نموونەکان ئەبستراکت، بەڵام ئاخێوەران بە هۆی تێڕامان و بەجەستەکردن و درکپێکردنەکانیانەوە، توانیویانە لە ڕێگەی کەرەستە فیزکییەکانەوە، لە ئەمان تێبگەن و چوارچێوەیان بۆ دیاری بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی لە وێنای وێنەیی پێوەردا هەستی بینین دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ داڕشتنی وێناوێنەییەکە، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە وێنەی ئاوەزی پێوەر لە نموونە شیکراوەکاندا، با سەرنج لە وێنەی ژمارە (١١) بدەین.



**وێنەی (١١)**
**وێنەی ئاوەزی پێوەر**

### ٢/٣-١٢) وێنای وێنەیی هاوسەنگی

بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤ پەیوەندی بە هاوسەنگییەوە هەیە، چونکە هەر کات مرۆڤ لە جەستەیدا توشی کێشەیەك ببێتەوە هاوسەنگی تێکدەچێت، ئەمەش بووەتە ئەزموونێك بۆ مرۆڤ و لە زمانەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم ڕەنگدانەوەش لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە هەوڵدەدرێت لە سەر هەمان بنەما شیکردنەوە بۆ هەندێك لەو وشە لێکدراوانە بکرێت، کە لەسەر بنەمای ئەم وێناوێنەییە دروستبوون.

٢/٣-١٢-١) ناوی لێکدراو

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٧٤- فڕوفێڵ، هێشوەترێ، دەستەخوشك

ئەگەر لە نموونەکانی (٧٤) بڕوانرێت، ئەوا وێنای وێنەیی هاوسەنگی تێدا دەبێنرێت، کەواتە هەستی بینین بووەتە هۆی داڕشتنی ئەم جۆرە لە وێنای وێنەیی، لە (فڕوفێڵ)دا لە سەرجەم ئەو کارە خراپانەی، کە ئاخێوەر دەیکات، کۆکراوەتەوە تیشکۆکە زیاتر لە سەر فێڵکردنەکانیەتی، لە (هێشوەترێ، دەستەخوشك) دا، لێرەدا وێنای وێنەیی هاوسەنگی توشی گۆڕانکاری بووە، چونکە سەرجەم ترێ و خوشکەکان لە شوێنێکدا یەکیانگرتووە، بەمەش وێنای وێنەیی هاوسەنگی نێوان دوو تەوەر دروستبووە.

٢/٣-١٢-٢) ئاوڵناوی لێکدراو

لە ئاوەڵناوی لێکدراودا کۆمەڵێك ئاوەڵناو دەبینرێت، کە ئاخێوەران لە ڕێگەی درکپێکردن و پەیپێبردن و ئەزموون و بەجەستەکردنەکانیانەوە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی هاوسەنگی دایانڕشتووە، وەك چۆن لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٧٥-لەسەرخۆ، زۆرخۆر، کەمخۆر، ڕەشبین، هەستبزوێن

لە هەندێکجار لە وێنای وێنەیی هاوسەنگیدا تیشکۆکە لە سەر بەشێکی گرنگی کەرەستەکە، یاخود خوێکی دیاری کەسەکەیە، لە نموونەکانی (٧٥) دا، ئەگەر لێیان وردببینەوە هەمان حاڵەت دەبینرێت، بۆ نموونە لە (لەسەرخۆ)دا، هەموو تیشکۆکان لە سەر لەسەرخۆی و ئارامی ئەو زیندەوەرەیە، کە ئاخێوەر مەبەستێتی، لە نموونەکانی تریشدا هەمان لێکدانەوە درکپێدەکرێت، لە (هەستبزوێن)دا، لە ناو زۆربەی دیاردە و زیندەوەر و کەرەستەکاندا، دانەیەکیان زیاتر لە هەموویان هەستی مرۆڤ دەبزوێنێت، لەبەرئەوە زۆترین تیشکۆ لەسەر ئەوە، بەمەش وێنای وێنەیی تەوەری هاوسەنگی دروستبووە، کەواتە بەم پێیە بێت سەرجەم هاوسەنگییەکان لە یەك تەوەردا کۆدەبنەوە و تیشکۆکە بە زۆری دەچێتە سەر ئەوەیان.

٧٦-هاتوچۆ، تەڕوتازە، توندوتۆڵ


لە هەندێك لە وێناوێنەییە هاوسەنگییەکاندا، تەوەرەکان بۆ دوو تەوەر دابەش دەبن دواتر لە خاڵێکدا یەکدەگرن، وەك چۆن دوو شەقامی تەنیشت یەکتر لە فولکەیەکدا بە یەکدەگەن، هەمان حاڵەت لە نموونەکانی (٧٦)دا دەبینرێت، کە ڕاستە وشەکانی ناو کەرەستە لێکدراوەکە جیاوازن، بەڵام لەیەکترەوە نزیکن و دواتر خاڵێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و یەکدەگرن.


### ٢/٣-١٢-٣) کرداری لێکدراو
کردارە لێکدراوەکانیش لە بەشێکیاندا وێنای وێنەیی هاوسەنگی دەبینرێت، بۆ نموونە:
٧٧- هاتنەوەیەک، یەکتریانئاشتکردەوە
دەکرێت وێنای وێنەیی هاوسەنگی لە هەندێک باردا وەک خۆی نەمێنێتەوە و توشی گۆڕانکاری ببێت، ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (٧٧) بدرێت، هەمان وێنای وێنەیی دەبینرێت، لە (هاتنەوەیەک) دوو کەرەستەی جیاواز هەبووە و دواتر لە خاڵێکدا یەکیان گرتووە، لە (یەکترئاشتکردەوە)دا هەمان بنەما دەبینرێت، واتە دوو کەسی جیاواز، یاخود دوو وڵاتی جیاواز یەکتریان ئاشتکردوەتەوە و بەمەش تیشکۆکەکە چووەتە سەر ئاشتکردنەوە، کە سەرجەمی ئەمانە ئەزموون و بەجەستەکردنەکانی مرۆڤ دەستی هەبووە لە دروستبوونیاندا.
٧٨- لاریکردەوە، کۆنترۆڵیکرد
هەندێکجار دەکرێت وێنای وێنەیی هاوسەنگی لەوەوە دروست بێت، کە دوو لاکە یەکسان نەبن، ئەوکات مرۆڤەکە توشی کێشە دەبێتەوە، وەک لە (لاریکردەوە)دا هەستیپێدەکرێت، یاخود دەکرێت مرۆڤ بتوانێت بە سەر هەردووکیاندا زاڵ بێت، وەک لە (کۆنترۆڵیکرد) دەبینرێت، کەواتە مرۆڤ یەکەمجار لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە وێناوێنەییەکەی ئەزموون کردووە و دواتر بۆ کەرەستەکانی تری گواستوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە زماندا ڕەنگبداتەوە.

### ٢/٣-١٢-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو
بەشێکی ئاوەڵکردارە لێکدراوەکانیش وێنای وێنەیی هاوسەنگیان تێدادەبینرێت و درکیپێدەکرێت، بۆ نموونە:
٧٩-یەکبەیەک، دووبەدوو
لە وێنای وێنەیی هاوسەنگیدا دەکرێت، دوو تەوەر لە خاڵێکدا بە یەکتر دەگەن، وەک لە نموونەکانی (٧٩)دا بە دیدەکرێت، ئەگەر سەرنج لە هەردوو نموونەی (یەکبەیەک، دووبەدوو) بدرێت، دەبینرێت هاوسەنگییەک لە نێوان کەرەستەکاندا هاتووەتە خوارەوە و دواتر لە سەر یەک خاڵ ڕێککەوتوون، کە بریتییە لە (یەکبەیەک، دووبەدوو) وەک چۆن لە جۆلانەکەدا دوو پەت هاتبوونەوە خوارەوە دواتر لە یەک خاڵدا بە یەکتر گەشتبوون.
٨٠-زۆرخێرا، زۆرزۆر
هەندێکجار کەرەستەیەک، یاخود دیاردەیەک، هێندە زەقدەبێتەوە هەموو تیشکۆکان بۆ ئەو دەچن، بەمەش وێنای وێنەیی هاوسەنگی دروستدەبێت، وەک لە نموونەکانی (زۆرخێرا، زۆرزۆر)دا دەبینرێت، کەواتە هەموو تیشکۆکە لە هەردوو وشەکەدا لە سەر (زۆر)ەکەیە، چونکە دەرکەوتووترین تێیاندا.

### ٢/٣-١٢-٥) ئیدیۆمی لێکدراو
وەک لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دەبینرێت:
٨١-دووزمان، ساردوگەرم
لە هەردوو ئیدیۆمە لێکدراوەکانی (٨١)دا وێنای وێنەیی هاوسەنگی لە جۆری هاوسەنگی دوو تەوەر دەبینرێت، ڕاستە دوو کەرەستەکە جیاوازن، بەڵام هەردووکیان یەک خاڵیان مەبەستە، لە (دووزمان)دا کەرەستەکە (زمان) یەک دانەیە، بەڵام دوو ئەرکی جیاواز دەکات، لە (ساردوگەرم)دا مەبەست لە (شلەتێنە)، چونکە ئەو جۆرە ئاوە هەم ساردە و هەمیش گەرمە.
٨٢-زۆربڵێ، دەمارگیر
هەندێکجار یەکێک لەو سیفاتانەی، کە لە ئاخێوەردا هەن، دەبێتە تیشکۆ و کەسەکەی پێدەناسرێتەوە، واتە کۆی سیفاتەکان لە سیفاتێکی دیاردا دەردەکەون بەمەش وێنای وێنەیی هاوسەنگی دوو تەوەر دەردەکەوێت، وەک لە (زۆربڵێ، دەمارگیر)دا دەردەکەوێت.

ئەگەر سەرنج لە زۆربەی نموونە شیکراوەکانی هاوسەنگی بدرێت، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەیان لە سەر بنەمای هەستی بینین و بەشێکیشیان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبوون، چونکە ئاخێوەرانی کورد زۆرجار لە ڕێگەی بینینی دیاردەکانەوە دەتوانن بڕیار لە سەر هاوسەنگیان بدەن.
وێنەی ژمارە (١٢) وێنەی ئاوەزی زۆربەی نموونەی شیکراوەکانی هاوسەنگیمان بۆ ڕووندەکاتەوە.





**وێنەی (١٢)**
**وێنەی ئاوەزی هاوسەنگی**

## ١٣-٢/٣) وێنای وێنەیی گۆڕانکاری

لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەنی تەنها هەستێك نییە، بۆیە ئاساییە لەگەڵ گۆڕینی هەر هەستێکدا گۆڕانکاری لە واتای کەرەستەکانیشدا ڕوودات، چونکە لێکدانەوەی هەستەکان بۆ کەرەستەکان وەك یەك نییە، لەم کاتەشدا وێناوێنەییەکان توشی گۆڕانکاری دەبن، چونکە سەرچاوەی دروستبوونی وێناوێنەییەکان بریتیین لە هەستەکان، دوای ئەوەی هەستەکان ئەزموون و بەجەستەی دیاردەکان دەکەن، وێناوێنەییەکان دروستدەبن، کەواتە ئاساییە ئەگەر وێناوێنەییەکان بگۆڕدرێن، ئەم حاڵەتەش لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێن، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکرێت:

### ١-١٣-٢/٣) ناوی لێکدراو

هەندێك لە ناوە لێکدراوەکان بریتین لەو ناوانەی، کە لە ڕێگەی گۆڕانکاری وێناوێنەییەکانەوە دروستبوون، وەك:
٨٣-دوامەنزڵ، ڕۆڤار، دەستکەوتن
لە نموونەکانی (٨٣)دا وێنای وێنەیی فۆکەسی خاڵی کۆتایی دەبینرێت، چونکە تیشکۆکە زیاتر لە سەر ئەوە، لە (دوامەزڵ)دا، بە درێژای ئەو ڕێگەی کە تراجیکتۆر لە سەر لاندمارکدا بڕیوێتی، هیچیان وەك دوا شوێن سەرنج ڕاکێش نەبووە، چونکە لەوێدا سنوری لاندمارك تەواو بووە و تراجیکتۆر وەستاوە، لە (ڕۆڤار)یشدا ئەو ڕێڕەوەی کە (ڕۆژنامە، گۆڤار)ی پێدا هاتووە، لە خاڵێکدا یەکیانگرتووە و تیشکۆکە بۆ سەر ئەو خاڵە بووە، کە بریتییە لە (ڕۆڤار)، ڕەنگە مرۆڤ بەردەوام هەوڵبدات بۆ گەیشتن بە ئامانجێك لەم کاتەدا خۆی وەك تراجیکتۆر و ڕێگەکانی بەردەمی وەك لاندمارك دەردەکەون،کە گەیشتە ئەوەی بە دەستهێنا ئەو کاتە ڕادەستێت، ئەمەش دەبێت بە فۆکەسی خاڵی کۆتایی، وەك لە ناوی لێکدراوی (دەستکەوت)دا دەبینرێت.
٨٤-ڕەشبەڵەك
هەندێکجار لە دوورەوە سەیری دیاردەیەك دەکرێت، وێنەکەی جیاوازترە لەوەی، کە لە پێشەوە سەیربکرێت، لەم کاتەدا وێنای وێنەیی چەندایەتی بۆ بارستە دروستدەبێت، ئەگەر سەیری (ڕەشبەڵەك)یش بکرێت، هەمان دیاردەی تێدا دەبینرێت، زۆرجار گوێمان لێدەبێت، کە لە دوورەوە سەیری کۆمەڵێك کەس دەکرێت، کە وەستاون، دەگوترێت، چییە ئەڵێی ڕەشبەڵەکە، بەڵام لە نزیکەوە سەیردەکرێت، ڕەنگە وانەبێت.
٨٥-جوانکار، کارگێڕ، باگردێن
ئەگەر لە نموونەکانی (٨٥) بڕوانرێت، سێ وێنای وێنەیی جیاوازی گۆڕانکاری دەبینرێت، بە جۆرێك لە (جوانکار)یدا وێنای وێنەیی ڕووپۆشکردنی ڕێڕەو دەبینرێت، چونکە (جوان) وەك تراجیکتۆر بووەتە هۆی ئەوەی ڕووی کارەکە وەك (لاندمارك) دابپۆشێت، واتە (جوان) لێرەدا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە بووەتە هۆکاری داپۆشینی

سەرجەم سیفاتەکانی کاری لاندمارک، لە (کارگێڕ)دا وێنای وێنەیی ڕەنگدانەوە دەبینرێت، چونکە سەرجەم کار کارگێڕییەکان لەو وشەیەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەندێکجار دەکرێت تراجیکتۆر بەسەر لاندمارکدا بسوڕێتەوە وەك لە ناوی لێکدراوی (باگردێن)دا دەبینرێت.

### ٢/٣-١٣-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٨٦-ڕەنگزەرد، گەچکاری

لە هەردوو ئاوەڵناوی لێکدراوی نموونەی (٨٦) وێنای وێنەیی ڕووپۆشکردنی ڕێڕەو دەبینرێت، چونکە لە (ڕەنگزەرد)دا، ڕەنگی (زەرد) کە وەك تراجیکتۆرە زۆربەی ڕووی ئاخێوەر، لاندماریکی داپۆشیوە، خۆی زیاتر دەرکەوتوە، لە (گەچکاری)یدا، (گەچ) کە ڕەنگی سپییە، زۆربەی لاندمارك/دیوارەکان دادەپۆشێت و بەمەش وێنای وێنەیی ڕووپۆشکردن دەردەکەوێت.

### ٢/٣-١٣-٣) کرداری لێکدراو

لە کردارە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا، دیسانەوە ژمارەیەك کرداری لێکدراو دەبینرێت، کە لەسەر بنەمای وێنای وێنەیی گۆڕانکاری دروستبوون، وەك:

٨٧-چارەنوسی دیاریکرد، بە ناویکرد، بەدەستیهێنا، بۆیەکبوون، وازیهێنا.

لێرەدا وێنای وێنەی گۆڕانکاری لە جۆری فۆکەسی خاڵی کۆتایی دەبینرێت، چونکە لە سەرجەم نموونەکاندا تیشکۆ لە سەر ئەو خاڵەیە، کە بەدەستهاتووە، بۆیە دوو نموونە شیدەکرێتەوە، لە بری سەرجەم نموونەکان، لە (چارەنوسی دیاریکرد)دا، تیشکۆ زیاتر بریتییە لە دیاریکردنی چارەنوسی تراجیکتۆر، کاتێك تراجیکتۆر بە سەر لاندمارکدا سوڕاوەتەوە، لە ئەنجام ئەمەدا چارەنوسی دیاریکراوە و تیشکۆکە چووەتە سەر چارەنوسە دیاریکراوەکە، بەڵام دەکرێت هەندێکجار بە وازهێنانی تراجیکتۆر تیشکۆکە بکەوێت سەر ئەو وازهێنانە وەك لە (وازهێنا)دا دەبینرێت.

٨٨- لەیەکچوون

هەندێکجار دەکرێت تراجیکتۆر و لاندمارك وەك یەك بن لەم کاتەشدا ڕێڕەوی یەك ڕەهەندی دروستدەبێت، واتە ڕێڕەوی درێژکراوە/تراجیکتۆر لەگەڵ ڕێڕەوەی یەك ڕەهەندی/لاندمارك وەك یەك دەبن، ئەمەش لە نموونەکانی (٨٨)دا دەبینرێت، چونکە تراجیکتۆر بە یەکسانی بە درێژایی لاندمارك ڕۆیشتووە.

٨٩-خوولیخوارد

دەکرێت لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا تراجیکتۆر بە دەوری لاندمارکدا خوول بخوات و بسوڕێتەوە، بەمەش وێنای وێنەیی خولانەوە دروستدەبێت.

### ٢/٣-١٣-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

ئاوەڵکردارە لێکدراوەکان، لە زمانی کوردیدا بەشێکیان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی گۆڕانکاری دروستبوون، لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

٩٠-پاکنوس

لێرەدا وێنای وێنەیی فۆکەسی خاڵی کۆتایی دەبینرێت، چونکە ئاخێوەر دوای ئەوەی چەندین نوسخەی نوسیووە لە کۆتاییدا پاکنوسی کردووە، کەواتە تیشکۆکە لە سەر ئەو ئەنجامەیە، کە بە دەستهاتووە، لێرەدا ئەنجامەکە بریتییە لە (پاکنوس).

٩١-زۆرشەو، کەمشەوە

له هەردوو نموونەکەی (٩١) وێنای وێنەیی ڕەنگدانەوە دەبینرێت، چونکە کە دەگوترێت (زۆرشەو) ئەوا مەبەست لەوەیە بەشێکی زۆری شەوەکان، کەواتە مادەم بەو شێوەیە زۆر شەوەکە لە هەموو شەوەکاندا ڕەنگیداوەتەوە،بەهەمان شێوە بۆ (کەمشەو)یش بە هەمان جۆرە.

٢/٣-١٣-٥) ئیدیۆمی لێکدراو

وەك لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دەبینرێت:

٩٢-چاوحیز، بەدەموپل


ئەگەر لە نموونەی (٩٢) بڕوانین، دەبینین وێنای وێنەیی ڕەنگدانەوەی تێدا دەبینرێت، چونکە (چاو) لێرەدا بووەتە نوێنەری ئاکاری ئاخێوەر، لە (بەدەموپل)یشدا هەمان وێناوێنەیی دەبینرێت، چونکە دەموپلی کەسەکە بووەتە نوێنەری سەرجەم هەڵسوکەوتەکانی.

٩٣-ئاخیرشەڕ، ئاخیرخێر، دڵمردوو

لە هەر سێ نموونەکەی (٩٣)دا فۆکەسی خاڵی کۆتای دەبینرێت، چونکە تراجیکتۆر لە کۆتایی لاندمارکدا زیاتر دەرکەوتووە، ئەو سیفاتانەی دراوەتە پاڵ، کە لە کەسەکەدا هەیە، تیشکۆکەش بە زۆری لە سەر ئەوانە.

بە وردبوونەوە و سەرنجدان لە زۆربەی نموونەکان، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە زۆربەی وێناوێنەییەکان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستبوون، چونکە لە زۆربەیاندا بەرکەوتن لە نیوان کەرەستەکاندا دروستبووە، دواتر ئەمەش بووەتە بنەما، کە ئاخێوەران چەمکەکەشی بۆ دابڕێژن.

دەکرێت وێنەی ئاوەزی زۆربەی نموونە شیکراوەکانی گۆڕانکاری لە وێنەی ژمارە (١٣) بخرێتەڕوو، چونکە زۆربەی وێناوێنەییە فیزیکی و ئەبستراکتەکان هەر لە سەر هەمان بنەما دروستبوون و شیکراونەتەوە.



**وێنەی (١٣)**
**وێنەی ئاوەزی گۆڕانکاری**

## ٢/٣-١٤) وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان

مەبەست لەو وێناوێنەییانە، کە زۆرجار مرۆڤ دەسەڵاتی لەو کردەی، کە بەسەری هاتووە نییە، بەڵکو لە لایەن هێزێکی نادیارەوە بە سەریدا سەپێنراوە، ئەم حاڵەتەش لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت، لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

٢/٣-١٤-١) ئاوەڵناوی لێکدراو

ئەگەر لە زمانەکەمان بڕوانین، ژمارەیەك ئاوەڵناوی لێکدراو لە جۆری وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان دەبینرێت، کە ئاخێوەران لە ئەزموون و بەجەستەکردن و پەیپێبردن و درکپێکردنەکانییەوە دروستیانکردووە، بۆ نموونە:

٩٤- ڕووگرژ، شێتوشەیدا، بەختڕەش، دڵخۆش

لە هەریەکە لە نموونەکانی (٩٤)دا وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان هەیە، لەبەرئەوەی سەرجەمیان وەك یەکە ئێمە دوو دانەیان شیدەکەینەوە، لە (ڕووگرژ)دا هۆکارێکی نادیار وایکردووە، کە ڕووی کەسەکە گرژ بێت و هۆکارەکەش نازانرێت، لە (دڵخۆش)یشدا هەمان دیارە دەبینرێت، چونکە هۆکاری دڵخۆشیەکە نازانرێت چییە، لەمەشەوە وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان دروستبووە.

### ٢/٣-١٤-٢) کرداری لێکدراو

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە:

٩٥-دڵیشکا، شەرمیشکا، ئارامیگرت، بەربوو

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە کردارە لێکدراوەکانی نموونەی (٩٥) وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان دیارە و درکپێیدەکرێت، لە (دڵیشکا، شەرمیشکا) هێزێکی نادیار بووەتە هۆی شکاندنی هەریەکە لە (دڵ، شەرم) هەرچەندە هیچکام لەمانە ناشکێنرێن، بەڵام ئاخێوەر لە ڕێگەی درکپێکردنەکانیەوە لە وێناوێنەییە فیزیکییەکەوە، هەمان وێنەی بۆ ئەمانیش دروستکردووە، لە (ئارامیگرت)دا، دیسانەوە هێزێکی نادیار وای لە ئاخێوەر کردووە، کە ئارام بگرێت، لە (بەربوو)شدا هەمان دیاردە هەستی پێدەکرێت.

### ٢/٣-١٤-٣) ئیدیۆمی لێکدراو

وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان لە ئیدیۆمەکانیشدا دەبینرێت، وەك:

٩٦-خواپێداو، دەستبڕ

لە (خواپێداو)دا کەسێك بە هۆی هێزێکی نادیارەوە، ڕەنگە بەختی هەبێت، یاخود دەوڵەمەند بێت، کە ئەمەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێیدەڵێن خواپێداو، لە (دەستبڕ)دا هەرچەندە لێرەدا (بڕین) بە واتا فەرهەنگییەکەی خۆی بەکارنەهاتووە، مەبەست لەوەیە، کەسێک لە لایەن کەسێکی تر بخەڵەتێنرێت، کە نازانرێت چ هۆکارێك پاڵیپێوەدەنێت بۆ ئەوەی ئەو کردەیە ئەنجامبدات، کەواتە لێرەشدا هێزەکە نادیارە و دەرنەکەوتووە.
ئەگەر لە نموونە شیکراوەکانی وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان بڕوانین، ئەوا درك بەوە دەکرێت، کە لە سەر بنەمای هەستی بیستن بنیاتنراوە، چونکە ئاخێوەر بە بیستنی هەریەکە لە وشە لێکدراوەکان تێدەگات، کە مەبەست لە چییە، هەرئەمەشە بووەتە هۆی دارشتنی چەمکەکەی لە ئاوەزدا و دواتر وێنە ئاوەزییەکەی بۆ دروستبووە، بۆ تێگەیشتن لە وێنە ئاوەزیەکەی، با سەرنج لە وێنەی ژمارە (١٤) بدرێت.



**وێنەی (١٤)**
**وێنەی ئاوەزی دەسەڵاتپێدان**

## ٢/٣-١٥) وێنای وێنەیی بەرکەوتن

هەندێکجار کەرەستەکان ناتوانن بە تەنها بن، بەڵکو بەرکەوتن لە نێوانیاندا ڕوودەدات، بەمەش وێنای وێنەیی بەرکەوتن دروستدەبێت، وەك لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت.

### ٢/٣-١٥-١) ناوی لێکدراو

وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

٩٧- بەفراو، چەرمەگا، گوڵەگەنم، گەڵامێو، ماچوموچ، کولێرەبەڕۆن

لە هەموو نموونەکانی (٩٧) بەرکەوتن لە نێوان کەرەستەکاندا دروستبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی وێنای وێنەیی بەرکەوتن بێتە ئاراوە، سەرجەمی نموونەکان یەك مەبەست دەگەیەنن، بۆیە تەنها دوو دانەیان شیدەکرێتەوە، لە (گوڵەگەنم)دا بەرکەوتن لە نێوان (گوڵ، گەنم)دا ڕویداوە و بەریەکتری کەوتوون، لە (کولێرەبەڕۆن)یشدا بەرکەوتن لە نێوان (کولێرە، ڕۆن)دا دروستبووە، بەمەش وێنای وێنەیی بەرکەوتن دروستبووە.

٢/٣-١٥-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

بۆ نموونە:

٩٨-ڕەشوسپی، سوربەڵەك

لە هەردوو نموونەکانی (٩٨)دا بەرکەوتن لە نێوان کەرەستەکاندا ڕوویداو، لە (ڕەشوسپی)دا بەرکەوتن لە نێوان(ڕەش، سپی)دا ڕوویداوە و بەریەکتری کەوتوون، لە (سوربەڵەك)یشدا بە هۆی بەرکەوتن لە نێوان (سور، پیست)دا بووەتە هۆی ئەوەی ڕەنگی سوربەڵەك دروستبێت، واتە بەرکەوتنەکە لە نێوان ڕەنگی سور و پیستەکەدا ڕوویداوە.

٢/٣-١٥-٣) کرداری لێکدراو

ئەگەر لە نموونەی (٩٩) بڕوانرێت، دەبینرێت بەرکەوتن لە نیوان دوو کەرەستەدا ڕوویداوە، یەکێکیان بریتییە لەو کەرەستەیەی، کە کەرەستەی تر لەتدەکات، ئەوی تریان بریتییە لە کەرەستە لەتکراوەکە.

٩٩-لەتیکرد

٢/٣-١٥-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

وەك لە نموونەکانی (١٠٠)دا دەبینرێت:

١٠٠-بێ سێ ودوو، بێ چەندوچوون، بێ یەك و دوو

مەبەست لە هەریەکە لە نموونەکانی (١٠٠) ئەوەیە، کە ئەو پێواژۆیەی ئاخێوەر دەیەوێت بە ئەنجامی بگەیەنێت، ئەوەندە خێرا بێت بەرکەوتن لە نێوان ئەو دووانەدا ڕوونەدات، کەواتە ڕاستە کەرەستەکان بەریەکتر نەکەوتوون، بەڵام ئاخێوەران لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردن و درکپێکردنەکانیانەوە تێدەگەن، کە مەبەستی بەرکەوتنە. بەرکەوتن هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە زیاتر بە هۆی هەستی بەرکەوتنەوە دروستدەبێت و ئەمەش بووەتە بنەمای وێناوێنەییەکە، پاش ئەوەی ئاخێوەرانی کورد ئەزموونیان کرد، چەمکەکەیان لە ئاوەزیاندا دەچەسپێت، وێنەی ئاوەزی بۆ دروستدەکەن، وەك لە وێنەی ژمارە (١٥) ڕوونبووەتەوە.



**وێنەی (١٥)**
**وێنەی ئاوەزی بەرکەوتن**

## ٢/٣-١٦) وێنای وێنەیی داپۆشین

مەبەست لە داپۆشین ئەوەیە، کە کەرەستەیەك بتوانێت تەواوی کەرەستەکەی تر، یاخود بەشێکی داپۆشێت، لە زمانی کوردیدا و لە ناو وشە لێکدراوەکاندا هەمان حاڵەت دەبینرێت:

٢/٣-١٦-١) ناوی لێکدراو

بۆ نموونە:

١٠١- ڕووبەهەنار، دۆشاوی توو، شەکرەسێو، دەسودەم، دەمەشێر، زەردئاو، تەپوتۆز، سەرپۆش، ڕۆژهەڵات

ئاخێوەران لە ڕوانگەی پەیپێبردن/تێڕامان و درکپێکردنەکانیانەوە هەریەك لە ناوە لێکدراوەکانی (١٠١)یان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی داپۆشین داڕشتووە، سەرجەمی نموونەکان لە یەکترەوە نزیکن بۆیە دوو دانەیان شیدەکەینەوە، لە (دۆشاوی توو)دا، (دۆشاوە)کە، بووەتە هۆی داپۆشینی تووەکە و زیاتر خۆی دەرکەوتووە، لە (شەکرەسێو)یشدا، ئەوەی زیاتر بووەتە هۆی داپۆشینی سێوەکە، بریتییە لە شیرینی تامەکەی، کەواتە تامەکە ڕەنگ و بۆنی سێوەکەی شاردوەتەوە، بووەتە هۆی ئەوەی، کە خۆی زیاتر دەربکەوێت.

### ٢/٣-١٦-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

ژمارەیەك ئاوەڵناوی لێکدراو لە زمانی کوردیدا لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی داپۆشین دروستبوون، چونکە کەرتێکی بووەتە هۆی ئەوەی کەرتێکی تری داپپۆشێت، وەك لەم چەند نموونەیەدا دەبینرێت:

١٠٢- گەردەنبلور، ڕووڕەش، دەمبەپێکەنین، چاوبەگریان، چاوبەکل، ڕووبەخاڵ

وەك لە نموونەکاندا دیارە وێنای وێنەیی داپۆشین بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان، لێرەشدا تەنها دوو دانەیان شیدەکرێتەوە، لە (گەردەنبلور)دا، ڕەنگی (بلور) بووەتە هۆی ئەوەی، کە گەردەنی ئاخێوەر داپپۆشێت و خۆی زیاتر دەربکەوێت، لە (چاوبەگریان)یشدا، (گریان)ەکە بووەتە هۆکاری داپۆشینی چاوەکە.

### ٢/٣-١٦-٣) کرداری لێکدراو

بۆ نموونە:

١٠٣- بڵاویکردەوە، سورهەڵگەڕا، ڕەنگی ڕشت، ڕەشهەڵهات، ڕەنگیدایەوە

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (١٠٣) بدرێت وێنای وێنەیی داپۆشین دەبینرێت، لە (بڵاویکردەوە)دا، بڵاوکردنەوەی کەرەستەکە بووەتە هۆی ئەوەی کەرەستەکەی ژێریی داپۆشێت، لە (کلی لە چاوکرد)یشدا، (کل) بووەتە هۆی داپۆشینی (چاو) و بەمەش وێنای وێنەیی داپۆشین دروستبووە، کەواتە لە هەموو نموونەکاندا تراجیکتۆر زۆربەی، یاخود بەشێکی لاندماریکی داپۆشیووە.

### ٢/٣-١٦-٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو

بۆ نموونە:

١٠٤- دوورونزیك، چین چین

لە هەردوو نموونەکەی (١٠٤)دا وێنای وێنەیی داپۆشین دەبینرێت، چونکە کاتێك دەگوترێت (دوورونزیك)، سەرجەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیان بە ئاخێوەرەوە هەیە، واتە دوورونزیکەکە بووەتە هۆی داپۆشینی ناوی سەرجەم خزمەکانی، لە (چین چین)یشدا دیسانەوە وێنای وێنەی داپۆشین دەبینرێت، چونکە (چینێك) بووەتە هۆی داپۆشینی چینێکی تر بەمەش وێناوێنەییە داپۆشینەکە دروستبووە، کەواتە چینێك جارێك دەبێت بە تراجیکتۆر و لاندمارك دادەپۆشێت، جارێکی تر پێچەوانە دەبێتەوە.

### ٢/٣-١٦-٥) ئیدیۆمی لێکدراو


دیسانەوە لەمجۆرەی وشەی لێکدراودا وێنای وێنەیی داپۆشین درکپێدەکرێت، وەك:

١٠٥- ئاگرباران، دەم ڕەش، قوڕبەسەر، خەمداگرتن، سەرشۆڕکردن، ڕووزەردبوون

لە سەرجەم نموونەکانی (١٠٥)دا وێنای وێنەیی داپۆشین دەبینرێت، لە (ئاگرباران)دا، (ئاگر) بووەتە هۆی داپۆشینی ئەو شوێنەی، کە بۆ سەری دەبارێت و داییپۆشیووە، لە (دەم ڕەش)دا، کە لێرەدا (ڕەش) بە واتای خراپ بە کارهاتووە، بووەتە هۆی داپۆشینی دەم، لە (قوڕبەسەر)یشدا، (قوڕ)، کە بە واتای داماوی و بەدبەختی دێت، بووەتە هۆی ئەوەی بەختی کەسەکە بە خراپە داپۆشێت.

داپۆشین کاتێك دروست دەبێت، کە تراجیکتۆر بتوانێت، بەشێك، یاخود زۆربەی لاندمارك داپۆشێت، ئەمەش کاتێك دروست دەبێت، کە بەرکەوتن لە نێوانیاندا ڕووبدات، بەم پێیە بێت ئەمجۆرەش لە وێنای وێنەیی بە زۆری لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن دروستدەبێت، ئەزموونی ئاخێوەرانیش لەگەڵ ئەمجۆرە وێناوێنەییەدا دەبێتە هۆی ئەوە چەمکەکەی لە ئاوەزیاندا دروست بێت.

بۆ تێگەیشتن لە وێنەی ئاوەزی وێنای وێنەیی داپۆشین، با سەرنج لە وێنەکانی ژمارە (١٦) بدرێت، لە بەر ئەوەی هەموویان وێنای وێنەیی داپۆشینن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی داپۆشینە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت بن و بەو شێوەیە بخرێنەڕوو.



وێنەی (١٦)
وێنەی ئاوەزی داپۆشین

### ٢/٣-١٧) وێناوێنەییەکانی(پڕوبەتاڵ، تێکەڵکردن، گونجاندن، نزیك-دوور، دووبارە، بەرکار، دابەشبوون، بەش وگشت، سەرپەرشتیکردن، پێواژۆ، کۆکردنەوە)

لێرەدا لەبەرئەوەی ئەم وێناوێنەییانە ژمارەیان زۆرە، بۆیە هەوڵمانداوە سەرجەمیان بەیەکەوە باسبکەین و نموونەیان لە زمانی کوردیدا بۆ بهێنینەوە

٢/٣-١٧-١) ناوی لێکدراو

وەك لە نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٠٦- دەموچاو، چڕوچاو، دەردوبەڵا، کاروبار، دەستوپل، مانگەشەو

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (١٠٦) بدرێت وێنای وێنەیی بەش-گشتی تێدا دەبینرێت، چونکە بەشێکی کەرەستەکە بووەتە نوێنەری سەرجەمی کەرەستەکە، لە (دەموچاو)دا تەنها (دەم، چاو) بوونەتە نوێنەری سەرجەم ڕووی مرۆڤ، لە (کاروبار)یشدا، هەمان دیاردە دەبینرێت، چونکە وشەکە بووەتە نوێنەری سەرجەم کاری ئاخێوەر و ڕەنگی تێدا داوەتەوە.

١٠٧-کەوشدوور، مۆبایلی زیرەك

لێرەدا وێنای وێنەیی گونجاندن دەبینرێت، چونکە گونجاندن لە نێوان ئەو ئیشەی ئاخێوەر دەیکات، لەگەڵ ناوەکەیدا دەگونجێت، لە (کەوشدور)دا، بەو کەسە دەگوترێت، کە پێڵاو دەدورێت و دروستیدەکات، کەواتە گونجاندن لە نێوانیاندا ڕوویداوە، لە (مۆبایلی زیرەك)یشدا، گونجاندن لە نێوان تایبەتمەندی مۆبایلەکە و زیرەکەدا هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی، کە ئەو ناوەی لێبنرێت.

١٠٨-تەقوتۆق

زۆرجار گوێمان لێدەبێت لە بری وشەی شەڕ، ناوی لێکدراوی(تەقوتۆق) بە کاردێت، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی بەرکار، چونکە کەرەستەیەك لە بری کەرەستەیەکی تر بە کارهاتووە.

٢/٣-١٧-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

بۆ نموونە:

١٠٩-گەلکاری

لەم ئاوەڵناوە لێکدراوەدا وێنای وێنەیی کۆکردنەوە دەبینرێت، چونکە کۆکردنەوەی چەندین وێنای وێنەییە لە یەك وێنای وێنەییدا، یاخود کۆکردنەوەی چەند کەسێکە لە یەك کاردا.

١١٠-خەستوخۆڵ

بە وردبوونەوە لە نموونەکە وێنای وێنەیی تێکەڵکردن دەبینرێت، چونکە کاتێك دەگوترێت خەستوخۆڵە، واتە دوو کەرەستەی جیاواز تێکەڵ بەیەکتر بوون.

١١١-ئیشی ڕەش، بەدەستوبرد

ئەگەر لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکانی نموونەی (١١١) وردببینەوە، وێنای وێنەیی بەرکار دەبینرێت، چونکە سەرجەمی کەرەستەکە باس نەکراوە، بەڵکو بەشێکی کەرەستەکە بووەتە نوێنەری سەرجەم کەرەستەکە و بەمەش وێنای وێنەیی بەرکار دروستبووە.

١١٢-ساردوسڕ، شێتوشور، ڕەشوڕووت، گێلونەفام

لە سەرجەم نموونەکانی (١١٢)دا وێنای وێنەیی دووبارە دەبینرێت، چونکە دووبارەکردنەوەی هەمان واتای کەرتی یەکەمی ئاوەڵناوە لێکدراوەکەیە، لەبەرئەوەی سەرجەمیان لە یەکترەوە نزیکن، بۆیە تەنها دوو دانەیان شیدەکەینەوە، لە (ساردوسڕ)دا هەردوو کەرەستەکە مەبەست لە ساردەکەیە، لە (گێلونەفام)دا هەردووکیان مەبەست لە کەسێکی گێلە، بەڵام دووبارەکردنەوەکان زۆرجار بۆ تیشکۆ خستنە سەر زیاتر ئەو کردەیە دێت.

### ٢/٣-١٧-٣) کرداری لێکدراو

ژمارەیەك کرداری لێکدراومان هەیە، کە لە سەر بنەمای ئەو وێناوێنەیان لە زمانی کوردیدا دروستبوون، بۆ نموونە:

١١٣-ملچەملچیکرد

بە وردبوونەوە و تێڕامان لە نموونەی (١١٣) ئەوە دەردەکەوێت، کە وێنای وێنەیی دووبارەیە، چونکە ئاخێوەر ئەو کارەی، کە دەیکات دووبارەی دەکاتەوە، بەمەش وێنای وێنەیی دووبارە دروستدەبێت، چونکە یەکێک لە مەرجەکانی وێنای وێنەیی دووبارە، دووبارەکردنەوەی هەمان کردەی پێشووە.

١١٤-قەدبڕیکرد، لەیەکدابڕان

وێنای وێنەیی دابەشبوون کاتێك دروست دەبێت، کە دوو کەرەستەکە لە یەکتر جیاببنەوە و بۆشاییەك دروستببێت، ئەم وێناوێنەییە لە نموونەکانی (١١٤) دەبینرێت، چونکە هەر سێ نموونەکەدا یەکتربڕینی تێدایە لە نێوان دوو کەرەستە، یاخود دوو کەسدا، بەمەش بۆشاییەك دروستبووە و ئەمەش وایکردووە، مرۆڤ لە ڕێگەی درکپێکردن وئەزموون و بەجەستەکردنەکانییەوە کردارە لێکدراوەکە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی دابەشبوون دابڕێژێت و لە زمانەکەیدا بە کاریبهێنێت.

١١٥-مۆڕەیکرد، ڕۆژویکردەوە

لە (مۆڕیکرد)دا بەشێکی دەموچاوی ئاخێوەر بووەتە نوێنەری سەرجەمی دەروونی، چونکە کاتێك کەسێك مۆڕەدەکات، ئەوە مەبەستی لە ڕازی نەبوون بەو کردەیە بەرانبەریکراوە، یاخود دەیەوێت شەڕبکات، کەواتە لەم کاتەدا وێنای وێنەیی بەش-گشت دروستبووە، لە (ڕۆژویکردەوە)دا، ئەم وشەیە بووەتە نوێنەری(ئاوخواردن، نان خواردن...هتد)، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی بەرکار، چونکە کردەیەك لە بری کردەیەکی تر بە کارهاتووە.

### ٢/٣-١٧-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

لە زمانی کوردیدا ژمارەیەك ئاوەڵکرداری لێکدراومان هەیە، کە لە سەر بنەمای ئەم وێناوێنەییانە دامەزراون و دروستبوون، وەك:

١١٦- ئەمجار، تێرتێر

هەندێك کردە هەیە، کە مرۆڤ ڕۆژانە دووبارەی دەکاتەوە، ئەمەش دەگوازرێتەوە بۆ ناو زمانەکە و ئاخێوەران بە هۆی درکپێکردنەکانیانەوە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی دووبارە دایدەڕێژن، وەك لە نموونەکانی (١١٦)دا دەبینرێت.

١١٧-جاروبار

هەندێکجار دەکرێت بەشێکی کردەیەك ببێتە نوێنەری سەرجەم ئەو کردانەی، کە مرۆڤ ڕۆژانە دەیانکات، وەك چۆن لە نموونەی (١١٧)اد دەبینرێت، کە مەبەست لەوەیە جاروبار دەبێتە نوێنەری بەشێکی زۆری جارەکان، کە پێویستە ئەو کردەیەیی تێدابکرێت.

٥-١٧-٢/٣) ئیدیۆمی لێکدراو
وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:
١١٨-سەرسوك
لێرەدا وێنای وێنەیی پڕ-بەتاڵ دروستبووە، چونکە کاتێك باس لەم وشەیە دەکرێت لە زمانی کوردیدا، ئەوا مەبەست لە کەسێکە، کە کێشەیەك، کە کێشەیەك، یاخود شتێکی نەبێت، بەمەش بەشێکی مێشکی، کە پەیوەندی بەو کێشەوە هەیە بەتاڵە.
١١٩-پیڕەش، دەمپیس، دەمدرێژ، نمەکنەناس، سەرناس، سەرەخۆرە، بەختڕەش
لە سەرجەم نموونەکانی (١١٩)دا وێنای وێنەیی بەش-گشت دروستبووە، بۆیە دوو دانەیان شیدەکەینەوە لە بری هەموویان، (سەرناس) بە کەسێك دەگوترێت، کە لە ناسینەوەی خەڵکدا شارەزا بێت، بەمەش تەنها سەری ئاخێوەرەکە بووەتە نوێنەری تەواوی یادگە و بیر و ئاوەزیی، لە (سەریخوارد)دا (سەر) بووەتە نوێنەری گیانی مرۆڤە، چونکە لەم ئیدیۆمە لێکدراوەدا مەبەست لە سەر، گیانی مرۆڤەکەیە.
١٢٠-بەیتوبالۆرە، تالانفرۆش
ئەگەر لە نموونەکانی (١٢٠) بڕوانرێت، درك بەوە دەکرێت، کە وشەکە بووەتە نوێنەری کردەیەکی لە خۆی گەورەتر بەمەش وێنای وێنەیی بەش-گشت دروستبووە، کە (بەیتوباڵۆرە) بووەتە نوێنەری (گۆرانی و شیعر) و (تالانفرۆش)یش بووەتە نوێنەری ئەو کاڵەیەی، کە بە هەرزان فرۆشراوە.
١٢١-دوورکوژ
دەکرێت مرۆڤەکان، یاخود کەرەستەکان ئەو بایەخەی نەبێت، کە لە دوورەوە سەیریان دەکرێت، لێرەدا دوورکوژ مەبەست لە کەسێکە، یان کەرەستەیەکە، کە لە دوورەوە جوان بێت، بەڵام لە نزیکەوە وانەبێت، بەمەش وێنای وێنەیی نزیك-دوور دروستبووە و داڕێژراوە.
لەبەرئەوەی ژمارەی ئەم وێناوێنەییان زۆرن بۆیە، بەشێکی زۆر هەستەکان لە داڕشتن و پێکهێنانیاندا بەشداریانکردووە، دوای ئەزموونکردن لە ڕێگەی جەستەوە ئاخێوەران چەمکەکەیان بۆ داڕشتووە، بە وێنەی ئاوەزی لە ئاوەزیاندا جێگیریانکردووە.
بۆ تێگەیشتن لە هەموو شیکردنەوەکانی وێناوێنەیەکانی (١٧/٣) بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان لەبەر ئەوەی سەرجەمیان وێنای وێنەیی جیاوازن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی جیاوازانە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لە وێنەی ئاوەزی ژمارە(١٧) بخرێتەڕوو



**وێنەی (١٧)**
**بەشێك لە وێنە ئاوەزییەکانی(١٧/٣)**

## ١٨-٢/٣) وێناوێنەیی فەزایی

جۆرێکە لە وێناوێنەییەکان، کە لەمجۆرەدا مرۆڤ جەستەی خۆی، یاخود تەنەکان و کەرەستەکانی دەوروبەری وەك ناوەندێك سەیردەکات، کەرەستە و تەنەکانی تری لە بەرانبەریدا دەپێوێت، دواتر هەمان وێنای وێنەیی بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە ئاوەزیدا دروستدەبێت، بە واتایەکی تر مرۆڤ جەستەی خۆی وەك ناوەندێك، یاخود سەنتەرێك دادەنێت و پێگە و بنەمای کەرەستەکانی دەوروبەری لە سەر ئەوەی جەستەی دەپێوێت و حکومی بە سەردا دەدات، پاش ئەوەی ئەمەی ئەزموون و بە جەستەکرد، دواتر لە زمانەکەیدا ڕەنگدەداتەوە و بۆ کەرەستەی

زمانەکەی بەکاریدەهێنێت، ئەگەر سەرنجی زمانی کوردی بە تایبەتی وشە لێکدراوەکانی بدرێت، هەمان وێنای وێنەیی تێدا دەبینرێت، وەك:

### ٢/٣-١٨-١) ناوی لێکدراو

لە ناوە لێکدراوەکاندا ئەم وێناوێنەییە فەزاییانە دەبینرێت:

١٢٢-گەورەکچ، پێشنوێژ، پاشەڕۆژ، پێشمەرگە، ژێرزەمین، ژێرپەردە، بن باخەڵ، ژێرکراس، ژێرسفرە، شەولەبان

سەرنج لە نموونەکانی (١٢٢) بدرێت، سەرجەمیان وێنای وێنەیی فەزاییان تێدایە، چونکە زۆربەیان تەنها دەتوانرێت لە ڕێگەی فەزاوە درکیان پێبکرێت، نموونەکان لە یەکترەوە نزیکن، بۆیە دوو دانەیان شیدەکەینەو، لە (پێشنوێژ)دا، لێرەدا(پێش) وەك فەزایەك دەرکەوتووە، کە ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەستێت، لە پێش کەسەکانی ترەوەیە، بە واتایەکی تر لە پێش جەستەیانەوەیە، بەڵام هەندێکجار دەکرێت مرۆڤ ژێری خۆی بکات بە پێوەر، وەك چۆن لە (ژێرزەمین) دەبینرێت، کە (ژێر) وەك فەزا بەکارهاتووە، چونکە ئاخێوەران ناتوانن هەست بە بوونیان بکەن، تەنها مەگەر لە فەزادا بتوانرێت درکیانپێبکرێت و پەیوەندیان بە کەرەستەکانی ترەوە ئاشکرا ببێت، زۆربەی نموونەکانیش هەستی بەرکەوتن بووەتە بنەما بۆیان و دواتر دروستبوون، ئەزموونی ئاخێوەرانی کوردیش بە هۆی ئەم هەستەوە چەمکەکەی لە ئاوەزیاندا داڕشتووە.

١٢٣- لەرزوتا، سەرانسەر، برنجی ڕەش، برنجی سور، سەرتاپا

لە نموونەکانی (١٢٣) دا وێنای وێنەیی فەزایی دەبینرێت، لە (برنجی سور، برنجی ڕەش)دا وێنای وێنەیی فەزایی داپۆشین دەبینرێت، چونکە بەشێکی ناوە لێکدراوەکە بووەتە هۆی داپۆشینی بەشەکەی تری، واتە (سور، ڕەش) بوونەتە هۆی داپۆشینی برنجەکە و ڕەنگەکەی، لە نموونەکانی (لەرزوتا، سەرانسەر، سەرتاپا)دا وێنای وێنەیی فەزای سەرانسەر دروستبووە، چونکە هەریەکە لە کەرەستەکان وەك تراجیکتۆر تەواوی لاندمارکیان دایگرکردووە و بەمەش وێنای وێنەیی سەرانسەر دروستبووە. هەستی بینین لە زۆربەی نموونەکاندا بنەمای دروستبوونی وێناوێنەیەکانە و ئەزموونی ڕۆژانەی مرۆڤی کورد بووەتە هۆی ئەوەی چەمکەکەی لە ئاوەزیاندا دروست ببێت.

### ٢/٣-١٨-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا ژمارەیەك ئاوەڵناو دەبینرێت، کە وێناوێنەییە فەزاییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە داڕشتنیاندا هەبووە، لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکرێت:

١٢٤- ژێرچەپۆك، سەرکەوتوو، دووربین، کورتبین، بێ سەروبەر، بێدەست وپل، دەربەدەر، تفەنگ لە شان

لە نموونەکانی (١٢٤)دا وێنای وێنەیی فەزایی لە سەرجەمیاندا دەبینرێت، لە (ژێرچەپۆك)دا (ژێر) بە واتای فەزایی هاتووە، ئاخێوەران تەنها لە ڕێگەی ئەزموون و درکپێکردنەکانیانەوە دەتوانن لە واتاکەی بگەن و لێکدانەوەی بۆ بکەن، لە (دووربین)دا (دوور)یش بە واتای فەزایی بە کارهاتووە، مرۆڤ تا لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردنەیەکانییەوە سەیری نەکات، ناتوانێت لە واتاکەی بگات، هەربۆیە جەستەی مرۆڤ خۆی دەبێتە سەنتەر بۆ ئەمجۆرە وێناوێنەییانە و لەو ڕێگەیەوە درکیان پێدەکات.

### ٢/٣-١٨-٣) کرداری لێکدراو

ژمارەیەك کرداری لێکدراو لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە، کە لەم ڕێگەیە دروستبوون، وەك:

١٣٥- پێشیخست، دوایخست، بردیەسەر، ژێرکەوت، سنوری بەزاند، درێژیکردەوە، وێڵبوو، هێلی بەزاند، نغرۆیکرد

لە هەموو نموونەکانی (١٣٥)دا وێنای وێنەیی فەزا دەبینرێت و لە سەر ئەو بنەمایە ئاخێوەرانی کورد دروستیانکردووە، لە (دوایخست)دا (دوا) بە واتای فەزایی هاتووە، لە (سنوری بەزاند) لێرەدا تراجیکتۆر سنوری

لاندمارکی بەزاندووە و بەمەش وێنای وێنەیی فەزایی درێژکردنەوە دروستبووە، لە (نغرۆیکرد)یشدا هەمان وێنای وێنەیی فەزایی دەبینرێت.

### ٢/٣-١٨-٤) ئاوەڵکرداری لێکدراو

لە بەشێکی ئاوەڵکرداره لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا وێنای وێنەیی فەزایی درکیپێدەکرێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١٣٦- سەرلەبەیانی، سەرلەئێوارە، سەرچڵ، سەرچنار، بەرەوپێش، لاچاو، لاجانگ، لەسەرپشت، دەمەوبەهار، دەمەوئێوارە، بەرچایی، بەرکوڵ

بە وردبوونەوە لە سەرجەم نموونەکانی (١٣٦) بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێك ئاوەڵکرداری لێکدراو لە زمانی کوردیدا هەیە، کە لە سەر بنەمای وێناوێنەییە فەزاییەکان داڕێژراون و دروستبوون، هەوڵدەرێت، دوو دانەیان شیبکەینەوە، لە (سەرچڵ)دا، کە بە هۆی وێنای وێنەیی فەزایی دروستبووە، وشەی (سەر) بوونێکی فەزایی هەیە، ئاخێوەر تەنها بە هۆی فەزاوە لە واتاکەی تێبگات، لە (لاچاو)یشدا ئەوەی بووەتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەییە فەزاییەکە بریتییە لە (لا)، کە ئەمەش تەنها لە ڕێگەی پەیپێبردن و ئەزموون و بەجەستەکردنەکانی مرۆڤ و جەستەی خۆیەوە دەتوانرێت درك بە واتاکەی بکرێت.

### ٢/٣-١٨-٥) ئیدیۆمی لێکدراو

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٣٧-چاولەدەر، زماندرێژ، باڵگرتن، بەرزەفڕ، مێشکبردن، قسەزل

لە ئیدیۆمە لێکدراوەکانی (١٣٧)دا، وێنای وێنەیی فەزایی دەبینرێت، لە (بەرزەفڕ)دا وێنای وێنەیی درێژ دەبینرێت، چونکە تراجیکتۆر سنوری لاندمارکی بڕیووە، لە (زماندرێژ)دا لێرەدا (زمان) وەك تراجیکتۆر زۆر درێژبووەتەوە بە جۆرێك سنوری لاندمارکی بڕیووە، ئەمانەش تەنها بە هۆی بەجەستەکردن و ئەزموونەکانی مرۆڤەوە دەتوانرێت درك بە واتاکەیان بکرێت.

لە وێنای وێنەیی فەزادا دەکرێت هەردوو هەستی بینین و بەرکەوتن ببنە بنەمای دروستبوونیان، چونکە لە هەندێك لە وێناوێنەییەکاندا بەرکەوتن لە نێوان تراجیکتۆر و لاندمارکدا دروستدەبێت، هەندێکجاری تر ئاخێوەر لە ڕێگەی هەستی بینینەوە درك بەوە دەکات، کە تراجیکتۆر و لاندمارك چۆن بەرانبەر یەکتر وەستاون. پاش ئەزموون کردنی مرۆڤ لەگەڵ هەریەکەیاندا چەمکەکەی لە ئاوەزیدا دروستدەبێت و وێنەی ئاوەزی بۆ دەکێشێت، وەك لە وێنەی ژمارە (١٨) خراوەتەڕوو، کە نوێنەری سەرجەم نموونە شیکراوەکانی وێنای وێنەیی فەزایە.




**وێنەی (١٨)**
**وێنەی ئاوەزی فەزایی**

## ٢/٣-١٩) وێنای وێنەیی شێوە

دەکرێت شێوەی کەرەستەکان هۆکار بن بۆ ناسینە و ناونانی کەرەستەکان لە سەر ئەو بنەمایە، لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك وشەی لێکدراومان هەن، کە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی شێوە بنیاتنراون، وەك ئەمانەی خوارەوە:

### ٢/٣-١٩-١) ناوی لێکدراو

کۆمەڵێك ناوی لێکدراو لە زمانی کوردیدا هەن، کە وێنای وێنەیی شێوە هۆکاری سەرەکی داڕشتنیانە، بۆ نموونە:

١٣٨- سەوزەگیا، ڕەشمار، سەلکەپیاز، سورگوڵ، گابەرد، گاکۆتر، مارماسی، ڕووپاك، ڕەشەوڵاخ، بەنزینی نۆرماڵ، تەڕەپیاز، بەنزینی سوپەر، تەورداس

بە وردبوونەوە لە نموونەکانی (١٣٨) درك بەوە دەکرێت، کە سەرجەمیان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی شێوە دروستبوون، واتە شێوەیان هۆکاری دروستبوونی هەریەکە لە وشە لێکدراوەکانە، لە (سەوزەگیا)دا ئەگەر سەرنج لە (گیا) بدرێت ئەوە ڕەنگی سەوزە، ئەمەش هۆکاری دروستبوونی وشەکەیە، لە (گابەرد)دا، کە مەبەست لە بەردێکی گەورەیە، قەبارەی (گا)ش گەورەیە، ئەمەش وایکردووە، کە وشە لێکدراوەکە لە سەربنەمای شێوەکەی دروستبێت، هەروەها سەرجەم نموونەکانی تریش لە سەر هەمان بنەما دروستبوون.

### ٢/٣-١٩-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٣٩- ڕەشپۆش، لەڕولاواز، سەرخڕ، ڕەنگاوڕەنگ، ئاڵووالا، پێپان، سەرگەورە، سەرزل، پێخاوس، باڵانەمام، وشکەشیرینی، گوێبەل، دەستنوس، دەستکرد، ڕەقوتەق، چاوشین، گوڵفرۆش

شێوەی کەرەستەکان هۆکاری دروستبوونی خودی وشەکانی (١٣٩)، لە (ڕەشپۆش)دا، لەبەرئەوەی ئاخێوەر ئەوە جلەی لەبەریکردووە، هەمووی ڕەشە، بۆیە بە وشەی ڕەشپۆش دەربڕاوە، لە (سەرخڕ)دا، شێوەی لەبەرئەری سەری ئاخێوەر خڕە بۆیە، بە وشەی (سەرخڕ) دەربڕدراوە، دیسانەوە لە هەموو نموونەکانی تریشدا شێوە هۆکاری دروستبوونیان.

### ٢/٣-١٩-٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو

هەرچەندە ژمارەی ئەو ئاوەڵکردارانەی، کە بەم ڕێگەیە دروستبوون کەمە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٤٠-خۆت ئاسا، سێ چارەك، نیوقۆڵ، شێرئاسا

بە وردبونەوە لە نموونەکانی (١٤٠) وێنای وێنەیی شێوە لە هەریەکە لە نموونەکاندا دەبینرێت، هەر لە سەر ئەو بنەمایەش وشەکان داڕێژراون، لە (خۆت ئاسا)، مەبەست لەوەیە، کە کەسێك بە هەمان شێوەی خۆی بێت، واتە وەك یەکبن، لە (نیوقۆڵ)دا شێوەی ئەوە کەرەستەی، کە ئاماژەی بۆ کراوە قۆڵەکەی نیوەیە، بۆیە وشە لێکدراوەکەش لە سەر بنەمای ئەو شێوەیە ناونراوە و لە زماندا داڕێژراوە.

### ٢/٣-١٩-٤)ئیدیۆمی لێکدراو


وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینرێت:

١٤١- کەرەدێز، بنەمۆم، کەڵپیاو، پایزەبرا، یەك باڵ، مانگابەکەڵ، ڕووسور، زاواڕێوی، دانی مار

لە نموونەکانی (١٤١)دا وێنای وێنەیی شێوەیی بۆ پێوانەکردن و ناسینەوەی کەرەستەکان بە کارهاتووە، لە (بنەمۆم)دا، شێوەی بنەمۆم، کە کورتە بووەتە هۆکاری دروستبوونی ئیدیۆمە لێکدراوەکە، ئەم وشەیەش بۆ ئەو کەسانە بە کاردێت، کە باڵایەکی کورتیان هەیە، لە (یەك باڵ)دا دیسانەوە شێوەکەی بووەتە هۆکاری دروستبوونی وشەکە، ئەمەش بەو کەسانە دەگوترێت، کە تەنها خۆیان بن، خۆی هەوڵی هەموو شتێك بدات، وەك چۆن باڵندەیەکی تەنها یەك باڵ، تەنها یەك باڵی هەیە، ئەمیش هەر خۆی هەیە.

لە سەرجەم وێنای وێنەیی شێوە لە وشە لێکدراوەکاندا، هەستی بینین دەکرێتە بنەمای وێناوێنەییەکە، چونکە خودی وێنەکەش هەر لە سەر ئەوە بنەمای دادەڕێژرێت و دواتر ئەزموون دەکرێت، پاشان وێنەی ئاوەزی بۆ

دروست دەبێت و ئاخێوەران دەریدەبڕن. بۆ تێگەیشتن لە وێنەی ئاوەزی نموونە شیکراوەکان بە هەردوو جۆری فیزیکی و ئەبستراکتەوە، با سەرنج لە وێنەی ژمارە (١٩) بدرێت.



**وێنەی (١٩)**

**وێنەی ئاوەزی شێوە**

## ٢/٣-٢٠) وێنای وێنەیی فۆڕم

ئەو فۆڕمەی، کە کەرەستەکان هەیانە، زۆرجار دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ ئەوەی چ وێناوێنەییەك بۆ فۆڕمەکە گونجاوە، ئەمەش لە چەند وشەیەکی لێکدراوی زمانی کوردیدا دەبینرێت، بۆ نموونە:

### ٢/٣-٢٠-١) ناوی لێکدراو

بۆ نموونە:

١٤٢- هەورەگرمە، زەمین لەرزە

ناوە لێکدراوەکەی (١٤٢) لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی فۆڕم دروستبووە، لە نموونەکەدا دەنگی دیاردەکە بووەتە هۆکاری دروستبوونی فۆڕمی وشە لێکدراوەکە و لەمەشەوە وێنای وێنەیی فۆڕم دروستبووە.

### ٢/٣-٢٠-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

وەك لەم نموونەی (١٤٣)دا دەبینرێت:

١٤٣- کوردزمان

کاتێك ئاخێوەرێکی کورد قسە دەکات، بە فۆڕمی قسەکانیدا دەرکەوێت، کە ئەم ئاخێوەرە کوردە، بەمەش فۆڕمی وشەکە بووەتە هۆی دروستبوونی وێنای وێنەیی فۆڕم.

### ٢/٣-٢٠-٣) ئیدیۆمی لێکدراو

بۆ نموونە:

١٤٤-زمان پاراو

ئەم وشەیە بەو کەسانە دەگوترێت، کە لە کاتی قسەکردندا بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك قسە بکەن، هەربۆیە لە زمانی کوریدا بۆ ئەو کەسانە وێنای وێنەیی (زمان پاراو)یان بۆ داناوە، کە ئەمەش ئاخێوەران لە ڕێگەی ئەزموون و بەجەستەکردنەکانی خۆیانەوە دایانڕشتووە.

ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی وێنای وێنەیی فۆڕم بدرێت، ئەوا دەبینرێت، کە لە سەر بنەمای هەستی بیستن دروستبوون، دواتر ئاخێوەرانی کورد ئەمەیان ئەزموون کردووە و چەمکەکەیان لە ئاوەزیاندا چەسپاندووە و پاشان وێنەی ئاوەزییان لە ئاوەزدا بۆ داڕشتووە، زۆربەی نموونەکانیش فیزیکین و ئاخێوەران هەست بە بوونیان دەکەن.

بۆ سەرنجدان و تێگەیشتنی سەرجەم شیکردنەوەکانی وێنای وێنەیی فۆڕم بۆ وشە لێکدراوە شیکراوەکان،چونکە هەموویان وێنای وێنەیی فۆڕمن، بۆیە دەکرێت ئەم وێنای وێنەیی فۆڕمە بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت لە وێنەی ئاوەزی ژمارە(٢٠) بخرێتەڕوو:



**وێنەی (٢٠)**

**وێنەی ئاوەزی فۆڕم**

### ٢/٣-٢١) وێنای وێنەیی نەرم و زبر

نەرم و زبر زیاتر لە ڕێگەی جەستەی مرۆڤەوە درکیپێدەکرێت، واتە سەرەتا جەستە ئەزموونی دەکات و دواتر ئەم وێناوێنەییە بۆ زمانیش دەگوازێتەوە، بەشێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی لەسەر بنەمای وێناوێنەیی نەرم و زبر دروستبوون و بنیاتنراون، کە ئەمەش بە زۆری لە ئاوەڵناوی لێکدراوەکاندا دەبینرێت، هەربۆیە ئەگەر سەرنج لە نموونەکانی (١٤٥) بدرێت، وێنای وێنەیی نەرم و زبر دەبینرێت:

١٤٥-شلەشاری، توندوتۆڵ، نەرموشل

لە سەرجەم نموونەکانی (١٤٥)دا مەبەست لە نەرم و زبری کەرەستەکانە، کە دەگوترێت (شلە شاری)ییە مەبەست لە کەسێکە، کە نەرم بێت و بەرگەی زۆر نارەحەتی نەگرێت، لە (توندوتۆڵ)یشدا دیسانەوە وێنای وێنەیی نەرم و زبر دەبینرێت، لە (نەرموشل)یش هەر لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی نەرم و زبر بنیاتنراو و دروستبووە. ئەم وێناوێنەییانە زۆربەیان لە سەر بنەمای هەستی بەرکەوتن بنیادنراون و پاش ئەزموونکردن چەمکیان لە ئاوەزدا بۆ دروستبووە، بۆ ڕوونکردنەوەی وێنەی ئاوەزییەکەی، با لە وێنەی ژمارە (٢١) بڕوانین.



**وێنەی (٢١)**
**وێنەی ئاوەزی نەرم و زبر**

### ٢/٣-٢٢) وێنای وێنەیی ڕاست

دەکرێت ئەو کردانەی مرۆڤ ڕۆژانە ئەنجامیدەدات بە شێوەیەکی ڕاست و ڕێکوپێك بڕوات، ئەو کاتە وێنای وێنەیی ڕاست دروستدەبێت، وەك لە هەندێك لە وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردیدا بە دیاردەکەوێت:

#### ٢/٣-٢٢-١) ناوی لێکدراو

بۆ نموونە:

١٤٦-ڕاست وڕەوان، لێدانی ڕاستەوخۆ، بەژن و باڵا

لە نموونەکانی (١٤٦)دا درك بەوە دەکرێت، کە وێنای وێنەیی ڕاست دەبینرێت، چونکە هەر سێ نموونەکە بە شێوەیەکی ڕاست دەبینرێت، لە (ڕاست وڕەوان)دا، مەبەست لەوەیە، کە بە شێوەیەکی ڕێك قسە بکە، کە ئەمەش وەك هێڵێکی ڕاستە، لە (لێدانی ڕاستەخۆ)شدا، هێڵێکی ڕاست درکیپێدەکرێت، دەکرێت کاتێك کەسێك باڵایەکی ڕێکی هەیە، پێیگوترێت بەژن و باڵای جوانە، واتە بەژن و باڵای ڕێکە.

#### ٢/٣-٢٢-٢) ئاوەڵناوی لێکدراو

لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکانیشدا ژمارەیەکیان لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی ڕاست بنیاتنراون، وەك:

١٤٧-باڵابەرز، بەژنرێك، سەرڕاست

لە سەرجەم نموونەکانی (١٤٧)دا وێنای وێنەیی ڕاست دەبینرێت، چونکە هەموو شێوە ڕاستێکیان تێدایە، لە (بەژنرێك)دا، ڕێك لێرەدا وەك هێڵێکی ڕاست سەیرکراوە و باسکراوە، لە (سەرڕاست)دا، کە مەبەست لە ئاخێوەرێکە، کە ئەملا و لای نەبێت، بەڵکو لە هەموو کردەکانیدا ڕاست بێت، کەواتە ئەمەش وەك وێنای وێنەیی ڕاست دەرکەوتووە.

٣-٢٢-٢/٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو

وەك لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دیارە:

١٤٨-ڕاستەوڕاست، ڕێکاوڕێك، یەکسەر، یەکجار

لە (ڕاستەوڕاست)دا مەبەست لەوەیە، کە بە شێوەیەکی ڕێك وەك ئەوەی لە سەر هێڵێکی ڕاست بێت کردەکەی ئەنجامبدات، لە (یەکسەر)یشدا جارێکی تر پەی بە وێنای وێنەیی ڕاست دەبرێت، چونکە کاتێك باس لە یەکسەر دەکرێت، ئەوا باسکردنە لە کردەیەك، کە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕێك ئەنجام بدرێت، بەمەش وێنای وێنەیی ڕاست دروستبووە. ئەمەش لەو ئەزموونانەوە هاتووە، کە ئاخێوەران لەگەڵ کەرەستە فیزیکییەکاندا بەجەستەیان کردووە.

ئەم وێناوێنەییە زیاتر هەستی بینین دەبێتە بنەما بۆ دروستبوونی، چونکە بە چاویدا دەزانێت، کە ئەو کەرەستەیە ڕاستە، یاخود هەڵەیە و نارێکە.

بۆ ڕوونکردنەوەی سەرجەم وێنە ئاوەزییەکانی ڕاست، بە وێناوێنەییە ئەبستراکت و فیزیکییەکانەوە، با لە وێنەی ژمارە (٢٢) بڕوانین.



**وێنەی (٢٢)**

**وێنەی ئاوەزی ڕاست**

لە کۆتاییدا ئەگەر سەرنج لەو وشە لێکدراوانەی زمانی کوردیدا بدرێت، کە لە سەر بنەمای وێنای وێنەیی بنیاتنراو، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە سەرجەم وێناوێنەییەکاندا وشە لێکدراوەکان وەك یەك نین، بە واتای ئەوەی دەکرێت ناوی لێکدراو لە وێناوێنەیەکدا لە کرداری لێکدراو، یاخود ئیدیۆمی لێکدراو زۆرتر بێت، بەڵام دەشکرێت، بە پێچەوانەوەش ڕاست بێت، واتە کرداری لێکدراو و ئیدیۆمی لێکدراو لە وێناوێنەیەکدا لە چاو ناوی لێکدراو زۆرتربن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموون و بەجەستەکردن و درکپێکردنانەی، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بۆ هەریەکە لە وشە لێکدراوەکە و وێناوێنەییەکە هەیانە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، دەبێت دان بەوەدا بنرێت، کە وێنای وێنەیی بەشێکی دیاری وشە لێکدراوەکانی زمانی کوردی داگیردەکەن.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجیش لە سەرجەم نموونە شیکراوەکان بدرێت، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ژمارەی وێنای وێنەیی (تیاهەڵگر) لە سەرجەم وێنا وێنەیەکانی تر زیاترە، بە جۆرێك، کە (٥٢) وشەی لێکدراوی لە خۆیدا هەڵگرتووە و ڕێژەی (١١٪) پێکهێناوە. ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە زۆری بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو کەرەستانەدایە، کە وەك تیاهەڵگر وان، چونکە هەر لە هاتنەدەرەوەی لە جێگەی خەوەکەیەوە، تا ئەو کاتەی دەچێتەوە ناو جێگەکەی توشی چەندین تیاهەڵگری جیاواز دەبێت. بێگومان ئەمانەش کاردەکەنە سەر ئەزموون و درکپێکردنەکانی، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرترین کاردانەوەی لە کاتی قسەکردن و دەربڕینی وشەکانیدا لە سەر بێت، لە لایەکی ترەوە ئاوەڵناوە لێکدراوەکان لە چاو وشە لێکدراوەکانی تردا، زۆرترین بەشداری کردنیان هەبووە، بە جۆرێك لە کۆی ئەو(٢٢) وێناوێنەییەی باسکراوە، لە (٢١) وێنای وێنەییدا بەشداربوون، کە ئەمەش زۆترین ڕێژەیە و دەکاتە (٢٤٪) کۆی بەشدارکردنە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ڕاستە ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام ئاخێوەرانی زمانی کوردی بە وێنای وێنەیی جیاواز دەریانبڕیوون و لە زمانەکەیاندا بە کاریانهێناوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، ناتوانرێت بگوترێت، کە وشەیەکی لێکدراومان لە زمانەکەماندا هەیە، بە بێ ئەوەی لە سەر بنەمای هیچ وێناوێنەیەك دروست بووبێت، بە واتایەکی تر وێناوێنەیەکان بەشدارن لە داڕشتن و دروستبوونی وشە لێکدراوەکاندا.

به تێڕامان وردبوونەوە لە نموونەکان، ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەزموون و هەستی بەرکەوتن بە ڕێژەی (٥٠٪)، زۆرترین بەشداریکردنی لە دروستبوون و داڕشتنی وشە لێکدراوەکاندا هەیە، هەروەها لە ڕووی وێنای وێنەیی فیزیکی و ئەبستراکتەوە جارێکی تر لە نموونە شیکراوەکان بڕوانرێت، ئەوە هەست بەوە دەکرێت، کە وێنای وێنەیی ئەبستراکت لە چاو وێناوێنەییە فیزیکییەکان زیاترە، ئەمەش بۆ سەلیقە و شارەزایی ئاخێوەرانی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، چونکە توانیوییانە لە سەر بنەمای یەك وێنای وێنەیی فیزیکی چەندین وێناوێنەیی ئەبستراکت دروست بکەن و لە زمانەکەیاندا بەکاریبهێنن، بە واتایەکی تر وێناوێنەیە فیزیکییەکان بوونەتە بنەما بۆ داڕشتنی وێناوێنەییە ئەبستراکتەکان.

**لێرەدا هەوڵدەدرێت، بە شێوەیەکی نەخشەی ژمارە و ڕێژەیی سەدی سەرجەم ئەو وێناوێنەییانە بخرێتەڕوو، کە لە وشە لێکدراوەکاندا هەن و خراوەنەتەڕوو**

| ژمارە | وێنای وێنەیی | ژمارەی وێنای وێنەیی | ڕێژەی سەدی(٪) |
|---|---|---|---|
| ١ | تیاهەڵگر | ٥٢ | ٪١١ |
| ٢ | ڕێڕەو | ٤٥ | ٪١٠ |
| ٣ | خوول | ١٥ | ٪٣ |
| ٤ | بلۆککردن | ١٦ | ٪٣ |
| ٥ | لوتکەی خوول | ٤ | ٪١ |
| ٦ | سەرچاوە -ڕێڕەو- ئامانج | ٩ | ٪٢ |
| ٧ | ناچارکردن | ٢٨ | ٪٦ |
| ٨ | دژەهێز | ٢٨ | ٪٦ |
| ٩ | لادان | ٩ | ٪٢ |
| ١٠ | لابردنی بەربەست | ١٥ | ٪٣ |
| ١١ | پێوەر | ١٤ | ٪٣ |
| ١٢ | هاوسەنگی | ٢٣ | ٪٥ |
| ١٣ | گۆڕانکاری | ٢٤ | ٪٥ |
| ١٤ | دەسەڵاتپێدان | ١٠ | ٪٢ |
| ١٥ | بەرکەوتن | ١١ | ٪٢ |
| ١٦ | داپۆشین | ٢٩ | ٪٦ |
| ١٧ | وێناوێنەییەکانی ٣/٢-١٧) | ٣٦ | ٪٨ |
| ١٨ | فەزاییەکان | ٥٠ | ٪١٠ |
| ١٩ | شێوە | ٤٤ | ٪٩ |
| ٢٠ | فۆڕم | ٤ | ٪١ |
| ٢١ | نەرم و زبر | ٣ | ٪١ |
| ٢٢ | ڕاست | ١٠ | ٪٢ |

**نەخشەی ژمارە(٢)**
**ژمارە و ڕێژەی وێناوێنەییەکان**

## ئەنــجام:

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، کە لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە دەستمان گەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:**

١- کەرەستەکانی زمان واتایەکی بنەڕەتییان هەیە، بەڵام پەیپێبردن /تێڕامان و درکپێکردنەکانی ئاخێوەران بۆیان جیاوازە. ئەمەش وا دەکات، کە واتای هەر کەرەستەیەك بە پێی پەیپێبردن و ئەزموون و درکپێکردنەکان جیاواز بێت.

٢- لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە وێناوێنەییەکان بنەمای واتایی زمانین و هۆکارێکن بۆ ئەوەی واتای کەرەستە زمانییەکان لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا جیاواز بێت.

٣-بەجەستەکردن و کارلێکی کۆمەڵایەتی و ئەزموون و ژینگەی مرۆڤ بنەمای (وێنای وێنەیی)ن و وێنای وێنەییش بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی چەمك و لە چەمکەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، ئەو زانیارییانەی مرۆڤ لە ڕێگەی بەجەستەکردنەوە وەریدەگرێت و لە ئاوەزدا دایدەکرێت، پاش ئەزموونکردن جەستەیان بەبەردا دەکات و بە وێنەیی جیاواز نمایندەی وێناکە دەکات، وێناکەش بە پێی ئەزموونە جیاوازەکان دەکرێت وێنەی جیاوازیان هەبێت.

٤- بەشێکی زۆری وێناوێنەییە ئەبستراکتەکانی زمانی کوردی، ئاخێوەران سەرەتا لە ڕێگە وێناوێنەییە فزیکییەکانەوە ئەزموون و بەجەستەیان کردوون و دواتر بۆ ئەوانی گواستووەتەوە، بۆ نموونە وەك (تیاهەڵگر، هێز، بەرکەوتن، ...هتد).

٥-قۆناغی یەکەمی چەمك وێناوێنەییەکانە و ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەزموونێکەوە دروستدەبێت، ئەزموون و وێنای وێنەیی دوانەیەکی لە یەکتر جیا نەبووەوەن.

٦- لە وشە لێکدراوەکاندا، وێناوێنەییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە داڕشتن و دروستبوونی وشەکاندا هەیە، کە ئاخێوەرانی کورد لە سەر بنەمای بەرکەوتنی هەستە جیاوازەکان وێناوێنەییەکە دادەڕێژن و دواتر چەمکەکەی لە ئاوەزیاندا دادەکرن.

٧-لە ئەنجامی ئەو درکپێکردن و بەرکەوتنە زۆرانەی ئاخێوەران لەگەڵ ئەو کەرەستانەی، کە بە شێوەی تیاهەڵگرن، بووەتە هۆی ئەوەی، کە زۆرترین وشە لێکدراوەکان لە چەشنی تیاهەڵگربن، بە جۆرێك، کە ڕێژەی (١١٪) سەرجەمی وشە لێکدراوەکانە، کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە.

٨-سەرجەم هەستەکان بە ڕێژەی جیاواز بەشداریان لە داڕشتن و دروستبوونی وشە لێکدراوەکاندا کردووە، لەم ڕوانگەیەوە هەستی بەرکەوتن زۆرترین ڕێژەی بەشداری هەبووە، کە (٥٠٪) سەرجەم هەستەکانە.

# لیستی سەرچاوەکان

## ١-بەزمانی کوردی

### ا-کتێب/


١- ئەمین،نوری علی(٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢- حسێن، شیلان عومەر(٢٠٢١)، زانستی زمای کارەکیی،چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

٣- حسەین،شیلان عومەر(٢٠٠٩)، ئیدیۆم،چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٤- خاڵ، شێخ محەمەد(٢٠٠٠)، پەندی پێشینان، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٥- سەجادی، سەید عەبدولحەمید حیرەت(٢٠١٠)، پەندی پێشینان، چاپی دووەم، پاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٦- فەتاح، محەمەد مەعروف(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر

٧- قادر،کاروان عومەر(٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٨- قادر،کاروان عومەر(٢٠١٢)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٩-مەحموود،ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

١٠-مەحوی،د.محەمەد(٢٠١٠)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١١- مەعرووف،عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپخانەی سارا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، سلێمانی.


### ب-نامەی زانکۆیی/


١- ابراهیم،شیلان رحیم(٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢- ئەحمەد،تریفە عومەر(٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣- ئیبراهیم،بەشدار محەمەد(٢٠١٤)، واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی مەستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

٤- حەسەن،فەرهاد تۆفیق(٢٠١٥)، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥- حەمەکەریم،نەریمان حەسەن(٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.زانکۆی سلێمانی.

٦- سەعید،محەمەد مەجید(٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٧- شێروانی،ئەردەوان تۆفیق(٢٠١٥)، پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

٨- عەبدوڵڵا،گۆنا عومەر(٢٠١٣)، دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٩- غریب،بەهرە سلام(٢٠١٦)، شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا، نامەی ماستەر،سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٠-غەریب،نالی ئەدهەم(٢٠١٦)، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر.زانکۆی سلێمانی.

١١-نەبی،ڕێبوار ئەحمەد(٢٠١٥)، پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر،زانکۆی سۆران.

**پ- گۆڤار/**

١- احمد،محمود فتح الله، حمەکەریم،نەریمان حەسەن(٢٠١٧)، پەیرەو و بنەما سیمانتیکیەکان درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، تەموز.

٢- حەمەسالح، تاڤگە عومەر(٢٠١٠)، زمان و بیر، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(٧) شوباتی(٢٠١٠)، هەولێر.

٣- عەول،محەمەد عومەر(٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە، گۆڤاری کوردۆلۆجی،ژمارە (٣)، سلێمانی.

٤- قادر،کاروان عمر(٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە(٢٤).

٥- قادر،کاروان عومەر(٢٠١٧)، دارشتەی چەمك لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە(١٣)، کانونی یەکەم.

٦- کانبی، دلێر صادق، باپیر، دلاوەر شوکری(٢٠٢٠)، شیکردنەوەی تۆری واتایی ئامرازەبەندەکانی(تا) و (لەگەڵ) لە ڕوانگەی واتاسازیی زانینەوە، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٣)، ژمارە (٣).

**٢-بە زمانی عەرەبی**

**گۆڤار**

١- قادر،کاروان عمر، شریف، نیان عثمان(٢٠٢٠)، نظرية المدى لتصنيف المفهوم بين اللغة الكردية و العربية، مجلة الأستاذ، المجلد (٥٩)، العدد(٣).

**٣-بە زمانی فارسی**

**ا- کتێب/**

١- روشن،بلقیس، اردبیلی(١٣٩٢)، مقدمەای بر معنی شناسی شناختی، چاپ اول، نشر علمی-تهران

**ب- گۆڤار/**

١- صفوی، کورش (١٣٨٤)، بحثی درباره طرح های تصویری از دیدگاه معنی شناسی شناختی، نامه فرهنگستان، شماره(٢٠)، نمونه (٥)، تهران.

**٤-بە زمانی ئینگلیزی**

**ا-کتێب/**

1- Allwood, J. Gardenfors, P (1999), Cognitive semantics meaning and cognition, Amsterdam/Philadelphia.

2- Arnheim, Rudolf (1997), ART AND VISUAL PERCEPTION A Psychology of the Creative Eye the New Version, UNIVERSITY OF CALIFORNIA PRESS, London.

3- Croft, w. and cruse A (2004), Cognitive Linguistics, Cambridge University Press.

4- Dewell.b, Robert (2012), Image-Schema Transformations in Semantic Analysis, Loyola University (New Orleans).

5- Evans, V (2007), A Glossary of Cognitive Linguistics, Edinburgh University Press.

6- Evans, V. and Green M. (2006), Cognitive Linguistics, Edinburgh University press.

7- Evans, V. and Pourcel, S. (2009), New Directions in Cognitive Linguistics, Amsterdam.

8- Fodor.J, A (1983), The modularity of mind, Cambridge.

9- Geeraerts, D. and Cuyckens H. (2007), The Oxford Handbook of Cognitive, Oxford University Press.

10-Geeraerts, D (2006), Cognitive Linguistics Research: Words and Other Wonders, Berlin, New York.

11-Hamawand, Z (2016). Semantics A cognitive account of linguistic meaning, frist published, Bristol.Amsterdam. Edinburgh University Press. Linguistics, Oxford University Press.

12-Hampe, Beate (2005), From Perception to Meaning Image Schemas in Cognitive Linguistics, Mouton de Gruyter, Berlin · New York.

13-Hedblom.M, Maria (2020), Image Schemas and Concept Invention, Bolzano, Italy.

14-Johnson, M (1987), The body in the mind The Bodily Basis of Meaning, Imagination, and Reason, London

15-Kristiansen, G. Achard, M. Dirven, R. Ibanez, F (2006), Cognitive Linguistics: Current Applications and Future Perspectives, Berlin · New York.

16-Lakoff.G(1987), Women, Fire, and Dangerous Things, University of Chicago Press, Chicago and London.

17-Lakoff.G, Johnson. M (1980), METAPHORS We Live by, London.

18-Langacker.w, Ronald (2008), Cognitive Grammar a Basic Introduction, Oxford University Press, New York.

19-Maalej, Z, A. Ning, y (2011), Embodiment via body parts.USA

20-Mix.S, Kelly, Smith.B, LINDA, GASSER, MICHAEL (2010), The Spatial Foundations of Language and Cognition, Oxford University Press, New York

21-Roberto Casati (2002), Topology and Cognition, MCMillan encyclopedia of cognitive Science.

22- Rohrer, T (2005), Image Schemata in the Brain, Berlin

23-Taylor, J (1995), Linguistic categorization prototypes in linguistic theory, New work.

24-Tendahl, M (2009), A hybrid theory of metafor, palgrave macmillan.

25-Tyler, A. Evans, V (2003), The Semantics of English Prepositions Spatial Scenes, Embodied Meaning and Cognition, Cambridge University Press

26- Thom, D (2017), A Cognitiv a Cognitive Linguistic Appr e Linguistic Approach to Phrasal Verbs: A T erbs: A Teacher's Guide, Western Oregon University.

27-Vorgelegt von, Hurtienne, jorn (2011), image schemas and design for intuitive use, berlin.

ب- گۆڤار/

1- Cienki, Alan (1998), STRAIGHT: An Image Schema and its metaphorical extensions, Cognitive Linguistics 9-2, P107-149, University of Saskatchewan
2- Clausner.C, Timothy, Croft, William (1999), Domains and image schemas, Cognitive Linguistics 10 -1.
3- Hedblom, M. Kutz, O. Neuhaus, F (2016), Image schemas in computational conceptual blending, Cognitive Systems Research 39 p42–57.
4- Mandler.M, Jean, Canovas, Cristobal Pagan, On defi ning image schemas, Language and Cognition (1 – 23), UK.
5- Meng, Xiangrui (2013). Scalable Simple Random Sampling and Stratified Sampling, (PDF). Proceedings of the 30th International Conference on Machine Learning (ICML-13): 531–539
6- Paknezhad, M. Naghizadeh, M (2016), The Analysis of the Image Schemata in Persian and Arabic Proverbs with a Cognitive Semantics Approach, Journal of Applied Linguistics and Language Research, Volume 3, Issue 2, 2016, pp. 272-283.
7- Santibáñez, F (2002), THE OBJECT IMAGE-SCHEMA AND OTHER DEPENDENT SCHEMAS, ATLANTIS, Vol. XXIV Núm183-201.ISSN 0210-6124
8- Shintani, M. Mori, K. Ohmori, T (2015), Image Schema-Based Instuction in English Grammar, JAPAN ASSOCIATION FOR LANGUAGE TEACHING, NOVEMBER 20–23, 2015 • GRANSHIP, SHIZUOKA, JAPAN
9- Wan-Ting YU (2018), Chinese Images in Rudolf Arnheim's Art Psychology: From "T'ai-chi tu" to Others, Journal of Literature and Art Studies, Vol.8, No. 5, China.
10-Williams, R (2010), Image Schemas in Clock-Reading: Latent Errors and Emerging Expertise, For Journal of the Learning Sciences Special Issue on Embodied Mathematical Cognition

پ/ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی

1-www.scodis.com

2-https://jeannicod.ccsd.cnrs.fr/ijn_0000059

# پاشکۆ

| ناو+ناوبەند+ناو | دەمی ئەشکەوت | حیلەی ئەسپ | دەرگاوبان | خێروشەر | قاسپەی کەو | هێشوەترێ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کولێرەبەڕۆن | کۆتوزنجیر | ئەلفوبێ | کاروبار | دەستەخوشك | گوڵەگەنم | ٣٩ | ٣٥٪ |
| | دۆشاوی توو | دۆستودوژمن | خوڕەی ئاو | دەستوپل | چەرمەگا | لەرزوتا | | |
| | شەکرە سێوە | دەس ودەم | دەمەشێر | سەرتاپا | گوێی دەریا | سەلکەپیاز | | |
| | بەنزینی نۆرماڵ | تەپوتۆز | هەورەگرمە | سەرانسەر | مانگەشەو | دارودیوار | | |
| | بەنزینی سوپەر | دەموچاو | دەردوبەلا | شەولەبان | بەژن و باڵا | ڕووبەهەنار | | |
| | لێواری مەرگ | لێدانی ڕاستەخۆ | چرۆچاو | | | | | |

**خشتەی (١)**

**یاسای (ناو+ناوبەند+ناو)**

| ناو+ئاوڵناو | دەروونپر | پیاوماقوڵ | شاجوان | پەڕۆکۆنە | ژ | ڕ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شاقۆز | گوێدرێژ | ڕووپاك | | ٧ | ٦٪ |

**خشتەی (٢)**

**یاسای (ناو+ئاوەڵناو)**

| ئاوەڵناو+ناوبەند+ناو | گەورەکچ | سەوزەگیا | ڕەشەوڵاخ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕەشەبا | وشکەشیرینی | تەڕەپیاز | ٦ | ٦٪ |

**خشتەی (٣)**

**یاسای (ئاوەڵناو+ناوبەند+ناو)**

| ناو+ناوبەند+ئاوەڵناو | دۆڵەڕووت | خواردنی خێرا | مۆبایلی زیرەك | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| | برنجی ڕەش | برنجی سور | | ٥ | ٤٪ |

**خشتەی (٤)**

**یاسای (ناو+ناوبەند+ئاوەڵناو)**

| ناو+ناوبەند+وشەی داڕێژراو | کەناڵی ناوخۆی | تۆڕی کۆمەڵایەتی | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | سەرەخۆرە | | ٣ | ٢٪ |

**خشتەی (٥)**

**یاسای(ناو+ناوبەند+وشەی لێکدراو)**

| ناو+ناو | گرووپچات | جێخەو | ژیاننامە | کەمەربەند | شاهەنگ | شاپیاو | ناونان | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | باگردێن | بەفراو | داربەڕوو | گەلامێو | تەورداس | گابەرد | گاکۆتر | ١٦ | ١٣٪ |
| | | مارماسی | گەردەنبلور | | | | | | |

**خشتەی (٦)**

**یاسای (ناو+ناو)**

| ناو+وشەیەکی داڕێژراو | خوێنبەر | خوێنهێنەر | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | زەمین لەرزە | | ٣ | ٤٪ |

**خشتەی (٧)**

**یاسایی (ناو+وشەیەکی داڕێژراو)**

| ناو+ڕەگی کار | کاتژمێر | ماسیگر | بەفرماڵ | گوێگر | مێشکوژ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شەکرشکێن | کارگێڕ | سەرپۆش | کەوشدوور | ملپێچ | ١٠ | ٩٪ |

**خشتەی (٨)**

**یاسای (ناو+ڕەگی کار)**

| ژمارە+ناو | دووڕیان | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩)**

**یاسای (ژمارە+ناو)**

| ئاوەڵناو+ناوبەند+ئاوەڵناو | تەڕووشك | توندوتۆڵ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | فڕوفێڵ | ڕاست و ڕەوان | ٤ | ٪٤ |

**خشتەی (١٠)**

**یاسای (ئاوەڵناو+ناوبەند+ئاوەڵناو)**

| ئاوەڵناو+ناو | ڕەشبەڵەك | جوانكار | ڕەشمار | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| | زەرئاو | سورگوڵ | | ٦ | ٪٥ |

**خشتەی (١١)**

**یاسای (- ئاوەڵناو+ناو)**

| ناو+قەدی کردار | دەستکەوت | ڕۆژهەڵات | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | | | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (١٢)**

**یاسای (- ناو+قەدی کردار)**

| ئاوەڵکردار+ناو | دوامەنزڵ | پێش نوێژ | ژێرزەمین | ژێرسفرە | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژێرپەردە | بن باخەڵ | ژێرکراس | | ٧ | ٪٦ |

**خشتەی (١٣)**

**یاسای (- ئاوەڵکردار+ناو)**

| ئاوەڵکردار+ناوبەند + ناو | پاشەڕۆژ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (١٤)**

**یاسای (ئاوەڵکردار+ناوبەند + ناو)**

| ئاوەڵکردار+ناو+پاشگر | پێشمەرگە | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (١٥)**

**یاسای (ئاوەڵکردار+ناو+پاشگر)**

| تێکەڵکردن | ڕۆڤار | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (١٦)**

**یاسای (تێکەڵکردن)**

| ناو + ناوبەند+ کەرتێکی بێ واتا | ماچوموچ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | تەقوتۆق | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (١٧)**

**یاسای(ناو + ناوبەند+ کەرتێکی بێ واتا)**

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو + ئاوەڵناو | دڵتەنگ | دڵخۆش | کەللەبۆش | شەوکوێر | جێمتمانە | داوێنپاك | چاوشین | ژ | ڕێژە |
| | سنگفراوان | ڕووڕەش | سەرخڕ | پێپان | گوێبەل | دەستبڵاو | باڵابەرز | ٢٨ | ٢٧٪ |
| | خەیاڵبەتاڵ | بەژنڕێك | چاوبەڵەك | سەرڕاست | ڕووگرژ | ڕەنگزەرد | بەختڕەش | | |
| | سەرگەورە | سەرزل | سەرشكاو | عەقڵداخراو | ورگدڕاو | دەستشكاو | دڵڕەنجاو | | |
| | | | | | | | | | |

**خشتەی (١٨)**

**یاسای(ناو + ئاوەڵناو)**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو+ ناوبەند + ناو | داخلەدڵ | تفەنگ لە شان | دەستەوسان | دەم بەپێکەنین | چاوبەگریان | ژ | ڕێژە |
| | ڕەنگاوڕەنگ | ئاڵوواڵ | ڕووبەخاڵ | دەمبەگریان | | ٩ | ٨٪ |

**خشتەی (١٩)**

**یاسای (ناو+ ناوبەند + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەد + ناوبەند + قەد | هاتووچۆ | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٢٠)**

**یاسای(قەد + ناوبەند + قەد)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە + ناو | دوودڵ | نیوقۆڵ | ژ | ڕێژە |
| | | | ٢ | ٣٪ |

**خشتەی (٢١)**

**یاسای(ژمارە + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو+ ئاوەڵناو | سوربەڵەك | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٢٢)**

**یاسای (ئاوەڵناو+ ئاوەڵناو)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار + ناو/جێناو | لەسەرخۆ | ژێرچەپۆك | ژ | ڕێژە |
| | سەرکەوتوو | | ٣ | ٣٪ |

**خشتەی (٢٣)**

**یاسای (ئاوەڵکردار + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناو+ ناوبەند+ ڕەگی کردار | سەرەڕۆ | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٢٤)**

**یاسای (ناو+ ناوبەند+ ڕەگی کردار)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو + ناو | توندڕەو | تەڕپیر | ژ | ڕێژە |
| | کەمڕوو | کەمدەست | ٤ | ٤٪ |

**خشتەی (٢٥)**

**یاسای (ئاوەڵناو + ناو)**

| وشەی داڕێژراو+ ناوبەند + قەد | بەدەستوبرد | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- |
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٢٦)**

**یاسای (وشەی داڕێژراو+ ناوبەند + قەد)**

| ئاوەڵناو+ناوبەند+ ئاوەڵناو | کەموکورت | کەموپوخت | خەستوخۆڵ | گەرموگوڕ | ترشوشیرین | تاریکوڕوون | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | تەڕوتازە | شێتو شەیدا | ڕەشوسپی | نەرموشل | ڕەقوتەق | لەڕولاواز | ١٨ | ١٨٪ |
| | ساردوسڕ | شێتوشوور | ڕەشوڕووت | گورجوگۆڵ | گێلونەفام | مرومۆچ | | |

**خشتەی (٢٧)**

**یاسای (ئاوەڵناو+ناوبەند+ئاوەڵناو)**

| ناو + ئاوەڵکردار | ملخوار | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- |
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٢٨)**

**یاسای (ناو + ئاوەڵکردار)**

| ئاوەڵناو + ڕەگ | ڕەشبین | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- |
| | ڕەشپۆش | ٢ | ٢٪ |

**خشتەی (٢٩)**

**یاسای (ئاوەڵناو + ڕەگ)**

| ناو + ڕەگ | سەربەست | لەشکرشکێن | تۆڵەسێن | خەمڕەوێن | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | هەستبزوێن | دەستنوس | گوڵفرۆش | ئازارشکێن | ٨ | ٧٪ |

**خشتەی (٣٠)**

**یاسای (ناو + ڕەگ)**

| ئاوەڵناو +ناوبەند + ناو | کورتەباڵا | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- |
| | دژەتەن | ٢ | ٢٪ |

**خشتەی (٣١)**

**یاسای (ئاوەڵناو +ناوبەند + ناو)**

| ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو | ئیشی ڕەش | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- |
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٣٢)**

**یاسای(ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو)**

| ناو+ وشەی داڕێژراو | سەرمابردە | خەملابەر | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | گەچکاری | گەلکاری | ٤ | ٤٪ |

**خشتەی (٣٣)**

**یاسای (ناو+ وشەی داڕێژراو)**

| ناو + ناو | بەژنچنار | کوردزمان | دەستبار | ژ | ڕێژە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | باڵاعەرعەر | پێخاوس | باڵانەمام | ٦ | ٦٪ |

**خشتەی (٣٤)**

**یاسای (ناو + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار + وشەی داڕێژراو | زۆرخۆر | ژ | ڕێژە |
| | کەمخۆر | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٣٥)**

**یاسای (ئاوەڵکردار + وشەی داڕێژراو)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار + ڕەگ | کەمزان | دووربین | ژ | ڕێژە |
| | زۆرزان | کورتبین | ٤ | ٪٤ |

**خشتەی (٣٦)**

**یاسای(ئاوەڵکردار + ڕەگ)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی داڕێژراو + ناوبەند + ناو | بێسەروبەر | بێسەروشوێن | ژ | ڕێژە |
| | بێدەستوپل | | ٣ | ٪٣ |

**خشتەی (٣٧)**

**یاسای (ناوی داڕێژراو + ناوبەند + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار + ناوبەند + ئاوەڵکردار | دەربەدەر | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٣٨)**

**یاسای (ئاوەڵکردار + ناوبەند + ئاوەڵکردار)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو + ناوبەند+ ناو+پاشگر | شلەشاری | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٣٩)**

**یاسای (ئاوەڵناو + ناوبەند+ ناو+پاشگر)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناو + قەد | دەستکرد | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٤٠)**

**یاسای (ناو+قەد)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگ+ناوبەند+ڕەگ | پێچاوپێچ | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٤١)**

**یاسای (ڕەگ+ناوبەند+ڕەگ)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناو+کرداری داڕێژراو | دەستی تێخست | چۆکی پێدادا | ژ | ڕێژە |
| | | | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٤٢)**

**یاسای (ناو+کرداری داڕێژراو)**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو+کرداری لێکدراو | دڵی پڕبوو | دەستی بە سەرداگرت | یەکتریان ئاشتکردەوە | قەدبڕیکرد | ژ | ڕێژە |
| | دڵی والاکرد | دەستگیریکرد | چارەنوسی دیاریکرد | چاوی شەحنکردەوە | ٨ | ٪٩ |

**خشتەی (٤٣)**

**یاسای (ناو+کرداری لێکدراو)**

| قەد + ناوبەند + ناو | هاتنەخەو | کەوتەڕێ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | چووەدڵ | بردیەسەر | ٤ | ٪٥ |

**خشتەی (٤٤)**

**یاسای(قەد + ناوبەند + ناو)**

| ئاوەڵناو+قەد | پڕبوو | دوورکەوتەوە | ئازادیکرد | ملچەملچیکرد | وێڵیکرد | گیریخوارد | سڕیکرد | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تێربوو | چالاکیکرد | سورهەڵگەڕا | درێژیکردەوە | سەوزچوویەوە | پەکیکەوت | وشکیکرد | ١٦ | ٪١٥ |
| | قەتیسیکرد | شکستیخوار | | | | | | | |

**خشتەی (٤٥)**

**یاسای (ئاوەڵناو+قەد)**

| ئاوڵکردار + قەد | ژێرکەوت | دەستاودەستیکرد | جێگیریکرد | داخڵبوو | دوایخست | پێشیخست | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڵاویکردنەوە | دووری خستەوە | تەقەتەقیکرد | لەقبوو | لاریکردەوە | | ١١ | ٪١٢ |

**خشتەی (٤٦)**

**یاسای (ئاوڵکردار+ قەد)**

| ناو + قەد | ڕێچکەیگرت | ملینا | گلبویەوە | خلبوویەوە | یادیکردەوە | دەستییەستەوە | بەفریماڵێ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئازاریشکاند | بازیدا | کێشیدابەزاند | خەوبردیەوە | کۆنترۆڵیکرد | خوولیخواردەوە | دڵیشکاند | ٣٩ | ٪٣٥ |
| | ڕەنگیڕشت | پێپیانا | دەستیکەوت | سنورییەزاند | مۆرەیکرد | بەرگریکرد | ڕۆژویکردەوە | | |
| | هێرشیکرد | دڵیرەنجا | وەڵامیدایەوە | دەستیگرت | هەوڵیدا | هێڵیبەزاند | یارمەتیدا | | |
| | نغرۆیکرد | گەمارۆیدا | لایەنگریکرد | شەرمیشکاند | ڕەنگیدایەوە | لەتیکرد | | | |

**خشتەی (٤٧)**

**یاسای (ناو+قەد)**

| قەد + ناوبەند + قەد | ڕەشهەڵهات | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٤٨)**

**یاسای(قەد + ناوبەند + قەد)**

| پێشگر+ناو+قەد | لەپێیخست | بەیەکگەیشتن | بۆیەکبوون | بەهێزبوو | بەگوێیکرد | بەلاڕێیدابرد | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بێبەریکرد | لەکاریخست | بەیەکداچوون | لەناوییرد | بەیەکداهەڵپژان | لەکۆڵیکردەوە | ١٩ | ٪١٧ |
| | بەئاواتگەیشتن | لەیەکدابڕان | بەدەستیهێنا | بێبەشیکرد | بەناویکرد | لەیەکچوون | | |
| | ناجێگیرییوو | | | | | | | |

**خشتەی (٤٩)**

**یاسای (پێشگر+ناو+قەد)**

| کەرتی بێ واتا + قەد | وازیپێهانا | بەربوو | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | وازیهێنا | | ٣ | ٪٣ |

**خشتەی (٥٠)**

**یاسای (کەرتی بێ واتا + قەد)**

| ئاوەڵناو+ ناوبەند+ ناو | پڕبەدەم | پڕبەدڵ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | | | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٥١)**

**یاسای (ئاوەڵناو+ ناوبەند+ ناو)**

| ئاوەڵناو + ناو + ئاوەڵناو | تێروپڕ | بەرزونزم | حازروبزر | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| | دووروونزیک | گەورەوبچوک | | ٥ | ٪٧ |

**خشتەی (٥٢)**

**یاسای (ئاوەڵناو + ناو + ئاوەڵناو)**

| دووبارەکردنەوەی ناو | گەزگەز | کونکون | تاقمتاقم | غارغارێن | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | خەتخەت | پۆلپۆل | دەستەدەستە | چڵچڵ | ٨ | ٪١٠ |

**خشتەی (٥٣)**

**یاسای (دووبارەکردنەوەی ناو)**

| قەد + قەد | هاتوونەهات | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٥٤)**

**یاسای (قەد+قەد)**

| ناو + ناو | بەسربەسرپێرار | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | ساڵی داهاتوو | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٥٥)**

**یاسای (ناو+ناو)**

| ژمارە + ناو | یەکسەر | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | یەکجار | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٥٦)**

**یاسای (ژمارە + ناو)**

| ناو + ئاوڵکردار | شێرئاسا | خۆت ئاسا | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | | | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٥٧)**

**یاسای(ناو + ئاوڵکردار)**

| ئاوەڵکردار + ناو | زۆرشەو | سەرچنار | لاجانگ | لەسەرپشت | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەم شەو | بەرکوڵ | سەرچڵ | بەرچایی | ٩ | ٪١٤ |
| | | لاچاو | | | | |

**خشتەی (٥٨)**

**یاسای(ئاوەڵکردار+ناو)**

| ئاوەڵکردار+ناوبەند+ ئاوەڵکردار | هەرگیزاوهەرگیز | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بەرەوەپێش | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٥٩)**

**یاسای(ئاوەڵکردار+ناوبەند+ ئاوەڵکردار)**

| ئاوەڵناو+ئاوەڵکردار | سێچارەك | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٦٠)**

**یاسای(ئاوەڵناو+ئاوەڵکردار)**

| ناو + ناوبەند + ناو | دەوروبەر | دەستەبەدەستە | شاخەوشاخ | ماڵ بەماڵ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستاودەست | بانەوبان | ساڵ بەساڵ | جاروبار | ١١ | ٪١٦ |
| | دەسبەسەر | دەستەوئەژنۆ | پشتاوپشت | | | |

**خشتەی (٦١)**

**یاسای (ناو + ناوبەند + ناو)**

| دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو | جوان جوان | تیرتیر | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | هێدی هێدی | | ٣ | ٪٤ |

**خشتەی (٦٢)**

**یاسای (دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناو)**

| ئاوەڵکردار+ناوبەند + ئاوەڵکردار | لێرەولەوێ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٦٣)**

**یاسای** (ئاوەڵکردار+ناوبەند + ئاوەڵکردار)

| ئاوەڵکردار+ئاوەڵکرداری لێکدراو | سەربەرەوخوار | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | سەربەرەوژوور | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٦٤)**

**یاسای(ئاوەڵکردار+ئاوەڵکرداری لێکدراو)**

| ژمارە+ناوبەند+ژمارە | یەك بەیەك | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | دووبەدوو | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٦٥)**

**یاسای(ژمارە+ناوبەند+ژمارە)**

| دووبارەکردنەوەی ژمارە/ ڕادە | چوارچوار | زۆرزۆر | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | سێ سێ | | ٣ | ٪٤ |

**خشتەی (٦٦)**

**یاسای(دووبارەکردنەوەی ژمارە/ ڕادە)**

| دووبارەکردوە ئاوەڵکردار | قەتقەت | هەتاهەتایی | ڕاستەوڕاست | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| | خشەخش | چینچین | ڕێکاوڕێك | ٦ | ٪٧ |

**خشتەی (٦٧)**

**یاسای(دووبارەکردوە ئاوەڵکردار)**

| ئاوەڵناو + ڕەگ | پاکنوس | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٦٨)**

**یاسای(ئاوەڵناو + ڕەگ)**

| ئاوەڵکردار+ناوبەند + ئاوەڵناو | سەرلەنوێ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٦٩)**

**یاسای(ئاوەڵکردار+ناوبەند + ئاوەڵناو)**

| ئاوەڵکردار ناوبەند + ناو | سەرلەبەیانی | دەمەوبەیان | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | سەرلە ئێوارە | دەمەوئێوارە | ٤ | ٪٥ |

**خشتەی (٧٠)**

**یاسای(ئاوەڵکردار ناوبەند + ناو)**

| جێناوی نیشانە+ ئاوەڵکردار | ئەوسا | ئەمجار | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| | | | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٧١)**

**یاسای(جێناو+ ئاوەڵکردار)**

| پێشگر + ژمارە + ناو + ژمارە | بێ سێ و دوو | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | بێ یەك و دوو | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٧٢)**

**یاسای(پێشگر + ژمارە + ناو + ژمارە)**

| پێشگر + وشەی پرس(ڕادە) + ناوبەند + ناو | بێ چەندو چوون | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٧٣)**

**یاسای(پێشگر + وشەی پرس(ڕادە) + ناوبەند + ناو)**

| ڕادە + ئاوەڵناو | زۆرخێرا | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٧٤)**

**یاسای(ڕادە + ئاوەڵناو)**

| ناوی داڕێژراو+ناویداڕێژراو | مامەخەمە | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٧٥)**

**یاسای (ناوی داڕێژراو+ناویداڕێژراو)**

| ناو + ناو | ئاگرباران | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | زاواڕێوی | ٢ | ٢٪ |

**خشتەی (٧٦)**

**یاسای (ناو + ناو)**

| ناو + ئاوەڵناو | دڵپیس | ڕووسور | چاوپیس | سکپڕ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەم ڕەش | سەرسوك | پیَ ڕەش | دەمپیس | ٢٧ | ٣٠٪ |
| | خەمخواردن | زمان دریَژ | خەیاڵبڵاو | قسەزل | | |
| | دەستکراوە | مانگا بەکەڵ | دەستقوچاو | زمان پاراو | | |
| | سکسوتاو | خواپێداو | دڵقایم | دڵمردوو | | |
| | چاوحیز | چەقبەستوو | چاوساغ | بارگران | | |
| | بارلار | خەمگران | نمەك نەناس | | | |

**خشتەی (٧٧)**

**یاسای(ناو + ئاوەڵناو)**

| ئاوەڵکردار + ناو + ئاوەڵناو | بەرچاوتەنگ | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٧٨)**

**یاسای(ئاوەڵکردار + ناو + ئاوەڵناو)**

| ناو+ناوبەند+ناو | گوێ لەمشت | شەڕەدەنوك | خەڵك و خوا | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| | پێچ وپەنا | شەڕەشۆخ | قوڕبەسەر | ٦ | ٧٪ |

**خشتەی (٧٩)**

**یاسای(ناو+ناوبەند+ناو)**

| پێشگر+ناو+ناوبەند+ ناو | بەدەموپل | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٨٠)**

**یاسای(پێشگر+ناو+ناوبەند+ ناو)**

| ناو + ئاوەڵناو + ناو | دڵتێربوون | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٨١)**

**یاسای(ناو + ئاوەڵناو + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێشگر + ئاوەڵکردار + کردار | لێدەرهێنا | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٨٢)**
**یاسای(پێشگر + ئاوەڵکردار + کردار)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوڵکردار + ڕەگ | زۆربڵێ | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٨٣)**
**یاسای(ئاوڵکردار + ڕەگ)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار+ناوبەند+ڕەگ | بەرزەفڕ | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٨٤)**
**یاسای(ئاوەڵکردار+ناوبەند+ڕەگ)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناو + ناو + پاشگر | پەتپەتێن | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٨٥)**
**یاسای(ناو + ناو + پاشگر)**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو + ڕەگ | سکەڕۆ | خۆفرۆش | جەرگبڕ | خۆترێن | ژ | ڕێژە |
| | دەستبڕ | کاسەلێس | خوێنمژ | دەمارگیر | ١٢ | ٪١٣ |
| | دەستپڕ | گیرفانبڕ | سەرناس | تاڵانفرۆش | | |

**خشتەی (٨٦)**
**یاسای(ناو + ڕەگ)**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو + قەد | ئابڕووچوون | دەمیکوتا | چاولێدان | خۆلادان | ژ | ڕێژە |
| | ئالودەبوو | نانبڕین | مەلابەزێن | دەمگرتن | ١١ | ٪١٣ |
| | باڵگرتن | مێشک بردن | خەمداگرتن | | | |

**خشتەی (٨٧)**
**یاسای(ناو + قەد)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار+ ناو | ئاخیرخێر | دوورکوژ | ژ | ڕێژە |
| | ئاخیرشەڕ | | ٣ | ٪٣ |

**خشتەی (٨٨)**
**یاسای(ئاوەڵکردار+ ناو)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناو+کرداری لێکدراو | خۆنوێکردنەوە | ڕووزەردبوون | ژ | ڕێژە |
| | سەرشۆڕکردن | | ٣ | ٪٣ |

**خشتەی (٨٩)**
**یاسای(ناو+کرداری لێکدراو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارە + ناو | دووزمان | ژ | ڕێژە |
| | یەك باڵ | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٩٠)**

**یاسای(ژمارە + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو + ناو | تازەبابەت | ژ | ڕێژە |
| | کەڵپیاو | ٢ | ٪٢ |

**خشتەی (٩١)**

**یاسای(ئاوەڵناو + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار + ناوبەند + ئاوەڵکردار | کشومات | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩٢)**

**یاسای(ئاوەڵکردار + ناوبەند + ئاوەڵکردار)**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناو + ناوبەند + ناو | بەیت و باڵۆرە | دانی مار | ژ | ڕێژە |
| | پایزەبرا | دەست بەسەر | ٤ | ٪٤ |

**خشتەی (٩٣)**

**یاسای(ناو + ناوبەند + ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردار+ناوبەند+ناو | بنەمۆم | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩٤)**

**یاسای(ئاوەڵکردار+ناوبەند+ناو)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو +ناوبەند +ئاوەڵناو | ساردوگەرم | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩٥)**

**یاسای(ئاوەڵناو +ناوبەند +ئاوەڵناو**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێشگر+ناو+قەد | بەباچوون | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩٦)**

**یاسای(پێشگر+ناو+قەد)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناو + ناوبەند+ئاوەڵکردار | چاولەدەر | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩٧)**

**یاسای (ناو + ناوبەند+ئاوەڵکردار)**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو+ناوبەند + ڕەگ | بکوژوببڕ | ژ | ڕێژە |
| | | ١ | ٪١ |

**خشتەی (٩٨)**

**یاسای(ئاوەڵناو+ناوبەند + ڕەگ)**

| ئاوەڵکردار + قەد | تێوەگلا | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (٩٩)**
**یاسای(ئاوەڵکردار + قەد)**

| ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو | کەرەدێز | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | | ١ | ١٪ |

**خشتەی (١٠٠)**
**یاسای(ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو)**

| ناو + قەد | باری نییە | ژ | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| | دەستی تێوەردا | ٢ | ٢٪ |

**خشتەی (١٠١)**
**یاسای(ناو + قەد)**

## الملخص

هذه الرسالة والتي تحت عنوان (إدراك مخطط الصوري لكلمة المركب في القواعد الكوردية) تعد جهدا مبذولا لعرض المخطط الصوري من خلال علم اللغة الادراكي، حيث تسعى أن في تحليل موضوعين مرتبطين بعضهما ببعض، وهما علم اللغة الادراكي و المخطط الصوري، حيث يهتم علم اللغة الإدراكي بدور المدرسة الجديدة اللغوية ومن منطلق اداء و نظريات هذا العلم بشكل عام بالعلاقة المتواجدة ما بين اللغة والعقل، فضلا عن جميع التجارب الحسية للإنسان. مخطط الصورية تخلق من خلال التجارب الحسية المختلفة، ومن ثم سيتم تعبيرها على شكل مفهوم و نموذج مختلف، فالمقصود من المخطط (schema) بوصفه صورة، متكون من جميع المعلومات التي تم خزنها في عقل الناطق، والصورة تعد نائبة وممثلة لجميع المخطط بشكل صوري، وبعد النظر والانتباه من تلكم التعبيرات للغة الكوردية مثل هذا النموذج بذلنا جهودا مرضية كي نحلل التعبيرات على أساس تلك الظاهرة، التي توضح أن المخطط الصوري له حضور ملفت في الاستخدام اليومي لناطقي اللغة الكوردية، ولذلك فأن المخططات الصورية كانت جزء أساسي ومهم من هذه الرسالة.

تكونت الرسالة من مقدمة ونتائج وثلاثة فصول، كالآتي:

الفصل الأول تحت عنوان (تصور علم اللغة الادراكي) الذي يسلط الضوء على كيفية عمل المدرسة وآرائها، ويوضح أن التركيز الرئيسي لهذه المدرسة ينصب على المعنى، و المخططات الصورية بوصفها ظاهرة لغوية لها علاقة وطيدة مع كل من المعنى وتجسيد المفهوم، ومن هذا المنطلق تم تحليل تلك التصورات فضلا عن عرض أهم مميزاتها. أما الفصل الثاني منها فكان تحت عنوان (نضوج المخطط الصوري في علم لغة الإدراكي)، وفي هذا الفصل عرضنا العلاقة ما بين المخطط الصوري ما بين التجربة والحقيقة والمعنى اللغوي، سعت الرسالة إلى عرض الادراكات المختلفة للمخطط الصوري من منظور أربعة علماء متعدد الأوجه، مع إتيانها بنماذج في اللغة الكوردية، كي تسوغ لكل من المخططات الصورية على حدة.

الفصل الثالث من الرسالة والذي كان بعنوان (انعكاس المخطط الصوري للمحسنات اللفظية للغة الكوردية) قد سلط الضوء وبشكل عملي على عرض المخطط الصوري في المحسنات اللفظية للغة الكوردية، ولذلك تمت الاستفادة من الكلمات المركبة في اللغة الكوردية مثل (الاسم المركب، الصفات المركبة، الفعل المركب، الظروف المركب، والمصطلح المركب)، ولذلك تم تقسيم الفصل إلى قسمين رئيسين:

القسم الأول: عبارة عن (الإحصاءات البدائية المعلومات المجموعة لمخطط الصوري)، حيث يسعى هذا القيسم إلى عرض الكلمات المركبة و قواعد تكوينها حسب النظام العشوائي.

أما القسم الثاني (التفسير العملي للمخطط الصوري المعني بالكلمات المركبة للغة الكوردية)، وتم تحليل الكلمات المركبة نفسها من خلال المخطط الصوري، حيث نرى أن غالبية الكلمات المركبة لهذه اللغة بعد تجربتها من قبل الإحساسات المختلفة للناطقين بها قد تم تكوينها على أساس تلك المخططات الصوري، وبعد ذلك تمت صياغة المفاهيم على أساسها.

وفي الختام إشرنا إلى أهم النتائج التي وصلت إليها الرسالة.

# Abstract

This thesis entitled (Cognitive Image Schema of Compound Words in Kurdish Language Grammar) attempts to explain image schema from a cognitive linguistics perspective and to analyze two relevant topics: cognitive linguistics and image schema. Cognitive linguistics as a contemporary field of linguistics considering the theoretical and practical perspectives pays crucial attention to the relationship between language, cognition, and human conscious experiences. In addition, image schemas are formed through various senses' experiences; then they are conceptualized and eventually expressed in different images. (Schema) refers to all information that is reserved as a module in the speaker's mind, and (Image) represents the overall abstract imagery strata.

After investigating these expressions in the Kurdish language, their analysis has been dealt with depending on this phenomenon bases since image schema has daily usage among Kurdish language speakers. Therefore; image schema composes an essential and significant part of this thesis. In addition to its introduction and conclusions, the study consists of three main parts, as follows:

The first part entitled (The opinion of Cognitive Linguistics) focuses on how this trend operates explaining its views and perspective. It illustrates that this linguistic trend's crucial emphasis is on meaning and image schema as a linguistic phenomenon that has strong relations with both meaning and conceptualization. From this perspective, image schemas are explained and their significance has been revealed.

The second part is entitled (Estimation of Image Schema in Cognitive Linguistics):

In addition to pointing out the relationship between the image schema and experience, reality, and linguistic meaning, this part is devoted to cognitive differences in image schema from four linguists' perspectives providing examples from the Kurdish language to justify each of the image schemas.

Finally, the third part is entitled (Image Schema Reflection in Kurdish Language Lexicology). In this part, the image schemas are practically presented in the Kurdish language lexicology. Thus, Kurdish compound words are used such as, (compound nouns, compound adjectives, compound verbs, compound adverbs, and compound idioms). The part falls into two sections:

First section: (Primary Statistical Data Collection of Image Schemas), hence the compound words and their formation rules are presented according to the random system.

Second section: (The Practical Analysis of Kurdish Language Compound Words Image Schema). In this part, the compound words in the Kurdish language are explained from an image schema perspective. It has also been pointed out that the Kurdish compound words are mostly formed on the basis of image schema after they have been experimented by the speakers' various senses, and later they have been conceptualized on the same basis.

The study ends with a number of conclusions, outcomes, and findings.